سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات

ژمارە (١) ئایاری ٢٠٢٠



## پۆست کۆرۆنا

### دۆسیەی پەروەردە، ئابووریو زیندانەکان لە سەردەمی کۆرۆنادا

- لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسی؛ پوختەیەکی تیۆری
- ئایندەی ململانێی هێزەکانی شیعە
- ئایندەی بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی

# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١) ئایاری ٢٠٢٠

سەرنوسەر:
د. هەردی مەهدی میکە
بەڕێوەبەری نووسین:
ئەژی ئازاد

بۆردی ڕاوێژکاران:
د. یوسف گۆران
د.ئومێد رفیق فتاح
د.عابد خالد رسول

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری: عەدنان ئەحمەد
دیزاینی ناوەوەو بەرگ: شێرکۆ خانزادی
هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد

شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

## ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.


میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەندپسپۆڕێتی(Multidisciplinary ) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە
hewalname.com/ku



لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسی
پوختە دەوازەیەکی تیۆری
29-10...


ئایندەی پونیادنانەوەی عێراق
وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی
47-30...


پاشخان و ئایندەی ململانێی
هێزە سیاسییەکانی شیعە
63-48...



سیاسەتی کارەکتەرە
نێودەوڵەتیو هەرێمییەکان
بەرامبەر هەرێمی کوردستان
87-64...


شرۆڤەی تەنگژەکانی هەرێمی
کوردستان و حکومەتی عێراق و
کاریگەریی لەسەر ئایندەی وڵات
111-88...



ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئابووریی
جیهانی
119-112...


قەیرانی کۆرۆناو پەیوەندییە
نێودەوڵەتییەکان؛ پرسیاری
کراوەو گریمانەکان
125-120...


خوێندن لەسەرهێڵ
ئایا ئۆنلاین، کەرتی پەروەردە
لە کۆرۆنا ڕزگاردەکات؟
137-128...


زیندانییەکان لەنێوان یاسای
بەرکار و حوکمی کۆرۆنادا
151-138...


ئایندەی گرووپە تیرۆریستییەکان
لە عێراق و هەرێم
دیدار لەگەڵ د. هوشام ئەلهاشمی
157-154...



خوێندنەوەی کتێبی ئاشتیو
کۆمەڵگەی دیموکراسی،
لەنووسینی ئەمارتیا سن
163-160...


(Copenhagen school)
قوتابخانەی کۆبنهاگن
165-164...

سەروتار

# ڕێگای ئایندەناسی؛ لە گوتاری مانەووە بۆ باشترین مانەوە

د. هەردی مەهدی میکە

بـــە وردبوونەوە لە مێژووی ئێســـتا و دوێنێ نزیک و دووری کوردســـتان و کۆمەڵگە و شوناســـەکەی، ڕاســـتینەیەک بەدیدەکرێت کە «گوتـــاری مانەوە و ژیانکردن»ی کـــورد بەهێزییەکی بێوێنەی هەیە و ڕۆڵ و خەباتـــی بێووچانی بۆ کێشـــاوە، بەڵام بە هەمـــان ئەندازەش لە «گوتاری باشـــتر مانەوە و ژیانێکـــی باشـــتر»دا کەمتەرخەمی نوانـــدووە و کایەیەکی کارتیانەکـــراو و بیرلێنەکراوە بووە بە ڕادەی فەرامۆشـــکردن، بـــە جۆرێک لەبـــری خەونی مـــەزن و ڕۆڵبینین و خەبات بـــۆ هەڵبژاردنی ئایندەیەکـــی باشـــتر، زۆرتر خۆی تەســـلیمی واقیعی دابارێـــوو و داتەپیوو بەســـەریدا و گێڕانەوە مێژووییەکانـــی سەردەســـتەکان و ڕۆژهەڵاتناســـان و ئەوانـــی دیکـــە کردووە و لەناو چارەنووســـی بۆدیاریکراویـــدا گوتاری مانـــەوەی هەڵبژاردووە و کەمتر کاری بۆ گۆڕین و دنیایەکی باشـــتر کردووە و خۆی بۆ کۆنەکردووەتەوە. ئەوەتا دەبینین ســـەرەڕای داگیرکردن، چەوســـاندنەوە، پەتای سیاسیی و سروشـــتی و ســـتەمی بەردەوامی دراوســـێکانی، بەڵام توانای مانەوە و پارێزگاریی شوناسی کەموێنە بـــووە، بەڵام هەمانکات لە نـــاو مێژوویەکی نەخـــوازراو و پەرتەوازەییەکی سیاســـیی و بێکیانیەکی دوورمـــەودادا گیری خواردووە. ئەڵبـــەت دەبێت دانی پێدا بنێین کە گوتاری یەکەمی کوردســـتانیان خاڵـــی بەهێز و گوتاری دووەمیـــان خاڵی هـــەرە لاوازی کۆمەڵگەی ئێمەیە.

«ئایندەکان» بەســـەر مرۆڤـــدا نەبارێـــوون، مرۆڤەکان لـــە چوارچێوەی ململانێی شوناســـەکان و کۆمەڵگەکاندا ئاراســـتەیان کردوون و دەیانکەنە چارەنووســـی خۆیان، مـــرۆڤ و کۆمەڵگە؛ وەک چۆن ڕۆڵی ســـەرەکییان هەبووە لەو چالاکی و شارســـتانێتیانەی لـــە ڕابردوودا بونیادی نـــاوە، دەتوانێت لـــە هەڵبژاردنی ئایندەکانیشـــدا ڕۆڵی هەبێـــت، لەوەش گرنگتـــر دەتوانێت لە تێگەیشـــتنی باش لـــە ڕابردوو و ئێســـتا و جیهانبینیـــەوە، ئایندەیەکی باشـــتر فەراهـــەم بکات. هـــەر بۆیە مرۆڤ و مرۆڤایەتـــی وەک چۆن بەرپرســـیارە لـــە مێژووەکەی، ئاوا لە ســـازاندنی ئاینـــدە و هەڵبژاردنی ئایندەکاندا ڕۆڵ دەگێڕێت و بەرپرســـیارە.

لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان و بە ســـوودوەرگرتن لە میتۆدە نێوپســـپۆڕییەکان و چەندپســـپۆڕییەکان، بوارێکـــی فـــراوان و کاریگەری نێو دنیای تێگەیشـــتن لە ڕابردوو، ئێســـتا و ئایندەیـــان پێکهێناوە، ئەگەرچی لە ئاســـت بـــەژن و تەمەنی لێکۆڵێنـــەوە مرۆییـــەکان و لێکۆڵینەوە سرووشـــتییەکاندا، بـــەژن کورتە، بـــەڵام لەبەر دوو هۆکار نەتوانـــرا فەرامۆش بکرێن: یەکەم، بەشـــدارییەکی کارایان نوانـــد لە فەراهەمکردنی سیناریۆســـازیی و ئایندەناســـیی (نەک ئایندەبینی و پێشـــبینی غەیبیانە) بـــۆ بڕیاردانی ئەمڕۆیی و چالاکییە ئایندەییەکان و خســـتنەڕووی هەل و هەڕەشـــە و بەرچاوڕوونی بـــۆ دەزگای سیاســـیی، کۆمەڵایەتـــی و ئابوورییـــەکان بە تایبەتـــی و کۆمەڵگە بە گشـــتی. دووەم لێکۆڵینـــەوە ئایندەییەکان لەســـەر بـــاڵای بە ئەزموونی زانســـت و لێکۆڵینەوەکانی دی گەشـــەیان کـــرد و لەسەرشـــانی ئەوان دانیشـــتن، بەمەش بـــاڵا و دنیابینیان ئاســـۆی فراوانتـــر و ڕوونترە بۆ



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



تێگەیشـــتن لە گریمانەکردنی هەل و مەترســـیی و ئایندەی شارســـتانێت و کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی، بەوپێیەی لێکۆڵێنەوەکانی ئایندەناســـی لێکۆڵینەوەکانی پێشـــتر و پســـپۆڕییەکانی دیکەی فەرامۆش ناکـــەن و بە تێئاخنینـــی ئەزموون و میتۆدەکانی وان و چەند ڕەهەندکردنـــی ڕووماڵەکانی کێڵگەکانی توێژینـــەوەی بـــە لێکۆڵینـــەوە مرۆیی و سرووشـــتییەکان وەک زانســـتەکانی دیکە یـــەک ڕەهەند و جیـــا نەمایـــەوە و پێکـــەوە لە کەشـــکۆڵێکدا بۆ تێگەیشـــتن، جیهانـــی ڕابردوو و ئێســـتایان بە ئایندەناســـییەوە گرێـــدا و تێکەڵ کرد. بەمشـــێوەیە بوو هەرزوو دنیای نوێـــی لێکۆڵینەوەکان و ئەو دەزگا و دەوڵەتانەی پێویســـتیان بە تێگەیشـــتن بوو لە ئایندەدا و دەیانەویســـت دنیایەکی باشـــتر بونیـــاد بنێن، نەیانتوانی فەرامۆشـــیان بکەن و ئێســـتا لێکۆڵینەوەکانی ئایندە بەشـــداری کاران لە هۆبەکانی بڕیاری ســـتراتیژی، سیاســـەت و سیاسەتمەدار و مەتبەخی سیاســـەت و ئابووری و ..تاد دا پێگـــەی کاریگەریـــان هەیە و خۆیان خزاندوەتە پێگەیەکەوە کە بەشـــداری قووڵی پرۆســـەکانی بڕیاردان و ئاراســـتەکردنی ســـبەینێ و ئایندەناسیدا دەکەن.

گۆڤـــاری ئایندەناســـی دەیەوێت بەردی گۆشـــەیەکی بونیادنانی ســـبەینێیەکی باشـــتربێت بۆ تاک و کۆمەڵگـــەی کوردســـتان، بە توێژینـــەوە و بابەتەکانی بەشـــداربێت لە دنیابینی و خســـتنەڕووی ســـیناریۆ و ئاینـــدەکان و پێگە و ئەرکی کوردســـتان لـــەو نێوەندەدا ڕوون بکاتـــەوە، دەیەوێت ڕۆڵی هەبێـــت لە ڕوونکردنەوەی مەترســـی و هەل و هەڕەشـــەکانی بەردەم و ســـەر هەرێـــم و ناوچەکە و جیهـــان. گۆشـــەیەکی ئەو پـــردەش بێت لەنیـــوان دوێنێ و ئەمـــڕۆ و ئاراســـتەکردنی ئایندەی کۆمەڵگەکەیـــدا بەشـــداری هەبێت. بەشـــدار بێت لەوەی خەونـــە مەزنەکان بکاتە خەمی گشـــتی و لـــە چوارچێـــوەی توێژینەوە و دنیـــای عەقڵانی و پرۆســـەکانی لۆژیکییەکاندا تاوتـــوێ بکات و گریمانە و ســـیناریۆ پێویســـتەکانی بۆ دەســـتەبەربکات و ئاســـتەنگەکانیان بخاتەڕوو.

لەبـــەر ئەم ئامانجانـــە، گۆڤاری ئایندەناســـی دەســـت بە وەشـــاندن دەکات، ئەرکـــی گرنگی دانە بـــە لێکۆڵینەوەکانـــی ســـتراتیژی و ئاییندەیـــی بـــە تەوەرێتـــی و گرنگیدانـــی بە کوردســـتان و هەرێمایەتـــی و دۆخـــی نێودەوڵەتی پەیوەســـت بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشـــتن لە ئێســـتا و ئاینـــدەی وەرچەرخانـــە جیهانیـــی و هەرێمییـــەکان و کاریگەرییان لەســـەر کوردســـتان، بواری توێژینـــەوەی بریتـــی دەبێت لـــە سیاســـەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردســـتانی، شـــرۆڤەی سیاســـەتی وڵاتانـــی هەرێمایەتی، توانای ئێســـتا و ئایندەیی ســـەربازیی و سیاســـیی وڵاتان، هەل و هەڕەشـــەکان، توانـــا و نەرمەهێز و ســـەختەهێزی هەرێـــم و هەرێمایەتی، ئاســـتەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاســـەت، یاســـادانان، میریـــی و توانا بەرگرییەکان... تـــاد. هەر بابەتێکیشـــی لە خۆگریی گریمانە و ســـیناریۆی ئاییندەیی دەبێت. میتـــۆدی کارپێکراوی توێژینـــەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەندپســـپۆڕێتی (Multidisciplinary ) و نێوپســـپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە ســـوودوەرگرتن لە زانســـت و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لـــە ڕێگـــەی بە پشتبەســـتن بە زانیاریـــی و ئامـــاری نوێی ناوچەیـــی و جیهانـــی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چـــارت ئاماریی.

# توێژینەوەکان

# ئایندەناسی

# لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسی

## پوختە دەوازەیەکی تیۆری

د. یوسف گۆران




### بەرایی

هەر چەندە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەك بوارێکی مەعریفی لە ڕووی مێژووییەوە کۆن نییە و بۆ ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بەڵام حەزی مرۆڤ و بیرکردنەوە لە زانین و پێشبینیکردنی ئایندە، بە هۆکاری جیاواز، زۆر کۆنە، ڕەنگە سەرەتاکەی بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی زیرەک(homosapiens) بگەڕێتەوە، کاتێك ئەم بوونەوەرە نوێیە بەرە بەرە لە پرۆسەی بەکارهێنانی مێشك لە بەڕێوەبردنی ژیاندا چەندین پرسیاری نوێی لەسەر مێژوو، ئێستا و ئایندەی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەکرد. ئایندەبینیش، چ وەك ترس و خەم و دڵەڕاوکێ چ وەك حەز، بەشێکی ئەم پرۆسە مرۆڤایانەیە بووە. بەم شێوەیە چیرۆك و داستان و شارستانیەتە دێرینەکان، چەندین ئاماژەی جیاواز و بەهێزی بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ لە ئایندەی خۆی و کۆمەڵگاکەی تێدایە. بەڵام سەرباری جیانەبوونەوەی بیرکردنەوەی ئایندەیی لە مرۆڤ، بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەك بوارێکی زانستی(نەك زانست) زۆر نوێیە و سەرەتا وەك بوارێکی هزری و کردەیی تایبەت دەرکەوت(سەربازی و تەکنۆلۆژی)، پاشان بۆ زۆربەی بوارەکان تەشەنەی کرد. لە ئێستادا لە زۆربەی بوارەکانی پلاندانان، ستراتیژی، ئابووری، تەکنۆلۆژی، پێداگۆژی، تەندروستی و ژینگە... هتد، بەکار دێت و سوودی لێ وەردەگیرێت. دەوڵەتان، کۆمپانیاکان و زانکۆکان، چەندین پەیمانگا و سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەتیان بەم بوارە دامەزراندووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و ئەو میتۆدانەی کە لەم بوارەدا بەکار دێن، هەوڵ دەدات سەرباری ناساندنی بوارەکە لە ڕووی تیۆری و میتۆدەوە، تیشك بخاتە سەر ئەو کێشە و جیاوازییانەی کە ئەم بوارە لە بوارە نزیکەکانی خۆیەوە هەیەتی؛ ڕوون بکاتەوە.

### تەوەری یەکەم: چەمکی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

### بەشی یەکەم: پێناسەی چەمکی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

#### ا. گەشەسەندنی مێژوویی چەمکەکە

لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە مێژووی گەشەسەندنی خۆیدا بە چەندین شێوە و ناو و دەستەواژەی جیاواز ئاماژەی پێ دراوە، کە دیارە هەندێکیان بە قۆناغی گەشەسەندنەکە پەیوەستن و هەندێکیشان بە بوار و شوێن و کەسی بەکارهێنانەرەوە تایبەت بوون.

پێش هەزاران ساڵ و لە سەرەتای دەرکەوتنی "بیرکردنەوە لە ئایندە"، ئەم بوارە پشتی بە هەندێ ئامرازی خورافی و جووڵەی ئەستێرەکان دەبەست و بۆ دیاریکردنی ئایندەی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان بەکاری دەهێنا، بوارەکەش بە ئەستێرەناسی (تنجیم - As-trology) دەناسرا، بەڵام پاشتر لە قۆناغی تردا ئەم بوارە زۆرتر بە واقعی کرا و وشەی "prophe-cy" کە بەرامبەر (تنبؤ، نبوءة)ی عەرەبییە و "نبی"یش بەو کەسانە دەگوترا کە توانای پێشبینیکردن و ئاگادارکردنەوەیان هەبووە (5/25).

قۆناغی دووەمی گەشەسەندنی ئەم بوارە، بە دەرکەوتنی بیری لۆژیکی و میسالی (topiaU) دەست پێ دەکات کە زۆربەی جار هاوتەریب لەگەڵ قۆناغی پێشوو کاری دەکرد. ئەم قۆناغە بەئاشکرا لە کۆمارەکەی ئەفلاتووندا دیارە، بۆچوونەکانی ئۆگەستین و تۆماس مۆر، پاشتریش کۆندەرسێ و مارکس و کارەکانی لیۆناردۆ داڤنشی... هیی تر، بە شێوەی جیاواز بیرکردنەوە لە ئایندە و هەندێ جاریش گۆڕینی دەردەخست(10/10). بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا و بە هۆی باڵادەستبوونی بیر و ئایدۆلۆژیای حەتمیەت(-determinisim) بەرامبەر بە ڕووداوەکانی جیهان (ڕابردوو، ئێستا و ئایندە)، بیرکردنەوە لە پرسەکەی سست کرد. ئەم ئایدۆلۆژیایە پێی وایە سەرجەم ڕووداوەکان بە هۆکاری دیاریکراوەوە حەتمین

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

و هۆکارێکی لە دواوەیە و مرۆڤیش بەو پێیە ڕۆڵی لە گۆڕینیدا نییە، چونکە مرۆڤەکان لە چارەنووسێکی دیاریکراو و زەمەنێکی تەواو جێگیر و داخراودا دەژین. دەرەنجامی ئەم هۆکارانە، بیرکردنەوە لە ئایندە و هەوڵی گۆڕینی لاوازی و سستیی تەواوی پێوە دەرکەوت.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و پاش کەڵەکەبوونی چەند سەدەیەك لە گەشەسەندنی زانستەکانی فیزیا، ماتماتیك و گەردووناسی و پاش گەشەشەندنی تەکنۆلۆژیا و بەرفراوانبوونی تواناکانی هزری و پراکتیکیی مرۆڤ، بواری بیرکردنەوە و گۆڕین و دروستکردنی ئایندە وەك کایەیەکی مەعریفی دەرکەوت.


پرسیارەکانی زانستی فیزیا دەربارەی گەردوون و کات، دارڕشتنی میتۆدی زانستیی تایبەت بە مێژووی کات لە بارەی دروستبوون و گەشەسەندن و کۆتاییهاتنی، ڕەهەندێکی زانستیی گرنگی بەخشییە ئەم بوارە و لە بۆچوونەکانی ”کات“ی بازنەیی داخراو ڕزگاری کرد، بوارێك کە پێشتر فەلسەفی بوو و پێی وا بوو کات بە شێوەی یەك ئاڕاستە، رابردوو، ئێستا و ئایندەیە و بەم هەنگاوە پاڵپشتێکی تیۆریی بەهێز بۆ خوێندەوە و گۆڕینی ئایندە هاتە ئاراوە(7/5).

سەرەتای سەدەی بیستەم کە تیایدا زانست و تەکنۆلۆژیا بەفراوانی گەشەی کرد، بە سەرەتای هەوڵی بەزانستیکردنی بواری ئایندە دەژمێردرێت، لەم سەردەمەدا وشەی ”forecast“ (پێشبینی) بۆ هەموو بوارەکانی لێکۆڵینەوە لە ئایندە بەکار دەهات(5/28).

ساڵی ١٩٠١، کاتێك چ. گ. ویلس کتێبی پێشبینییەکان(Anticipations)ی کە پاشتر بە ناوی ئاشکراکردنی ئایندە (The Discovery of the Future)ی بڵاو کردەوە، بە ساڵی ڕاستەقینەی لەدایکبوونی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی هەژمار دەکرێت، بەتایبەت دوای ئەو وانەیەی لە ١٩٠٢ لە پەیمانگای شاهانەی بەریتانی پێشکەشی کرد، تیایدا بەئاشکرا داوای لە ئەکادیمیستان کرد لە ڕووی ئەکادیمییەوە لەم بوارە تازەیە بتۆژنەوە، بەڵام ئەم بوارە تا نزیکەی ٥٠ ساڵ پاش داواکەی ویلس، بە شێوەیەکی کارا بەئەکادیمی نەکرا(4/29). جێی ئاماژەیە ویلس بۆ لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان لە ساڵی ١٩٣٢دا، وشەی نوێی ”Foresight“ی (ئایندەبینی، دووربینی) بەکار هێنا(2/3).

مێژووناس و زانای بواری حکومڕانیی ئەڵمانی؛ پرۆفیسۆر ئۆسیپ. ك. فلێختمان، یەکەم کەس بوو دوای شەڕی دووەمی جیهانی، لێکۆڵینەوەی ئایندەیی هێنایە بواری ئەکادیمییەوە. فلێختمان بۆ یەکەم جار دەستەواژەی زانستی ئایندەیی یا ئایندەناسیی(futurology) بەکار هێنا. ئایندەناسی لای فلێختمان بە سیستمێك لە مەعریفەی ڕێکخراو کە تایبەتە بە بابەتێکی دیاریکراو، پێناسە کرا(9/69). ساڵی ١٩٥٧ فەیلەسووف و سەرمایەداری فەڕەنسی؛ گاستون بیرجەر، بۆ یەکەمین جار وشەی ”prospective“ی لەم بوارەدا بەکار هێنا کە بە مانای ”کارتێکەر لە ئایندە“ش دێت. بیرجەر پێی وا بوو ئەم بوارە تەنها هەوڵی بینینی








ئایندە نادات، بەڵکوو کاریش بۆ ئایندە دەکات. ئەم زاراوەیە تا ئێستاش لەنێو فەڕەنسییەکاندا باوە. پاشان لە ساڵی ١٩٦٠ ئایندەناسی فەڕەنسی؛ بیرتراند د. جۆڤنێل، زاراوەی (futuribles – ئایندەتۆژینەوەیی) بەکار هێنا، گۆڤارێکیشی بەو ناوە وەشاند. جۆڤنیڵ پێی وا بوو ئایندە پێشتر دیاری نەکراوە و نەزانراوە، بەم پێیە چەندین مەودا و جۆری جیاواز بە ئایندە خرایە بەردەم دەوڵەتان، دەرەنجامی کۆتایی ئایندەکانیش بە دەستتێوەردانی مرۆڤەوە پەیوەستە(10/69).

لە کۆتایی شەستەکانیشدا گۆڕانکاریی بەرچاو لە بەکارهێنانی چەمکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئایندەکان(futures studies) ڕووی دا، بە بەکارهێنانی بە شێوەی ”کۆ“. هەردوو بیرمەند جەیمس داتۆر و ئەلینورا ماسینی، پێداگری و جەختیان لەسەر بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە دەکرد و وەك هەڵوێستێکی فەلسەفییش بۆ فرەیی ئایندە و هەمەچەشنبوونی ناساندیان؛ لێیان دەڕوانی. ئەم زاراوایە ساڵی ١٩٧٣ بە دامەزراندنی ”یەکێتیی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئایندە“، زیاتر چەسپا. پەیڕەوانی ئەم دەستەواژەیە(Futures studies -لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی)، وەك بوارێکی فرەپسپۆڕی کە چەندین پسپۆڕی جیاواز، خوێندن، فەلسەفە، ئابووری، مێژوو، سایکۆلۆجیا، کۆمەڵناسی لەخۆ دەگرێت؛ ناساند، کە مامەڵە لەگەڵ چەندین ئایندەدا دەکات.

ئەمڕۆ سەرباری فراوانیی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی، هێشتا هەندێ زاراوەی تر بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە؛ وشەی دید یان دووربینین(foresight)، کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا بەکار دەکات و ئێستاش بەکار دەهێنرێت. پێناسەی دید یان دووربینین(foresight)، لای دەنیس لۆڤێرج پێشبینیکردنە لە ڕووی پراکتیکی و چەندایەتییەوە(2/12)، واتە شێوازێکی پراکتیکیی پێ بەخشیوە. کارکەرانی بواری پلاندانان و ستراتیژی، خۆیان بە نزیك لەم دەستەواژەیە دەبینن و پێیان وایە قووڵایی و فراوانیی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

زیاتر بە کارەکانیان دەدات. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەردوو دەستەواژەی لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی(futures studies) و دووربینین(foresight)، لە ئێستادا لە رووی پراکتیکەوە بۆ یەك مەبەست بەکار دێت.

سەرباری ئەوەی ئەم بوارە لە قۆناغی دروستبوونەوە پرۆسەیەکی ناڕوون بوو، بەڵام لە ئێستادا، بەپێی روانینی هەندێ زانا، چەندین خەسڵەتی لەخۆ گرتووە، گرنگترینیان: فرەدیسیپلینی، ئاڵۆزی، جیهانی، پێوانەیی (نۆرماتڤ)، زانستی، هاوبەشپێکار و بە شدا ر یپێکە ری ( 7 / 132 ).

پێش خستنەرووی پێناسەی لێکۆڵینەوەی ئایندە یان ئایندەیی، گرنگە سەرەتا ئاماژە بەوە بکرێت کە سەرباری بوونی ئیشکالیەتی زۆر لەسەر ناونانی بوارەکە، لەنێوان لێکۆڵینەوەی ئایندەیی یان ئایندەناسی(futurelogy) یان دید و دووربینین(foresight) یان (futuribles)... هتد، لەم توێژینەوەیدا "لێکۆڵینەوەی ئایندەیی" کراوەتە بنەمای ئەو توێژینەوانەی کە لە "ئایندە" دەکۆڵنەوە، ئەمەش لەسەر چەند بنەمایەك:

١. ساڵی ١٩٧٣ کاتێك ناولێنانی بوارەکانی تایبەت بە ئایندە زۆر و فراوان بوو، فیدراڵیەتی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، بۆ کۆکبوون لەسەر ناوێکی یەکگرتوو، راپرسییەکی جیهانیی لەنێو پسپۆڕانی بوارەکەدا ئەنجام دا، کە تیایدا زۆرینە لەسەر "لێکۆڵینەوەی ئایندەیی" کۆك بوون(10/70)، لەو ساوە تا هەنووکە لەنێو چەمکەکانی دیکەدا زیاتر برەوی پێ دراوە.

٢. لە لایەنی زمانەوانییەوە، "لێکۆڵینەوەی ئایندەیی" رەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە کە ئەم بوارە پێیدا تێدەپەڕێت کە لە باشترین حاڵەتدا بە میتۆدی زانستی یان بوارێکی مەعریفی دەستنیشان کراوە و نەگەیشتووەتە ئاستی بەزانستبوونیبوونی وەک زانستێکی دیاریکراو.

٣. ئەم دەستەواژەیە کە بە شێوەی "کۆ"یە، رەنگدانەوەی کرانەوەی زیاتری

> "راپرسییەکی جیهانیی لەنێو پسپۆڕانی بوارەکەدا ئەنجامدرا، کە تیایدا زۆرینە لەسەر «لێکۆڵینەوەی ئایندەیی» کۆك بوون"





ئایندەناسی ژمارە (١) ئاداری ٢٠٢٠

بواری ئایندەنۆڕییە لە هەر چەمکێکی دیکەی هاوتای کە زیاتر نزیک بێت لە مێژووی گەشەسەندنی دەستەواژەکەوە و لەخۆگری گۆڕانکاریی گەورەیە بۆ فرەچەشنیی ئایندە(prular future).

ب. ناساندنی چەمك

سوهەیل عینایەتوڵلای نووسەری پاکستانی، باوەڕی وایە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، لێکۆڵینەوەی رێکخراوەییە (sys-tematic) بۆ ئایندەیەکی خوازراو (preferred) و گریمانەبۆکراو (probable) و ئەگەرەکان (pos-sible)، کە تیایدا دیدی جیهانی و ئەفسانەکانیان (myths) لە هەر جۆرێکی ئایندەکاندا جەختی لەسەر کراوتەوە(4/38).

زانای ئەمەریکی ئیدوارد کۆرنش دەڵێت: "ئەو زانستەیە کە چاودێریی (رصد)ی گۆڕانکاری لە دیاردەیەك دەکات و هەوڵی دەستنیشانکردنی ئەگەرە جیاوازەکانی لە ئایندەدا دەدات، ئەمەش بە خستنەبەردەستی هاوکاری بۆ دۆزینەوەی ئەگەرە نزیکەکەیان(5/83)."

بەڵام پێنتی مالاسکا کەمێک جیاوازترە و پێی وایە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بوارێکی عەقڵانیی بەهادارییە (-ration al_value field)، بەو شێوەیەش لەگەڵ سەرجەم زانستە سروشتییەکان ناکۆکە لەوەدا کە ئەوان ئامانجی بێلایەنیی بەها (valueneutralism )یان هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئایندەیی؛ بێلایەن نییە و ئامانجی ناساندن و دەستەبەرکردنی ئایندەی هەیە(9/13).

تیۆمۆ کواساش وا بۆی دەچێت کە ئەم بوارە بەشێکە لە بیرکردنەوەی ستراتیژی، کە لە دید و پێشبینی و عەقڵانیەتی بەهاکان پێك هاتووە(9/15).

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بە بوارێکی ئاکادیمیی مەعریفیی فرە دیسیپلین بۆ دیراسەکردنی سەرجەم تەخەسوسە زانستییە جیاوازەکان پێناسە بکرێت، بە چاودێریکردنی ئایندە لە لایەنە خوازراو و پێشبینیکراو و گریمانەیی و بە ئامانجی دیاریکردنی ئایندەیەك یان زیاترکردنی ئەلتەرناتیڤ (بدیل)ەکانی ئایندە.

**بەشی دووەم: ئیشکالیەتی پەیوەندیی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بە بوارە زانستییەکانی ترەوە**

بە هۆی نوێیی دەرکەوتنی بواری لێکۆڵینەوەی ئایندە وەك بوارێکی ئەکادیمی-مەعریفی، ئەم کایەیە لەگەڵ هەندێ بواری زانستیی دیکەدا تێکەڵە و هەندێ جاریش ئیشکالیەتی میتۆدی و زانستیی دروست کردووە. لێرەدا هەندێك لەو بوارە نزیکانە دەخەینە ڕوو:

ا. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لەنێوان زانست و کایەی زانستیدا

هەرچەندە زانای ئەڵمانی؛ ئۆسیپ، لە شەستەکاندا ئایندەناسیی وەك زانست ناساند کە بە "futuorogy"ی ناو بردووە، پێی وا بوو کە تەنها جیاوازییان لەگەڵ زانستەکانی ¬تر ئەوەیە بێلایەن نییە، بەڵکوو مەبەستدارە(5/30). بەڵام تاکوو ئێستا بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لەلایەن کۆمەڵگەی زانستییەوە وەك زانستێکی سەربەخۆ نەناسێنراوە.

زانست لە سادەترین پێناسەیدا، بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، لێکۆڵینەوەی پێکهاتە و هەڵسوکەوتی بوارەکانی فیزیا و سروشت و کۆمەڵگە لە ڕێی چاودێریکردن و بە ئە زموو نکر د نە و ە ( تجر بـ ـە ) (12/1050). لەم پرۆسەی دیراسەکردنەدا، یاسای زانستیی گشتی و بێلایەن دەدۆزرێتەوە کە توانای ڕاستینەی خۆی دەپارێزێت لە هەر کات و شوێنێکدا کە جێبەجێ دەکرێت. واتە ڕاستییە ئەزموونکراوەکانی زانست (یاسای زانستی) لە هەمان دۆخی خوازراو، ئەنجام و شێوازێکی ڕەهای هەیە و نە گـۆڕە.

بەڵام گەر بەراوردێکی نێوان زانست و کایەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بکەین، دەبینین:

١. زانست بوار و دیسیپلینی تایبەت بە خۆی هەیە، لە بەرامبەردا کایەی لێکۆڵینەکانی ئایندە تایبەت نییە، فرەبوار و فرە د یسیپلینە .

٢. ڕاستینەییەکانی زانست (یاسا)، بەتایبەت زانستە سروشتییەکان و فیزیا، ڕەها و گشتگیر و داڕنراو )موجەڕەد) و ئەزموونکراوە، بە بەراورد لەگەڵ کایەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی کە کراوەیە بەسەر سەرجەم ئەگەرەکانی ئایندەدا و پێشتر تاقی نەکراوەتەوە.

٣. ڕادەی دڵنیابوون لە پێشبینیکردن بۆ یاسا تاقیکراوەکانی زانست زۆر بەرزە، چونکە لە هەموو کات و شوێنێکدا هەمان دەرئەنجامی هەیە، لە بەرامبەردا لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی بە هۆی بوونی ئیرادەی مرۆڤەوە؛ دەرئەنجامی دڵنیاکەرەوە و جێگیری بۆ ئایندە نییە، بەمەش بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی زیاتر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان نزیکترە نەك زانستە سروشتییەکان و فیزیاوە، بەڵام تەنانەت لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش جیاوازە کە فرە دیسیپلین و بواری پسپۆڕیی هە مە چە شـنە .

بەم شێوەیە سەرباری بەکارهێنانی هەردوو بوار بۆ میتۆدی زانستی، بەڵام تاکوو ئێستا جیاوازیی تەواو لەنێوان ئەم دوو بوارەدا هەیە و ناکرێت لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی وەك زانستێکی تایبەت بناسرێن، لەم قۆناغەی ئێستای گەشەسەندنیدا دەکرێت وەك بوارێکی ئەکادیمی-مەعریفی سەیر بکرێت.

ب. پلاندانان و ستراتیژ و شیکردنەوەی سیاسی و لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرباری بوونی نزیکی لە شێوەی کاری پلانداڕێژەران و ئایندەناسان، بەڵام جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوانیانیشدا هەیە.

لە ڕووی مەودای زەمەنییەوە، پلاندانان، گەر ستراتیژییش بێت، لە ٢٠ ساڵ تێناپەڕێت، لە مەودای ١-٥ ساڵ کاری سەرەکیی خۆی دادەڕێژێ، بەڵام لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان مەودایان فراوانە و لە ٥ زیاترە و لە ٢٠ تا ٥٠ ساڵیش دەڕوات، تەنانەت هەندێکی بۆ ١٠٠ ساڵ زیاترە(4/40).

لە ڕووی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ ئایندە و ئەگەرەکانیدا، پلاندانان زیاتر کار لەسەر دەستنیشانکردنی سیناریۆ دەکات کە لە نێویاندا سیناریۆی خوازراو هەڵدەبژێرێت و کاری بۆ دەکات، بەڵام زۆربەی جار سەرجەم سیناریۆکان نزیك و پەیوەستی یەکن. بەپێچەوانەوە، میتۆدی کارکردنی ئایندەناس زیاتر کراوەیە بەتەنها، خۆی بە سیناریۆیە باوەکانی ئێستا نەبەستۆتەوە، بەڵکوو هەوڵی دروستکردنی ئایندەی ئەلتەرناتیڤ دەدات کە زۆر لە سیناریۆ باوەکانی پلانداڕێژەران جیاوازترە(9/16-29).

پلان و پلانی ستراتیژی؛ زیاتر کار بۆ بەدەستهێنانی ئایندە دەکەن وەك شێوەیەك لە کۆنترۆڵ و قۆرخکاریی ئایندە، بەڵام ئایندەناس لە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی ئەوەندەی گرینگی بە دروستکردنی ئایندەی جیاواز یان فرەئایندەیی دەدات، کەمتر خەمی قۆرخکردنیەتی.

پلاندانان و ستراتیژیەت ئەرکێکی پراکتیکییان هەیە بە وەرگێڕانی دیدێکی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی بە کردەیی، ستراتیژیست یان پلانداڕێژەر بێ بوونی دیدێکی ڕوون بۆ ئایندەی کورت یان درێژ، ناتوانێت هەنگاوی پراکتیکی دابڕێژێت، بەڵام ئایندەناس بە دیاریکردنی دیدێك و بژاردەیەك، بەشی سەرەکیی کارەکەی تەواو دەبێت و ئیتر کاری داڕێژەر و ستراتیژیستەکانە بۆ جێبە جێکر د نیـا ن.

سەبارەت بە بواری شرۆڤەی سیاسییش، ئەم بوارە جەخت لەسەر شیکاری مەبەستێتیی سیاسەتێکی دیاریکراو دەکات و پرسیار لەسەر کۆی گوتار و چوارچێوەی بڕیاردان ناکات. بەپێچەوانەوە، ئایندەناسی و بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، لە ڕێی خستنەڕووی کێشەکان و مەسەلە تازە دەرکەوتووەکان و پرسیار و سیناریۆ و ئایندەی ئەلتەرناتیڤەکانەوە، هەوڵی گواستنەوە و گوزەرکردن لە ئێستاوە بۆ ئایندەیەکی تەواو جیاواز دەدات، واتە کۆی سیستمەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**تەوەری دووەم: چوارچێوەی چەمکی (conceptual frame-work) لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

- ڕەهەند و چوارچێوە

یەکێك لەو ڕەخنە توندانەی کە بەردەوام ئاڕاستەی بواری لێکۆڵینەوەکانی ئایندە دەکرێت، ئەوەیە کە بونیادێکی بەهێزی تیۆری بۆ چەمکەکان نییە و چوارچێوەیەکی ڕێکخراوی نییە بۆ ناسینەوە و فێربوونی.

ڕەخنەگرانی، بەتایبەت ئەوانەی گومانیان لە زانستیبوونی بوارەکە هەیە، پێیان وایە کە لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی بەهۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی چەمکیی(مفهومی) بەهێز و نەبوونی کایە(حقل)یەکی تایبەت بە خۆی نەك بە پسپۆڕییەکانی ¬تر، بە بوارێکی زانستی و مەعریفی ئەژمار ناکرێت.

بۆ دەرخستنی ئەو هەوڵانەی بۆ تیۆرەکردنی ئەم بوارە و زانینی ئەو تەکنیك و پرنسیپ و میتۆدانەی ئایندەناسان لەم بوارەدا بەکاریان هێناوە، ئەم تەوەرە دەکەینە دوو بەش: یەکەمیان تایبەتە بە ڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان و بەو میتۆدانەی لەم بوارەدا سوودی لێ وەرگیراوە، دووەمیش تایبەتە بە چوارچێوە چەمکییەکەی بوارەکە.

بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و میتۆدی بەکارهاتوو (شیکردنەوە، ڕاڤەکردن، پێشبینیکردن، ڕەخنەگرتن و پێکەوەبیوون): ئایندەناسان و بڕیاردەران و هەموو ئەوانەی لە بواری بیرکردنەوە و کارکردن بۆ ئاینده کار دەکەن، ڕەهەند و میتۆدی کارەکانیان تا ئاستێکی زۆر سوودیان لەو میتۆدە زانستییانەی کە پێشتر هەبووە؛ وەرگرتووە، کە پێنج جۆر لەخۆ دەگرێت:

**١. ڕەهەند و بیری شرۆڤەیی**

سوودوەرگرتن لە شێوازی لێکۆڵینەوەی شرۆڤەیی(شیکاری)، لە پرۆسەی دروستکردنی ئایندەدا گرنگ و پێویستە. ئاشکرایە بۆ داڕشتنی هەر پرۆژەیەکی ئایندەیی، سەرەتا داتا و زانیاری کۆ دەکرێنەوە و بە شێوەی جیاواز تۆمار دەکرێن(input)، پاشان میتۆدی شیکردنەوە بۆ پۆلێنکردنی داتا و زانیارییەکان دەست پێ دەکات کە ئامانجی سەرەکی دیاریکردنی ڕەوتی ڕووداوەکانە(trends). لێرە کەسی شرۆڤەکار هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی دەدات: دۆخەکە چۆن دێتە پێشچاو و چییە؟(whats seem to be hapeening?). وەڵامی ئەم پرسە و بەدواداچوونی گرنگە و پێناسەی کارەکەی ئاڕاستەی ئەو کەس و لایەنە دەکات کە

“ هەموو ئەوانەی لەبواری بیرکردنەوەو کارکردن بۆ ئاینده کاردەکەن، سوودیان لەو میتۆدە زانستییانەی کە پێشتر هەبووە؛ وەرگرتووە ”

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





بابەتەکەیان لاگرنگە و کارەکەیان بۆ دەکات(11/9-12).

**٢. ڕاڤەکردن (تەفسیر - in-terpretation):**

میتۆدی ڕاڤەیی، هەوڵی تێگەیشتن و دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی ڕووداو و ئاڕاستەکان و گرێدانیان بەیەکەوە دەدات، لە ڕێی ئاشکراکردنی لایەنە واتایی و قووڵەکانی داتا و شیکردنەوەکان، لێرە پرسیاری سەرەکیی: "لە ڕاستیدا چی ڕوو دەدات؟"(whats really happen-ing?)، کە گرنگە وەڵامی ڕوونی هەبێت. میتۆدی سەرەکیی ئایندەناس لێرە دۆزینەوەیە، ئەوەی عینایەتوڵلایی پێی دەڵێت توێ قووڵە هۆکارییەکان(causel layered analysis) دروستبوونی ڕووداوەکانە، کە بۆ چوار توێی سەرەوەی ڕووکەش(lit-any): هۆکاری کۆمەڵایەتی، گوتار و جیهانبینی، تا ئەفسانە. ناسینی ئەم توێیانە تەنها لە شێوازدا نییە، بەڵکوو لایەنی زەمەنییشی تێدایە و پەیوەستە بە قووڵایی و مەودای کارتێکردنیانەوە. بەکارهێنانی ئەم میتۆدی ڕاڤەکردنە بۆ دانانی چوارچێوەیەکی تێگەیشتن بۆ مەسەلەکانی بەردەست و وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی سەرەوە، گرنگە(11/11).

**٣. ئایندەبینی (پێشبینیکردن) (prospective)**

ڕەهەندی ئایندەبینی و پێشبینیکردن، هەوڵی پەرەپێدان و دروستکردنی ئایندەیەکی ئەلتەرناتیڤ دەدات، لە ڕێی پێشنیارکردنی ڕێگەچارەی نوێ بە بەکارهێنانی تەکنیکی جیاواز، وەك: سیناریۆ، تەکنیکی دێلفی، گێژەڵووکەی زەینی، پەنێڵ و... هتد، بەڵام باوترینیان سیناریۆسازییە.

زۆر جار دروستکردنی سیناریۆ و دیاریکردنی لایەنە جیاوازەکانی هەر سیناریۆیەك، کار و ئامرازی سەرەکیی ئەم میتۆدەیە.

ئاشکرایە دروستکردنی سیناریۆ ئەوەندەی بەسوودە، دەکرێت هێندەش مەترسیدار بێت، بەتایبەت گەر زانیاری و داتای تەواو یان پسپۆڕیی نەبێت، یان بەوردی ئامانجی پرۆژەکە لەبەرچاو نەگرێت. دوورکەوتنەوە لە ئامانج یان پێشکەشکردنی سیناریۆی ناواقعی، دەرهاویشتەی ئەو کەموکورییانەی پێشەوەیە.

بەکورتی: لە ڕەهەندی پێشبینیدا هەوڵی هاندان دەدات بۆ گەڕان بەدوای بیرکردنەوە و ئەڵتەرناتیڤی نوێ و بە پێچەوانەی بیری باوی دامەزراوەکە و دۆزینەوەی ئەوەی کە ڕەنگە ڕوو بدات و باشترین بژاردەش دەخاتە بەردەم دامەزراوەکە یان پرۆژەکە.

**٤. میتۆدی ڕەخنەیی**

ڕەهەند و میتۆدی ڕەخنەیی، بە هیچ شێوەیەك کار لەسەر پێشبینیکردنی ئایندە ناکات، بەڵکوو جەخت لەسەر ناڕوونی و نادیاریی(undifine) ئێستا و ئایندە دەکات. ڕەخنەگەرایی پێی وایە دونیابینیی ئێستامان بەردەوام لاواز و شایستەی کارتێکردنە و تێکشکانە(frag-ile)، چونکە دەرئەنجامی سەرکەوتن یان زاڵبوونی گوتارێکی مەعریفییە بەسەر یەکێکی دیکەدا. لای لایەنگرانی ئەم میتۆدە، گوتاری مەعریفیی باو بەم شێوەیە لە مێژوودا لە ڕووی ئەپستمۆلۆجییەوە دروستبوون و بەردەوام زاڵبوون

و دابڕانی گوتاری مەعریفی لەئارادایە.

ڕەهەندی ڕەخنەیی لە لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان، پاش پۆستبونیادگەرایی گوڕی وەرگرت. ئامانجی سەرەکیی ئەم میتۆدە، تەنگەتاوکردنی پەیوەندییە دەسەڵاتدارییەکانی ئێستایە بە ڕەخنەگرتن و نیشاندانی دابڕانە مێژووییە جیاوازەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بیر و بەهاکانە، سەرەنجام هاندانیان بەرەو گومانکردن لە شێوەی ئێستای سیستمەکان و ناپارێزراوی و ناجێگیرییان، بەمەش بوارێك و ئامادەییەکی مەعریفی بۆ ئامادەسازیی(استحضار - evok-ing) ئایندەیەکی ئەلتەرناتیڤ و جیاواز فەراهەم دەکات. ئاشکرایە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە لە لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان، ئامادەیی فیکری لای ئایندەناس دروست دەکات بۆ گومانکردن لە ئێستا و ئایندە باوە باڵادەستەکان و ئاسۆی بیرکردنەوە لە ئایندەی جیاواز و سیناریۆی جیاواز؛ فراوانتر و ئازادتر دەکات.

**٥. میتۆدی پێکەوەیی (تشارکی)**

لە میتۆد و ڕەهەندی پێکەوەییدا، ئامانجی دیاریکراوی خاوەن بەرژەوەندی یان پرۆژەکە ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە کۆکردنەوەی ئایندەناسەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکان بۆ دروستکردنی دیدێکی پێکەوەیی بۆ ئایندە. هەوڵی سەرەکی لێرە، گەشەپێدانی پێشبینییەکانە بۆ ئەگەر و خوازراوەکان لەسەر بنەمای خاوەن بەرژەوەندی.

ئایندە و خاوەندارێتی لێرەدا بۆ ئەم کەسانە کە گرنگیی پێ دەدەن و ئامادەسازیی بۆ دەکەن کە لە ئێستاوە "وەبەرهێنان"ی تێدا بکەن، بەڵام وەك بوارێکی ناجێگیر ئەم ئایندەیە بەردەوام پێویستی بە پێداچوونەوە و لێپێچینەوە هەیە، چونکە گەر وا نەبێت، هیچ کات توانای دروستکردنی دیدێکی تەواوکار(متكامل) بۆ ئایندە دەستەبەر ناکرێت(4/42).

ڕەهەند و میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەوە، هەریەکەیان خەسڵەت و شێوازی کارکردنی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێ کرا، ڕەهەند و گرنگیی بەکارهێنانیانە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەییدا. هەروەها کەسی ئایندەناس(futurest) گرنگە ئاگاداری سەرجەم ئەم میتۆدانە بێت، چونکە بەکارهێنانی میتۆدەکان لە لێکۆڵینەوەکان بەپێی پرۆژەکان و بابەتەکان و مەودای زەمەنییان؛ دەگۆڕدرێت.

**بەشی دووەم: چوارچێوەیەکی چەمکی (conceptual frame-work) بۆ لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

ئایندەناسان و لێکۆڵیارانی بواری توێژینەوەی ئایندەیی بۆ پڕکردنەوەی لایەنی مەعریفی، هەوڵێکی زۆریان بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ئەم بوارە نوێیە داوە، بەم پێیە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە چەندین چوارچێوەی تیۆرییان لەم ڕووەوە بەرهەم هێناوە. لێرە بواری خستنەڕووی سەرجەم چوارچێوەکان نییە، بەڵام دەکرێت ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێت کە بریتین لە: چوارچێوەی پرۆسێسی ئایندەیی داتۆر (dator)، کە بنەماکەی لە ساڵی ١٩٧٩دا داڕێژراوە، هەروەها چوارچێوەی





شەش کۆڵەکەیی (پایەیی - pil-lars)ە، کە دەرکەوتنی بۆ ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە (4/45)، لێرەدا بەکورتی هەوڵی ڕوونکردنەوەیان دەدەین:

١. چوارچێوەی شەش کۆڵەکەیی (pillars)

ئەم چوارچێوەیە لای زۆرینەی لێکۆڵەرانی بواری ئایندەناسی بەکار دێت و دەکرێت وەك بوارێکی تیۆری بۆ پرۆسەی ناساندن و دروستکردنی دید بەکار بهێنرێت، هەروەها وەك بوارێکی پراکتیسیش سوودی لێ وەرگیراوە. ئەم پایە و کۆڵەکانەش بریتین لە: نەخشەکێشان - دارشتن(map-ping)، پێشبینیکردن(antici-pation)، کاتدانان (timing)، قووڵبوونەوە (deepening)، دروستکردنی ئەلتەرناتیڤ، گوزەرکردن(transformation). ئەم شەش کۆڵەکەیە دەکرێت وەك یەك پرۆسەی یەک لەدوای یەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆ دەرخستنی کۆی پرۆسەی تیۆریی ئایندەناسی و دیراسەکردنی بابەتەکانی، هەروەها دەکرێت لە ڕووی پراکتیکییەوە بەجیاش بۆ بابەتێکی دیاریکراو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

یەکەم: نەخشەکێشان

ئەم پایەیە لەسەر بنەمایەکی سادە داڕێژراوە، کە بەستنەوەی مێژووە بە ئێستاوە و بەرەو ئایندە و خوێندنەوەی ڕووداو و ئاڕاستەکان لەسەر بنەمای چاودێریکردنی ئاڕاستە مێژووییەکان، کە بوونیان لە ئێستادا هەیە یان نا و کاریگەرییان بۆ ئایندە چییە؟ لێکۆڵەر لێرەدا ئەرکە سەرەکییەکەی ئەوەیە بزانێت لە کوێوە هاتووین؟ ئێستا لەکوێین؟ بۆ کوێ دەڕۆین؟ بە دیراسەکردنی ئەو ئاڕاستە و دیاردانە، بۆمان دەردەکەوێت کە چ شتێکی مێژوو لە ئێستادا بەردەوامیی هەیە و ڕەنگە بۆ ئایندەش بمێنێتەوە، هەروەها چ ئاڕاستەیەك دابڕان یان لاوازیی تێدایە و بەرەو نەمان دەڕوات، بەم شێوەیە ئایندە لامان ڕوونتر دەبێت و دەتوانین خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

گەر ئەم پرنسیپە لەسەر ئاستی خوێندنەوەی ئاڕاستە باوەکانی ئێستای جیهان جێبەجێ بکەین، دەبینین لە ئێستادا پێنج ئاڕاستەی سەرەکیی جیهانی لەئارادایە کە بریتین لە: ١. گەشەسەندن: باوەڕ بە تەکنۆلۆجیای زیاتر، باوەڕبوون بە عەقڵانیەت، مرۆڤ ناوەندی جیهانە. ٢. ڕووخان: پێیان وایە مرۆڤ گەیشتۆتە دوا سنووری توانای خۆی و بەڵکوو تێپەڕاندووە، کارەساتی ژینگە و ئەتۆمی دروست کردووە. ٣. گەیا(gais): بە مانای ڕوانین بۆ زەوی وەك ڕۆحێك و بوونەوەرێکی گەورە و باخێك کە تیایدا کولتوورەکان؛ گوڵەکانیەتی، پێویستیی تەکنۆلۆجیای کۆمەڵایەتی بۆ چاککردنەوەی ئەو کارەساتانەی کە دروستمان کردووە، لە ڕێی هاوبەشیی زیاتری ژن و پیاو، مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و تەکنۆلۆجیا. ٤. بەجیهانیبوون: نەهێشتنی بەربەستەکانی نێوان کولتوورەکان و مرۆڤەکان لە ڕێی بازاڕی ئازاد و جووڵەی ئازادی سەرمایە و نەهێشتنی دۆگمایی و ئایدۆلۆجیا. ٥. گەڕانەوە بۆ ئایندە: گەڕانەوە

بۆ کاتە سادەکان، ئەو کاتانەی دابەشبوونی چینایەتی ڕوون و سادەتر بوو، ئەو کاتەی تەکنۆلۆجیا کەمتر زیانبەخش بوو، ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە مرۆڤەکان ڕێگاکانیان ون کردووە.

بۆ ڕوونکردنەوەی نەخشەی ئایندەی ئەم کۆڵەکەیە، گرنگە شرۆڤەی کارلێکی نێوان ڕابردوو و ئێستا و ئایندەی هەر یەکێ لەو ئاڕاستانەی سەرەوە یان هیی تر، بۆ دیاریکردنی ئایندەیەکی نوێ بکرێت. بەکورتی: ئەم کۆڵەکەیە بە وتەی عینایەتوڵڵا، لەسەر بنەمای بەهەندوەرگرتنی قورسایی مێژوو و گوشاری ئێستا و ڕاکێشان بەرەو ئایندە داڕێژراوە.

دووەم: پێشبینیکردن

ئەم پرنسیپە بەگشتی سوودی لە میتۆدی شرۆڤەیی بابەتە تازەداهاتووەکان (المستجده) وەرگرتووە. شرۆڤەی تازەداهاتووەکان؛ هەوڵی ناساندنی ئەو ناوچە و شوێنانە دەدات کە نیشانە و ئاماژەی ئامێزی دیاردەی نوێن (bell-weather)، هەروەها دۆزینەوەی هەل و ئەگەرە نوێکان. بابەتەکانی وەك ئایا لە ئایندەدا دەرمانخانەی زیرەك دەبێتە بەشێك لە جەستەمان؟ خواردنی گۆشت دەبێتە نایاسایی؟ نانۆتەکنۆلۆژی چۆن جەستەمان دەگۆڕێت؟ تەمەنمان چەند درێژ دەکات؟ ئایا لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەبێتە بەشێك لە پڕۆگرامەکانی خوێندنی زارۆکان؟ ئەمانە و دەیان بابەتی سیاسی، ئەمنی، ئابووری و تەکنۆلۆژی... هتد، لەخۆ دەگرێت.

سێیەم: کاتدانان

ئەم کۆڵەکەیەش جەخت لەسەر کاتدانان بۆ ئایندە(timing the future) دەکات و میکانیزم و قۆناغ و شێوازەکانی گۆڕانی کردۆتە ئامانج. لێرەدا باس لە چەندین شێواز و میکانیزمی گرنگ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کات و ئایندەدا دەکرێت، کە لێکۆڵەرانی ئەم بوارە گرنگییان پێ داوە، کە بریتین لە:

- ئایندەی ڕاستەهێڵیی (linear) یەك ئاڕاستەیە: لە گەشەسەندنی بەردەوامدایە و گەر بەکارایی کار بکرێت، فەراهەم دەبێت. نووسەرە دیارەکانی ئەم بۆچوونە، ئۆگەست کونت(١٨٧٥) و هێربەرت سپنسەر(١٩٧٣)ن.

- ئایندەی بازنەیی: لێرەدا ئایندە بازنەییە، سەروخوارە، ئەوەی ئەمڕۆ لە سەرەوەیە، ڕەنگە سبەی لە خوارەوە بێت، ئەوانەی لە خوارەوەن، بەهۆی خۆنەگونجاندنیان لەگەڵ ئەمڕۆ، بەرهەمی ژینگەی دوێنێن و زۆر بەئەستەم خۆیان لەگەڵ مەرجەکانی ئەمڕۆ نوێ دەکەنەوە. ئیبن خەلدوون، شپینگلەر، سو ما شین؛ لە دامەزرێنەرانی هزریی ئەم ئاڕاستەیەن. بەپێی ئەم میتۆدە، وڵاتان و میللەتان و دامەزراوەکان لەنێوان دوو جەمسەردا دەجووڵێنەوە: ناوەندێتی و ناناوەندێتی (سێنتراڵی و ناسێنتراڵی)، مۆدێرنێتە و ئایین، دەسەڵاتی مەدەنی و سەربازی. لێرەدا گەر توانای زانینی جووڵەی بەندۆلەکەمان هەبێت، ئەوسا دەتوانین ستراتیژێکی کارا بۆ ئایندە دابڕێژین.

- ئایندەی پێچخواردوو (حەلەزۆنی - spiral): لێرەدا زەمەن پێچاوپێچە، واتە لە لایەک یەك ئاڕاستە و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





پێشوەچووە و لە لایەکی¬ تر بازنەیی و داخراوە. بە بوونی سەرکردەی هاندەر و کاریزمایی، دەکرێت ئایندە دروست بکرێت. ڕاستە ڕابردوو دۆگمایەکە بەسەر ئێستادا و کێشەسازە بۆی، بەڵام نابێت بەتەواوی دوور بخرێتەوە، پێویستە بکرێتە بەشێك لێی بۆ بەهێزکردنی گیانی ئاڕاستەکردنی ئایندە. گرنترین بیرمەندی ئەم میتۆدە، فەیلەسووفی هیندی؛ ”پرابهات. ر. سارکار“ە.

- ئایندە زۆر جار لەلایەن کەمینەیەکی داهێنەر دروست دەکرێت: ئەو کەمینەیە دەکرێت کەمینەیەکی ئابووری، تەکنۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی بێت. ئەم کەمینانە بە پێچەوانەی لاساییکردنەوەی ڕێوشوێنە کۆنەکان ناکەن و ڕێگای نوێ دەگرنە بەر و خەڵکانی ¬تریش دوایان دەکەون، بەم شێوەیە ئایندەی جیاواز و فرەئایندەیی دروست دەبێت. کاتێك گەشەپێدانی بەردەوام جێی کەمینەی داهێنەر دەگرێتەوە، دەرئەنجامەکان زۆر زیاتر و گەورەتر دەبن. دیارترین تیۆرسێنەکانی ئەم میتۆدە، ”ئاڕنۆڵد تۆینبی“ و ”ڤێڵفریدۆ پارێتۆ“ن.

- زۆر سەردەمی مێژوویی دیاریکراو هەیە کە کاری چەند کەسێکی کەم، کاریگەریی گەورە دروست دەکات: ئەو سەردەمانە ئەو کاتەن کە ڕێوشوێنە کۆنەکان چیتر بێسوودن، ئەوەی بۆ دوێنی سەرکەوتوو بوو، ئەمڕۆ بێکەڵکە. ئێمە ئێستا لەو دۆخەدا دەژین. ئەم میتۆدە لای زۆربەی ئایندەناسان بۆ قۆناغی گوزەرکردن (پەڕینەوە) پەسەندە. گرنگترین کەسانی ئەم بوارە: ئەلڤین تۆفلەر، ئۆلیڤەر مارکلی، جیمیس داتۆر، پرابهات .ر. سارکار و زۆرێکی دیکەن.

چوارەم: قووڵکردنەوەی ئایندە (deepening the future)

گرنگترین میتۆد کە لێرەدا بەکار دەهێنرێت، شیکردنی توێژاڵەکان (ڕەهەندەکان)ی هۆکارە (causal layered analysis) (1/50). ئەم میتۆدە هەوڵی چاڵکردن و قووڵکردنەوە و دەرخستنی بەرەو ئایندە دەدات. ئەم میتۆدە لە چوار ڕەهەندی سەرەکی پێك دێت:

یەکەمیان: ڕووکەشی (litany)، یان ئەوەی بە ئایندەی ”ڕۆژ دوای ڕۆژ“ ناسراوە. لێرە مامەڵە لەگەڵ شت و داتا ئاساییە ڕۆژانەییەکاندا دەکرێت و ماوەدای ئایندەیی زۆر کورتە، وەك شیکردنەوەی ڕۆژانەی هەواڵەکان.

دووەم: توێژاڵی هۆکاری کۆمەڵایەتییە، ڕەهەندێکی قووڵە، گرنگی بە هۆکار و بزوێنەرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی ڕووداوەکان دەدات و شییان دەکاتەوە، هەروەها لە ڕووی زەمەنییەوە لە هیی یەکەم درێژخایەنترە.

سێیەم: توێژاڵی قووڵترە، کە گوتار و جیهانبینی(worldview) کەسەکانە. ئەمە ئەو وێنە گەورەیەیە کە باس لە پاڕادایمەکان دەکات و ژێرخانی بیرکردنەوە و ئیدراکمان پێك دەهێنێت و دەمانجووڵێنێت.

چوارەم: ئەفسانە و چیرۆکەکانە(myths)، کە لە قووڵترین شوێنی ئیدراکماندایە و ناسنامەشمان ڕەنگدانەوەی ئەم ئەفسانە و چیرۆکانەیە.


ئاشکرایە توێژاڵەکانی یەکەم و دووەم زۆرتر دیار و ئاشکران، بەڵام سێیەم و چوارەم ناڕوونن، لە شیکردنەوەشدا کەسی دەرەکی بەئەستەم دەتوانێت پەی بە ڕەهەند و ئاستی سێیەم و چوارەم ببات.

بۆ دروستکردنی دیدێکی قووڵ بۆ بابەتێکی دیاریکراو، دەکرێت سوود لە هەر چوار توێژاڵەکەی شرۆڤەکردن وەربگیرێت. بۆ نموونە؛ گەر بابەتێکی "پەیوەست بە دابەزینی ئاستی خوێندن" شرۆڤە بکرێت، دەکرێت قسە لەسەر ڕاهێنان و پەرەپێدانی توانای مامۆستایان بکرێت بە چارەسەر بۆ توێژاڵ (ڕەهەند)ی یەکەم. لە ئاستی دووەمیشدا گۆڕینی سیستمی خوێندن، پێداگۆجی بە چارەسەرێکی قووڵتر سەیر دەکرێت. لە ئاستی سێیەمیشدا باس لە بەهێزکردنی ڕۆڵی خوێندکار دەکرێت و مامۆستا چیتر نەبێتە ناوەندی پرۆسەی خوێندن، واتە گۆڕینی پارادایم و بیرکردنەوەی باو بۆ مامۆستا و خوێندکار. لە ئاست و توێژاڵی چوارەمیشدا، بیر و باس لە ئەفسانە و چیرۆکە باوەکانی ئەم بوارە بکرێت. بۆ نموونە؛ گوزارەی "مامۆستا هەموو کاتێك باشتر و زیرەکترە لە خوێنکارەکانی و... هتد"، لە بەرامبەردا چیرۆك و ئەفسانەی بونیادنەری نوێ دروست دەکرێت. بەم شێوەیە بە گرێدانی سەرجەم ئەم توێژاڵ و ئاستانە، دەتوانرێت چارەسەری قووڵ و دوورمەودا (ئایندەیی) بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە.

پێنجەم: دروستکردنی ئە لتە ر نا تیڤ

لەم پرنسیپەدا گرنگتین میتۆدی بەکارهاتوو، سیناریۆیە. میتۆدی سیناریۆسازی کە ئێستا(حاضر) لەبەردەم چەندین ئایندەی جیاوازدا دەکاتەوە، ئاستی ناڕوونیی ئایندە گەمارۆ دەدات و مەترسییەکانی بە زانین و ناسینی کەم دەکاتەوە، سەرەنجام ئامادەکاریی عەقڵی بۆ پێشبینیی ئایندە پەرە پێ دەدات.

بۆ دارشتنی سیناریۆش، چەندین تەکنیکی جیاواز هەیە: یەکەمیان فرەچەشنە، دوەمیان دوو گۆڕاو(متغیر)، سێیەم کە وەك سیناریۆی نموونەیی دەناسرێت و باس لە بەردەوامیی








گەشەسەندن دەکات، چوارەمیان دارمانی ئێستایە، پێنجەمیان بەردەوامبوونی دۆخەکەیە، شەشەم گوزەرکردنە بەرەو دۆخێکی نوێ. تەکنیکی¬ دیکەش پەیوەستە بە ڕەهەندی جیاوازەوە: سیناریۆی خوازراو(ئەوەی دەمانەوێت)، سیناریۆی ڕەتکراوە (نامانەوێت)، سیناریۆی تێکەڵە لەنێوان خوازراو و ڕەتکراودا، ڕەهەندی کۆتاییش "سیناریۆی دوور"ە.

شەشەم: گوزەرکردن بەرەو ئا یند ە

لەم قۆناغەدا، ئایندە خەریکە بەرەو بژاردە خوازراوەکانمان چڕ دەبێتەوە. لێرەدا سێ میتۆدی سەرەکیی کارکردن هەیە: میتۆدی دیدگەیی(visioning)، میتۆدی پە خشکرد ن (backcasting)، میتۆدی تێپەڕاندن((transcened 4/48-58)).

### میتۆدی دیدگەیی

دید و بەدیدگاییبوون لە بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەییدا، مەسەلەیەکی ژیانییە. دیدەکان؛ کەس و گرووپەکان هان دەدات لە چوارچێوەی "ئێستا" دەربچن و بیر لە ئەگەرەکانی ئایندە بکەنەوە، هەروەها پێیان دەڵێت کەی پێویستە ئامانجە کورتمەوداکان بکرێنە قوربانیی ئامانجە دوورمەوداکان.

بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی دید، سێ ڕێچکەی سەرەکی هەن: شیکردنەوە لە ڕێی سیناریۆوە، شیکردنەوە لە ڕێی پرسیارەوە، شیکردنەوە لە ڕێی وێناکردنی داهێنانەوە (creative visualization).

لە میتۆدی شیکردنەوە لە ڕێی سیناریۆدا، سەرەکیترین بابەت؛ سیناریۆی خوازراوە کە پێمان باشە و پەسەندە و هەوڵی بۆ دەدەین، ئەم سیناریۆیە لێرەدا دروستکەری سەرەکیی د ید ە کە یە.

سەبارەت بە میتۆدی دید لە ڕێی پرسیارەوە، لێرەدا چەندین پرسیار ئاڕاستەی خۆمان دەکەین، بە وەڵامدانەوەیان؛ وێنای ئەو دیدەمان بۆ گەڵاڵە دەبێت. بۆ نموونە؛ دەپرسین: پێویستە ڕۆڵی خوێندنی باڵا لە بازاڕی کاردا چۆن بێت؟ پەیوەندیی لەگەڵ بازاڕی کاردا چۆن بێت؟ چ جۆرە پێداگۆجییەك ئەو کارە دەکات؟ مامۆستاکانی پێویستیان بە چی دەبێت؟ شێوەی لێوەرگرتنی خوێندکار چۆن بێت؟ ئەم پرسیارانە و هیی ¬دیکەش، دیدێکی ئایندەییمان بۆ گەڵاڵە دەکەن و بە ئامانجی سەرەکیمان دەمانبەستێتەوە.

میتۆدی سێیەم کە وێناکردنی داهێنانە، لێرەشدا جەختکردن لەسەر ئایندەی خوازراو؛ کاری سەرەکییە. کە تێیدا داوا لە کەسەکان دەکرێت چاویان دابخەن و خۆیان بەرەو ئایندە بەرن، چەند پرسیاری سەرەکی لە کەسەکە دەکرێت، بۆ نموونە؛ چەند ساڵ لە پێشەوەی ئێستادایت؟ کوردستان چۆن دەبینیت؟ پەیوەندیی هێزە ناوخۆییەکان چۆنە؟ سەروەریی یاسا و دادی کۆمەڵایەتی لە چ ئاستێکدایە؟ ئاشکرایە پرسیارەکان بۆ ئەوەیە کە "ئەو ئایندەیەی خوازراوە، بە وێناکردن" ببینرێت، زیاتر گفتوگۆیە لەگەڵ حەز و بیرە شاراوەکانی کەسەکە. لە کۆتاییدا دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، نەخشەیەکی گریمانەیی دیدەکەمان لا گەڵاڵە د ە کا ت.

**میتۆدی پەخشکردن (ingback-cast)**

ئەم میتۆدە لەلایەن "ئەلیس بۆلدین"ەوە ساڵی ١٩٩٥ گەشەی پێ درا، دوای دروستبوونی دیدێك بۆ ئایندە سەبارەت بە بابەتی دیاریکراو، قۆناغی پەخشکردن واتە گواستنەوەی دیدەکان بۆ ئەو ئایندە خوازراوەی کە دیاری کراوە. دەستپێکردنی ئەم پرۆسەیە، پێویستی بە دانان و جێبەجێکردنی پلانێك و تەرخانکردنی بودجەیەك دەبێت. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە مەرج نییە ئایندەی خوازراو ئایندەیەکی باش بێت، بەڵکوو بۆ ئایندەی خراپیش دەکرێت جێبەجێ بکرێت. بۆ نموونە؛ کاتێك نمانەوێ بزانین بۆچی و چۆن گەیشتینە ئەم دۆخە ناپەسەندەی ئێستا؟ بە لێکۆڵینەوە لەو دۆخ و سیناریۆیانە دەبێت کە ئێمەی گەیاندە ئێستا، کە ئایندەیەکی نەخوازراوە بۆ ئەو ڕابردووە.

**میتۆدی تێپەڕاندن (transcended)**

ئەم میتۆدە بە شێوەیەکی تایبەت بۆ ئەو دۆخە دانراوە کە دیدەکان بەریەك دەکەون یان دژ بە یەك دەبن، واتە دوو دیدی بەهێز لە یەك کایەدا کار دەکەن، تووشی بەرکەوتن دەبن. کاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە هەردوو دیدەکە پێویستە سازش بۆیەك نەکەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە لە ڕێی گێژەڵووکەی زەینییەوە ئەلتەرناتیڤێکی نوێی داهێنەرانە کە هەردوو دیدەکە لەخۆ بگرێت، بۆ تێپەڕاندنی دۆخەکە دروست دەکرێت.

٢. چوارچێوەی چەمکی ڤۆرۆ بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئایندە (-fore sight)

ئەم چوارچێوەیە لە بنەڕەتدا لەلایەن "میتبێرگ هۆرتن" و "سلاوتەر"ەوە دانراوە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن جۆزێف ڤۆرۆوە گەشەی پێ درا. بەپێی ئەم چوارچێوەیە، پرۆسەی ئایندەناسی لە چوار قۆناغی سەرەکی پێك دێت: داخڵکردن(input)، خودی پرۆسەی کار لەسەر ئایندەناسی(-forsight work)، قۆناغی بەرهەم(output)، دوا قۆناغیش ستراتیژە(11/8).

قۆناغی داخڵکردن (input)

لەم قۆناغەدا داتا و زانیاری پێویست لەسەر بابەتەکە کۆ دەکرێتەوە. لێرەدا چەندین تەکنیك بەکار دێت وەك دەلفی و پانێل، کە ئامانجی سەرەکیی کۆکردنەوەی زۆرترین ڕا و داتا و زانیارییە، بۆ ئەوەی وەك سلاوتەر دەڵێت: "ئایندەی نزیکمان لا دروست بێت". لێرەدا ژینگەی کێشەکە، واتە سەرجەم زانیاری و پەیوەندی و دۆخ و... هتد، دیراسە و ڕووپێو دەکرێت، کە هەندێك بە ڕووپێوی ستراتیژی ناوی دەبەن، هەندێکیش تەنها چەمکی ڕووپێوی ژینگەیی بۆ بەکار دەهێنن.

**قۆناغی کاری دووربینیکردن (-fore sight work)**

لەم قۆناغەدا پرۆسەی دروستکردن و داڕشتنی دووربینی (ئایندەبینی) گەڵاڵە دەکرێت، خودی پرۆسەکە لە نێوخۆدا بە سێ قۆناغ: (شیکردنەوە، شرۆڤە و پێشبینی)دا تێدەپەڕێت.

لە قۆناغی شیکردنەوەدا، بە سوودوەرگرتن لەو داتا و زانیارییانەی کۆ کراونەتەوە و داخڵ کراون، هەوڵ دەدرێت وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکەی ئەم قۆناغە بدرێتەوە: "چی ڕوو

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku








دەدات؟" لێرە هەوڵی دەربازبوون لەو شڵەژانە دەدرێت کە بە هۆی داتا و زانیارییە فراوان و هەندێ جار دژبەیەکانە کە لەبەردەم شرۆڤەکاردا دەبێت و هەنگاوێکی سەرەتاییش بۆ داڕشتنی ڕێسای بچووك دەنرێت. تەکنیکە بەکارهاتووەکان لێرەدا شرۆڤەی ئاراستەکان و ڕێکخستنی کاریگەریی یەکتربڕ و... هتد، دەبن.

بە شێوەیەکی گشتی شرۆڤەکردنەکە باس لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە دەکات کە پێشینەی هەیە، بەڵام گرنگە لێرەدا توانای جیاکردنەوەی ئاراستەکانی هەبێت، هەروەها توانای ناساندنی گەورەبوونی ئاراستەیەك کە بەرەو ڕەوتی سەرەکی(mainstream) دەڕوات و ناساندنی بەریەککەوتنی ئاراستەکانی هەبێت. دوور نییە لە شرۆڤەکەدا هەڵسەنگاندنی ئاراستەکان بەرەو لاوازبوون یان نەمانی ئاراستەیەك بڕوات، دیارە سەرجەمیان پەیوەستن بە قەبارەی داتا و زانیارییەکان و پسپۆڕی و توانای شرۆڤەکردنی زانستییەوە.

لە قۆناغی ڕاڤەکردندا کە پاش شیکردنەوە دێت، پرسیارەکە دەگۆڕدرێت بۆ پرسیاری وردتر و سنووردارتر: "لە واقعدا چی ڕوو دەدات؟" بە دوورخستنەوەی هەندێ ئەگەری قۆناغی پێشوو، لێکدانەوەی قووڵتر بۆ هۆکارە جیاوازەکان و خوێندنەوە، وەڵامێکی جیاوازمان دەست دەکەوێت. قووڵبوونەوە و میتۆدی ڕەخنەگرتن و شرۆڤەی توێژاڵەکانی هۆکار و بیرکردنەوەی سیستماتیکی، هێمای سەرەکیی ئەم قۆناغەن.

قۆناغی پێشبینیکردن، کە دواهەمین قۆناغی ئایندەبینی و دووربینییە. لێرەدا پرسیاری سەرەکی "ڕەنگە چی ڕوو بدات؟" لەم قۆناغەدا، تەکنیکەکانی سیناریۆسازی و بەدیدگاکردن (visioning) و پێوانەیی (-nor mative) بەکار دێن و تاقی دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئایندەکان لە سەرجەم ڕووەکانی خوازراو، ئەگەری و گریمانەیی وێنا بکرێت. بە کۆتاییهاتنی پێشبینیکردن، قۆناغی کار و دووربینی کۆتایی دێت.

قۆناغی سێیەم، دەرچە و بەرهەمە (output). لەم قۆناغەدا ئەرکی ئایندەناس دەگۆڕدرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییە: چی پێویستە بکرێت؟ واتە دوای دروستکردنی دیدێك و وێنایەك بۆ جێبەجێکردنی ئەو دیدە،


گرنگە وا بکرێت بەپراکتیکیش جێبەجێ بکرێت، بەوەی لە سەرەتادا بزانرێت کە پێویستە چی بکرێت. تەکنیکەکانی وۆرك شۆپ و نمایشکردن (پرێزنتەیشن) و ئامادەکردنی ڕاپۆرت، چەند میتۆدێکی کاری ئەم قۆناغەن.

قۆناغی ستراتیژ، دوا قۆناغی پرۆسەی دووربینیکردنە. پاش ئەوەی وێناکردن و بژاردە خوازراوەکان بەڕوونی ئامادە دەبن، لە ستراتیژدا جێبەجێ دەکرێن. ئەم قۆناغە، وەڵامی ئەم دوو پرسیارە سەرەکییە دەداتەوە: "ئێمە چی دەکەین؟ چۆن دەیکەین؟" دیارە گرنگە لێرە ئاگامان لەوە بێت کە پێویستە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بەردەوام بۆ ئامانجەکامان لەنێوان قۆناغی داخڵکردن (چوونەنێو - input) و بەرهەمدا (دەرچە - output) بکرێت، ئەمەش بە مەبەستی دڵنیابوون لە دوورنەکەوتنەوە لە ئامانجەکان. ئەو تەکنیکانەی لێرەدا بەکار دێن زۆرن، لەوانە گەشەپێدان و پلانی ستراتیژی، وۆرك شۆپ و سیمینار.

## ئەنجام

دوای ئەم گەشتە کورتە بەنێو مێژووی بیرکردنەوە لە ئایندەناسی لای مرۆڤ، دەرکەوتنی کایەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەك بوارێکی مەعریفی، پاشان ئاکادیمی و خستنەڕووی بنەما تیۆرییەکانی ئەم کایە نوێیە و ئەو میتۆد و تەکنیکانەی تیایدا بەکار دێن، دەکرێت چەند دەرەنجامێك بەدەست بێنین:

١. ئاڕاستەی بیرکردنەوە لە ئایندە زۆر کۆنە، بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی مرۆڤی عاقڵ دەگەڕێتەوە و شارستانیەتە دێرینەکان و کۆمەڵگەکان تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە شێوە و تەکنیکی جیاواز گوزارشتیان لێ کردووە. بەڵام تەنها دوای دەرکەوتنی زانستە نوێکانی وەک فیزیا، ماتماتیك و گەشەکردنی نوێی تەکنۆلۆژیا، قۆناغی ڕاستەقینەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەستی پێ کرد.




٢. لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم کایە نوێیە، پرسیار لەسەر بەزانستیبوون و بەئەکادیمیبوونی وروژێنراوە، بەڵام هەر زوو وڵاتان پاش کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی، بە هۆکاری پراکتیکی (سەربازی و تەکنۆلۆجی و ئابووری)، گرنگییان بەم بوارە نوێیە داوە و دامەزراوەی تایبەت و بودجەیان بۆ تەرخان کرد.

٣. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، پاش پەسەندکردنی وەك بوارێکی ئەکادیمی، سەرەتای دارشتنی بناغەی تیۆری بۆ ئەم کایە مەعریفییە دەست پێ کرا. ئەم پرۆسەیە تا ئێستا بەردەوامە و تەواو نەبووە، بەڵام بنەمای گرنگی بۆ دارێژراوە. ئامانجی سەرەکیی تیۆریزەکردنی ئەم بوارە، دوورخستنەوەیەتی لەو ڕەخنانەی کە پێیان وا بوو ئەم بوارە یارییەکی (ترف) فیکرییە و بنەمای تیۆری و میتۆدی دیاریکراوی کارکردنی نییە و بۆیە لە ڕووی پراکتیکییەوە فێربوونی ئەستەمە.

٤. بیردۆزەکانی ئەم بوارە، هەوڵی زۆر دەدەن کە ئەم کایەیە بە لایەنی پراکتیکییەوە ببەستنەوە. بەپێی بیردۆزەکان، پرۆسەی بیرکردنەوە و پلاندانی ستراتیژی، چ لە ئاستی وڵاتان یان دامەزراوەکان یان کۆمپانیا و کەسەکان، بێ بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و دووربینیکردن؛ ناتەواو و کەموکورتن و بەڵکوو ڕەنگە نەزۆکیش بن.

٥. لای وڵاتان و کەسەکان و دامەزراوەکان، بە هۆی ئاڵۆزیی ڕۆژگاری ئەمڕۆوە، بەرزبوونەوەی ئاستی ناڕوونی و مەترسی لە ئێستا و ئایندە، لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان وەڵامدانەوەیەکی عەقڵانی و هێمنانە و ئەکادیمیانەن بۆ کەمکردنەوەی ئاستی مەترسییەکان و ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەگەر و بژاردەکان، سەرەنجام بەخشینی برێك لە ئارامی و دڵنیایی و باوەڕ بەرامبەر بە خوێندنەوە و دروستکردنی ئایندەشە.

سەرچاوەکان:


1. ARIEL,AMELIA,FORSET STYDU; A CAUSAL LAYERED ANALYSIS,JOURNAL OF FUTURES STUDIS,JUNE 2010,VOL 14,NO 4.. https;jfsdigital.org/wp.
2. Dennis loveridge .Foresight, the art and science of anticipating the future ..first published 2009. New york.
3. DIRD MEISSER, LENID GOKHBERG AND OTHERS. SCIENCE,TOCHNOLOGY AND INNOVATION POLICY FOR THE FUTURE..MOSKOW 2013.
4. Inayatullah, sohail, futures studies, theories and methods .https://www.researchgate.net/publication/281595208
5. JENNIFER M GIDLEY. A FUTURE, A VERY SHORT INTRODUCTION., OXFORD,2017.UNITED KINGDOM, FIRST EDITION.
6. JENNIFER M GIDLEY, GLABAL KNOWLEDGE FUTURE, INTERNATIONAL REVIW, JUNE 2012, VOL.9.NO 2. http;//jstor.org.terms.
7. Masisi, elenoro Barbara. The relationship between futures studies and social science, http;//abuot.jstor.org/terms.
8. SLAUGHTER A RICHARD. NEW THINKING FOR A NEW MILLENNIUM..USA,CANADA.FIRST PUBLESHED 1996.
9. TUOMO KUOSA PRACTISING STATEGIC FORESIGHT IN GOVERNMET, SINGAPOR. 2011, FIRST EDITION.
10. Wendell bell. Foundations of futures studies .new york 2009.fifth edition.
11. Voros, joseph. A generic foresight process framework, foresight journal vol.6,no 4, pp,10-21. 2004 .http;//www.emaraldinsight.com/fs.htm
12. Oxford advance learners dictionary, oxford university 1997, fifth edition, p1050.

# ئایندەی بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی

د. عابد خالد رەسوڵ



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


## پێشەکی

**بەگشتی وڵاتان بە دوو فۆرم ڕێک خراون، یەکەمیان (دەوڵەتی موەحد – Unitary State)ە، کە تیایدا یەک حکومەت کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بەڕێوە دەبات، زۆربەی وڵاتانی جیهانیش لەم فۆڕمەن. بەڵام دووەمیان (دەوڵەتی ئیتیحادی - State Federal)ە، کە تیاید دوو ئاست لە حکومەت هەیە و هەریەکەیان بەپێی دەستوور بەشێک لە کاروبارەکان بەڕێوە دەبەن، لە ئێستا تەنها نزیکەی (٢٥) دەوڵەت لەم فۆڕمەن. ئامانج لە بونیادنانی دەوڵەتیش بە شێوەی فیدراڵی، بە پلەی یەکەم گونجاوییەتی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا فرەییەکان لە ڕووی ئیتنی و کولتوورییەوە، هەروەها بۆ ئەو وڵاتانەش گونجاوە کە قەبارەیان گەورەیە یان ژمارەی دانیشتووانیان زۆرە. وڵاتی عێراقیش لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، هەلی دووبارە بونیادنانەوی وەک دەوڵەتێکی فیدراڵیی بۆ ڕەخسا، بە ئامانجی تێپەڕاندنی دەیان ساڵ لە حوکمی مەرکەزیی ستەمکاری ئەتنی و مەزهەبی. ئامانج لەم توێژینەوەیەوە، هەوڵدانە بۆ پێشبینیکردنی ئایندەی پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، هەوڵ بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک دەدات، وەک: ئایا تا چ ڕادەیەک تایبەتمەندی و بنەماکانی پرۆسەی بەفیدراڵیکردن لە عێراقدا چەسپیوە؟ گرفتەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە چین؟ داهاتووی ئەم پرۆسەیە بە چی دەگات؟ ئەی گرنگترین سیناریۆکانی ئایندەی چین؟**


### تەوەری یەکەم: چەمکی دەوڵەتی فیدراڵی و تایبەتمەندییەکانی

لە پێناو دۆزینەوەی گرفتەکانی بەردەم جێبەجێکردنی فیدراڵیزم لە عێراق و وێناکردنی ئایندەی ئەم جێبەجێکردنە، پێویستە سەرەتا تێگەیشتنێکی گشتی سەبارەت بە چەمکی فیدراڵیزم لە ڕووی پێناسە و گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بخەینە ڕوو، بەم شێوەیە:

#### یەکەم: پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی

لە ڕووی زانستییەوە، زانایان و توێژەرانی هەردوو بواری یاسای دەستووری و زانستی سیاسەت، پێناسەی زۆر و جۆراوجۆریان بۆ دەوڵەتی فیدراڵی کردووە، ئەمەش بەپێی جیاوازیی ئاڕاستەی بیرکردنەوەیان، کە بەگشتی دابەش بوون بەسەر دوو ئاڕاستەدا:

ئاڕاستەی یەکەم: لە پێناسەکردنی دەوڵەتی فیدراڵیدا، زیاتر پێداگری لەسەر ئەو ڕێکخستنە دەستووری و پێکهاتە دامەزراوەییانە دەکاتەوە کە دەکرێت لە بونیادنانی ئەم جۆرە دەوڵەتەدا بەرجەستە بکرێن. بۆیە دەبینین «مارسیل پریلۆ» وا پێناسەی دەکات کە بریتییە لە: «یەکێتیی چەند دەوڵەتێک، کە لە هەندێک بواردا ملکەچە بۆ یەک دەسەڵاتی ناوەندی (حکومەتی فیدراڵی) و لە هەندێک بواری تردا سەربەخۆییەکی دەستووری و کارگێڕی و دادوەریی تا ڕادەیەک فراوانی تایبەت بە خۆیان هەیە (دەسەڵاتی هەرێم و دەوڵەتە یەکگرتووە ئەندامەکانی ناو یەکێتییە)[1].» لای «ولیام هـ. ڕایکەر»، دەوڵەتی فیدراڵی: «ئەو ڕێکخستنە سیاسییەیە کە تیایدا چالاکییەکانی حکومەت دابەش کراوە لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان و حکومەتی ناوەندیدا، بە شێوەیەک کە هەر جۆرێک لەو

حکومەتانە بەشێک لە چالاکیی پێ بدرێت کە تیایدا بڕیاری کۆتایی دروست بکات[٢].» لای «د. حەمید حەنوون خالد»یش بریتییە لە: «یەکگرتنێکی یاسایی، کە لەسەر بنەمای بەڵگەنامەیەکی دەستووری پێک دەهێنرێت و تیایدا هەر دەوڵەتێکی ئەندام ملکەچە بۆ ئەحکامەکانی ئەو دەستوورە کە پەیوەندیی نێوان حکومەتی ئەم دەوڵەتانە و حکومەتی یەکێتییەکە ڕێک دەخات، هەروەها ئەو دەسەڵاتانەش کە هەر لایەک لەو حکومەتانە دەتوانن پیادەی بکەن؛ دیاری دەکات[٣].»

ئاراستەی دووەم: لە پێناسەکردنی دەوڵەتی فیدراڵیدا، زیاتر جەخت لەو بنەمایانە دەکاتەوە کە لەسەریان دروست بووە. بۆیە دەبینین «ئەلبێرت دایسی» وا پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی دەکات، کە بریتییە لەو: «ڕێکخستنە سیاسییەی کە ئامانج لێی، سازاندن بێت لەنێوان یەکێتیی نیشتمان و پاراستنی مافی هەرێمەکان[٤].» لای «جاك باگنار»: «کڵێشەیەکی ڕێکخستنە، کە هەوڵ بۆ سازاندن لەنێوان فرەیی و یەکێتی لە چوارچێوەی چەمکی ڕێزگرتنی هەریەک لەوەی دی دەدات[٥].» لای «دانیال ج. ئیلیازەر»یش، دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە: «دابەشکردنی بنچینەییانەی دەسەڵات لەنێوان چەند ناوەندێکی فرەدا...، نەک گواستنەی دەسەڵات لە یەک ناوەندەوە یان لە دڵی هەرەمێکەوە[٦].»

کەواتە وەک دەبینین هەر یەکێک لەم دوو ئاڕاستەیە جەخت لە ڕەهەندێکی چەمکی فیدراڵیزم دەکەنەوە، ئاڕاستەی یەکەم ڕەهەندە بەرجەستەبوونە دەستووری و دامەزراوەییەکانی ڕەچاو دەکات، بەڵام ئاڕاستەی دووەم ڕەهەندە تیۆری و بنەماکانی وەبەرچاو دەگرن، بۆیە ناکرێت پێناسەکانی هیچ کام لەم دوو ئاڕاستەیە لە پێناسەکانی ئاڕاستەکەی تر بە باشتر بزانین. جا لێرەدا بۆ یەکخستنی تێگەیشتنی هەردوو ئاڕاستەکە، ڕەنگە گونجاو بێت پەنا بۆ ئەو جیاکارییە ببەین کە هەریەک لە «ڕۆناڵد واتس» و «دۆگلاس فێرنێ»، هاوڕا لەگەڵ «ئێلیازەر»، لەنێوان هەرسێ چەمکی «Federalism» و «Federal System» و «Federation»دا کردوویانە[٧]، کە هەر چەندە زۆربەی جار بە چەمکی هاوواتا بەکار دەهێنرێن، بەڵام هەریەکە واتای تایبەت بە خۆی هەیە.

چەمکی (Federalism – فیدراڵیزم - الفدرالية): ئاماژەیە بۆ ئەو تیۆرە سیاسییەی کە پاساو بۆ بنچینە فەلسەفییەکانی یەکخستنی دوو بنەمای دژبەیەک دەهێنێتەوە، کە بریتین لە (بنەمای حوکمڕانیی هاوبەش - الحكم المشترك - Self-rule) و (بنەمای خۆبەڕێوەبردن - الحكم الذاتي - Shared-rule)، لە هەر ڕێکخستنێکی سیاسیدا کە هەوڵ بۆ هێنانەدیی «بەشداری» و «سەربەخۆیی» دەدات لە یەک کاتدا[٨]. کەواتە فیدراڵیزم، بەم واتایە ڕێبازێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجییە، وەک ڕێبازی لیبراڵیزم و سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم، بەڵام پێچەوانەی ئەم ڕێبازانە کە سەرەتا لە ئەورووپا و بەتایبەتییش لەدوای شۆڕشی فەرەنسی دەرکەوتن. ڕێبازی فیدراڵیزم بنەماکانی لەو بیروڕایانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەدوای شۆڕشی ئەمەریکی، دامەزرێنەرانی دەستووری وڵاتە






یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٧٨٧ پشتیان پێی بەستبوو[٩].

چەمکی (Federal System - سستمی فیدراڵی - النظام الفدرالي): ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێکخستنە سیاسییەی کە یەکخستنی بۆ هەردوو بنەما و ڕەگەزی «حوکمڕانی هاوبەش» و «خۆبەڕێوەبردن» کردووە. بەمەش سستمی فیدراڵی تەنها دەوڵەتە فیدراڵییەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو کۆی ئەو دەوڵەتە یونیتارییانەش(Unitary State) دەگرێتەوە کە جۆرێک لە (ناناوەندێتی - اللامركزية - Decentralization) پێشکەتوویان هەیە، وەک فەرەنسا و ئیتاڵیا و بەریتانیا، ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو ڕێکخستنە سیاسییە بان-نیشتمانییانەی کە جۆرێک لە تەرتیباتی فیدراڵییان هەیەوەک یەکێتی ئەورووپا[١٠].

هەر چی چەمکی «Federation»ە: ئاماژەیە بۆ (دەوڵەتی فیدراڵی – الدولة الفدرالية)، وەک جۆرێکی دیاریکراو لە جۆرەکانی سیستمی فیدراڵی، بەتایبەتییش بەو جۆرەی کە بۆ یەکەم جار وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٧٨٩ لەسەری دروست بوو[١١]، دواتر چەندین دەوڵەتی تر لەدوای وڵاتە یەکگرتووەکان وەک نموونە تەقلیدییەکانی ئەم جۆرە دەوڵەتە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست دروست بوون، وەک: سویسرا، کەنەدا، ئوستورالیا، ئەڵمانیا و نەمسا. لەدوای ئەمانیش، تا ئێستا چەندین دەوڵەتی تر دروست بوون کە بە فیدراڵی دادەنرێن، یان لە دەوڵەتی یونیتارییە و بەرەو دەوڵەتی فیداڵیبوون ڕۆیشتوون، وەک: هیندسان، پاکستان، مالیزیا، ئیسپانیا، ڕووسیا، بەلجیکا، نێجیریا، کۆمۆرۆس، میرنشینە یەکگرتووە عەرەبییەکان، مەکسیک، ئەرجەنتین، بەرازیل و فەنزویلا[١٢].

کەواتە «سیستمی فیدراڵی» لە ئەنجامی جێبەجێکردنی کردارییانەی بنەماکانی ڕێبازی «فیدراڵیزم»ەوە دروست بووە، بەڵام ئەم جێبەجێکردنە بەپێی کات و شوێن، جۆر و شێوازی هەمەچەشنی هەبووە، «دەوڵەتی فیدراڵی»یش جۆرێکە لەو جۆرانەی «سیستمی فیدراڵی». بۆیە مەرج نییە هەموو



سیستمێکی فیدراڵی بە دەوڵەتی فیدراڵی دابنرێت، چونکە دەوڵەتی فیدراڵی چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە کە هەمیشە لە هەموو سیستمە فیدراڵییەکاندا نییە، بەڵام پێویستە بپرسین ئاخۆ ئەو تایبەتمەندییانە چین؟

**دووەم: تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی**

هەر چەندە زانایان سەبارەت بە دیاریکردنی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی ڕای جیاوازیان هەیە[١٣]، بەڵام بە ڕای «جۆرج ئەندرسۆن» و «واتس» ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە وا دادەنرێن کە سیستمی هەر وڵاتێک بکەن بە فیدراڵی، بەم شێوەیە[١٤]:

- بوونی دوو ئاست لە حکومەت، یەکێکیان بۆ هەموو وڵاتەکە کە پێی دەوترێت «حکومەتی فیدراڵی» یان «ناوەندی»، ئەوی تر بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی ئەو وڵاتە (حکومەتی هەرێمەکان)، بە شێوەیەک هەر ئاستێک دامەزراوەی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) ی خۆی هەبێت، دەسەڵاتدارانی هەر حکومەتەش پەیوەندیی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هاوڵاتییانی خۆیاندا هەبێت.
- بوونی دەستوورێکی نووسراوی جامد، بە شێوەیەک ئەو دەق و بڕگانەی کە کاریگەرییان لەسەر پێگەی هەرێمەکان هەیە، بەبێ ڕەزامەندیی هەرێمەکان شیاوی هەموارکردن نەبن.
- دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هەردوو ئاستەکە لە حکومەت لە ڕێگای دەستوورەوە، بەتایبەت تەرخانکردنی دەسەڵاتی دارایی پێویست بۆ هەر ئاستێک، لە پێناو زامنکرنی بڕێک سەربەخۆیی ڕاستەقینە بۆ هەریەکان.
- بوونی چەند ڕێکار و ئامرازێک، لە پێناو پێدانی سەنگی زیاتر بە هەرێمە بچووکەکان، وەک ئەنجوومەنی دووەم لە پەرلەمانی فیدراڵیدا، کە دەشێت تێیدا نوێنەرایەتیی هەرێمەکان و دەنگیان بە شێوەیەک دیاری بکرێت، بۆ نموونە هەر هەرێمێک دوو نوێنەری هەبێت، بەبێ ڕەچاوکردنی قەبارە و ژمارەی دانیشتووانی هەرێمەکان، کە ئەمەش بوار دەدات کە هەرێمە بچووکەکان لە کاتی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و سیاسەتە فیدراڵییەکاندا ڕۆڵ و قورساییەکی تا ڕادەیەک نزیکیان لە هەرێمە گەورەکان هەبێت.
- بوونی چەند دەزگا و ڕێکارێک بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە دەستوورییەکان لەنێوان هەردوو ئاستەکە لە حکومەت، وەک (دادگای فیدراڵی، ئەنجوومەنی دووەمی پەرلەمانی فیداڵی، یان ئەنجامدانی ڕیفراندۆم).
- بوونی چەند ڕێکار و دەزگایەک بۆ ڕاییکردنی پەیوەندی و دەسەڵاتە هاوبەشەکان لەنێوان هەردوو ئاستەکە لە حکومەت، وەک دەزگا سەربەخۆکان و لیژنە وەزارییە نێوان فیدراڵی و هەرێمییە هاوبەشەکان و ئەنجوومەنی دووەم لە پەرلەمانی فیدراڵی.

هەر چەندە ئەم تایبەتمەندییانە بە بڕ و ئاستی جیاجیا لە وڵاتە فیدراڵییەکاندا هەن، بەڵام وەک «ئەندرسۆن» دەڵێت، گرنگترین تایبەتمەندیی دەوڵەتی فیدراڵی ئەوەیە کە: «دوو ئاست لە حکومەتی هەیە، کە هەریەکەیان بەپێی دەستوور دامەزراون و هەریەکەشیان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





بڕێک سەربەخۆیی ڕاستەقینەی خۆی هەیە و حکومەتی هەر ئاستێکیش بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەرامبەر جەماوەری دەنگدەرانی خۆیدا بەرپرسیارە[١٥].»

کەواتە بەگشتی تایبەتمەندییەکانی «دەوڵەتی فیدراڵی» بریتین لە: بوونی دوو ئاست لە حکومەت، دابەشکردنی دەستووری دەسەڵات لەنێوان هەردوو ئاستەکەدا، لەگەڵ بوونی چوارچێوەیەک بۆ سەربەخۆ بەڕێوەبردنی هەر ئاستێکیان لەلایەن خۆیەوە، زامنکردنی ڕای هەرێمەکان لە بڕیارە فیدراڵییەکاندا لە ڕێگای ئەنجوومەنی دووەمی پەرلەمانی فیداڵییەوە، بوونی دەستوورێکی نووسراوی جامد، بوونی دادگایەکی فیدراڵی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان لەنێوان حکومەتەکانی هەردوو ئاستەکە، بوونی هاوکاری لەنێوان حکومەتەکان لەو بوارانەدا کە بەرپرسیارێتیی هاوبەشیان هەیە.

لە ئەنجامدا ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لەو پێوەرانەی کە دەکرێت لە ڕێگایانەوە بڕیار بدرێت کە ئاخۆ چ سیستمێکی فیدراڵی بە «Federation» یان (Federal State - دەوڵەتی فیدراڵی) دادەنرێت[١٦]، بە شێوەیەک هەر کاتێک ئەگەر کۆی یان زۆربەی ئەم تایبەتمەندییانە لە سیستمێکی فیدراڵیدا هەبوون، ئەوا ئەو سیستمە بە «دەوڵەتی فیدراڵی» دابنرێت. بۆیە چەمکی «دەوڵەتی فیدراڵی»، سنوورێکی زۆر بەرتەسکتری لە چەمکی «سیستمی فیدراڵی» هەیە، چونکە ئەمیان هەموو ئەو دەوڵەت و ڕێکخستنە سیاسییانە لەخۆی دەگرێت کە هەموو یان هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵییان هەیە، لەبەر ئەوەی بوونی ئەم تایبەتمەندییانە؛ بیرۆکەی یەکخستنی هەردوو ڕەگەزی «حوکمڕانیی هاوبەش» و «خودبەڕێوەبردن» بەرجەستە دەکەن. هەموو دەوڵەتێکی فیدراڵییش لەسەر ئەم دوو ڕەگەزە بونیاد دەنرێت و بە بوونی هەردووکیشیان بیرۆکەی سازان و ڕێککەوتن پێک دەهێنرێت، بەپێی پلە و ڕادەی زاڵبوونی هەر ڕەگەزێکیشیان بەسەر ئەوی تریاندا، جۆرەکانی سیستمی فیدراڵیی هەمەچەشن کە گرنگترینیان بریتین لە: (دەوڵەتی یونیتاریی لامەرکەزی، دەوڵەتی فیدراڵی، دەوڵەتی کونفیدراڵی). بۆیە بە بڕوای ئێمە، بنچینەی جیاکردنەوە لەنێوان «دەوڵەتی فیدراڵی» وەک جۆرێک لە جۆرەکانی سیستمی فیدراڵی لەگەڵ جۆرەکانی تری ئەم سیستمە، بریتییە لە ڕادەی سازان و گونجاندن لەنێوان هەردوو ڕەگەزی «حوکمڕانیی هاوبەش» و «خودبەڕێوەبردن»دا، بە شێوەیەک ئەگەر ڕەگەزی «حوکمڕانیی هاوبەش» بەسەر ڕەگەزی «خودبەڕێوەبردن»دا زاڵ بوو، ئەوا سیستمە فیدراڵییەکە جۆری «دەوڵەتی یونیتاریی لامەرکەزی» وەردەگرێت. خۆ ئەگەر هاوسەنگی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا هەبوو، ئەوا سیستمە فیدراڵییەکە جۆری «دەوڵەتی فیدراڵی» وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ڕەگەزی «خودبەڕێوەبردن» بەسەر ڕەگەزی «حوکمڕانیی هاوبەش»دا زاڵ بوو، ئەوا سیستمە فیدراڵییەکە جۆری «دەوڵەتی کونفیدراڵی» وەردەگرێت.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا،

سەبارەت بە بابەتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین لە تەوەرەکانی داهاتوودا گرفتەکانی بەردەم هەبوونی ئەم تایبەتمەندی و بنەمایانە لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقدا و ئایندەی ئەم پرۆسەیە بخەینە ڕوو.

**تەوەری دووەم:**

**گرفتەکانی بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی**

بەر لە خستنەڕووی گرفتەکانی پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی، پێویستە سەرەتا باس لە چۆنێتیی بەگەڕخستنی ئەو پرۆسەیە بکەین، بەم شێوەیە:

یەکەم: پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی

لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩، لەلای زۆربەی هێزە عێراقییە ڕێکخراو و نارێکخراوەکان و هێزە دەرەکی و نێودەوڵەتییەکان (بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان)، قەناعەتی باو ئەوە بوو کە پێویستە بونیادناوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر چەندین بنەما بێت کە بتوانێت کۆ ی جێکە و تە خراپەکانی دەیان ساڵی پێشوو لە حوکمڕانیی دیکتاتۆریی مەرکەزیی سەرکوتکەر و ستەمکاری نەتەوەیی و مەزهەبی ساڕێژ بکات، لەم چوارچێوەیەشدا باشترین بژاردە لای زۆربەی ئەو هێزە ناوخۆیی و دەرەکییانە ئەوە بوو کە عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵیی فرەیی خاوەن سیستمێکی حوکمڕانیی دیموکراسیی پەرلەمانیی لامەرکەزی بونیاد بنرێتەوە[١٧].

لە ڕاستییشدا لەو کاتەدا چانسی بونیادناوەنەی عێراق لەسەر ئەم بنەمایانە (فیدڕاڵی - دیموکراسی - پەرلەمانی) زۆر ئەستەم نەبوو، بەتایبەت دوای هە ڵو ە شا ند نە و ە ی زۆربەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی پێشوو (سوپا، دەزگای ئەمن، وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و...)[١٨]. هەر بۆیە لە ساڵانی سەرەتادا پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق بەم ئاڕاستەیە بەڕێوە دەچوو، بەتایبەت لە ئاستی پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی هەردوو حکومەتی کاتی و ئینتقالیدا کە چەند وەزارەتێکی (وەک: مافی مرۆڤ و کاروباری ژنان و ژینگە) پێک هێنران، لەپاڵ بووژاندنەوەی دەزگا لامەکەزییە خۆجییەکان و چالاکبوونەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیای ئازاد، بە شێوەیەک وا چاوەڕوان








دەکرا کە چیدی عێراق لەسەرپێیە بۆ دەربازبوون لە جێکەوتەکانی سێ دەیە لە ڕژێمی ستەمکاری پێشوو و چوار دەیە لە ڕژێمی پاشایەتیی لاواز[١٩]. لەسەر ئاستی پرۆسەی دەستووریش، هەر لەو ماوە سەرەتاییەدا دوو دەستوور بۆ بەیاساییکردنی پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق لەسەر ئەو بنەمایانە (فیدڕاڵی - دیموکراسی - پەرلەمانی) نووسران، کە یەکەمیان «یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە» بوو، کە بە «دەستووری کاتیی ساڵی ٢٠٠٤»یش ناسراوە، دووەمیشیان «دەستووری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥» بوو کە بە «دەستووری هەمیشەیی» و «دەستووری فیدراڵی»یش ناسراوە.

هەر لەبەر ئەمە «دەستووری کاتیی ٢٠٠٤»، لە دەقەکانی سەرەتایدا جەختی لەوە کردەوە کە: «سیستمی حوکم لە عێراق دەبێت سیستمێکی کۆماری، فیدراڵی، دیموکراسی و فرەیی بێت. دەبێت دەسەڵاتەکانیش لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتە خۆجێییەکانی هەرێم و پاریزگا و شارەوانی و یەکە ناوچەییەکان دابەش بکرێت. ئەم سیستمە فیدراڵییەش لەسەر بنچینەی جوگرافی و پەیوەندییە مێژووییەکان و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبێت، نەك لەسەر بنچینەی ئەسڵ و تایەفە و نەژاد و ئیتنی و نەتەوە یان مەزهەب[٢٠].» ئەمجا ئەم دەستوورە لە چەندین دەقی تریدا پێداگری لەسەر پێکەوەژیان و قبووڵکردنی یەکدی و دانان بە هەڵبژاردن و سەروەریی یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پشتگیریکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادیی ڕادەربرین و میدیا کردووە[٢١]، ئەمەش بە بڕوای توێژەران هەنگاوی گەورە و ئەرێنی بوون بۆ بەفیدراڵیکردنی عێراق و بەدیموکراسیکردنی سیستمە حوکمڕانییە نوێیەکەی[٢٢]، بەتایبەت کە بەو دەقانە دەیخواست دەوڵەتێک بونیاد بنێت کە تیایدا بۆ بەرژەوەندیی هەرێم و ناوچە خۆجێییەکان، ناوەند لاواز بێت، بۆ باش بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی فرەیی مەدەنیی ئازاد؛ دەسەڵات کۆتکراو بێت[٢٣].

بە هەمان ئاڕاستە، دەستووری فیدراڵیی ٢٠٠٥، لە یەکەمین دەقیدا جەختی لەوە کردەوە کە: «کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵیی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، ڕژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری، نو ێنە ر ا یە تیی ( پە ر لە ما نی ) ، دیموکراسییە، ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت[٢٤].» ئەمجا ئەمیش لە چەندین دەقی تریدا پێداگریی لەسەر زامنکردن و پاراستنی مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکان و دەسەڵاتی گەل و هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەریی یاسای و پشتیوانیکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادیی ڕادەربرین و میدیا و ڕۆژنامەگەری کردووە. بۆیە ئەم دەستوورە بە بڕوای توێژەران، وەرچەرخانێکی

گەورە بوو نەک لە عێراقدا، بەڵکوو لە کۆی ناوچەکەشدا، بەتایبەت کە بەپێی پێوەرە باوەکانی حوکمڕانی لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا، زۆربەی توانا و سەرچاوە دارایی و مادییەکانی دەوڵەت لە چنگی حکومەتی ناوەندیدا جێگیر کراوە، هەر لە بواری بەرگریی دەرەکی و ئاسایشی ناوخۆوە تا ژێرخانی ئابووری و پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و بەڵکوو دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیش[٢٥]. کەچی دەستووری ٢٠٠٥، لە پێناو ڕێگریکردن لە دووبارە گەڕانەوەی ڕژێمێکی مەرکەزیی دەسەڵاتخوازی ستەمکار، زۆربەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندیی لە هەردوو بواری دەرەکی و بەرگریدا سنووردار کردووە[٢٦]، بەڵام بوارەکانی ژێرخانی ئابووری و پەروەردە و فێرکردن و تەندروستیی کردووەتە دەسەڵاتی هاوبەشی حکومەتی ناوەندی و حکومەتە ناناوەندییەکانی (هەرێم و پارێزگان). هەر چی بوارەکانی ترە، ئەوا بۆ دەسەڵاتی فراوانی حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان بەجێ هێڵراوە، کە هاوکات هەرێمەکان مافی دانانی دەستووری تایبەت بە خۆیان و بوونی دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییان بۆ خۆبەڕێوەبردنی سەربەخۆی خۆیان هەیە، تەنانەت حکومەتی ناوەندی دەسەڵاتی بەسەر هێزی ناوخۆیی هەرێمەکانیشدا نییە، بەڵکوو توانای سەپاندنی باجی بەسەر هەرێمەکانیشدا نییە ئەگەر هەرێمەکان قایل نەبوون، ناشتوانێت بەتەنها کەرتی نەوت بەڕێوە ببات، زیاتر لەمەش لە بوارە هاوبەشەکاندا یاسا فیدراڵییەکان پەیوەستن بە ناکۆکنەبوون لەگەڵ یاسای هەرێمەکان، خۆگەر ناکۆکیش بن، ئەوا پێشینەیی بۆ یاسای هەرێمەکان دەبێت[٢٧].

بەڵام پێچەوانەی ئەم دەقە دەستوورییە مژدەبەخشانە، وردە وردە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقدا گرفتی گەورەی هاتە ڕێ، بە شێوەیەک زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە تەوەری پێشوودا بۆ دەوڵەتی فیدراڵی خستمانە ڕوو، زەمینەی چەسپاندنیان لە عێراقدا لاواز و ناسازە. بەم شێوەیەی کە لە بڕگەی داهاتوودا باسی دەکەین.

**دووەم: گرفتەکانی بەردەم جێگیرکردنی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقدا**

لێرەدا دەتوانین گرنگترین ئەو گرفتانە بە هەمان ئەو ڕیزبەندییەی لە تەوەری پێشوودا ئاماژەمان بۆیان کرد، بخەینە ڕوو. بەم شێوەیە:

١. سەبارەتی بە تایبەتمەندیی یەکەم و سەرەکی کە بریتییە لە بوونی دوو ئاست لە حکومەت، هەر چەندە دەستووری عێراقی؛ ڕاشکاوانە مافی داوە بە هەر پارێزگایەک یان زیاتر کە «هەرێم» دروست بکەن[٢٨]، بە پێچەوانەی ئەوەی لە سەرەتادا پێشبینی دەکرا کە عێراق لەسەر بنەمای (نەتەوە و پارێزگاکان) ببێتە شانزە هەرێم (کوردستان و هەریەک لە پانزە پارێزگاکە)، یان لەسەر بنەمای (نەتەوەیی و جوگرافی) ببێتە پێنج یان شەش هەرێم (کوردستان، بەغداد، کەرکووك، باشوور، ناوەڕاست و فوراتی ناوەڕاست)، یان لەسەر بنەمای (نەتەوەیی و مەزهەبی) ببێتە سێ هەرێم (کوردی و سوننی و شیعی)، یان لانی کەم لەسەر بنەمای نەتەوەیی ببێتە دوو هەرێم (کوردی و عەرەبی)[٢٩]، کەچی تا ئێستا جگە لە (هەرێمی کوردستان) کە مێژووی ڕاگەیاندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢، هیچ هەرێمێکی تر لە سایەی دەستووری ٢٠٠٥دا دروست نەبووە، هەر چەندە چەندین داواکاری لەلایەن چەندین پارێزگاوە بۆ دروستکردنی هەرێم هەبووە، بەڵام لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەتوندی ڕێگریی لێ کراوە، جا ئەو ڕێگرییە هەندێک جار بە بیانووی یاسایی بووە (وەک: بەسرە و میسان و زیقار)، یان بە ترساندن و سەرکوتکردن بووە (وەک: دیالە)، یان بە بەڵێنی چەواشەکارانە بووە (وەک: ڕومادی و موسڵ)[٣٠]. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم گرفتە ئەوە بێت کە هەر لە سەرەتاوە، جگە لە «کورد» و چەند هێز و کەسایەتییەکی عێراقیی لیبراڵ و عەلمانیی کەم، هیچ کام لە هێزەکانی تری (شیعە و سوننە) لەگەڵ بەفیدراڵیکردنی دەوڵەتی عێراق نەبوون، بەڵکوو هەندێکیان بەتوندی دژی بوون، وەک زۆربەی هێزە سوننییەکان کە بە مقاوەمە ناسرابوون، هەروەها صەدرییەکان و تورکمانەکان[٣١]. بە بڕوای زۆربەی شارەزایانی فیدراڵی و دەستووریناسان، هەمیشە لەو دەوڵەتە فیدراڵییانەدا کە ژمارەی هەرێمەکان کەمە، ئەگەری زاڵبوونی حکومەتی ناوەندی زۆرە، ئەمەش دواجار یان بە ئاڕاستەی لاوازبوونی بونیادی فیدراڵیی ئەو دەوڵەتە دەڕوات، یاخود بەرەو هەڵوەشاندنەوەی یەکجاریی ئەو دەوڵەتە سەر دەکێشێت[٣٢]. کەواتە هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندیی یەکەمی بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقدا کە بوونی دوو ئاست لە حکومەتە، لەبەردەم گرفتی گەورەدا بووە.


٢. سەبارەت بە تایبەتمەندیی دووەمی بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی کە بوونی دەستوورێکی نووسراوی جامدە، ڕاستە تا ئێستا لە عێراقدا ئەم تایبەتمەندییە وا دەردەکەوێت کە پتەوە، چونکە تا ئیستا هیچ هەموارێک لە دەستووری فیدراڵیی ٢٠٠٥دا نەکراوە، بەڵام هەمیشە ئەم دەستوورە یان دووچاری پێشێلکردنی گەورە بووە، بەتایبەت لە بواری بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و سەروەریی یاسا و لامەرکەزیی خۆجێیی پارێزگاکاندا، یان هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی تانەلێدان، بانگەشەکردن و کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی یان هەموارکردنی بە ئاڕاستەی سڕینەوەی بنەما (فیدراڵی و دیموکراسی و پەرلەمانی)یەکەی بووە، گوایە ئەم بنەمایانە سەرچاوەی بە لاوازی مانەوەی دەوڵەتی عێراقن، بەتایبەت لەلای هەندێک لە هێزە شیعییە باڵادەست و خاوەن میلیشیاکان، ئەمە جگە لەوەی کە ئێستا خواستی هەموارکردنی دەستوور و گۆڕینی سیستەمەکەی بۆ سەرۆکایەتی و کاڵکردنەوەی لامەرکەزیەتی پارێزگاکان تیایدا وەک یەکێک لە داواکاریی خۆپیشاندانەکانی تشرین خراوەتەڕوو[٣٣].

- سەبارەت بە تایبەتمەندیی سێیەم کە بریتییە لە دابەشکردنی دەستوورییانەی دەسەڵات لەنێوان هەردوو ئاستەکە لە حکومەت، هەر چەندە وەک پێشتر وتمان دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ ئەم دابەشکردنەی کردووە، بەڵام لە لایەک بەهۆی قایلنەبوونی حکومەتی ناوەندی بە دەستبەرداربوونی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێش ٢٠٠٣ هەیبووە و لە لایەکیش بە هۆی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئاڵۆزیی دەقە دەستوورییەکان خۆیان، بەتایبەت سەبارەت بە (نەوت و گاز و داهات)، کێشە و ململانێی زۆر لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتە خۆجێییەکان دروست بووە، بەتایبەت لەگەڵ «هەرێمی کوردستان» کە چەندین دۆسیەی جێی ناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە وەک (کێشەی نەوت و گاز، بەشەبودجەی هەرێم، خەرجکردنی مووچە و پێدانی چەک بە پێشمەرگە، ناوچە جێناکۆکەکان، نوێنەرایەتییەکانی دەرەوە...) [٣٤] بەڵکوو قووڵبوونەوەی ئەم ململانێیە هەندێک جار عێراقی بەرەو کەناری لێکهەڵوەشانەوە یان پێکدادانی سەربازی لەگەڵ هەرێم بردووە، وەک ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بۆ هەرێم لە ٢٠١٧/٩/٢٥ و لەشکرکێشیی زۆرەملێی عێراق بۆ ناوچە جێناکۆکان لە ٢٠١٧/١٠/١٦. ئەمە جگە لەوەی کە هەمیشە حکومەتی ناوەند پابەند نەبووە بە تەرخانکردنی دەسەڵاتی دارایی پێویست بۆ یەکە خۆجێییەکان، بەتایبەت پارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق[٣٥]، بەڵکوو نەک لە ڕووی داراییەوە، لە ڕووی کارگێڕییشەوە وەک حکومەتی ناوەندی هەتا ئێستا بەرامبەر ئەو یەکانە وەک حکومەتێکی مەرکەزیی توند هەڵسوکەوت دەکات، کاتێک وەک کاردانەوەیەکی ناڕەزاییە جەماوەرییەکانی تشرین؛ ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگاکانی هەڵوەشاندەوە، کە ئەمەش سەربەخۆیی ئەو یەکانەی تەواو لاواز کردووە، بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

- سەبارەت بە بوونی ئەنجوومەنی دووەم لە پەرلەمانی فیدراڵیدا، وەک ئامرازێک بۆ پێدانی سەنگی زیاتر بە هەرێم و یەکە خۆجێییەکان، هەرچەندە ئەم دەزگایە کە ناوی «ئەنجوومەنی فیدراڵی»یە دەبوو بەپێی دەستوور لە خولی دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەراندا بەر لە ٢٠١٤ پێکبهێنرێت، بەڵام تائێستا پێکنەهێنراوە، ئەمە جگە لەوەی کە دەبوو ئەنجوومەنەکە بە دەقی دەستوور ڕێکبخرێت، نەک بۆ یاسای ئاسایی ئەنجوومەنی نوێنەران بەجێ بهێڵرێت[٣٦]، هەموو ئەمانەش گرفتی گەورەن لە بونیادی فیدراڵیی عێراقدا، کە








ئێستا پێویستیی فەراهەمکردنی ڕەگەزەکانی نوێنەرایەتی و دیموکراتی و هاوکاری تیایدا فەرامۆش کراون.

- بەڵام سەبارەت بە داگای باڵای فیدراڵی، زۆربەی کات ئەم دەزگایە لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە دەستوورییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان یان ئیدارەی خۆجێیی پارێزگاکان؛ نادیار و کەم ڕۆڵە، ئەمە جگە لەوەی لە یەکلاکردنەوەی زۆرێک لە کێشە سیاسییەکاندا بە لایەنگری هێزە باڵادەستەکان تۆمەتبار کراوە، وەک بابەتی دیاریکردنی کوتلەی گەورە لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا لە کاتی پێکهێنانی حکومەتدا لە ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١٤دا. وێڕای ئەمەش لە ئێستادا ئەگەری پەککەوتنی ئەم دادگایەش هەیە، بە هۆی ئەو ناکۆکییەی لەسەر چۆنێتیی دامەزراندنی ئەندامی نوێ بۆ دادگاکە دروست بووە دوای خانەنشینبوونی یەکێک لە ئەندامەکانی، لە کاتێکدا نیصابی کۆبوونەوەکانی دادگاکە بەبێ ئامادەبوونی کۆی ئەندامانی؛ بە نایاسایی دادەنرێت. هەموو ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنن کە ئاشووب و گرفتی گەورە لەبەردەم سەروەریی یاسا و ئامرازە دادوەرییەکان لە بونیادی فیدراڵیی عێراقدا هەیە[٣٧].

- هەرچی سەبارەت بە بوونی ڕێکار و ئامرازە بۆ ڕاییکردنی پەیوەندی و دەسەڵاتە هاوبەشەکان لەنێوان حکومەتی ناوەندیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا دەکرێ ئاماژە بۆ ڕەوانەکردی چەندین شاندی دانوستان لەنێوان هەردوو لا و بوونی لیژنەی هاوبەش لە هەندێک بواردا بکرێت، بەڵام بەردەوامبوونی ناکۆکییەکانی نێوانیان تا ئێستا و چارەسەرنەکردنیان و بەڵکوو بەچەقبەستنی هەندێکیشیان، بەڵگەی ئەوەن کە ئەم ڕێکار و ئامرازانە لە بونیادی فیدراڵیی عێراقدا ناکارن.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا، دەبینین سەرجەم تایبەتمەندییەکانی بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقدا لاواز و پڕ گرفتی گەورەن، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەوەی کە دەستووری ٢٠٠٥ نەخشەسازیی بۆ کردووە، بەتەواوی یان لانیکەم هەندێکیشی لە واقیعدا بوونی هەیە، بەڵکوو وەک هەندێک لە توێژەران دەڵێن، عێراق لەدوای بەرکاربوونی دەستوورەوە بە پرۆسەی بەفیدراڵیکردن و بەناناوەندێتیکردن و بەدیموکراسیکردنێکی هاوسەنگدا نەڕۆیشتووە، بە شێوەیەک کە دەسەڵات وردە وردە لە ناوەندەوە بۆ دەزگای هەڵبژێردراو لە هەرێم و پارێزگاکان بگوازرێتەوە، بەڵکوو ئەو دەسەڵاتە لە ئەنجامی ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا کەوتە دەستی چەندین هێزی حیزبیی ناوچەیی و تائیفیی خاوەن هەژموون و بەرژەوەندیی بەرتەسک[٣٨]، کە قایل نین بەئاسانی دەستبەرداری ئەو دەسەڵاتە بن بۆ دەزگا دەستووری و هەڵبژێردراوەکان، بەڵکوو زۆرێک لەم هێزانە لە سایەی گەندەڵی و پشتیوانیی دەرەکیدا تا بێت توانای دارایی و چەکدارییان لەسەر حسابی دەوڵەت زیاد دەکات، ئەمەش هەر لە زووەوە پێشبینیی ئەوەی لێ دەکرا کە ببێتە لەمپەری گەورە لەبەردەم ئایندەی بەردەوامبوونی پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵیی خاوەن سیستمێکی دیموکراسی.


**تەوەری سێیەم:**
**ئایندەی بەفیدراڵیکردنی دەوڵەتی عێراق**

لەم تەوەرەدا هەوڵ دەدەین لە دوو ئاستدا پێشبینییەکان بۆ ئایندەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق بخەینە ڕوو، کە یەکەمیان بەپێی ئەو تیۆرانەیە کە بۆ بونیادنای فیدراڵی لە هەر دەوڵەتێکدا شرۆڤە کراوە، دووەمیشیان لە ڕێی ئەو سیناریۆیانەوە کە دەشێت بۆ ئایندەی پرۆسەکە پێشبینی بکرێن، بەم شێوەیە:

**یەکەم: ئایندەی عێراق بەپێی تیۆرەکانی بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی**

بەگشتی توێژەران سێ ئاڕاستەی تیۆریی سەرەکییان بۆ داڕشتنەوەی پەیکەر و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەوڵەتێک لەسەر بنەما و تایبەتمەندییەکانی فیدراڵی خستوەتە ڕوو، کە دەتوانین لە سایەی هەریەکەیاندا پێشبینی بۆ ئایندەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی بکەین، بەم شێوەیە[٣٩]:

- تیۆرە ئایدیاڵییەکان: کە باوەڕیان وایە ڕادەی توانای




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





جێگیرکردنی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بەندە بە ڕادەی بەهێزیی ئەو بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیا و بەها هزرییانەی کە لەنێو سەرکردە و گرووپ و هێز و لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا پاساو بۆ بەفیدراڵیکردنی وڵات و سوودەکانی ناناوەندێتیی حوکم دەهێنێتەوە و پشتیوانیی جێبەجێکردنی بنەماکانی دەکەن، واتە زەمینەی بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە بەهێزیی ئایدۆلۆجیای «فیدراڵیزم» لە کۆمەڵگادا. لە دیارترین لایەنگرانی ئەم تیۆرانە، «مایکل بەرگیز»ە. سەبارەت بە ئایندەی بەفیدراڵیکردنی عێراق، لە ڕوانگەی ئەم تێۆرانەوە ناتوانین تەواو گەشبین بین، لەبەر ئەوە هەروەک پێشتر وتمان جگە لە «کورد» و چەند هێز و کەسایەتییەکی کەم، هێزەکانی تر لە (شیعە و سوننە) نەک لەگەڵ بەفیدراڵیکردنی عێراق نەبوون، بەڵکوو بەتوندی دژایەتییشیان کردووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە ئێستادا بە هۆی لاوازیی توانای حوکمڕانانی هەرێمی کوردستانەوە، خەریکە ورده ورده بیرۆکەی فیدراڵیزم لەناو بەشێک لە چینوتوێژە جیاوازەکانی کورددا ڕەونەقی لەدەست دەدات.

- تیۆرە کولتووری-ئەتنییەکان: کە باوەڕیان وایە زۆربەی کات کۆمەڵگا فرەییە دابەشبووەکان لە ڕووی کولتووری و ئەتنییەوە، ئارەزووی جێبەجێکردنی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی دەکەن. واتە زەمینەی بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی، بریتییە لە بوونی کۆمەڵگایەکی فرەیی لە ڕووی کولتووری و ئەتنییەوە، یان لانی کەم بوونی جۆرێک لە لایەنگری ناوچەگەری و جیاخوازی لەناو گرووپ یان ناوچە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا. دیارترین لایەنگری ئەم تیروانینە، «مایکن ئۆمباخ»ە. بۆ ئایندەی بەفیدراڵیکردنی عێراقیش، لە ڕوانگەی ئەم تێۆرانەوە، ڕەنگە تا ڕادەیەک بۆ دەرکەوتن و بەردەوامبوونی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جیاوازی پێکهاتەی کولتووری و ئەتنی لە ناوچەکانی تری عێراق جۆرێک ئومێد هەبێت، بەڵام سەبارەت بە پێکهاتەکانی تر (سوننە، شیعە، تورکمان و پێکهاتەکانی تر)، هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆ نییە، جگە لە هەندێک دەنگۆ سەبارەت بە ئەگەری دروستبوونی «هەرێمک لە ناوچە سوننینشینەکان» کە تا ئێستا ئەگەرێکی لاوازە[٤٠].

- تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی: کە باوەڕیان وایە بەفیدراڵیکردنی وڵاتێک، بەرئەنجامی پرۆسەیەکی ڕێککەوتن و سازشی بەردەوامە لەنێوان ناوەند و یەکە خۆجێییەکاندا (هەرێمەکان)، بە شێوەیەک کە نە ناوەند ئەوەندە بەهێز دەبێت کە بەتەواوی کۆنترۆڵی سەربەخۆیی ڕێژەیی هەرێمەکان بکات، نە هەرێمەکانیش ئەوەندە بەهێز دەبن کە لە ناوەند جیا ببنەوە. دیارترین لایەنگرانی ئەم تیۆرانە، «ولیام هـ. ڕایکەر»ە. هەر چی تایبەت بە ئایندەی بەفیدراڵیکردنی عێراقیشە، لە ڕوانگەی ئەم تیۆرانەوە، ڕەنگە دووبارە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان کە هەر لە سەرەتای بونیادنانەوەی عێراقەوە لەدوای ٢٠٠٣ و بە درێژایی پرۆسەی

دانانی دەستووری عێراق و ئەمجا پیادەکردنی هەندێک لەو دەسەڵاتانەی کە لەم دەستوورەدا بەتەنها یان بە هاوبەش لەگەڵ ناوەندا پێی دراوە، لە بواری (پێشمەرگە و نەوت و نوێنەرایەتیی دەرەوە و گومرگ و خاڵە سنوورییەکان...)، جۆرێک لە سازش و ڕێککەوتنی بەردەوام لەنێوان هێزە کوردییەکان و هێزە باڵادەستەکانی عێراق لە ناوەند هەبووبێت، کە دەشێت لە ئایندەدا زامنی بەردەوامبوونی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی بەفیدراڵیکردنی دەوڵەتی عێراق بکات، بەڵام سەبارەت بە هێزەکانی تر، ئەگەر جۆرێک لە سازش و ڕێککەوتنیش هەبووبێت لەگەڵ ناوەند (بەتایبەت لەلایەن سوننە و تورکمان و ئەوانی تر)، ئەوا هیچ کات ئەمە بۆ بەفیدراڵیکردنی عێراق و دروستکردنی هەرێمی تر نەبووە، بەڵکوو حکومەتی ناوەند تا ئێستا ئامادەی هیچ جۆرە سازشکردنێک نەبووە لەگەڵ ئەو پارێزگایانەی کە خواستی بەهەرێمبوونیان هەبووە.

کەواتە وەک دەبینین بەپێی پێگەی هەرسێ ئاڕاستە تیۆرییەکەی سەرەوە، ئاسۆی بەردەوامبوونی پڕۆسەی بەفیدراڵیکردنی دەوڵەتی عێراق لە ئایندەدا لێڵ و تەماوییە، ئەمە جگە لەوەی کە دەرکەوتنی کورد و هەرێمی کوردستان وەک کاراکتەری سەرەکیی هەڵسووڕاندن و بەرگریکردن لەم پڕۆسەیە، جۆرێک لە لاوەکیبوون و تاک ڕەهەندیی بە ئامانجەکانی پڕۆسەیە بەخشیوە، بە جۆرێک لای زۆرێک لە هێز و پێکهاتەکانی تر و عێراقی فیدراڵی وەک ئامرازێکی هەلپەرستانەی کورد بۆ بە لاوازی هێشتنەوەی دەوڵەتی عێراق لە ئایندەدا سەیر دەکرێت.

**دووەم: سیناریۆکانی ئایندەی بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی**

لە سایەی ئەو گرفتانەی کە لەبەردەم جێبەجێکردنی تایبەتمەندییەکانی بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقدا هەن، بەو شێوەیەی کە لە









تەوەری پێشوودا خستمانە ڕوو، دەتوانین پێشبینیی سێ سیناریۆ بۆ ئایندەی عێراق بکەین. بەم شێوەیە:

سیناریۆی یەکەم: وا پێشبینی دەکات کە تاکە ڕێگەچارە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئیتنی و مەزهەبییەکانی عێراق، بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەوڵەتە بۆ دوو دەوڵەت یان زیاتر، لەسەر بنەمای نەتەوەیی (کورد و عەرەب)، یان نەتەوەیی و مەزهەبی (کورد و سوننە و شیعە). پاساوی لایەنگرانی ئەم سیناریۆیەش ئەوەیە کە عێراق دەوڵەتێکی دەستکردی سەردەمی کۆلۆنیالییە، تا ئێستا نەتوانراوە پایەکانی دەوڵەتبوونی تیا بەرجەستە ببێت، ئەمە جگە لەوەی هەندێک لە پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بەتایبەت «کورد»، هەمیشە خواستی جیابوونەوە و سەربەخۆبوونی لە عێراق هەبووە و لەگەڵ ڕوودانی هەر قەیران و ململانێیەکی توندا لەگەڵ ناوەند؛ بەئاشکرا ئەم خواستەی خستووەتە ڕوو، کە دواهەمین جاریان ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بوو لە ساڵی ٢٠١٧. بەڵام ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە زۆر دوورە، چونکە جگە لەوەی لە ناوخۆدا زۆربەی هێزە عێراقییە عەرەبەکان بە سوننە و شیعەوە دژین، هاوکات هێزە نێودەوڵەتییەکانی دەرەوەش لەگەڵ پاراستنی یەکێتیی عێراق و مانەوین وەک یەک دەوڵەت.




سیناریۆی دووەم: وا پێشبینی دەکات کە وردە وردە حکومەتی ناوەندی بەرەو بەهێزبوونەوە بڕوات، بە شێوەیەک کە بتوانێت بەتەواوی کۆنترۆڵی سەربەخۆیی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان بکات، بەمەش عێراق جارێکی تر بۆ فۆڕمی دەوڵەتی یونیتاری بگەڕێتەوە و ئەو ئەزموونە فیدراڵییە ناکاملەی کە ئێستا هەیە، بەتەواوی شکست بهێنێت. پاساوی ئەم سیناریۆیەش ئەوەیە کە زۆربەی کات حکومەتی ناوەندی ئامادەی جێبەجێکردنی بەشێک لەو بنەمایانەی نییە کە دەستوور بۆ بەفیدراڵیکردنی عێراق دایڕشتوون، وەک دانانان بە سەربەخۆیی دارایی هەرێم و پارێزگاکان و ڕێگەنەدان

به دروستبوونی هەرێمی تر و دەستبەردارنەبوونی دەسەڵات بۆ پارێزگاکان و ناوچە خۆجێییەکان و پێکنەهێنانی ئەنجوومەنی دووەمی یاسادانان... ئەمە جگە لە چارەسەرنەکردنی یەکجارەکیی ئەو ناکۆکییانەی کە لە ماوەی ١٥ساڵی ڕابردوودا لە سایەی دەقەکانی دەستووردا لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیبوو، هەر لە کێشەی نەوت و گاز و بەشەبودجە و داهات و خاڵە سنوورییەکانەوە تا کێشەی پێشمەرگە و ناوچە جێناکۆکەکان و نوێنەرایەتیی دەرەوە...

سیناریۆی سێیەم: لە سایەی نەبووی زەمینەی تەواو بۆ بەدیهاتنی هەردوو سیناریۆی پێشوو، وا پێشبینی دەکرێت کە باشترین سیناریۆ بۆ ئایندەی عێراق بریتی بێت لە دەستگرتن بەو بژاردەی فیدراڵییانەوە، لە پێناو بەرقەرارکردنی سەقامگیریی زیاتر و لێبڕان بۆ باشکردنی ژیانی هاوڵاتییان و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی وڵات. هەڵبەت ئەمەش بەوە دەکرێت کە هەموو لایەک، لە پێکهاتە ئەتنی و ئایینی و مەزهەبی و هێز و لایەنە فەرمی و نافەرمییەکان، چ لەسەر ئاستی حکومەتی ناوەندی و چ لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوچە خۆجێییەکانی تر، ئامادەیی تەواویان بۆ جێبەجێکردنی زۆربەی تایبەتمەندییەکانی فیدراڵی و پابەندبوون بە دەستووری ئێستای عێراقەوە هەبێت، بەتایبەت لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە کە ئامادەیی ئەم بۆ دەستبەرداربوونی دەسەڵاتی زیاتر و قبووڵکردنی هاوبەشی لە دەسەڵاتەکانی و دانان بە سەربەخۆبوونی زیاتری کارگێڕیی دارایی یەکە خۆجێییەکانی خوارەوە، کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر بەهێزکردنی پایەکانی فیدراڵی لە عێراقدا و ڕەخساندنی هەلی گونجاو بۆ سەرکەوتنی.

**ئەنجام**

هەر چەندە وا دەخوازرا لە سایەی ئەو بنەما و ئامراز و دامەزراوە فیدراڵییانەی کە هەردوو دەستووری ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ لەخۆیان گرتبوون، سەرلەنوێ فۆڕمی دەوڵەتی عێراق بە شێوازی فیدراڵی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ بەسەر کارپێکردنی دوای دەستووریاندا، هێشتا پڕۆسەی بونیادنانی ئەو بنەمایانە ڕووبەڕووی چەندین کۆسپی گەورە بوون، بە شێوەیەک کۆی تایبەتمەندییەکانی بەفیدراڵیکردنی عێراق دووچاری چەندین گرفتی جۆراوجۆر بوون، بە شێوەیەک بەپێی هیچ تیۆرێک لە تیۆرەکانی بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی پێشبینی ناکرێت ئایندەی بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی سەرکەوتوو بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەم ئایندەیە بە ڕووی سێ سیناریۆدا کراوە بێت، کە یەکەمیان هەڵوەشاندنەوەی عێراق و پارچەپارچەبوونیەتی بۆ چەند دەوڵەتێک، دووەمیان شکستخواردنی بەفیدراڵیکردن و گەڕانەوەیە بۆ فۆڕمی دەوڵەتی یونیتاری، سێیەمیشیان دەستگرتنە بە فۆڕمی فیدراڵیی ئێستا و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی، ئەوا هەمیشە سیناریۆی سێیەم؛ زەمینەی جێبەجێبوونی بەردەستترە لە دوو سیناریۆکەی تر.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


(١) نقلا عن: عصام سليمان (١٩٩١)، الفيدرالية والمجتمعات التعددية ولبنان، بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٩١، ص٤٠.

(2) William H. Riker(1975), “Federalism” in: Handbook of Political Science 5: Governmental Institutions and Processes, 175, pp 93–172.

(٣) حميد حنون خالد (٢٠١٠)، مبادئ القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق، بغداد: مكتبة السنهورى، ص٤٨.

(٤) نقلا عن: د.محمد عبد المعز نصر، في النظريات والنظم السياسية، بيروت: دار النهضة العربية، ١٩٧٣، ص٤٧٥.

(٥) باغنر، جاك (٢٠٠٢)، الدولة...مغامرة غير اكيدة، ترجمة: نورالدين اللباد، القاهرة: مكتبة مدبولي، ص١٢٨.

(6) Daniel J. Elazar, “Contrasting Unitary and Federal Systems”, in: International Political Science Review, Vol.18, no.3, July/1997, p239.

(7) See: Daniel Judah Elazar, Exploring Federalism, Tuscaloosa, University of Alabama Press, 1987, p6; Douglas V. Verney, Federalism, Federative Systems, and Federations, in: Publius - The Journal of Federalism, Vol.25, No.2, Oxford University Press, Spring 1995, p81; Ronald L. Watts, Federalism, Federal Political Systems and Federations, in: Annual Review of Political Science, Vol.1. No.1, Kingston, IIGR in McGill-Queen's University, June 1998, p.117.

(8) Daniel Judah Elazar, Exploring Federalism, op. cit., p.5.

(9) Douglas V. Verney, op. cit., p81.

(10) Daniel Judah Elazar , Exploring Federalism, op. cit., pp8-9. Ronald L. Watts, op. cit., p120.

(11) See: Douglas V. Verney, op. cit., pp83-84. Ronald L. Watts, op. cit., p121.

(12) Ronald L. Watts, op. cit., pp122-123.

(١٣) بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەو ڕا جیاوازانە، بڕوانە: اندرسون، جورج (2007)، مقدمة عن الفيدرالية: ماهي الفيدرالية؟ وكيف تنجح حول العالم؟، ترجمة: مها تكلا، كندا: منتدى الاتحادات الفيدرالية، ص ص4-2؛ شورش حسن عمر(2009)، خصائص النظام الفيدرالي في العراق - دراسة تحليلية مقارنة، السليمانية: مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ص ص37-29؛ عادل زغبوب، الدولة الاتحادية: مفهومها – تحليلها – مستقبلها، لبنان: دار المسيرة، ص ص37-36.

(١٤) ينظر: اندرسون، مصدر السابق، ص ص٢-٣؛ رونالد ل. واتس (2006)، الانظمة الفدرالية، ترجمة: غالي برهومة وآخرين، اوتاوا، منتدى الاتحادات الفيدرالية، ص١٦.

(١٥) ينظر: اندرسون، مصدر السابق، ص٤.

(16) See: Douglas V. Verney, op. cit., pp83-84. Ronald L. Watts, op. cit., p121.

(١٧) عابد خالد رسول (٢٠١٢)، الحقوق السياسية في الدساتير العراقية - دراسة تحليلية مقارنة على ضوء المتغيرات السياسية، السليمانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ص ص٣٦٧-٣٦٨.

(١٨) امر سلطة الائتلاف المؤقتة حل الكيانات العراقية، رقم (٢)، في ٢٠٠٣/٥/٢٣.

(١٩) الجنابي، ميثم (٢٠٠٤)، العراق ومعاصرة المستقبل، دارالمدى للثقافة والنشر، ص٧.

(٢٠) یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە(٢٠٠٤)، مادەی٤.

(٢١) هەمان سەرچاوە، مادەکانی١٠-٢٣ و ٥٢-٥٧.

(٢٢) سيار الجميل (١٦/آذار/٢٠٠٤)، «الدستور العراق - التوافقات والتباينات بين الواقع والرؤية والتطبيق»، صحيفة الزمان، العدد ١٧٥٨.

(٢٣) جاسم المطير (٢٠٠٤/٣/٢٠)، «قانون إدارة الدولة وسيلة أولى لتأسيس الحكم الأفضل»، الحوار المتمدن، العدد ٧٧٩، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=١٦٠٨٥&r=٠، (متاح: ٢٠٢٠/٣/٢٨).

(٢٤) دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥)، مادەی ١.

(٢٥) مورو، جوناثان (٢٠٠٥)، «العملية الدستورية العراقية (٢): فرصة ضائعة»، معهد السلام الأمريكي، تقرير خاص رقم ١٥٥، ص ص٣-٤ وص٥٣، https://www.usip.org/sites/default/files/sr١٥٥_arabic.pdf.

(٢٦) دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥)، مادەکانی ١١٠-١٢١.

(٢٧) هەمان سەرچاوە.

(٢٨) هەمان سەرچاوە، مادەی ١١٩.

(٢٩) محمد أحمد محمود (٢٠١٠)، «تعديل الدستور: دراسة في ضوء الدستور العراقي لعام ٢٠٠٥»، بغداد: الدائره الاعلاميه-مجلس التواب، ص ص٩١-٩٢.

(٣٠) عابد خالد رسول (٢٠١٣)، المجلس التشريعي الثاني في الدولة الفيدرالية - دراسة مقارنة، السليمانية: مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ص٣٩.

(٣١) عبدالحسين شعبان (٢٠٠٦)، «تضاريس الخريطة السياسية العراقية»، مجلة المستقبل العربي، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، السنة ٢٩، العدد ٣٣٣، ص ص٦٤-٦٨.

(٣٢) لطيف مصطفى امين (٢٠٠٦)، الفيدرالية وافاق نجاحها في العراق، السليمانية: دار سردم، ، ص ص٤٥-٦١.

(٣٣) حمزة مصطفى (٢٠١٩/١١/٣)، دعوات لتحويل النظام من برلماني إلى رئاسي في العراق، جريده الشرق الاوسط، العدد ١٤٩٥٠.

(٣٤) م. د. حازم صباح احميد، «النظام الاتحادي(الفدرالي) في العراق تحديات الحاضر وآفاق المستقبل»، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية والسياسية، المجلد١، السنة ٥، العدد١١، ص ص ٣٠٥-٣٠٧.

(٣٥) المصدر نفسه، ص٣٠٧.

(٣٦) براون، ناثان (٢٠٠٦)، ملاحظات تحليلية حول الدستور، من: مأزق الدستور: نقد وتحليل، بغداد-بيروت، معهد الدراسات الاستراتيجية، ص ص٤٥-٤٦.

(٣٧) مجلس القضاء الأعلى (٢٠٢٠/٢/١٢)، «فوضى القضاء الدستوري»، https://www.hjc.iq/view.٦٤٤٩/، (متاح: ٢٠٢٠/٤/٤).

(٣٨) مورو، مصدرالسابق، ص٤.

(39) Ziblatt, Daniel(2008), Structuring the State: The Formation of Italy and Germany and the Puzzle of Federalism, Princeton University Press, 2008, pp4-6.

(٤٠) کۆمەڵێک توێژەر (٢٠٢٠)، ئایندەی عێراق و هەرێم لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا، ڕانانی ئایندەیی ژمارە (١)، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ل ل١١-١٢.



# پاشخان و ئایندەی ململانێی هێزە سیاسییەکانی شیعە

یاسین تەها محەمەد
توێژەر

**پێشەکی**

**لەدوای ٢٠٠٣ و کەوتنی ڕژێمی سەددام، هێزە شیعەکان بە پاڵپشتیی مەرجەعیەتی نەجەف و لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە جڵەوی حوکمڕانیی عێراقیان گرتە دەست. چ لە سەردەمی ئۆپۆزسیۆن و چ لە سەرەتای حوکمڕانیدا، ئامانج و مەترسیی هاوبەش ئەم هێزانەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیی گەورەدا کۆ دەکردەوە، بەڵام لە سەروبەندی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٠١٨ بەدواوە، بەنی تەزبیحی یەکڕیزیی سیاسیی شیعەکان بچڕا و بەسەر کۆمەڵێك هێزی ناکۆك و ناتەبادا دابەش و پەرتەوازە بوون، هاوشێوەی هاوتا سوننە و کوردەکانیان. ئەم توێژینەوەیە لەسەر ناوەڕۆکی ئەو ململانێیانە و ئایندەی پێگە و نفوزی گرنگترین هێزە سیاسییەکانی شیعە هەڵوێستە دەکات.**





**گۆڕانی نەخشەی هێزە سیاسییەکانی شیعە**

لە عێراقی پاش سەددام، گرنگترین هێزە سیاسییەکانی شیعە بریتی بووە لە: ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، حیزبی دەعوەی ئیسلامی، حیزبی فەزیلە، لەگەڵ ڕەوتی سەدر کە تازە دامەزرابوو[١]، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هەندێ جیا بوونەوە و دابەشبوونی نوێ لە ڕیزەکانی ئەم هێزانە ڕوویان دا کە ئەم نەخشە سیاسییەی ماڵی شیعەی گۆڕی، ئەمە جگە لە دەرکەوتنی حەشدی شەعبی و هێزەکانی سەر بە «مقاوەمەی ئیسلامی» لە چەشنی عەسایب و کەتیبەکانی حیزبوڵڵا کە ئێستا سەرقاڵی ململانێن لەگەڵ ئەمەریکا و کۆتایی ٢٠١٩ کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکە ئەمەریکییەکان[٢]، دواتر کوژرانی سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیسی بەدوادا هات. بەر لەم وادەیەش، هەندێ لە هێزە شیعییەکان دووچاری ئینشیقاق و جیابوونەوە بوونەوە، لەوانەش ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی کە جگە لە ڕێکخراوی بەدر لە ساڵی ٢٠٠٩[٣]، ڕەوتی حیکمەی لێ جیا بوویەوە[٤]، ئەمەش وەهای کرد بۆ هەڵبژاردنی ٢٠١٨ تەنها قەبارەی ٣ کورسی بمێنێتەوە لەناو هاوپەیمانێتیی فەتح، لە کاتێکدا پێشتر لایەنێکی سەرەکیی سیاسەتی شیعەی عێراق بوو[٥].

**گرنگترین هێزە سیاسییەکانی شیعە و ئایندەی پێگە و کاریگەرییان**

**١. حیزبی دەعوەی ئیسلامی**

حیزبی دەعوەی ئیسلامی هاوکات لە ساڵڕۆژی یادەوەریی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلامدا (د. خ)، لە ساڵی ١٩٥٧ لە شوێنی حەوانەوەی مەرجەعی باڵای شیعە؛ ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم، لە شاری کەربەلا و بە لاساییکردنەوەی شێوازی کاری ئیخوان موسلیمین، لەسەر دەستی هەشت کەس ڕاگەیەنراوە کە ناودارترینیان ئایەتوڵڵا محەمەد باقر سەدرە کە ڕژێمی سەددام حسێن لە ٩ی نیسانی ١٩٨٠ لەسێدارەی دا. ئەم حیزبە سەرەتا هەڵگری بیرێکی پان-عێراقی و نێونەتەوەیی ئیسلامی بووە، دەستەی دامەزرێنەرەکەی پیاوانی ئایینی و چالاکی گەنج بوون،

حزب الدعوة الاسلامية

**“حیزبی دەعوەی ئیسلامی لەڕووی تەمەنەوە، کۆنترین حیزبی سیاسیی شیعەیە لەعێراقو بەدایکی زۆربەی ئەو هێزە مەزهەبییانەی ئێستا دادەنرێت”**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەناو ئەندام و دامەزرێنەرە یەکەمەکانی دەعوەشدا چەند کەسایەتییەکی لوبنانی و بەحرەینی و پاکستانی هەن[٦]. لە ڕووی تەمەنیشەوە، کۆنترین حیزبی سیاسیی شیعەیە لە عێراق و بە دایکی زۆربەی ئەو هێزە مەزهەبییانەی ئێستا دادەنرێت کە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق چالاکن، چونکە سەرجەمیان یان لەم حیزبە جیا بوونەتەوە، یان ئیلهامیان لە شێوازی کاریەوە وەرگرتووە کە ئاوێتەکردنی دین و مەزهەبە لەگەڵ سیاسەت و حوکمڕانیدا[٧]. دامەزراندنی حیزبی دەعوە لەبن عەبای مەرجەعیەتی نەجەفدا، زیاتر لە سەروبەندی گەشەکردنی تەوژمی مارکسیزم (حیزبی شیوعی) و ڕەوتە ناسیۆنالیستییەکان (بەعس) بووە، بەتایبەت دوای ئەوەی شیوعییەکان کەوتنە جموجووڵ و پەلهاویشتن لە شاری نەجەف کە گڵکۆی ئیمام عەلی لەخۆ دەگرێت و پایتەختی ڕۆحیی تایفەی شیعە و بنکەی سەرەکیی حەوزە مەزهەبییەکانە[٨]، بەڵام ڕێبەرانی ئەم حیزبە ئامانجێکی دوور مەودایان بۆ داناوە و




تیۆریستەکانی هەوڵ دەدەن بیخەنە خانەی وەڵامدەرەوەی تەحەدا هەنووکەییەکانی ئەوکات و ئێستای دنیای شیعەگەری و ئیسلامەتییەوە[٩].

حیزبی دەعوە خاوەن باڵێکی سەربازی بوو، کە لە زیاتر لە ٢٥٠٠ چەکدار پێك دەهات و تا ٢٠٠٤ کە بوونە بەشێك لە هێزە عێراقییەکان، بە «هێزەکانی شەهید سەدر» دەناسران[١٠]. بە هۆی کاریگەری و مەترسیی ئەم حیزبەشەوە، مەجلیسی قیادەی سەورەی بەعس لە سەرەتای هەشتاکان بە بڕیاری ٤٦١، سزای لەسێدارەدانی دەستبەجێی بڕییەوە بۆ هەر کەسێك کە ئینتیمای بۆ دەعوە بەسەردا ساغ ببێتەوە[١١]. لە ڕووی مەرجەعیەتی ئایینییشەوە، محەمەد باقر سەدر کە ئایەتوڵڵا بوو، ڕابەری ڕۆحی و مەرجەعیەتی تەقلیدی بووە، دواتر کە لە سێدارەدا شوێنکەوتەی ئیجتیهادی محەمەد حسێن فەزلوڵای لوبنان بوون[١٢]، بەڵام لە ئێستادا سەرباری ئەوەی ناوبەناو پێشوازی لە هەڵوێست و فەتواکانی سیستانی دەکەن و لەسەر فەتوای ئەویش مالیکییان گۆڕی بە عەبادی لە ٢٠١٤[١٣]، بەڵام بەڕوونی ئاشکرا نییە کە پەیڕەوکەری قوتابخانەی ئەو بن و وا دەردەکەوێ ئەندامان لە تەقلیددا سەرپشك کرابن[١٤].

**لێکەوتەی ناکۆکی و دەستەگەرییەکانی ناو حیزبی دەعوە**

حیزبی دەعوە لە مێژووی کاری خۆیدا، بە هۆی ناکۆکیی قووڵەوە پەنای بۆ کاری بەکۆمەڵ و دەستەجەمعی بردووە، هەر بە هۆی ئەم ناکۆکییانەشەوە زیاتر لە ١٠ جار دووچاری جیابوونەوە و ئینشیقاق و باڵباڵێن بووەتەوە و لە هەندێ قۆناغدا پێنج باڵ و کۆمەڵی جیا بە ناوی حیزبی دەعوەوە کاریان کردووە، هەر لەبەر ئەمەش تا دوای ٢٠٠٣ نەیتوانی ئەمیندار هەڵبژێرێت و تەنها وتەبێژی هەبووە[١٥]. نووری مالیکی یەکەم کەسە کە بە ئەمینداری گشتیی حیزب هەڵبژێردرابێت، لە کاتێکدا پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیرانیشی بەدەستەوە بوو (٢٠٠٧)، ئەمەش بوو بە هۆی جیابوونەوەی ئیبراهیم جەعفەری و ڕاگەیاندنی باڵی ئیسلاح، چونکە جگە لە سەرۆکایەتیی وەزیران، لەلایەن مالیکییەوە لە سەرۆکایەتیی حیزبیش بێبەش کرا[١٦].

لە ٢٠١٤دا، عەبادی بە پاڵپشتیی هەندێ لە سەرکردەکانی حیزب و لەبەر ڕۆشنایی فەتوای سیستانی بۆ گۆڕانکاری، کودەتایەکی سپیی کرد بەسەر مالیکیدا و ناکۆکییەکانیان درێژەی کێشا تا لە ٢٠١٨ بۆ هەڵبژاردن؛ حیزبی دەعوەی بەسەر دوو باڵی جیاوازدا دابەش کرد، هەر ئەمەش وەهای کرد پاش ١٢ ساڵ لە سەرۆکایەتیکردنی وەزیران، ئەم پێگە گرنگە لەدەستی حیزبی دەعوە دەربچێت و سپێردرا بە عادل عەبدولمەهدی[١٧]. بە هۆی ئەم زیانە گەورەیەشەوە، ئەم حیزبە لە کێشە و قەیرانی بەردەوامدا دەژی. هەر بە هۆی ئەو ناکۆکییە ناوخۆییانەشەوە، لەنێوان دوو هەڵبژاردندا (٢٠١٤ و ٢٠١٨) ڕێژەی دەنگدەرانی لە ١ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دەنگەوە دابەزی بۆ ٤٠٠ هەزار دەنگ کە دەکاتە کەمکردن بە ڕێژەی ٦٥٪[١٨]، ئەمەش حیزبی دەعوەی لە دەوروبەری ٢٠ کورسیی هەڵبژاردن بێبەش کرد لەچاو هەڵبژاردنی ٢٠١٤[١٩]. لە ساڵی ٢٠١٩، حیزبی دەعوە گۆنگرەیەکی گشتیی لە شاری کەربەلا گرێ دا، لەوێدا دیسانەوە مالیکی وەك ئەمینداری گشتی متمانەی وەرگرتەوە، بەم هۆیەوە کێشە و پەرتەوازەییەکانی ناو حیزب سەریان هەڵدایەوە. کۆنگرەکە کادرە باڵاکانی حیزبی دەعوەی بەسەر نارازییەکان و باڵی مالیکیدا دابەش کرد، لەم نێوانەشدا باڵی نێوانگر سەریان هەڵدا، بۆ ئەوەی ڕێگە بگرن لە خزان و پاشەکشەی زیاتری حیزب[٢٠]، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەلێنی نێوان جەمسەرەکانی ئەم حیزبە زیاتر فراوان دەبن.

**٢. ڕەوتی سەدر، دژیەکی و قەیرانی شوناس**

یەکێك لە جەماوەریترین ڕەوتە سیاسییەکانی شیعە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کەسایەتیی موقتەدا سەدر و بنەماڵەی محەمەد سادق سەدرەوە، کە بنەماڵەیەکی دێرینی ئایینی شیعەن و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ «جبل عامل»ی باشووری لوبنان و لە ١٧٧٩ ئاوارەی عێراق کراون[٢١]. ڕابەری ئەم ڕەوتە؛ موقتەدا سەدر (٤٥ ساڵ) کە کوڕە بچووکی ئایەتوڵڵا محەمەد سادق سەدرە، خۆی بە سەرکردەیەکی نیشتمانیی عێراقی و لە هەمان کاتدا ڕێبەرێکی ئایینیی عێراقییش دەزانێت و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لەناو هەژارەکانی شیعە[٢٢]، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك بە کەسێکی عاتفی و ڕاڕا و هەڵچووی کەم ئەزموون لە کاری سیاسی دەیدەنە قەڵەم و بەوەش تۆمەتباری دەکەن هەر ڕۆژە جۆرە بڕیار و ڕاسپاردە و ڕێنماییەك بۆ لایەنگرانی دەردەکات[٢٣].

**پاشخانی سەدری باوک (دووەم)**

ڕەوتی سەدر تا سەرلەبەیانیی ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ کە سەددام حوسێن ڕووخا، لە هیچ لێدوان یان پۆلێنێکی سیاسی و هۆکارێکی ڕاگەیاندن ناوی نەبووە. مەبەستیش لەم ڕەوتە، هەوادارانی محەمەد سادق سەدرە کە لە ١٩٩٩ لەگەڵ مستەفا و موئەمەلی کوڕیدا لە نەجەف تیرۆر کران، بەڵام ڕەوتەکە جگە لە ئەو، وێنەی محەمەد باقر سەدری دامەزرێنەری حیزبی دەعوەش دادەنێن کە ئامۆزای ڕێبەرەکەیانە[٢٤]. محەمەد سادق سەدر لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، وەك ڕێبەرێکی شیعەی جەماوەری کەوتە جموجووڵ و پاش چەندین ساڵ لە ڕاوەستان بە پاساوی ئەوەی واجب نییە، لە ساڵی ١٩٩٧ ئەنجامدانی خوتبە و نوێژی جومعەی زیندوو کردەوە[٢٥]. دەوترێت ئامانج لەم ڕێگەپێدانەی، قوتکردنەوەی ڕکابەر بوو بۆ گوتاری ویلایەتی فەقیهی ئێرانی لەلایەن ڕژێمی سەددامەوە، بەو پێیەی سەدر لە بنەماڵەیەکی عەرەبی و خاوەن تێڕوانینێکی جیایە و پاڵپشتیی لە «الولاية العامة المقيدة» دەکرد[٢٦]. موقتەدا سەدر خۆی ئەمە بە تۆمەتی شیعەی تاراوگە دەزانێت، کە لە دەرەوە نەیاندەتوانی بەرگەی ئەوە بگرن کە سەدر لە ناوخۆوە بەرەنگاری ڕژێم دەبێتەوە یان «خەڵکانی دڵپیس و خراپەکار بوون»[٢٧]. لە بارەی هۆکاری کارکردنی سەدریشەوە لە سایەی سەددام، موقتەدا پاساو بە کاری ئیمام ڕەزا لە سایەی حوکمڕانیی عەباسی دەهێنێتەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە بەشێك لەوان، بەتوندی بەرپەرچی هەر چەشنە نزیکایەتییەکی باوکی و ڕژێمی بەعسیش دەداتەوە و تیرۆرەکەشی بە کاری ئەوان دادەنێت و بەگژ ڕیوایەتی بەعسدا دەچێتەوە کە ئێرانی پێ تۆمەتبار کرد[٢٨].

**ململانێی سەدر و مەرجەعیەتی نەجەف**

باوکی موقتەدا کە بە «سەدری دووەم» ناسراوە، هاوکات لەگەڵ ڕکابەریکردنی نموونەی ئێرانی و ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕکابەری تەقلیدیی مەرجەعیەتی نەجەف و خودی ئایەتوڵڵا سیستانی بوو، کە پاش مردنی خوئی و سەبزواری لە سەرەتای نەوەدەکان لەسەر تەختی مەرجەعیەت چوارمشقی دانیشتبوو[٢٩]. سیستانی پەیوەندیی ساردوسڕ بووە لەگەڵ محەمەد سەدر و جارێك کە سەردانی کردووە بۆ ئاشتەوایی، ئامادە نەبووە تەوقەی لەگەڵ بکات و تەنانەت تەماشای ناوچاویشی بکات[٣٠]. سەدر خۆی بە شیاوتر دەزانی لە سیستانی بۆ مەرجەعیەت و ئەمەشی بەئاشکرا گەیاندە حەوزە و سەرکردە ئایینییەکانی نەجەف لەدوای مەرگی خوئی، بەڵام هیچی سەوز نەکرد[٣١].

سەدرییەکان بە مەرجەعیەتی خۆیان دەڵێن «الناطقة»، کە هاوتای مەرجەعیەتی تەقلیدیی نەجەفە. ئەم مەرجەعیەتی شەعبییە ڕەخنەگرەش لە دەمی خۆیدا ڕکابەر و نەیاری زۆری هەبووە[٣٢]، یەکێك لەوانەش بنەماڵەی حەکیم بوون لە نەجەف، کە تا سەردەمی باقر حەکیمیش دانیان بە مەرجەعیەتی محەمەد سەدردا نەناوە و بە ساویلکە و پیاوی ڕژێمی بەعسیان دەزانی[٣٣].







«سەدری باوك هەوڵی دەدا چینایەتیی ئایینیو مەزهەبی تێکبشکێنێت، ئەمەش بە میرات بۆ موقتەدا مایەوە»

سەدری باوك هەوڵی دەدا چینایەتیی ئایینی و مەزهەبی تێك بشکێنێت، لە شوێنە پەراوێزخراو و هەژارنشینەکاندا کار و چالاکیی دەکرد و جەماوەری کۆ دەکردەوە و ئەمەش بە میرات بۆ موقتەدا مایەوە[٣٤]، هەر ئەمەش گرەوی گەورەی سەدرە بۆ پێشکەوتن بەسەر مەرجەعیەتی تەقلیدی و بنەماڵە ئەریستۆکراتەکانی شیعە، بەتایبەت ئەوانەی گەشتوونەتە وڵاتانی تاراوگە کە دیارترینیان بنەماڵەی ئایەتوڵڵا ئەبولقاسمی خوئییە کە دوژمنایەتی و ڕقی زۆریان لەگەڵ سەدر هەیە و باوکیشیان لەگەڵ باوکیدا هەیبوو، تا کار گەیشت بەوەی ناوی موقتەدا تێکەڵ بە دۆسیەی کوشتنی عەبدولمەجید خوئی ببێت لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ لەناو سەحنی ئیمام عەلی لە نەجەف و دواتریش لە ٢٠ی ئابی ٢٠٠٣ لە دادگای لێکۆڵینەوەی نەجەف فەرمانی گرتنی بۆ سەدر دەرکرد[٣٥]، بەڵام جێبەجێ نەکرا و وەك کارتی گوشار بە دەست عەلاوی و مالیکی و نەیارانییەوە مایەوە تا کەیسەکە بە هۆی کۆنبوونەوە فەرامۆش کرا.

**وێستگە گرنگەکانی شەڕ و بەریەککەوتنەکانی سەدر لەگەڵ هێزەکانی تر**

موقتەدا سەدر سەرەتای کاروانی سیاسیی خۆی بە شەڕکردنی ئەمەریکییەکان دەست پێ کرد، سوپای مەهدیی دامەزراند و خەڵکانێکی زۆری زەرەرمەندی سەددام و دۆخی دوای سەددامیشی لێی کۆ بوونەوە. سەدر لە قۆناغی یەکەمدا پشتیوانیی سوننەکانی بەدەست هێنا، بەڵام دواتر سوپاکەی خزایە ناو شەڕی تایفی و پەیوەندیی لەگەڵ سوننەکاندا هەڵگەڕایەوە بۆ دوژمنایەتی[٣٦]. شەڕی سەدرییەکان تەنها لەگەڵ ئەمەریکییەکان و سوننەکان نەبوو، بەڵکە لە ٢٠٠٨ کەوتنە بەر ڕقی نووری مالیکی سەرۆکوەزیران لە چوارچێوەی پرۆسەی «صولة الفرسان» و سەرباری بانگەوازەکانی موقتەدا بۆ کۆتاییهێنان بە پرۆسەکە، گوزری گەورە بەر چەکدارەکانی سەدر کەوت[٣٧]. ئەم گرژی و ناکۆکییەش تا ئێستا لەنێوان مالیکی و سەدر وەك دوو قوتبی شیعی و ڕەوتی سەدر و حیزبی

دەعوە وەك دوو هێزی شیعیی کاریگەر بەردەوامن، ئەو هەموو ئەو دەستپێشخەرییانەشی کە کراون بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان؛ شکستیان هێناوە[٣٨]، پێشبینییش ناکرێت لە ئایندەی نزیکدا بەستەڵەکی نێوانیان بتوێتەوە.

**پێیەك لە پرۆسەی سیاسی و پێیەکی تر لە کاری چەکداری**

سەدر لە ڕێگای ژمارەیەك وەزیرەوە بەشداریی لە حکومەتە جیاجیاکانی عێراق کردووە، لە خولەکانی پەرلەمان فراکسیۆنێکی ٣٠-٤٠ کورسیی هەبووە[٣٩] و لە ٢٠١٨ بووە یەکەم هێزی براوەی هەڵبژاردن لە ڕێگەی سائیروونەوە کە ٥٤ کورسیی هەیە[٤٠]. جگە لەم هێزە نەرمانەش، سەدر خاوەن میلیشیای «سرایا السلام»ە کە لە ڕێگای ئەبو یاسری «یاریدەدەری جیهادی» سەدرەوە پەیوەستن بە موقتەداوە و سنووری چالاکییان لەناو خاکی عێراقدایە، بەتایبەت کەرتی سامەڕا کە مەزاری حەسەنی عەسکەری و سەردابی ئیمام مەهدی لەخۆ دەگرێت کە بەشێکن لە پیرۆزییەکانی شیعە[٤١]. جگە لەم شارەش، یەکە و گرووپە تایبەتەکانی ئەم میلیشیایە لە ١٢ پارێزگای عێراقیدا بەشداریی نمایشی سەربازیی تایبەتیان کردووە و ئەرکەکانی خۆشیان بە بەرگری لە پیرۆزییەکانی شیعە دیاری کردووە[٤٢]، بەڵام سەدر لە دیدارێکی ئەم دواییەدا نایشارێتەوە کە زۆر بیر لە چالاککردنەوەی سوپای مەهدی دەکاتەوە و هەڕەشەی ئەوەشی کرد «ئەگەر سوننەکان بگەڕێنەوە بۆ کاری تیرۆریستی، ئەوە ئەوانیش حازرن بۆ پەرچەکردار و پرۆژەی سوپای مەهدی حازرە[٤٣] کە ئەمەش میکانیزمێکی سەدرە بۆ خۆسەلماندن و پەنابردنە بۆ بژاردەی چەك، لە کاتێکدا ئەو خۆی بە قوتابخانەیەکی دینی و ڕەوتێکی سیاسی و جەماوەری دەناسێنێت.

**سەدر، پۆپۆلیزم و جەماوەرییوون**

ڕوتی سەدر؛ جەماوەریترین تەوژمی شیعەیە، ٣٠ کورسیی لە یەکەم هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ بەدەست هێناوە، لە ٢٠١٠دا کورسییەکانی بەرز کردووەتەوە بۆ ٣٩ کورسی[٤٤]، لە ٢٠١٤ گەشتووەتە ٣٦ کورسی و لە ٢٠١٨ لە ڕێگای هاوپەیمانێتیی سائیروون کورسییەکانی گەیاندە ٥٤ و بە پلەی یەکەم هات لەناو هەموو لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردنی گشتی[٤٥]، بەڵام زۆر جار ڕەخنەی ئەوە گیراوە لەم ڕەوتە بەوەی لەبریی ئەوەی جەماوەری بێت، خەریکی پۆپۆلیزمە و لەبریی ئەوەی ئەو جەماوەرەکەی ئاڕاستە بکات، جەماوەرەکەی ئەو ئاڕاستە دەکەن. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا ڕەوتی سەدر خاوەن شوناسێکی سیاسیی دیاریکراو و کۆنکرێتی نییە و لە یەك کاتدا ئایین و سیاسەت و کۆمەڵایەتیی تێکەڵاو کردووە و هەمیشە لە ناوچەی خۆڵەمێشیدایە[٤٦]. جگە لەوەش کێشەیەکی تری ڕەوتی سەدر، ڕاڕایی و بڕیار گۆڕینی ڕێبەرەکەیەتی (موقتەدا) کە لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا چەندین جار بەشداریی سیاسیی خۆی هەڵپەساردووە و دواتر پەشیمان بووەتەوە و لە چەندین وێستگەی گرنگیشدا بە هەمان شێوە بۆچوونە شلۆق و ناجێگیرەکانی جەماوەر و ڕەوتەکەی؛ دووچاری شپرزەیی و پەرتەوازەیی کردووەتەوە[٤٧]. سەرباری ئەم

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



ژمارە (١) ئایاری ٢٠٢٠ ئایندەناسی

پۆپۆلیزمەش، دەکرێت بەگشتی ئەو پێودانگ و بنەمایانەی کە سەدر و ڕەوتەکەی ئاڕاستە دەکەن، بە چەند شتێك دیاری بکرێت، لەوانەش: هەڵوێستە مێژوییەکانی محەمەد سەدری باوك دەربارەی ڕەتکردنەوەی ویلایەتی فەقیهی ڕەها و دژایەتیکردنی ئەمەریکا، پابەندییە سیاسییەکانی ڕەوتەکە وەك لایەنێکی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی، هەوڵی قۆرخکردی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن و بەشداریی لە خۆپیشاندانەکان و خۆپیشاندان وەك لایەنێکی یاخی و شۆڕشگێڕ و چاکەخواز، هەوڵی خۆنمایشکردن وەك پارێزەری مەزهەبی شیعە و دۆستی سوننە و کراوەش بە ڕووی ئەم تایفەیە لە هەمان کاتدا[٤٨].

**پێگەی سەدر لە هاوکێشەی سیاسیی شیعیدا**

لەسەر ئاستە مەزهەبی و ئایینییەکە، سەدر قوتابخانەیەکە هاوتەریب لەگەڵ مەرجەعیەتی تەقلیدیی نەجەف، بەڵام جیاواز لە سەردەمی سەدری باوك، موقتەدا دژایەتیی خۆی بۆ سیستانی و حەوزە ئاشکرا ناکات. نەك هەر ئەوە، بەڵکە لە هەندێ فەتوا و بانگەوازەکانیدا داوای پابەندبوون بە فەتوا و بۆچوونەکانی مەرجەعیەت دەکات[٤٩]، ئەمەش دەشێت لە لایەك تەقییە (التقیة) و خۆپارێزی بێت و لە لاکەی تر ملدانی ڕواڵەتی بێت بۆ ئەو کاریگەری و هەژموونە گەورەیەی مەرجەعیەت لە سەردەمی سیستانی هەیەتی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا سەدر خۆی بەبێ ئەوەی مەرجەع و ئایەتوڵڵا بێت، فەتوا دەردەکات و لایەنگرەکانی بەگشتی تەقلیدی سیستانی ناکەن و لە هەندێك کاروباردا دەگەڕێنەوە سەر مەرجەعەکانی تر، بەتایبەت حائیری شیرازی و ئیسحاق فەیاز، ئەمە جگە لەوەی ڕەوتی سەدر خۆی قوتابخانەیەکی ئایینی و مەزهەبیی سەر بە مەرجەعیەتی گۆیا (الناطقة)یە[٥٠].

**جەماوەر بۆ سەدر، دەوڵەت بۆ حیزبی دەعوە**

لە بارەی کاریگەریی سیاسییشەوە، سەدرییەکان خاوەن پێگەیەکی گەورەی پەرلەمانین، ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە دانانی جەعفەری بە سەرۆکوەزیران بەرامبەر عادل عەبدولمەهدی (٢٠٠٥)، هەر ئەوان ویلایەتی دووەمی مالیکییان یەکلایی کردەوە سەرباری دوژمنایەتیی زۆر (٢٠١٠)، پاڵپشت و یارمەتیدەر بوون بۆ ویلایەتی عەبادی کە بەسەر مالیکیدا هەڵگەڕایەوە (٢٠١٤)، لە دانانی عادل عەبدولمەهدیدا لایەنی سەرەکی بوون (٢٠١٨) و بۆ ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەلاوییش بە هەمان شێوە ڕۆڵیان هەبوو، هەر چەندە سەر نەکەوت لە ئەرکەکەیدا[٥١]، تەنانەت سەدر شانازی بەوەوە دەکات هیچ سەرۆکوەزیرانێك لە عێراقی پاش ٢٠٠٣ بەبێ ڕەزامەندیی ئەو دانەنراوە[٥٢]. بەڵام ئەم ڕەوتە کێشەی ئەوەی هەیە ئەم کاریگەری و پێگە پەرلەمانییەی شۆڕ نەبۆتەوە بۆ قووڵایی دەوڵەت کە لەلایەن حیزبی دەعوەوە بەشی زۆری کۆنترۆڵ کراوە، بە جۆرێك زۆرترین جەماوەر و کورسیی پەرلەمانی و هەژموونی سیاسیی هیی سەدرە و زۆرترین پۆست و پێگەی حکوومیی هەستیار و پلە تایبەتیش هیی حیزبی دەعوە[٥٣].

### ٣. ڕەوتی حیکمەی حەکیم و جێهێشتنی میراتی ئەنجوومەنی ئیسلامی

ڕەوتی حیکمە یەکێکە لە باڵە جیابووەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیو لەلایەن سەرکردەی گەنجی شیعە؛ عەممار حەکیمەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. عەممار حەکیم کوڕی عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی پێشووی کۆچکردووی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیو کوڕەزای مەرجەعی باڵای کۆچکردووی شیعە؛ سەیید موحسین ئەلحەکیمەو لە ١٩٧١ لە شاری نەجەف لەدایك بووە، دایکیشی لەبنەماڵەی سەدرە[٥٤]. قسەوباسی زۆر هەن لەسەر هۆکاری جیابوونەوەی حەکیم لەو ئەنجوومەنی ئیسلامییەی کە مامی و باوکی سەرۆکایەتییان کردووەو لە ٢٠٠٩ بەمیرات سەرۆکایەتییەکەی وەرگرت، بەڵام حەکیم زۆر نەچووەتە وردەکاری، لەکاتێکدا ڕکابەرەکانی لەئەنجوومەنی باڵا هۆکارەکەیان گێڕایەوە بۆ تاکڕەویی ناوبراوو نەبوونی مەرجی فەقاهەت، بەوپێیەی خوێندنی حەوزەی تەواونەکردووە لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخستنی تایبەت بەخۆی لەناو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی[٥٥].



**«بەهۆی جیابوونەوەیەوە لە ئەنجوومەنی باڵا، پەیوەندیی نێوان حەکیم و ئێران کێشەی تێکەوت»**

### شوناسی حیکمە و بەریەککەوتن لەگەڵ ئێران

بەهۆی جیابوونەوەیەوە لە ئەنجوومەنی باڵا، پەیوەندیی نێوان حەکیم و ئێران کێشەی تێکەوت، لە کاتێکدا باوکی (عەبدولعەزیز حەکیم) و مامی (محەمەد باقر حەکیم) لە نزیکترین هاوپەیمانەکانی تاران بوون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بانگەشەی عەمار حەکیم بۆ «ڕەوتی مەدەنی» و گرنگیدانی بە گەنجان و ژنان و ڕیکلامکردن بۆ خۆی وەك سەرکردەیەکی عەرەب بۆ شیعەی عێراق، کە ئەوەش درووشم و بانگەشەی چەندین ساڵەی سەرەکیی موقتەدا سەدری ڕکابەریەتی[٥٦] و مایەی بێزارییە بۆ ئێران.

لە وتاری دامەزراندنەکەیدا (٢٤ی تەمموزی ٢٠١٧)، عەممار حەکیم ڕەوتی حیکمەی بە «تەوژمێکی سیاسیی نوێ» ناساند، کە زادەی خەم و ژانی خەڵکی عێراقە[٥٧] لە یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردندا لەپاش جیابوونەوە لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی. ڕەوتی حیکمە ٢٠ کورسیی لە پەرلەمانی عێراق بەدەست





هێنا[٥٨]، ئەمەش تا ڕادەیەك دەشێت بە سەرکەوتن بۆ ڕیسکی عەمار حەکیم لەقەڵەم بدرێت کە دەستبەرداری ناو و ناوبانگی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بووە، پاش شەڕێکی میدیایی و ملشکاندنی یەکتری بە هۆی ناکۆکی لەسەر میراتی بنەماڵەی حەکیم و دابەشکردنەوەی پێگە و بارەگاکانیان[٥٩]. بەڵام ئەم ٢٠ کورسییەی حەکیم کە بەبێ هاوپەیمانێتی بەدەستی هێنا، نەبووە هۆی ئەوەی کە ببێتە یەکێك لە ئاڕاستەکەرەکانی پێکهێنانی حکومەت و دیاریکردنی هاوپەیمانێتییەکان و زیاتر وەهای کرد وەك هێلکەی قەپان دەربکەوێت لە هاوکێشە شیعییەکان بۆ زۆرکردنی ژمارەی لایەك بەسەر لاکەی تردا[٦٠].

### کێشەی بژاردەی ئۆپۆزسیۆنبوونی حیکمە

لەپاش حەوت مانگ لە پێکهێنانی حکومەت، ڕەوتی حیکمە خۆیان وەك ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی ڕاگەیاند، بەهیوای ئەوەی ببنە گەورەترین فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن، لە کاتێکدا تا دەهات ناڕەزایەتی لە کابینەی عەبدولمەهدی پەرەی دەسەند[٦١]. ڕەوتی حیکمە هەر بەم ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆنە نەوەستان و هەوڵیان دا زنجیرەیەك خۆپیشاندان لە شارەکانی عێراق دژی حکومەتی عەبدولمەهدی ڕێك بخەن، ئەمەش تووڕەیی و ناڕەزایەتیی زۆری باڵە ئێرانییەکانی شیعەی بەدوای خۆیدا هێنا و حەکیمیان بە تێکدەر و شوێنکەوتەی نەیاران دایە قەڵەم[٦٢]. لە دەرەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانیش، ئەمە زیاتر لە هەنگاوەکانی موقتەدا سەدر دەچوو کە ساڵانێکی زۆرە کۆنترۆڵی شەقامی شیعە و گوتاری ئۆپۆزسیۆنی کردبوو بۆ خۆی. بەڵام بە پێچەوانەی گوتاری میدیایی سەدرەوە، ڕەخنەی ئەوە لە گوتاری حەکیم و حیکمە گیراوە کە بنەماکانی ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆی بۆ دژایەتیی هاوپشکی تایفی و بنەما خراپەکانی پرۆسەی سیاسی نییە و هۆکارەکانی ناڕەزایەتییەکانی ڕوون نین[٦٣]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حەکیم وەك سەدر ناتوانێت سواری شەپۆل ببێت و وەك ڕەوتێکی سیاسیی شیعەش خۆیان ڕۆڵە و لە باوکانی دامەزرێنەری سیستمی (٢٠٠٣)ن، کاتێك لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بوون. ئەوەشی جێگەی سەیر بوو، پاش چەند مانگێك لە ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆنبوون، عەممار حەکیم لە بارەگاکەی خۆی لە جادریە میوانداریی کۆبوونەوەیەکی لایەنە سیاسییە سەرەکییە شیعە و سوننە و کوردەکانی کرد بۆ ڕزگارکردنی حکومەتی عەبدولمەهدی، کە دووچاری گوشار و ناڕەزایەتیی زۆری خۆپیشاندەران هاتبوو[٦٤]، ئەمەش پرسیاری زۆری لەسەر جۆری ئۆپۆزسیۆنبوونی ڕەوتی حیکمە دروست کرد.

### ٤. حیزبی فەزیلە، ڕووکارە سیاسییەکەی یەعقوبی

فەزیلە کە باڵی سیاسیی گرووپێکی ئایینییە بە ناوی «الفضلاء»، یەکێك بوو لەو حیزبە شیعانەی بە خێراییەکی زۆر لەدوای ٢٠٠٣ دەرکەوت[٦٥]. ئەم حیزبە بانگەشەی ئەوە دەکات بیرۆکەی دامەزراندنەکەی پێش ٢٠٠٣ و لە بارودۆخی پاش تیرۆرکردنی محەمەد سادق سەدر گەڵاڵە بووە، بەتایبەت کە محەمەد سەدر «وەسێتی کردبوو لەپاش خۆی

کاروبارەکان بچنە لای محەمەد یەعقوبیی خوێندکارەکەی»، کە ئێستا مەرجەعی ئایینی و رۆحیی فەزیلەیە[٦٦]. بەم پێیەش ئەم حیزبە لە بندەستی سەدری دووەمەوە هاتۆتە دەر، بە هەمان شێوەی رەوتی سەدر و عەسایبی قەیس خەزعەلی. یەعقوبی لەدایکبووی ١٩٦٠ی بەغدایە و دەرچووی ئەندازەی شارستانییە، لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان متمانەی محەمەد سادق سەدری بەدەست هێناوە و ئەمیش پشتیوانی ئەو بووە لە راگەیاندنی مەرجەعیەتی سەدری دووەم و لەگەڵیدا بووە تا تیرۆرکردنی لە شوباتی ١٩٩٩ و هەر ئەمیش نوێژی لەسەر تەرمەکەی کردووە[٦٧]. لە دامەزراندنی ئەم حیزبەدا، یەعقوبی پشتی بە پلەی ئیجتیهادی خۆی بەستووە کە خۆی دەڵێت لە رێگەی ئایەتوڵڵا مونتەزیری ئێرانییەوە بەدەستی هێناوە[٦٨].

حیزبی فەزیلە لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بە ویلایەتی فەقیهـ هەیە، بەڵام پێیان وایە لە ئێستادا رێگریی زۆر هەیە بۆ گەشتن بەم قۆناغە، بۆیە لەبریی ئەوە پەنابردنیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێ باشە بۆ دیاریکردنی گرووپێك کە وڵات بەڕێوە ببەن کە شەرعیەتی خەڵکیان هەبێت[٦٩]، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش فەزیلە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا بەشدار بوون و حیزبەکە ١٥ کورسیی بەدەست هێنا لە پەرلەمانی عێراق، لە کۆی ١٣٢ کورسی کە بەر هاوپەیمانێتیی شیعەکان کەوت. پێگەی سەرەکیی ئەم حیزبەش، زیاتر لە پارێزگای بەسرە و پارێزگاکانی باشوور بوو[٧٠]. فەزیلە بە پێداگرییان لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی نەوت لە ٢٠٠٦ ناویان دەرکرد[٧١]، لەگەڵ هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی یاسای جەعفەری بۆ باری کەسێتی لەلایەن وەزارەتی دادەوە کە پشکی ئەوان بوو لە ٢٠١٠-٢٠١٤، ئەم یاسایە رێگەی بە هاوسەرگیریی منداڵان دەدا و بووە هۆی نارەزایەتیی زۆری ژنانی چالاك و مەدەنی[٧٢].

بە هۆی ئەوەی بەم دواییانە هێزە چەکدارەکانی شیعە دەنگیان بڵند بوو، کاریگەریی فەزیلە لەچاو جاران کەمتر هەستی پێ دەکرێت، جگە لەوەش لە چەند مانگی رابردوودا زنجیرەیەك ناکۆکیی ناو حیزبەکە لەسەر بەشکردنی دەستکەوت و ئیمتیازات دزەی کرد بۆ میدیاکان کە سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پەیکەری فەزیلەی بەدوادا هات کە ٧ کورسیی لە ٣٢٩ کورسیی پەرلەمانی عێراقدا هەیە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیی نەسری عەبادی[٧٣].

## سیناریۆ بەردەستەکانی ئایندەی هێزە سیاسییەکانی شیعە

### حیزبی دەعوە

بەپێی ئاماژە بەردەستەکان و بە خوێندنەوەی دۆخی گشتیی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





عێراق، پێگەی حیزبی دەعوە بەرەو داکشانی زیاتر دەڕوات لەوەی پێشتر باس کرا لە دابەزینی دەنگدەر و ژمارەی کورسییەکان لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، لەوانەش: لاوازبوونی پەیکەر و دامەزراوەیی حیزب، تاکڕەویی ئەمیندارەکەی و گرنگیدانی بە زاوا و ئامۆزاکانی، زاڵبوونی «بەرژەوەندیخوازی» بەسەر بیروباوەڕ و لایەنە مەعنەوییەکانی جاران وەك حیزبێکی «جیهادی»، کاڵبوونەوەی پاشخانە مێژوویی و فیکرییەکان وەك گەورەترین و کۆنترین و هەمەچەشنترین حیزبی شیعەی عێراق، ئەمە جگە لە بارودۆخی پاش راپەڕینی تشرینی ٢٠١٩ لە بەغدا و پارێزگا شیعییەکان کە ئیسلامی سیاسیی کردووەتە ئامانجی خۆی، لەم میانەیەشدا حیزبی دەعوە تۆمەتبارە بە شکستهێنان لە کاری بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لە کاتێکدا جاران وەك فریادڕەس تەماشا دەکرا[٧٤]. جگە لەمەش حیزبی دەعوە لە ئێستادا لە ئیسلامیی رادیکاڵییەوە گۆڕاوە بۆ ئیسلامیی مفتەخۆر (الريعي)[٧٥]، هەروەها کەوتووەتە سەردەمێکیشەوە کە ژیان لەسەر سەرروەرییەکانی رابردوو بەس نییە بۆ پێشەنگبوون و ئەمەش بەڕوونی لە گوتاری راپەڕینی تشرینی ٢٠١٩دا دیارە، کە ئەمەش هاوکات لەگەڵ داتەپینی پێگە جەماوەرییەکەی حیزبی دەعوە. بەڵام ئەم حیزبە بە کەڵکوەرگرتن لە ساڵانی حوکمڕانیی جەعفەری و مالیکی و عەبادی (٢٠٠٥-٢٠١٨) و بە هۆی ئەزموونی سیاسیی خۆیانەوە بەتەواوی چوونەتە جومگە گرنگەکانی بەڕێوەبردن و زۆر جار بە «دەوڵەتە قووڵەکە» ناویان دەبرێت، لە کاتێکدا خۆیان هەمیشە رەتی دەکەنەوە[٧٦].

### رەوتی سەدر

لەپاش کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس لەنزیك فرۆکەخانەی بەغدا لەگەڵ دەستپێکی ٢٠٢٠، بۆشاییەکی گەورە لە گۆڕەپانی سیاسیی شیعەی عێراق دروست بوو کە لە سەرەتادا حیزبوڵڵای لوبنان فەرمانی وەرگرت لە ئێران بۆ پڕکردنەوەی[٧٧]. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا سەدر کۆمەڵێك هەنگاوی نا، کە ئەوەی لێ خوێنرایەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانی شیعەی عێراق بێت، لەوانەش: رێکخستنی


خۆپیشاندان دژی بڵاوبوونەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق، سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی تشرین و قسەکردنی سەدر لە سیستمێکی سیاسیی هاوشێوەی باوکایەتی لە سایەی ڕێبەرایەتیی خۆیدا[٧٨]، جگە لەوەش هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن سەدر لەلایەن ئێرانەوە گفتی پێ درابێت کە سەرۆکایەتیی حکومەتی داهاتوو بۆ ڕەوتەکەی ئەو بێت[٧٩]، لە پەنا ئەمانەشدا سەدر وەك هێزێکی ئایینیی گەورە؛ ئامادەییەکی بەهێزی هەیە بۆ پڕکردنەوەی زۆرترین پانتایی لە حەوزە لە حاڵەتی مەرگی ئایەتوڵڵا سیستانیدا کە ئێستا تەمەنی لە ٩٠ ساڵدایە. هێزە سیاسییەکانی شیعە و دەرەوەی شیعەش درکیان بەم هەڵکشان و ئەگەرانەی ئایندەی خەونەکانی سەدر کردووە، بۆیە بەشێکیان پڕۆژەی متمانەدانیان بە حکومەتی محەمەد تۆفیق عەلاوی شکست پێ هێنا[٨٠] کە ڕاستەوخۆ پاڵپشتی سەدری هەبوو، بەتایبەت پاش ئەوەی موقتەدا سەدر هەڕەشەی ئەوەی کردبوو ئەگەر دەنگی تەواو بەدەست نەهێنێت، ئەوە گەمارۆی ناوچەی سەوز بدات و یاخیبوون و خۆپیشاندان بەرپا بکات[٨١].

**ڕەوتەکەی عەممار حەکیم**

ئەو ئەنجامە مامناوەندەی حەکیم لەپاش دروستکردنی ڕەوتەکەیەوە بەدەستی هێناوە، قەناعەتێکی وەهای دروست کردووە کە هەندێك بڵێن پێگە و نفوزە سیاسییەکەی حەکیم هاوتای ئامادەییە میدیاییەکەی نییە[٨٢]، ئەمە جگە لەوەی هاوتای باکگراوەندە مێژووییەکەشی نییە وەك ڕۆڵە سیاسییەکەی بنەماڵەی حەکیمی تەباتەبایی. بەڵام بە هەڵوەستەکردن لەسەر گوتار و بەیاننامەکانی حیکمە، گرەوی ئەم ڕەوتە لەسەر ڕێبازی میانڕەوانە و کرانەوەیە بە ڕووی گەنجان و ژنان و ئەو نەوە نوێیەی شیعەیە کە سەری هەڵداوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی حەکیم خۆی بەشێکە لە سیستمی حوکمڕان، قورسە موفاجەئەی گەورە دروست بکات، بەتایبەت لە دۆخێکدا کە سەدر کۆنترۆڵی شەقامی ناڕازیی کردووە لە چەند ڕێگایەکی جۆراوجۆرەوە.

**حیزبی فەزیلە**

هەر چەندە فەزیلە خۆی بە حیزبێکی بان تایفی و تەکنۆکرات








دەناسێنێت کە کار بۆ سەربەخۆیی و یەکێتیی عێراق دەکات[٨٣]، بەڵام زیاتر وەك واجیهەیەکی سیاسی و دارایی مەرجەعیەتی یەعقوبی و ماکینەیەکی ڕیکلامی سیاسی بۆ ئەم مەرجەعیەتە دەردەکەوێت کە ئاسۆی فراوانبوونی لە دنیای جەنجاڵی ململانێی مەرجەعەکاندا زۆر فراوان نییە، ڕەنگە بۆ داهاتووش هەروەك ئەم ژمارە سنووردارە لە هاوکێشەی شیعیدا بمێنێتەوە کە زیاتر چەك و پارە و دین و پۆپۆلیزم ئاڕاستەی دەکات لە ئێستادا، نەك گوتاری مەزهەبییانەی دەستەبژێرانەی لە چەشنی گوتاری فەزیلە.

**ئەنجام**

لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کۆمەڵێك هێزی سیاسیی شیعە کە باکگراوەندی چەکداری یان بنەماڵەیی و کاریزماتیکی سەرکردەکان یان مێژوویی و ڕێکخستنیان هەبوو، جڵەوی نوێنەرایەتیی ئەم پێکهاتەیە و لەگەڵیشیدا حوکمڕانیی عێراقیان گرتە دەست لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترا «ماڵی شیعە»، بەڵام لەگەڵ ڕەوینەوەی مەترسییەکان لەسەر ئەم پێکهاتەیە، ناکۆکی و پەرتەوازیی و پێشهاتی تری ئەمنی و جەماوەریی وەك دەرکەوتنی داعش و بزووتنەوەی ناڕەزایەتییەکان، ئەم نەخشە سیاسییەی گۆڕی لە بەرژەوەندیی هەندێ هێزی نوێ و ڕایەڵەکانی هاوپەیمانێتی و یەکدەنگیی جارانی شیعەی بچڕاند. هێزە کۆنەکانی شیعە هەندێکیان لە پاشەکشە و هەندێکی تریان لە دابەشبووندان و هەندێك لەوانەشیان کە دێرین و تۆکمە بوون، خۆریان بەرەو ئاوابوون دەڕوات و ئەو کاریگەرییە عەقایدی و گوتاری مەزلومیەتەی هەیانبوو بە هۆی دەسەڵاتەوە، تا دێت بەرەو کاڵبوونەوەی زیاتر دەڕوات.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) مكي، لقاء، «خارطة القوى السياسية في العراق»، https://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/9e115e70-fedb-466b-8ca7-2f14163fcc51 ،(9/3/2019 :متاح).

(٢) الحرة(٢٠١٩/١١/٢٩)، «الجيش الأميركي يقصف ٥ مواقع لكتائب حزب الله بالعراق و سوريا» www.alhurra.com/a/%D9%82%D8%AA%D9%84%D9%89- , (5/3/2020 :متاح).

(٣) براثا(٢٠٠٩/٥/٥)، «العامري: منظمة بدر مستقلة ولن تحتاج الى الانشقاق عن المجلس الاعلى» http://burathanews.com/arabic/news/65140، 5/3/2020).

(٤) الشمري، براء(٢٠١٧/٦/٣٠)، «انشقاقات التحالف الحاكم تفتح الصراع على قصور صدام حسين في الجادرية» https://www.alaraby.co.uk/politics/2017/7/31/%D8%A7%D9%86%D8%B4%D9%82%D8%A7%D9%8، متاح:) 8/3/2020.

(5) Smyth, Phillip, (11/6/2018), Iranian Militias in Iraq›s Parliament: Political Outcomes and U.S. Response washingtoninstitute, link: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/iranian-militias-in-iraqs-parliament-political-outcomes-and-u.s.-response,(accessed:11\3\2020)

(٦) الخيون، رشيد(٢٠١١)، ١٠٠ عام من الإسلام السياسي بالعراق، مركز المسبار للدراسات والبحوث، دبي، الكتاب ١، ص١٧١-١٨١.

(٧) مروان أحمد سلمان (٢٠١٧/٩)، «نماذج من حركات وأحزاب الإسلام السياسي في العراق»، مجلة الآداب، جامعة بغداد، ملحق العدد ١٢٢، ص ٣٣٥-٣٥٨.

(٨) الخرسان، صلاح(٢٠٠٤)، الإمام السيد محمد باقر الصدر في ذاكرة العراق، مؤسسة البلاغ، بيروت، ص١٦.

(٩) علي المؤمن(٢٠١٩/٣/٦)، «تحولات حزب الدعوة ومستقبله» https://www.sotaliraq.com/2019/03/06/%D8%AA%D8%AD%D9%88 %D9%84%D8%A7%D8%AA-%D8%AD%D8%B2 %D8%A8-, (10/3/2020 :متاح).

(١٠) رمزي، خلود (٢٠٠٢/٦/١)، «حزب الدعوة ورحلة الإنقسامات»، https://www.niqash.org/ar/articles/politics/٢٢٢٥/ (متاح: ٢٠٢٠/٣/١٩)

(١١) الوقائع العراقية(١٩٨٠/٤/٢١) ، بغداد، العدد ٢٧٦٩، ص٦١٧.

(١٢) علي المؤمن، «تحولات حزب الدعوة و مستقبله»، مصدر سابق.

(١٣) وكالة نون (٢٠١٤/٨/١٨)، «كيف ولماذا تنحى السيد نوري المالكي؟»، http://non14.net/٥٣٤٠٠، (متاح: ٢٠٢٠/٣/١٠).

(١٤) چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ عەلی ئەلمەدەن(٢٠٢٠/٣/١٠). عەلی ئەلمەدەن شارەزا و دەرچووی حەوزەی نەجەفە.


(١٥) طالب عزيز(٢٠١٩)، خريف الدعوة، القاهرة: دار بدائل،

# وەرگێڕان

ئایندەناسی

# سیاسەتی کارەکتەرە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بەرامبەر هەرێمی کوردستان

نوسین: محەمەد بۆرا سان یورەک    وەرگێران: هێمن محەمەد قادر




تێبینی: نووسەر ئەکادیمییەکی وڵاتی تورکیایە و بە دیدی سیاسەتی گشتیی تورکیا دەڕوانێتە بابەتەکانی پەیوەست بە کورد و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی تەنیا بۆچوونی نووسەر دەخاتە ڕوو و بەرپرس نییە لە ناوەڕۆکی بابەتەکە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





## پرۆفایل

د. محەمەد بۆرا سان یورەک لە ١٩٨١/٤/٢٣ لە شاری ئیزمیر لە وڵاتی تورکیا هاتۆتە دونیاوە، خوێندنی ئامادەیی و بەکالۆریۆسی لە شاری ئیزمیر تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠١٢ لە زانکۆی ئاتڵم بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە ساڵی ٢٠١٩ لە زانکۆی غازی لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. نووسەر لە بواری ئەکادیمیدا خاوەنی چەندین توێژینەوەی گرنگە و پسپۆڕە لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی کورد لە ناوچەکەدا. لە ئێستادا وەک وانەبێژ لە زانکۆی مونزور لە دەرسیم کار دەکات.


**پوختە**

دوای پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، عێراق کەوتە نێو پرۆسەی دووبارە ڕێکخستنەوە و بونیادنانەوەی دامەزراوە ئیدارییەکانی. لەم چوارچێوەیەشدا بەپێی دەستوور، ئیدارەیەکی سەربەخۆی کوردی لە هەرێمی کوردستان دامەزرا. ئەم ئیدارەیە لە دەستووری عێراقیدا بە شێوەیەکی فەرمی ناوی بە «حکومەتی هەرێمی کوردستان» هاتووە، وە لەلایەن دامودەزگا ڕەسمییەکانی دەوڵەتی تورکیاوە بە «دەسەڵاتی خۆجێیی باکووری عێراق» ناسراوە. لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تاوەکوو ئێستا، هەیکەلی کارگێڕی و سیاسیی ئەم ئیدارەیە هاوشێوەی دەوڵەتێک ڕێک خراوە و لە بەدامەزراوەییبوون بەردەوامە.

ئەمەش وای کردووە دەوڵەتانی ناوچەکە بە چاوی گومان و نیگەرانییەوە بڕواننە ئەم ئیدارەیە، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە دانیشتووانی کوردیان لەخۆ گرتووە وەک ئێران و تورکیا، چونکە پێیان وایە ئەم ئیدارەیە دەبێتە هۆی کرانەوەی دەرگا لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ناوچەکەدا. ئەم وڵاتانە سەرباری زیادبوونی نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە زیادبوونی داواکاری سیاسیی هاووڵاتییانی کورد لە وڵاتەکانیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا دوورەپەرێز نەوەستاون و بەگوێرەی پێویستیی بەرژەوەندییەکانیان ؛ پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئەم ئیدارەیەدا دروست کردووە، تەنانەت هەندێک جار لە ڕکابەرییەکانی نێوان خۆیاندا وەک ئامرازێک بەکاریان هێناوە. ئەم ئیدارەیە لەگەڵ ئەوەی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی

ئاسایش و کێشمەکێشمی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی هاوسەنگییە هەرێمییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بهێنێت.

لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بە پەیوەندیی هێزە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئیدارەی خۆجێیی باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان)دا، دەتوانین بڵێین بە هۆی دەوڵەمەندیی ناوچەکە بە سەرچاوە نەوتییەکان، ئەم پەیوەندییانە زیاتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووری و بازرگانیی ئەو دەوڵەتانە بونیاد نراوە. وێڕای ئەوەش دەوڵەتانی وەکوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا کە چالاکن لە مەیدانی سیاسیی ناوچەکەدا، لەپاڵ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانیاندا، کورد وەک کارتێکی بەهێز دەبینن بۆ فشار خستنەسەر دەوڵەتانی نا و چە کە .

## ١. کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان

### ١.١. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا



ستراتیژی نێونەتەوەیی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە بونیاد نراوە کە ڕێگە بە هیچ دەوڵەتێک نەدات چ دۆست بێت یاخود دوژمن، هێندە بەهێز ببێت و گەشە بکات کە ببێت بە ڕکابەرێک بۆ خۆی. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیرۆکەیەدا: «ئەوەی دەست بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا بگرێت، دەست بەسەر جیهاندا دەگرێت»، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی داوە لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی وزە و هێڵەکانی گواستنەوەی وزەوە؛ سەرجەمی ئەو دەوڵەتانەی کە وەک ڕکابەر دەیانبینێت، لەوانە: ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا لە کیشوەری ئەورووپا و ڕووسیا و چین، کۆنترۆڵ بکات و بیانخاتە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتی خۆیەوە (Kissinger, ٢٠٠٢: ١٢٧-١٣٠).

لەم چوارچێوەیەدا و بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی دەستتێوەردانی سیاسی و سەربازی و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی عێراق و ئەفغانستان، هەوڵی دا سەرچاوەکانی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست کۆنترۆڵ بکات. ئەمەریکا لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ناوچە ستراتیژییەکانی جیهانەوە، توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر سەرچاوەکانی وزەی دەوڵەتانی هاوردەکاری وزە وەک دەوڵەتانی ئەورووپا و چین، بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە (Arı, ١٩٩٩: ٥٣). لە لایەکی دیکەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەر بەوەندە نەوەستاوە کە سەرچاوەکانی





وزە و هێڵەکانی گواستنەوەی وزە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵکوو هەوڵی داوە لە سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی کە بۆریی نەوت و غازی سروشتیی پێدا تێدەپەڕێ، کارئاسانی بکات بۆ هاتنەسەرتەختی ئەو حکومەتانەی کە بە لایەنگری خۆی دادەنرێن، بە مەبەستی فشارخستنەسەر دەوڵەتێکی هەناردەکاری وزەی وەک ڕ و و سیا .

لە ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی وزە بونیاد نراوە، هەرێمی کوردستان و ئەو کوردانەی کە لەم ناوچەیەدا نیشتەجێن، پێگەیەکی تایبەتیان هەیە. ئەو هێز و لایەنە کوردییانەی لە ماوەی پرۆسەی داگیرکردنی عێراقدا پشتیوانیی تەواویان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد، لە ڕێگای دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆوە لە هەرێمی کوردستان چوونەتە نێو پرۆسەی بەدەوڵەتبوونەوە لە ناوچەکەدا. ئەم بەرەوپێشچوونە گەر ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لای ئەو دەوڵەتانەی کە دانیشتووانی کوردیان لەخۆ گرتووە لە ناوچەکەدا وەک: ئێران، سووریا و تورکیا، ئەوا لەلایەن دەوڵەتێکی وەکوو ئیسرائیلەوە کە مەترسیی ئاسایشی لەسەرە، بەگەرمی پێشوازیی لێ کراوە.

سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر دوو بنەمای سەرەکی بونیاد نراوە، ئەوانیش بریتین لە:

- کۆنترۆڵکردن و گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە بە شێوەیەکی پارێزراو بۆ ئەمەریکا و بازاڕەکانی جیهان.
- دابینکردنی ئەمن و ئاسایش بۆ ئیسرائیل.

لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ دراوە لە ڕێگای دەستەبەرکردنی پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە هەرێمی کوردستان بکرێت بە مەبەستی ڕێگریکردن لە

“ ئەمەریکا دەیەوێت کارتی کورد دژ بە دەوڵەتانی عێراق، سووریا، ئێران و تورکیا لەدەستی خۆیدا بهێڵێتەوەو بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پەیامی گەیاندۆتە هەریەک لەو وڵاتانە ”

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەتەنها مانەوەی ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی نامۆ لە ناوچەکەدا لە لایەک و هێنانەئارای هاوسەنگیی هێز لەنێوان ئیسرائیل و ئەو دەوڵەتانەی کە ڕکابەریی لەگەڵیاندا هەیە؛ لە لایەکی دیکەوە. بەڵام لەژێر کاریگەریی ئەو گریمانەیەدا کە پێی وایە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی زیاتر قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان و هێنانەئارای ناسەقامگیریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت لەبەردەم گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە بۆ بازاڕەکانی جیهان، تا ئێستا نەتوانراوە بیرۆکەی دامەزراندی دەوڵەتێکی کوردی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە لایەکی دیکەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەیەوێت کارتی کورد دژ بە دەوڵەتانی عێراق، سووریا، ئێران و تورکیا لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پەیامی گەیاندۆتە هەریەک لەو وڵاتانە، گەر بێتوو دژ بە سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا بوەستنەوە، ئەوا کارتی کوردیان دژ بەکار دێنێت (Arı, ١٩٩٩: ٥٣). واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک بەرژەوەندی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدی دێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەو کارتەی کە ئەمەریکا بە شێوەیەکی بەردەوام دژ بە هەریەک لە دەوڵەتانی ناوچەکە بەکاری دێنێت. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق، ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی شیعەمەزهەبی نزیک لە ئێران؛ لە باشووری عێراق دەکاتە ئەمری واقیع.

هەر چی دەوڵەتانی دیکەی کەنداوە، سەرباری ئەوەی لەلایەن ڕژێمە سوننییەکانەوە بەڕێوە دەبرێن، بەڵام بە هۆی لەخۆگرتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتییانی شیعەمەزهەب، دەترسن لەوەی پارچەپارچەبوونی عێراق ببێتە هۆی زیادبوونی نفوزی ئێران بۆ سەر وڵاتەکانیان، لە هەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ زیادبوونی هێز و دەسەڵاتی ئێراندا نییە لە ناوچەکە. بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەژێر کاریگەریی ئەم فەکتەرانەدا نەک هەر کارێکی ئەستەمە، بەڵکوو تەنانەت گەر داشبمەزرێت، ناتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. بۆیە سیاسەتی بنەڕەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بریتییە لە پاراستن و بەکارهێنانی کارتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دژ بەو هێزانەی کە وەک نەیاری دەردەکەون لە ناوچەکەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم قۆناغەدا هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی خۆی بەگەرموگوڕی لەگەڵ دەستەڵاتدارانی کورددا بهێڵێتەوە لە چوارچێوەی ئەم ئامانجانەدا (Koç, ٢٠٠٧: ٣٢):

- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی پاراستن و بەردەوامیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورددا، هەوڵ دەدات ئەوە نیشانی جیهان بدات نەک هەر پشت لە دۆستەکانی ناکات، بەڵکوو خەڵاتیان دەکات.
- بەجێهێشتنی چیرۆکێکی سەرکەوتن پاش پڕۆسەی داگیرکردنی عێراق.
- کۆنترۆڵکردنی هەرێمی کوردستان، بە هۆی ئەو پێگە گرنگەی کە ئەم ناوچەیە لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی هە یە تی .
- دروستکردنی هاوپەیمانێکی نوێ لە ناوچەکەدا پاش ئیسرائیل.
- ئاڕاستەکردنی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

سەرباری ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پیادەکردنی سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەکات (Koç, ٢٠٠٧: ٣٤):

- لە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا، ئێرانیش کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیی شیعەمەزهەب دەکات لە ناوچە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی باشووری عێراقدا.
- خۆپاراستن لە ئەگەری تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی عەرەبی سوننەدا.
- ئەگەری تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا دا.

### ١. ٢. یەکێتیی ئەورووپا



پڕۆسەی داگیرکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و ئاڵۆزکردنی پەیوەندیی نێوان وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا لە لایەک و یەکێتیی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لایەکی دیکەوە. سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ناکۆکییانەش لەنێوان هەریەک لە وڵاتانی بەریتانیا لەگەڵ ئەڵمانیا و فەڕەنسا، بەڕوونی هەستی پێ کرا. لە کاتێکدا دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپا وەک ئەڵمانیا و فەڕەنسا دژ بەم پڕۆسەیە بوون، دەوڵەتانی دیکەی وەک بەریتانیا، ئیتالیا و ئیسپانیا و بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٤) ەوە بووبوون بە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا، پشتیوانییان لە لەشکرکێشیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد.

هەریەک لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەڕەنسا دژ بە دەستتێوەردانی سەربازی

بوون لە عێراق. سیاسەتی هەریەک لەم وڵاتانە بە ئاڕاستەی سەپاندنی کۆمەڵێک سزای سیاسی و ئابووری بوو بەسەر عێراقدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، تا لەم ڕێگەیەوە ناچار بکرێت لێپرساوێتییەکانی بەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جێبەجێ بکات. هەروەها ئەڵمانیا و فەڕەنسا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن، دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نائارامی و ئاڵۆزیی زیاتر لە ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەی ئەڵمانیا و فەڕەنسا لە سەرەتادا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لەگەڵ ئاکاری سیاسیی ئەوان و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا ناگونجێت، بەڵام لە کۆتایی جەنگەکەدا بە مەبەستی ڕۆڵبینین و پەراوێزنەخستنیان لە داهاتووی ناوچەکەدا؛ چەند هەنگاوێکیان نا، لەوانە: ئەڵمانیا توانیی ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت لە مەشقپێکردنی هێزە تازەدامەزراوەکانی عێراق، لەوانە پۆلیس و سەرباز.

لە هەمان کاتدا بە هۆی درێژەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ تورکیا کە لەسەر ئاستی بازرگانیی دەرەوە کە بە هاوبەشێکی گرنگی دادەنرێت، ئێران کە بە یەکێک لە وڵاتانی دابینکەری وزە هەژمار دەکرێت، ئەڵمانیا هیچ هەنگاوێکی نەنا بە ئاڕاستەی دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ کوردانی هەرێمی کوردستاندا(Ersanel, ٢٠٠٢: ٤-٥)..

بەڵام بەشدارنەبوونی فەرەنسا لە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق و پرکردنەوەی پێداویستییەکانی لە بواری وزەدا لە ڕێگای دەوڵەتانی خاوەن وزەی باکووری ئەفەریقاوە بەبێ ئەوەی پشت بە سەرچاوەکانی وزەی ئێران ببەستێت لە لایەک و لاوازیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا بە بەراورد بە ئەڵمانیا لە لایەکی دیکەوە، پاڵی پێوە نا تا سیاسەتی نزیکبوونەوە بەرامبەر بە کوردانی هەرێمی کوردستان بگرێتە بەر، بە ئامانجی دووبارە گەڕاندنەوەی پێگەی








پێشووتری و دەرکەوتنەوەی وەک کارەکتەرێکی بەهێز لە ناوچەکەدا (Öznur, ٢٠٠٣: ١٤١-١٤٢).

هەریەک لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەڕەنسا، بەر لە دەستپێکی جەنگ و لەپاش جەنگیش ڕەخنەی توندیان ئاڕاستەی تورکیا کرد، بە هۆی پشتیوانیکردنی تورکیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم جەنگەدا. دیارترین ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی تورکیا کرانەوە، بریتی بوو لەوەی کە پێویستە تورکیا لەبریی پشتیوانیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەپاڵ دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپادا هەڵوێست وەربگرێت، گەرنا ئەم بابەتە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا دروستدەکات. لە هەمانکاتدا دژ بە هەوڵەکانی تورکیا وەستانەوە، کە دەیویست هێزی سەربازی بنێرێتە عێراق بە مەبەستی پاراستنی گیان و ماڵی تورکمانەکان و ڕێگریکردن لە جموجووڵی گرووپە تیرۆرستییەکان لە باکووری عێراق. بەم جۆرە تورکیا بەتەنها جێهێڵرا (Tepe, Serdar, ٢٠٠٣: ١٨٥-١٩١).

### ١. ٣. بەریتانیا



بناغەی سیاسەتی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر بنەمای سیاسەتی ئەو وڵاتە لە عێراق لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی بونیاد نراوە. بەریتانیا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی نەوت، عێراقی داگیر کرد. دواتر بۆ هێنانەدیی هاوسەنگیی هێز لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکان و وەستانەوە دژ بە مەترسییەکانی ڕووسیا، هەوڵی دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و فەڕەنسا بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری دا لە ٢٥٪ی سەرچاوەکانی نەوت بدات بە هەریەک لەم وڵاتانە (Kaymaz, ٢٠٠٣: ٣٦). هەر چەندە بەریتانیا ناچار بوو لە ساڵی ١٩٣٢ دان بە سەربەخۆیی عێراقدا بنێت، بەڵام توانیی ئیمتیازاتە نەوتییەکانی خۆی لە عێراق تا ساڵی ١٩٧٢ بپارێزێت. لەدوای ئەم ڕێکەوتەوە، بەریتانیا لە ڕێگای ئەو گرێبەستانەی کە لەنێوان کۆمپانیا بەریتانییەکان و دەوڵەتی عێراقدا ئیمزا کرا، توانیی درێژە بە مانەوەی خۆی بدات لە بواری وزەدا. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەریتانیا لە چوارچێوەی ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشداریی کرد لە پرۆسەی

داگیرکردنی عێراق هاوشان لەگەڵ هاوتا ئەمەریکییەکەیدا. لەپاش پرۆسەی داگیرکردنی عێراق، هێزەکانی بەریتانیا بە هۆی ئەو بەریەککەوتنانەی کە لەگەڵ کوردا هەیانبوو لە سەرەتای هاتنیان بۆ ناوچەکە، بڕیاریان دا لەبریی ناوچە کوردنشینەکانی باکووری عێراق، ناوچە شیعییە-عەرەب نشینەکانی باشووری عێراق هەڵبژێرن بۆ مانەوە (Kaymaz، ٢٠٠٥: ٢١).

لە ماوەی دانوستانەکاندا سەبارەت بە دیاریکردنی داهاتووی ویلایەتی موسڵ لەپاش کۆنگرەی لۆزان، سەرباری پێداگرییەکانی تورکیا بۆ ئەوەی ئەم ناوچانە بلکێنرێن بە سنوورەکانی دەوڵەتی تورکیاوە، بەریتانیا سوور بوو لەسەر ئەوەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بهێڵێتەوە، لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە: بەریتانییەکان پێیان وا بوو گەر بێتوو ئەم ناوچانە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی تورکیاوە، ئەوا لە داهاتوودا پاش خۆڕێکخستنەوە، هێزەکانی ئەو وڵاتە هیچ لەمپەرێکی جوگرافییان لە بەردەمدا نامێنێت بۆ دووبارە دەستبەسەرداگرتنەوەی تەواوی عێراق (Kalafat، ٢٠٠٣: ١٠). جگە لەوەش لە عێراقێکدا کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەرەبی شیعەمەزهەب بوون، بەریتانییەکان دەسەڵاتێکی سوننییان دروست کردبوو: بۆیە گەر ناوچە سوننەنشینەکانی هەرێمی کوردستان نەلکێنرایە بە عێراقەوە، ئەوا ڕێژەی هاوڵاتییانی شیعەمەزهەب لە عێراقدا لە (٦٠٪)ەوە بەرز دەبوویەوە بۆ ڕێژەی ٨٠٪، لە هەمان کاتدا ڕژێمی سوونی بێبەش دەبوو لەو بەرهەمە کشتوکاڵییانەی کە لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرا. لە کۆتاییدا سەرجەم ئەم هۆکارانە پێکەوە دەبوونە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی سوننە لە وەستانەوە بەرامبەر هاوڵاتییانی شیعەمەزهەب لە عێراقدا (Kocaoğlu, 1995: 255).

> **"گەر ناوچە سوننەنشینەکانی هەرێمی کوردستان نەلکێنرایە بەعێراقەوە، ئەوا ڕێژەی هاوڵاتییانی شیعەمەزهەب لەعێراقدا لە(٦٠٪)ەوە بەرزدەبوویەوە بۆ ڕێژەی ٨٠٪"**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





هەر چەندە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠دا ئەو لایەنانەی کە خاوەنی بڕیار بوون لەنێو بیرۆکراسیی بەریتانیدا، پێشنیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییان کرد لە ناوچەکەدا، بەڵام بە هۆی پێکهاتەی پەرشوبڵاوی عەشیرەتە کوردییەکان و نائامادەیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ پرۆسەی بەدەوڵەتبوون لە لایەک، وە بە هۆی لێکچوون و نزیکایەتیی تایبەتمەندیی کولتووری و کۆمەڵایەتیی کورد لەگەڵ تورکەکانەدا لە لایەکی دیکەوە، بەریتانییەکان وازیان هێنا لە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، لە ترسی ئەوەی نەوەک لە داهاتوودا یەک بگرن لەگەڵ تورکیادا. بەم شێوەیە بەریتانییەکان لە کۆتاییدا لە ڕێگای پێوەلکاندنی ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی کوردستان بە عێراقەوە، توانییان هەم ئامانجە ستراتیژییەکانیان بەدی بهێنن، هەم بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کورد وەک کارتێکی فشار دژ بە دەوڵەتانی ناوچەکە بەکار بهێنن.

بۆیە بەریتانییەکان تاوەکوو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان جەخت لە پیادەکردنی هەمان سیاسەت دەکەنەوە بەرامبەر باکووری عێراق، چونکە پێیان وایە لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردیدا، ناوچەکە دەبێتە مەیدانی جەنگێکی ماوەدرێژ و لەگەڵ دابەشبوونی عێراقدا؛ ڕۆڵ و پێگەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاد دەکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی عەرەبی شیعەوە لە باشووری عێراق. بۆیە بەریتانییەکان سوورن لەسەر بەردەوامبوون لە سیاسەتی پارێزگاریکردن لە یەک پارچەیی خاکی عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەریتانیا هاوشان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، پێکەوە سیستمێکی فیدراڵیان لە عێراق هێناوەتە ئاراوە، لە ڕێگای دامەزراندنی هەرێمێکی کوردیی سەربەخۆشەوە کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتە، ئۆقرەیان لەو دەوڵەتانەی ناوچەکە بڕیوە کە هاوڵاتییانی کوردیان لەخۆ گرتووە.

ئەگەر بێتوو سەرنج لەو گرێبەستە ماوەدرێژانە بدەین کە لەم ساڵانەی دواییدا کۆمپانیاکانی وزەی بەریتانیا لە تەواوی عێراقدا ئەنجامیان داوە، دەتوانین بڵێین ئامانجی بنەڕەتیی بەریتانیا لە ناوچەکەدا بریتییە لە:

- دەستەبەرکردنی ئەمن و ئاسایش لە عێراق، وەستانەوە دژ بە سەرجەم ئەو هەوڵانەی دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی نائارامی لە عێراقدا، لەوانە: (ڕوودانی جەنگی نێوخۆیی لەنێوان لایەنە جیاوازەکانی عێراق، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن خۆبەڕێوەبەرایەتیی کوردەوە، داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن تورکیا یاخود ئێرانەوە... هتد).
- بەرهەمهێنانی سەرچاوەکانی وزە و گواستنەوەی بۆ بازاڕەکانی جیهان بەپارێزراوی.

### ١. ٤. ڕووسیا



وەک دەزانرێت سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێکی هەناردەکاری وزەی وەک ڕووسیا، بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر بنەمای هەوڵدان بۆ گەشتن بە ئاوە گەرمەکان دامەزراوە. لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژیەدا، ڕووسیا بە درێژایی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو بە شێوەیەکی کارا ئەرمەنەکانی بەکار هێناوە. بەڵام بە هۆی بەرپەرچدانەوەی کوردەکان، جگە لە چەند عەشیرەتێک، بۆ ئەو ڕووداوانەی کە ئەرمەنەکانی تێدا بەکار هێنرا، ڕووسەکان ناچار بوون بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێن بۆ خۆنزیککردنەوە لە کورد. بۆ ئەم مەبەستە و بە ئامانجی دامەزراندنی بناغەیەکی زانستی بۆ تێگەیشتن لە کێشەی سیاسیی کورد، لەسەر داوای ڕووسیا پەیمانگایەکی کوردی لەلایەن «فلادیمێر مینۆرسکی»یەوە دامەزرێنرا. چونکە مینۆرسکی کاتێک وەک دیپلۆماتکار لە ئەرزەروم کاری دەکرد، دەرفەتی لە نزیکەوە ناسینی کوردەکانی بۆ ڕەخسابوو. لەو توێژینەوانەی کە لەلایەن ئەم پەیمانگایەوە ئەنجام درا، کار بۆ لێکنزیکردنەوەی کورد و ئەرمەن کرا بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە کاردانەوەی کورد بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕووسیا لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە گوایا کورد و ئەرمەن سەر بە هەمان ڕەگەزن، پاش موسوڵمانبوونی کورد و هاتنی تورکەکان بۆ ناوچەکە؛ لێک دابڕاون و لێک دوور کەوتوونەتەوە (Ayrıntılı bilgi için; Minorsky, Bois, ٢٠٠٨).

جگە لەوەش، ڕووسیا لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتیکی کوردی (مەهاباد) لە ئێرانی داگیرکراودا لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی، توانیی ئەوەی نیشان بدات کە دەتوانێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا کورد وەک ئامرازێک بۆ هێنانەئارای ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوچەکەدا بەکار بهێنێت (Babekir, Shehtman, ٢٠١٠: ٩٩-١٢٩). لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی ڕووسیا بەرامبەر بە کورد لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ڕووسیا هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی باشی هەبێت لەگەڵ سەرجەم هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وە نائاسوودەیە بە بوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا.

هەروەها دەتوانین بڵێین ڕووسیا وەک یەکێک لە دەوڵەتە گرنگەکانی هەناردەکاری وزە، کار بۆ سەرهەڵدانی ناسەقامگیریی سیاسی دەکات لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ڕێگای پرسی کوردەوە، چونکە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و غاز و زیادبوونی داواکاری لەسەری لە بازاڕەکانی جیهاندا، لە بەرژەوەندیی خۆیدایە.





### ١. ٥. چین



لەگەڵ ئەوەی چین بە یەکێک لەو دەوڵەتانە دادەنرێت کە زۆرترین ژمارەی دانیشتووانیان هەیە لە جیهاندا، بەڵام دەرکەوتنی وەک کارەکتەرێکی بەهێز لەسەر ئاستی جیهانی، بۆ ئەم ساڵانەی کۆتایی دەگەڕێتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا چین لە ڕێگای گۆڕینی شێوازی بەڕێوەبردنەوە، توانیویەتی زۆرترین سەرمایەی بیانی ڕابکێشێتە وڵاتەکەیەوە. یەکگرتنی دەستی کاری زۆر و هەرزان لەگەڵ سەرمایەی بیانیدا، وای کردووە گەشەکردنی ئابووریی چین لەسەر ئاستی دونیا بە پلەی یەکەم بێت. ئەم گەشەسەندنە خێرایە لە بواری ئابووریدا، بۆتە هۆی زیادبوونی خواستی چین لەسەر وزە کە لە ڕێگای وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕووسیاوە هەوڵی پڕکردنەوەی دەدات. بەڵام وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕووسیا، بە هۆی زیادبوونی زیاتری پێداویستییەکانی چین لە بواری وزەدا و ناردنی وزە بۆ بازاڕەکانی ڕۆژئاوا لە هەمان کاتدا، ناتوانن خواستەکانی چین لە بواری وزەدا پڕ بکەنەوە، ئەمەش پاڵی بە چینەوە ناوە ڕوو بکاتە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی.

ئەندێشەی بنەڕەتیی چینییەکان بریتییە لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی وزە بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ وڵاتەکەیان، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێ بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان کە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، بۆ ئەم مەبەستە چین دەستی کردووە بە گەڕان بەدوای نەوتدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەم چوارچێوەیەدا چین هەوڵی داوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ باکووری عێراقدا بەهێز بکات، بەڵام بە هۆی ئامادەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە ناوچەکەدا، تا ئێستا نەیتوانیوە لەسەر ئاستێکی باڵا پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات. گەرچی زیادبوونی پێداویستییەکانی لە بواری وزە لە ئایندەدا، پاڵ بە چینەوە دەنێت کە سەرباری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، گرنگیی زیاتر بە هەرێمی کوردستان بدات. هەر چی لایەنە کوردییەکانی باکووری عێراقە، بە هۆی ئەوەی کە بە یارمەتیی هێزە دەرەکییەکان وەستانەوەیان دژ بەو دەوڵەتانە کردۆتە پیشە کە تێیدا نیشتەجێن، لە دۆخی تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یارمەتیدەرەکانی پێشوویاندا ئامادەن لەگەڵ کارەکتەرێکی نوێی جیهانیدا پەیوەندی دامەزرێنن. بەم شێوەیە پێشبینی دەکرێت چین لە ڕێگەی پەرەپێدانی سیاسەتێکی پراگماتیکی بەرامبەر بە کورد، وەک هێزێکی چالاک دەربکەوێت لە باکووری عێراق.

## ٢. کارەکتەرە هەرێمییەکان

### ٢. ١. تورکیا



لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تورکیا زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی کوردی لەخۆ گرتووە. لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەی دواییدا، تورکیا سەرقاڵ بووە بە ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی جوداخوازی کرێکارانی کوردستانەوە. جگە لەوەش لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر یاخیبوون لەلایەن کوردەوە ئەنجام راوە و زۆرێک لەم یاخیبوونانە لە ڕووبەرێکی داخراوو بەرتەسکدا بوون و نەیانتوانیوە لە جووڵانەوەیەکی خێڵەکی زیاتر بن. دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئاستی ڕووبەرێکی بەرفراوانی جوگرافی، حوکمی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی کردووە، تورکیای نوێ کە بە میراتگری ئەم دەڵەتە دادەنرێت، بە هۆی نیگەرانییە مێژووییەکانیەوە بە شێوازێکی زۆر هەستیار مامەڵە لەگەڵ پرسی کوردا دەکات (Davuto⍰lu, ٢٠٠٤: ٣٣١). ئەم هەستیارییە کە دەتوانین بە ترس لە دابەشبوون ناوی ببەین، پاڵی بە تورکیاوە ناوە سیاسەتێکی زۆر توند بەرامبەر بە کورد بگرێتە بەر (Özcan, ٢٠٠١: ٩٨).

سەرباری ئەوەی تورکیا بەنیگەرانییەوە دەڕوانێتە پارتی جوداخوازی کرێکارانی کوردستان و بەدامەزراوەییبوونی دەسەڵاتی خۆجێیی کورد لە هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا و وەک پرسێکی نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی ناوە بە ئاڕاستەی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە سیاسەتیدا بەرامبەر بە باکووری عێراق (Erkmen, Yılmaz, ٢٠٠٢: ٤٧). دەتوانین بڵێین فاکتەرە ئابوورییەکانی وەک بوونی هەرێمی کوردستان بە بازاڕێکی گرنگ بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی تورکیا، زیادبوونی هەلی کار و چالاکبوونی جووڵەی

> “پرۆسەی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی دەسەڵاتی خۆجێیی هەرێمی کوردستان بەئاڕاستەی بەدەوڵەتبوون، کاریگەریی کردۆتەسەر دانیشتووانی کوردی تورکیا”



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



بازرگانی لە نێوخۆی تورکیادا، بەدەستهێنانی چەندین پڕۆژە لەلایەن بەڵێندەرە تورکەکانەوە لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکراوە، دەستەبەرکردنی هەتنەناوەوەی بڕێکی زۆر لە دراوی بیانی بۆ ناو وڵات؛ هاندەری سەرەکی بوون بۆ نزیکبوونەوەی تورکیا لە باکووری عێراق.

پڕۆسەی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی دەسەڵاتی خۆجێیی هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی بەدەوڵەتبوون، کاریگەریی کردۆتە سەر دانیشتووانی کوردی تورکیا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گریمانەیەی کە ئەم دەسەڵاتی خۆجێییە دەتوانێت لە ئایندەدا کوردانی تورکیا بە خۆیەوە گرێ بدات، دەکرێت ئەم بەرەوپێشچوونەی وەک مەترسی تەماشا بکرێت بۆ سەر تورکیا، بەڵام وەک دەزانرێت ئەم قەوارەیە خاوەنی تەنها یەک لەسەر پازدەی دانیشتووانە بەراورد بە تورکیا. بۆیە بەدوور دەزانرێت لە هەلومەرجی ئەمڕۆماندا ئەم قەوارەیە بتوانێت کەریگەریی نەرێنی لەسەر تورکیا دروست بکات، گەر بێتوو سیاسەتێکی ئەقڵانی بگیرێتە بەر. تەنانەت دەتوانین بڵێین تورکیا لە ڕێگای بەکارهێنانی فەکتەرەکانی هێزی ئابووری و پەیوەندیی مێژوویی هاوبەشەوە، گەر بیەوێت؛ دەتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا ئەم دەسەڵاتە خۆجێییە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ئەم قەوارەیە لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی ڕۆژانەی لە ڕێگای دەوڵەتێکی هەناردەکاری وەک تورکیاوە دابین دەکات، لە هەمان کاتدا یەکێک لە باشترین ڕێگاکان بۆ کردنەوەی دەرگای بازاڕە نێودەوڵەتییەکان بە ڕووی سەرچاوەکانی وزەی بەرهەمهێنراویدا، بریتییە لە دەروازەکانی تورکیا. وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، ئەم پەیوەستبوونە هۆکارێکی کاریگەر دەبێت لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ یەکگرتن لەگەڵ تورکیادا، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو ڕووداوانە لەبەرچاو بگیرێن کە ڕەنگە لە ئایندەدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی تورکیا ڕوو بدەن، لەوانە: گۆڕانی هاوسەنگیی هێز، گەر بێتوو دەسەڵاتی خۆجێیی باکووری عێراق؛ کەرکووک بخاتە سەر سنوورەکانی ئەو دەوڵەتەی کە دەیەوێت دایبمەزرێنێت، یاخود دامەزرانی دەسەڵاتێکی کوردی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە دۆخی پارچەپارچەبوونی ئەو وڵاتەدا، ئەم دەسەڵاتە لە ئەگەری دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ئیسرائیل یان لە ڕێگای کردنەوەی ڕێڕەوێکەوە بۆ سەر دەریای ناوەڕاست، دەرفەتی کرانەوەی بە ڕووی دونیادا بۆ دەرەخسێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی هەرێمی کوردستان لە تورکیا و نزیکبوونەوەی زیاتری لە ئیسرائیل لە ئایندەدا. دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، گەر بێتوو ئەم دەوڵەتە بکەوێتە ژێر ڕکێفی ئیسرائیل، ئەوا هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاوەژوو دەکاتەوە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناسەقامگیریی زیاتر لە ئایندەدا.

## ٢. ٢. ئێران



هاوڵاتییانی شیعەمەزهەب، بەشێکی گرنگ لە دانیشتووانی ئێران پێک دەهێنن. دەوڵەتی ئێران لە ڕێگەی بەکارهێنان و بەرەسمی ناساندنی مەزهەبی شیعەوە وەک ئایدۆلۆجیای ڕەسمیی دەوڵەت، توانیویەتی ڕێگە لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئێرانی بگرێت. بۆیە سەرباری ئەوەی ئێران ژمارەیەکی گرنگ لە دانیشتووانی کوردی سوننەمەزهەب لەخۆ دەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ترسی نییە لە دابەشبوونی خاکەکەی لە ئایندەدا، ئەمەش وای کردووە پەیڕەوی لە سیاسەتێکی کاریگەر بەرامبەر بە کورد بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. وەک دەبینین ئێران لە ڕابردوودا ماوە ماوە پشتیوانیی لە جووڵانەوەی چەکداریی کوردە جوداخوازەکان کردووە دژ بە هەریەک لە وڵاتانی عێراق و تورکیا، ئەمە لە کاتێکدا کە خۆی پەیڕەوی لە سیاسەتێکی توندی بەشیعەکردن دەکات بەرامبەر کوردانی نیشتەجێی وڵاتەکەی (Arı, ١٩٩٩: ٢٥١).

پاش پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، بە هۆی هێرشە چەکدارییەکانی ڕێکخراوی پژاک کە بە لقێکی درێژکراوەی پارتی جوداخوازی کرێکارانی کوردستان دادەنرێت بۆ سەر وڵاتەکەی، ئێران ناچار بوو بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، دەست بە کاری هاوبەش بکات لەگەڵ تورکیادا. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێشبینی دەکرا پاش داگیرکردنی عێراق، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئایندەدا هێرش بکاتە سەر ئێران، بەڵام بە هۆی ئەو زیانە زۆرەی لە عێراقدا بەر هێزەکانی کەوت، ئەمەریکا نەیدەتوانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران ئەنجام بدات. لە لایەکی دیکەوە لە پرۆسەی داگیرکردنی عێراقدا، تاکە وڵاتێک کە براوەی سەرەکی بوو بریتی بوو لە ئێران، چونکە پاش کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سەددام حسێن، شیعەکان بوون بە هێزی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا و هەر زوو خۆیان وەک هێزێکی نزیک لە ئێران نیشان دا (İzzeti, 2005: 124).

سەرباری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بەڵام بە هۆی بەردەوامیی کێشە نێوخۆییەکانەوە، باس لە سیناریۆی دابەشبوونی عێراق دەکرێت بەسەر سێ پارچەدا لە ئایندەدا، لەوانە: دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوور، دەوڵەتێکی عەرەبی-سوونی لە ناوەڕاست و دەوڵەتێکی عەرەبی-شیعی لە باشوور، یان بە لانی کەمەوە کار بۆ دامەزراندنی چەند بونیادێکی سەربەخۆی هاوشێوەی دەسەڵاتی خۆجێیی هەرێمی کوردستان دەکرێت. لەم دۆخەدا ئێران کە پەیڕەوی





لە سیاسەتێکی شیعەگەرایی دەکات، بە مەبەستی دامەزرانی چەند دەسەڵاتێکی شیعیی نزیک لە خۆی، پشتیوانی لە گەشەسەندنی دەسەڵاتی خۆجێیی هەرێمی کوردستان دەکات و وا چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەدا پەیوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە زیاتر بەهێز بکات.

## ٢. ٣. سووریا



سووریا پشتیوانیی لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد کردووە لە عێراق و تورکیا. حکومەتی سووریا بە مەبەستی کردنەوەی شوێنپێی خۆی لە جووڵانەوەی سیاسیی کوردی عێراقدا، هاوکار بوو لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی جەلال تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٧٦ لە شام و پاش بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەی گاپ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و کۆنترۆڵکردنی ئاوی دیجلە و فورات لەلایەن تورکیاوە، حکومەتی سووریا بە مەبەستی دژایەتیکردنی تورکیا تا ساڵی ١٩٩٨ بەردەوام بوو لە هاوکاریکردن و پشتیوانیکردنی کردە خوێناوییەکانی پارتی جوداخوازی کرێکارانی کوردستان (PKK) دژ بە دەوڵەتی تورکیا (Amanov, ٢٠٠٤: ٢١٨).

بەڵام پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، خودی سووریا کەوتە بەردەم هەڕەشەی جووڵانەوەی سیاسیی کورد و لەگەڵ کوردانی دانیشتووی وڵاتەکەیدا کە بە درێژایی چەندین ساڵ تەنانەت ڕەگەزنامەشی پێ نەدابوون، ڕووبەڕوو بوویەوە (Süer, ٢٠٠٦: ٢١٧). ئەو ڕووداوانەی کە لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٤ لە ناوچەی قامیشلی ڕوویان دا، حکومەتی سوورییایان بەئاگا هێنایەوە لە نیشاندانی کاریگەریی کارتی کوردی وەک تیغێکی دووسەر کە دەکرێت دژ بە خۆشی کار بکات، ئەمە لە کاتێکدا سووریا پێشتر ئەم کارتەی دژ بە دەوڵەتانی ناوچەکە بەکار دەهێنا (Gürson, ٢٠١٠). لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی جەنگی نێوخۆییەوە لە سووریا، سەرباری مردنی سەدان هەزار کەس، یەکێتیی سیاسیی وڵات تووشی دۆخی پارچەپارچەبوون هاتووە و وڵات بۆتە گۆڕەپانی جەنگی بریکارە نێودەوڵەتییەکان. پارتی جوداخوازی کرێکارانی کوردستان و باڵە درێژکراوەکانی لە سووریا، واتە یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)، بە سوودبینین لە ناسەقامگیریی بارودۆخی سیاسیی سووریا و لە ڕێگای بەدەستهێنانی هاوکاریی دەرەکییەوە، توانیویانە لەنێو خاکی سووریادا ناوچەی نفوزی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن. بوونی پارتی جوداخوازی کرێکارانی کوردستان بە ئەکتەرێکی سیاسیی کاریگەری لەم چەشنە، بۆتە مایەی دروستکردنی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەڕەشەی جددی بۆ سەر تورکیا و دەوڵەتانی ناوچەکە. لەم چوارچێوەیەدا تورکیا بە مەبەستی پاراستنی سنوورەکانی لەدوای ساڵی (٢٠١٦)ەوە لە ڕێگای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی قەڵغانی فورات، چڵە زەیتوون و کانیی ئاشتییەوە؛ لە باکووری سووریا هەوڵی دروستکردنی چەند ناوچەیەکی ئارامی داوە.

**٢. ٤. ئیسرائیل**



ئیسرائیل بەهۆی گەمارۆدانی لەلایەن دەوڵەتە عەرەبییەکان و هەستکردنی بە مەترسی، بەگوێرەی پێویستیی بەرژەوەندییەکانی؛ گرنگیی بە ستراتیژی کاری هاوبەش لەگەڵ ڕەگەزە ناعەرەبییەکانی ناوچەکەدا داوە. لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژییەدا، ئیسرائیل بە ئامانجی هێنانەئارای ناسەقامگیریی سیاسی لەو وڵاتانەی کە بە دوژمنی خۆی دەیانبینێت، پەرەی بە سیاسەتی پشتیوانیکردنی کەمینەکان داوە. بە هۆی کێشە و ململانێکانی نێوانیان، ئیسرائیل تا ئێستا چوار جار لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا کەوتۆتە جەنگەوە، بۆیە پەیڕەوی لە سیاسەتی لاوازکردنی دەوڵەتانی عەرەبی ڕکابەری دەکات (Yılmaz, ٢٠٠٤: ١٥٥). ئیسرائیل بە مەبەستی لاوازکردن و تێکشکانی عێراق کە بە یەکێک لە گرنگترین کارەکتەرەکانی دونیای عەرەب دادەنرا، هەر لە ساڵی (١٩٦٠)ەوە پەیوەندیی نزیکی بەستووە لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی سەر بە بارزانی. ئەفسەرانی ئیسرائیلی لە ڕێگەی مەشقپێکردنی ئەو گرووپە چەکدارانە و دابینکردنی چەک بۆیان، لە ڕێگای خاکی ئێرانەوە هەستان بە لاوازکردنی سوپای عێراق لە ناوخۆدا هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی عەرەبی، تاکوو بتوانن ڕێگر بن لەوەی کە جەنگ دژ بە ئیسرائیل بەرپا بکات، لە هەمان کاتدا دوور بکەوێتەوە لە ململانێ لەگەڵ ئێراندا بە هۆی کێشەی سنوورەوە (Yılmaz, ٢٠٠٤: ١٥٧).

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ئیسرائیل پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دەسەڵاتی خۆجێیی هەرێمی کوردستاندا هەیە و وەک تاکە دەوڵەت دەردەکەوێت کە پشتیوانی لە دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات. لە گرنگترین پاڵنەرەکانی ئیسرائیل بۆ گرتنەبەری ئەم ئاراستە سیاسییە، بریتییە لە:

- سەرقاڵکردنی تورکیا، ئێران و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی، لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییەوە لە ناوچەکە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی فشارەکانی سەر خۆ ی .
- دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لەنێوان خۆی و ئێراندا، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هەڕەشەکانی ئێران.
- ڕۆڵبینین لە مامەڵەکردن بە سەرچاوەکانی وزەی باکووری عێراقەوە.
- کەمکردنەوە و نەهێشتنی کاریگەریی تورکیا بەسەر باکووری عێراقەوە، لە ڕێگای بەگەڕخستنەوەی بۆریی نەوتی کەرکووک-حەیفا.
- هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاوی دیجلە، بە مەبەستی دروستکردنی فشار لەسەر شیعە لە باشووری عێراق، گەر هاتوو کەوتنە ژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکەدا (Yılmaz, ٢٠٠٦: ١٢٨).

**ئەنجام**

کاتێک شیکاری بۆ بارودۆخی عێراق دەکەین لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٢)ەوە، دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

- لەگەڵ ئەوەی پاش کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سەددام حسێن؛ هێزە شیعییەکان توانییان لە عێراقدا دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام نەیانتوانی کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵات بکەن لە عێراقدا بە هۆی دابەشبوونیان بەسەر چەندین هێزی جیاوازدا.
- پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی عەرەبی سوننە لە دەسەڵات لەلایەن شیعییەکانەوە، بوو بە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە دەوڵەت و کرانەوەیان بە ڕووی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکاندا.
- بە هۆی پەراوێزخستنیان لەلایەن سەرجەم هێزەکانەوە جگە لە تورکیا، تورکمانەکان ناچار بوون کە چالاکییەکانیان لە ڕێگەی گرووپەکانی دیکەوە درێژە پێ بدەن، بە ئامانجی سەلماندنی بوونیان.
- هەر چی کوردەکانە، توانییان بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان کە لە ڕێگادایە بەرەو سەربەخۆیی، بەری میوەی کاری هاوبەشیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بچننەوە و شوێنپێی خۆیان بکەنەوە لەنێوان کارەکتەرە سەرەکییەکاندا.

پاش کۆتاییهاتنی پرۆسەی داگیرکردنی عێراق، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەیتوانی هیچ یەکێک لەو چەکە کۆکوژانە بدۆزێتەوە کە بەر لە جەنگ؛ بانگەشەی بۆ دەکرد. دواتر کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا دەسەڵاتێکی پەیوەست بە خۆی دابمەزرێنێت لە عێراقدا، بەو نیازەی ئەم دەسەڵاتە پاش ئەوەی دەگاتە ئەو قۆناغەی کە لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت، پێویستە کار بکات بۆ کردنەوەی دەرگای سەرچاوەکانی وزە (نەوت و غازی سروشتی) بە ڕووی کۆمپانیا بیانییەکاندا، دواتر و پاش دەستپێکردنی کاری وەبەرهێنان لە بواری وزەدا لەلایەن ئەم کۆمپانیایانەوە، کاری سەرەکیی ئەم دەسەڵاتە بریتی دەبێت لە دەستەبەرکردنی پاراستنی کێڵگەکانی وەبەرهێنان، هێڵی بۆریی هەناردەکردنی وزە و پاڵاوگەکان. دەتوانین بڵێین ئەم ڕوونکردنەوەیەش بەسە بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی داگیرکردنی عێراق.

لە گفتوگۆکانی ئەمڕۆدا سەبارەت بە ئایندەی عێراق، هەر چەندە پشتیوانی لە پاراستنی یەک پارچەیی خاکی عێراق دەکرێت، بەڵام بە تێڕوانین لەو بونیادەی کە لەسەر ئەرزی واقیع هەیە، ڕەنگە ئەمە کارێکی ئەستەم بێت، چونکە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی کوردی کە پارێزگاری دەستووری هەیە لە هەرێمی کوردستان، شایەنی هەڵوێستە لەسەر کردنە. لەگەڵ ئەوەی ئەم هەرێمە سەربەخۆیە خاوەنی تەنها ٦٪ی نەوتی عێراقە، بەڵام بە ئامانجی بەدەستهێنانی هێزێکی زیاتر لە پێناو سەربەخۆییدا هەوڵی داوە ئەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندە بە نەوت، لەپێش هەمووشیانەوە کەرکووک بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

هەر چی ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراقە، زۆرینەی دانیشتووانەکەی بریتین لە عەرەبی سوننە. ئەم ناوچانە لەگەڵ ئەوەی هەژارن لە ڕووی نەوتییەوە، لە هەمان کاتدا بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش شیاو نین. ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە عەرەبی سوننە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان؛ پێویستە پشت بە پارچەکانی دیکەی عێراق ببەستن، چونکە لە بنەڕەتدا جگە لە پیشەسازیی نەوت، هیچ لقێکی دیکەی پیشەسازی لە عێراقدا بوونی نییە.

لە لایەکی دیکەوە هەر چی عەرەبی شیعەیە، وا دەردەکەوێت کە دابەش بووبن بەسەر دوو بەشدا، ئەوانیش لایەنگرانی ئێران لەگەڵ نەتەوەپەرستەکانی عێراقدا. نەتەوەپەرستەکانی عێراق لە ڕێگەی گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە هەوڵیان داوە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کورد و عەرەبی سوننەدا بسەپێنن، ئەمە لە کاتێکدا کە لایەنگرانی ئێران زیاتر مەیلیان بەلای دروستکردنی بونیادێکی هاوشێوەی دەسەڵاتی خۆجێیی باکووری عێراقەوەیە لە پارێزگای بەسڕە کە لە ٧٥٪ی نەوتی عێراق لەخۆ دەگرێت. بەم شێوەیە ئەمان داوای دابەشنەکردنی داهاتی نەوت دەکەن لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا.

بە تێڕامان لە بارودۆخی گشتیی عێراق، بۆمان دەردەکەوێت کە دابەشبوونی عێراق تەنها پەیوەستە بە کاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاتنەناوەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا بیانییەکان کە لە بواری وزەدا کار دەکەن بۆ باکوور و باشووری عێراق و ئەنجامدانی چەندین گرێبەستی گرنگ لە بواری وزەدا، وای کردووە وەک کارەکتەری دبلۆماسی دەربکەون. لە ڕێگای بەکارهێنانی وڵاتەکانیانەوە وەک کارتی فشار، توانیویانە ڕێگر بن لە دروستبوونی شەڕ و پێکدادان لەنێوان گرووپە جیاوازەکانی عێراقدا. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئامانجی بنەڕەتیی سەرجەم کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە ئاسایشی سەرچاوەکانی وزە، ئەوا دوور نییە بیر لە دابەشکردنی عێراق بکەنەوە گەر بێتوو یەک پارچەیی خاکی عێراق ببێتە جێگەی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان.





لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین لە دۆخی دابەشبوونی عێراقدا، تورکیا و ئێران لەگەڵ ئەو عەرەبانەی کە هەستی تۆڵەسەندنەوەیان هەیە، چانسی مانەوە بە دەوڵەتێکی کوردی نادەن. جگە لەمانەش نەبوونی کولتووری دەوڵەتداری لای کورد، کامڵنەبوونیان لە ڕووی نەتەوەییەوە بە جۆرێک کە بتوانن دەوڵەت دروست بکەن، نەبوونی ڕێگای ئاوی بۆ کرانەوەیان بە ڕووی دونیای دەرەوەدا، بوونی ڕێژەیەکی گرنگ لە دانیشتووانی تورکمان و عەرەب لەنێو سنووری ئەو دەوڵەتەی کە دەیانەوێت دروستی بکەن؛ لە دیارترین ئەو خاڵانەن کە گرفتن لەبەردەم دەوڵەتی کوردیدا.

لە دۆخی بەردەوامبوونی سیاسەتی بنەڕەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیادا بەرامبەر بە کورد، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەردوو دەوڵەت کار دەکەن بۆ زیاتر بەهێزکردنی ئیدارەی کوردی، بە جۆرێک کە ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتانی ناوچەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کاردانەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕێگریکردن لە کارەساتێکی گەورەتر، پێویستە ڕێ بگرن لە سەربەخۆبوونی کورد. لە دۆخی پارێزگارینەکردن لە یەک پارچەیی خاکی عێراق، ئەگەری یەکگرتنی ئەم ئیدارە سەربەخۆیە لەگەڵ تورکیادا دێتە بەر باس. سەرباری ئەوەی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، دهۆک) بەشێکن لە میساقی میللی (سنووری نەتەوەیی)، بەڵام نەتوانراوە بخرێنە نێو سنوورەکانی تورکیا، بۆیە لە ئەگەری یەکگرتنی ئەم ناوچانە لەگەڵ تورکیادا، ئەوا لەلایەن کۆمەڵگای تورکیاوە بەگەرمی پێشوازیی لێ دەکرێت.

بەڵام گەشەسەندنی زیاتری دەسەڵاتی خۆجێیی کورد لە هەرێمی کوردستان لەژێر باڵی تورکیادا و هەنگاونانی بەرەو سەربەخۆیی، دەبێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئامادەکردنی ژێرخانی دامەزراندنی کوردستانی گەورە، بە جۆرێک کوردانی تورکیاش لەخۆ بگرێت. جگە لەوە زیادبوونی هەیمەنەی دەسەڵاتی تورکیا لە ناوچەکەدا، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئێراندا دێنێتە گۆڕێ، ئەمەش دەبێتە هۆی واڵاکردنی دەرگا بۆ سەرهەڵدانی جەنگێکی بەرفراوان لەنێوان سوننە و شیعەدا. ڕوودانی جەنگێکی لەم شێوەیە، دەبێتە هۆی ڕەخساندنی فرسەتێکی ناوازە بۆ دەستتێوەردانی زیاتری ئەو دەوڵەتانەی کە دژ بە بەهێزبوونی ئێران و تورکیان لە ناوچەکەدا.

یەکێکی دیکە لە سیناریۆکانی پەیوەست بە دابەشبوونی عێراق، بریتییە لە ئەگەری دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی کوردیی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، پاش تێکچوونی بارودۆخی

نێوخۆی ئەو وڵاتە بە هۆی ململانێ نێوخۆییەکانەوە، بە دەستتێوەردانی ئیسرائیلیش ئەم ئیدارە سەربەخۆیە دەبێتە دراوسێی ئیسرائیل. بەم شێوەیە ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە دادەمەزرێت، دەتوانێت لە رێگای ئیسرائیلەوە بگاتە سەر دەریا و رزگاری بێت لە فشارەکانی ئێران و تورکیا. لە ئەگەری روودانی رووداوێکی لەم چەشنەدا، گەرچی وەک کارێکی ئەستەم دەردەکەوێت، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە هەموو هێزی خۆیەوە پارێزگاری لە ئیسرائیل دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەیە رووبەرووی سەرجەم هێزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ببێتەوە. بێگومان ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا دەبێتە هۆی بەبێ لایەنی مانەوەی چین و رووسیا، بەم شێوەیە هاوپەیمانیی نێوان کورد و ئیسرائیل درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات. بەڵام لە رێگەی بیرکردنەوەوە دەتوانین بگەینە ئەو بڕوایەی لەگەڵ لە تەواوبوونی نەوت لە ناوچەکە

> “خواستی هاوبەشی سەرجەم هاوڵاتییانی تورکیا بۆ بونیادنانی پەیوەندییەکی قووڵ و بەهێز لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئەنادۆڵدا، بە یەکگرتنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیادا دێتەدی”

لە ئایندەدا، دەوڵەتانی رۆژئاوا پشتیوانییەکانی خۆیان لە دەوڵەتە کوردییەکە دەکشێننەوە و نەمانی پشتیوانیی دەرەکییش بۆ ئەو دەوڵەتە، دەبێتە هۆی ئەوەی لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە کە خواستی تۆڵەسەندنەوەیان هەیە، بە شێوازێکی زۆر خوێناوی تۆڵەی لێ بسەنرێتەوە.

لەنێو ئەو ئەگەرانەدا و لە چوارچێوەی پەرەسەندنی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە تورکیا لەسەر پاشماوەی ئیمپراتۆریەتێک بونیاد نراوە، بە هۆی کاریگەریی قووڵی لە رووی کولتووری و مێژووییەوە لەسەر ناوچەکە، خاوەنی هێزێکی نەرمی گەورەیە. بۆیە ستراتیژی تورکیا لە ناوچەکەدا، هاوشێوەی هێزە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی وزە و رووتاندنەوەی ناوچەکە بونیاد نەنراوە. پێویستە تورکیا لەسەر بنەمای دەستەواژەی «دەوڵەتی جیهان» بجووڵێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، پێویستە گرنگیی زیاتر بە پەرەپێدانی پرۆژە کۆمەڵایەتییەکان بدرێت لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە بواری پەروەردە و تەندروستیدا. پێویستە پیاوانی کار هان بدرێن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی زیاتر لە ناوچەکە. سەرباری هەموو ئەمانە، پێویستە کار بکرێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ببێتە بەشێکی درێژکراوە و دانەبڕاو لە ئەنادۆڵ، هەروەها پێویستە ئەو پەیامە بە کوردانی هەرێمی کوردستان بگەیەنرێت، کە تاکە دۆستی راستەقینەیان بریتییە لە تورک. لەسەر بنەمای مێژووی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش، کار بۆ بونیادنانی هاوپەیمانێتییەک لەنێوان کورد و تورکدا بکرێت لە ئایندەدا. لە هەمان کاتدا پێویستە ئەوە لە کوردان بگەیەنرێت کە بە هاندانی رۆژئاوا، بەشداری لەو سەرکێشییانەدا نەکەن کە رەنگە زیان بە خودی خۆیان بگەیەنێت .

بەم جۆرە لە کۆتاییدا خواستی هاوبەشی سەرجەم هاوڵاتییانی تورکیا بۆ بونیادنانی پەیوەندییەکی قووڵ و بەهێز لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئەنادۆڵدا، بە یەکگرتنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیادا دێتە دی، ئەمەش بە واتای یەکگرتنی پارچەیەکی دیکە لە میساقی میللی لەگەڵ وڵاتەکەماندا دێت.

سەرچاوە: سمارت ئۆف جۆرناڵ (www.smartofjour-nal.com).

سەرچاوەکان:

- -Amanov, Ş. (2004). «Hafız Esad Dönemi Suriye Dış Politikası». (Derleyenler: Türel Yılmaz, Mehmet Şahin), Ortadoğu Siyasetinde Suriye, Platin Yayınları, Ankara.
- Arı, T. (2000 .(1999'li Yıllarda Basra Körfezinde Güç Dengesi, Alfa Yayımları, İstanbul.
- Babekir, H.; Shehtman, P. (2010). Kürdistan Bayrağının Altında, Avesta Yayınları, İstanbul.
- Davutoğlu, A. (2004). Stratejik Derinlik, Küre Yayımları, İstanbul.
- Erkmen, S.; Yılmaz, H. (2002). «Türkiye'nin Kuzey Irak'lı Kürt Gruplarla İlişkileri: 10 Yılın Anatomisi ve Geleceğe İlişkin Beklentiler», Stratejik Analiz, Cilt:3 Sayı:30.
- Ersanel, N. (2002). «Burnu Yeniden Kalkan Almanya», M5 Savunma ve Strateji Dergisi, Sayı:111.
- Gürson, P. (2010). Suriye, Atılım Üniversitesi Yayınları, Ankara.
- İzzeti, İ. (2005). İran ve Bölge Jeopolitiği, Küre Yayınları, İstanbul.
- Kalafat, Y. (2003). Bir Ayaklanmanın Anatomisi (Şeyh Sait), ASAM Yayınları, Ankara.
- Kaymaz, İ. Ş. (2003). Musul Sorunu: Petrol ve Kürt Sorunlarıyla Bağlantılı Tarihsel ve Siyasal Bir İnceleme, Otopsi Yayınları, İstanbul.
- Kaymaz, İ. Ş. (2005). «Arap-Kürt Karşıtlığı Temelinde Irak'ın Parçalanmasına Giden Yol ve Türkiye», Güvenlik Stratejileri Dergisi, Cilt:1 Sayı:1.
- Kissinger, H. (2002). Amerika'nın Dış Politikaya İhtiya.zcı Var mı? (Çeviren: Tayfun Evyapan), Metu Press Yayımları, Ankara.
- Kocaoğlu, M. (1995). Uluslararası İlişkiler Işığında Ortadoğu, Genelkurmay Basımevi, Ankara.
- Koç, Ş. B. (2007). «ABD'nin Kuzey Irak Politikası ve Türkiye'nin Çıkarları Üzerindeki Etkileri», Stratejik Analiz, Cilt:8 Sayı:86.
- Minorsky, V.; Bois, T. (2008). Kürt Milliyetçiliği, Örgün Yayınevi, İstanbul.
- Özcan, N. A. (2001). «Türkiye'nin Kronikleşen Baş Ağrısı: Kuzey Irak», Stratejik Analiz, Cilt:1 Sayı:12.
- Öznur, H. (2003). Cahşların Savaşı: Kuzey Irak Kürt Hareketi ve Musul-Kerkük Meselesi, Altınküre Yayınları, Ankara.
- Süer, B. (2006). «Suriye'nin Dış Politikası ve Irak Savaşı». (Editörler: Mehmet Şahin, Mesut Taştekin), II. Körfez Savaşı, Platin Yayınları, Ankara.
- Tepe, E. B.; Serdar, S. (2003). «Irak Krizi Sonucunda Batı'da Kamplaşma ve NATO Krizi». (Derleyenler: Ümit Özdağ, Sedat Laçiner, Serhat Erkmen), Irak Krizi (191-185 ,(2003-2002, ASAM Yayınları, Ankara.
- Yılmaz, T. (2004). Uluslararası Politikada Ortadoğu, Akçağ Yayınları, Ankara.
- Yılmaz, T. (2006). «Irak Savaşı'nda İsrail'in Politikası». (Editörler: Mehmet Şahin, Mesut Taştekin), II. Körfez Savaşı, Platin Yayınları, Ankara.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# شرۆڤەی تەنگژەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و کاریگەریی لەسەر ئایندەی وڵات

**نووسەران: بەهادور زاریعی**

**مامۆستا (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) لە بەشی جوگرافیای سیاسی، کۆلێژی جوگرافیا، زانکۆی تاران**

**کەمال ڕەنجبەری چیچوران**

**خوێندکاری ماستەر، بەشی جوگرافیای سیاسی، کۆلێژی جوگرافیا، زانکۆی تاران**

**وەرگێڕان: لوقمان سەیفور ئەسکەندەر**



**پوختە**

عێراق لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، پێی نایە قۆناغێکی نوێ لە سیستمی حوکمڕانی کە دابەشبوونی دەسەڵات لەنێوان جەمسەری نەتەوەیی[١] -مەزهەبیی بەدوای خۆیدا هێنا. کوردەکان بە سوودوەرگرتن لەو دەرفەتەی هاتووەتە پێشەوە، توانییان داواکارییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی یاسایی لە سیستمی نوێی عێراقدا بچەسپێنن و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن. کوردەکان بە سەرنجدان لە جیاوازییە نەتەوەییەکان لەگەڵ جیهانی عەرەبی و قورسایی جوگرافیایی سیاسی، هەوڵیان دا بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی لە ڕووی ئابووری، سیاسی، ئاسایش و سەربازییەوە؛ سیاسیەتێکی جیاوازیان هەبێت، ئەمە جگە لە هەوڵی ڕیفراندۆم و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی. لەم توێژینەوەیەدا بە سوودوەرگرتن لە شێوازی کاربەری(کاربردی)، بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی گێڕانەوە -شیکاری و سەرچاوەی کتێبخانەی- ئینتەرنێتی؛ هەوڵی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان دراوە. سەرەتا کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند ڕوون کراونەتەوە، پاشان بە کەڵکوەرگرتن لەو داتایانەی دەست کەوتوون، کاریگەریی ئەم کێشانە لەسەر داهاتووی سیاسیی عێراق باس کراوە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق، کێشەگەلێکی زۆر بنەڕەتی و ستراتیژی بوونی هەیە، وەک: جیاوازیی نەتەوەیی، فرۆشتنی سەربەخۆیی نەوت و سیاسەتی ئابووری، هێزی سەربازی، پەیوەندیی نێودەوڵەتی و داواکردنی سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی

سنووری هەرێمی کوردستان. ئەگەر ئەم کێشانە بە شێوازی یاسایی لەنێوان هەردوو لادا چارەسەر نەکرێت، داهاتووی سیاسیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان مەترسیدارە و قەیرانەکان لەو وڵاتەدا پەرە دە سێنێت .

**کلیلەوشەکان:** تەنگژە، عێراق، هەرێمی کوردستان، مۆدێلی فیدراڵ، قەڵەمڕەوخوازی.

## پێشەکی

لەپاش هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق و کرانەوەی وەرزێکی نوێی سیاسی لە مێژووی سیاسیی ئەو وڵاتەدا، دەستووری عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی و لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە ئامادە کرا. زۆرینەی وڵاتانی فیدراڵ لە نموونەی نەتەوەیی کەڵک وەرناگرن، تەنها هەندێ کۆمەڵگای تایبەتی و قەیراناوی ئەم دابەشکردنە قبووڵ دەکەن. بۆ وڵاتێکی جیاوازی وەک عێراق کە نە لەسەر بنەمای ئیرادەی نیشتمانییە و نە ویستی خەڵک، بەڵکوو بە ویستی بەریتانیا لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی پێک هێنرا، دەکرا فیدراڵی باشترین شێوازی وڵاتداری بێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان فیدراڵی بە شێوازێکی جیاواز و بە دوور لە یاسای نێودەوڵەتی پێناسە کرا، هەرێمی کوردستان لە دەستووردا پلە و پێگەیەکی بەدەست هێنا کە زیاترە لە فیدراڵی (حافظ نیا و ئەوانی تر، ٥٧:١٣٩١). هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا مافەکانی ڤیتۆ، هێزی سەربازی، سیاسەتی دەرەوەی سەربەخۆ، توانای بڕیاردانی بەربڵاو سەبارەت بە ئابووری و سەربازی و... لە دەستدایە، کە لە هیچ سیستمێکی فیدراڵیدا ڕێگە بە هیچ کام لەم دەسەڵاتانە نادرێت و هەرێمی کوردستان لەم بابەتەدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە (میرحیدر، ٢١٠:١٣٩٢). حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق بەردەوام سەبارەت بە شێوازی چۆنێتیی جێبەجێکردنی فیدراڵی لە کێشەدا بوون، کوردەکان دەسەڵاتی کۆنفیدراڵیی پارێزگاکان و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی بە مافی خۆیان دەزانن، لە کاتێکدا کە حکومەتی ناوەندی ئەم هەنگاوانە وەک هەڕەشەیەک لەسەر حکومەتی نیشتمانی و ئاسایشی ناوچەکە وێنا دەکات. شێوازی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا بە شێوەیەکە کە هێشتا دۆخی جێگیربوونی تێنەپەڕاندووە و سەقامگیریی بەخۆوە نەبینیوە، لە گۆڕپانی پەرێشانی عێراقدا بە سەرنجدان لە بارودۆخی بەدیهاتوو لەپاش هێرشەکانی داعش و لاوازبوونی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، فراوانکردنی دەسەڵاتی ناوچەکانی دەرەوەی ژێر دەسەڵاتی سنووری هەرێمی کوردستان و لکاندی پێوەی، سیاسەتەکانی ئابووری و فرۆشتنی نەوت بە ڕاستەوخۆ بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوندی و سیاسەتی دەرەوەی سەربەخۆ و...؛ بوو بە ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان. کوردەکان بە کەڵکوەرگرتن لە کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە و کێشەکانی ناوچەکە و دیاردەی تیرۆریزم، هەوڵیان دا بۆ فراوانکردنی هەرێمەکەیان لە ناوچە جێناکۆکەکان و هەروەها زیادکردنی هێزی سیاسی و سەربازی و ئابووری بۆ ڕیفراندۆم هەنگاویان نا. سەبارەت بە سەربەخۆیی، حکومەتی ناوەندیی عێراق و وڵاتە زلهێزەکانی ناوچەکە و تەنانەت زلهێزەکانی جیهانیش دژایەتیی ئەم هەنگاوەیان کرد، حکومەتی ناوەندی بە کەڵکوەرگرتن لە کەلێنی نێوان حزبە کوردییەکان و لەشکرکێشی لە ماوەیەکی کەمدا، توانیی ناوچە جێناکۆکەکان وەربگرێتەوە و داوای کرد کۆی ئەنجامی ڕیفراندۆم هەڵبوەشێتەوە. ئەم بارودۆخە بووەتە هۆی کێشەگەلێکی جیاواز لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە کە لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە شێوازی حکومڕانیی عێراقدا، ئەو وڵاتە تووشی چ کێشەیەک لەگەڵ هەرێمی کوردستان بووە و بوونی ئەم کێشانە چ کاریگەرییەک لەسەر داهاتووی عێراق دادەنێت؟

## چوارچێوەی تیۆری

## خاک/قەڵەمڕەو

قەڵەمڕەو بەشێکە لە دەرکەوتەی جوگرافیایی، کە لەگەڵ سنووری سروشتیی (فیزيك) حکومەتێك بەرکەوتەی هەیە. ئەم چەمکە سنوورێکی فراوانی سروشتییە کە لە شێوەی پێکهاتەی حکومەتی دەردەکەوێت، هەروەها خاک دیمەنێکی ئاسۆیی یا سروشتیی وڵاتە و چەمکێکی جوگرافییە کە بە سەرنجدان لە چەمکی حکومەت، شێوازی سیاسی وەردەگرێت (مجتهد زادە، ٤٤:١٣٩٢). قەڵەمڕەو و قەڵەمڕەوخوازی، بنەمای فەلسەفەی «جوگرافیای سیاسی»ن. قەڵەمڕەو وەک ئاماژەیەکی بەرچاو لە مافی سروشتیی خاوەنداریەتی و لەسەر بنەمای حەزی مانەوە، واتا و ئامانجی بە هەڵسوکەوتی سنوورخوازیی مرۆڤ بەخشیوە، بە شێوازێک کە ڕاڤەی کار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای حەزی قەڵەمڕەوخوازی بوو. لە جوگرافیای سیاسیدا چەمکەکانی خاک، سنوور و دەسەڵاتداری بۆ وێناکردنی قەڵەمڕەو؛ پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە، لەسەر ئەم بنەمایە، قەڵەمڕەو کەشێکی کاریگەرە لەسەر هێزی دەسەڵات و خاوەنداریەتی و ڕادەی نفوزی هێز، دەسەڵاتدار و خاوەنداریەتی پەیڕەوی پێوەرەکانی قورسایی جوگرافییە، وەک: پانتایی، جۆراوجۆریی سەرچاوە، سەرچاوە سروشتییەکان، شێواز و پێگەی شەڕ و بەرگری، ستراتیژی و بارودۆخی توانای وڵات لە گۆڕەپانە جیاوازە سیاسییەکاندا (Glassner,١٩٩٣: ١٢٠-١٢١). وڵاتی عێراق بەرهەمی شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانییە، کە شوناسی نیشتمانی و حکومەتی نەتەوەیی تیایدا نەهاتۆتە کایەوە و هەر گرووپێکی نەتەوەیی و مەزهەبی لەم


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وڵاتەدا، هەوڵی زیادکردنی قەڵەمڕەو و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەستبەسەرداگرتنی شوێن و پانتایی ستراتیژی دەدا.

**قەڵەمڕەوسازی/قەڵەمڕەوخوازی**

قەڵەمڕەوخوازی هەوڵدانێکە بە هۆی تاکەکەس یاخود گرووپێک بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵک، دیاردەکان و پەیوەندییەکان، بە دیاریکردنی سنوور و ویستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەک یاخود وڵاتێک. قەڵەمڕەوخوازی بە ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ نۆرمە کولتوورییەکان و هۆکارگەلێکی تردا کە خاوەنی پێوەر و شوێنن، دیاری دەکرێت و ئەم بابەتانە دەبنە هۆکاری ئەوەی کە بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگا، بارودۆخی چەمکی ویستی سنوورخوازیی نالۆژیکی بێت. سنوورخوازی سروشتێکی مرۆڤانە نییە، بەڵکوو دەستکردی کۆمەڵگایە (میر حیدر، ١٤:١٣٩٣). سنوورخوازی ستراتیژێکە کە لە ڕێگەیەوە خەڵک و گرووپەکان بە شێوەیەکی پاوەنخوازی، چاودێری و دەسەڵاتداریەتی لە بەشێکی دیاریکراوی سنوورەکەدا دەکەن (میر حیدر، ١٠:١٣٧٩). سنوورخوازی لە سەرەتادا ستراتیژێکە بۆ سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردن، هەوڵێکە کە لە ئەنجامدا ناوچەیەکی جوگرافی دروست دەبێت، بارودۆخێک کە وابەستەی خاکە و بە هۆی مرۆڤەوە ئیدارە دەکرێت (kolers, ٢٠٠٩: ٤٨-٧٠).

کوردەکان بە درێژایی مێژووی عێراق بەردەوام لە هەر هەلێک کە هاتبێتە پێشەوە بۆیان، بەشێک لە خاکی عێراقیان کە لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسایی هەرێمی کوردستانە، کردوویانە بە سنووری دەسەڵاتی مێژوویی و جوگرافیی خۆیان و دەستیان کردووە بە فراوانکردنی سنوور و ئەو ناوچانەیان خستووەتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان. حکومەتی ناوەندی لە عێراق بە سەرنجدان لە کێشە ناوخۆییەکان و ترسیان لە زیادکردنی باڵانسی جیۆپۆلەتیکیی کوردەکان و








هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی، خۆی لاداوە لە چارەسەرکردنی یاسایی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لەسەر ئەنجامی بنەمای گشتپرسی.

**مۆدێلی فیدراڵی**

فیدراڵی پێکدێت لە یەکگرتنی گرووپێک لە مرۆڤەکان و پێوەرە سیاسییە جیاوازەکان کە بڕیار دەدەن چارەنووسی خۆیان پێکەوە ببەستنەوە و وڵاتێک بە توانا و دەرفەتی زیاترەوە دروست بکەن (kolers, ٢٠٠٩:٢٩)). فیدراڵی یەکێک لە شێوازەکانی حکومڕانی کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی توانای دەسەڵاتە لە وڵاتێکدا کە حەزی پابەندبوون بە بەهاکان و جیاوازیی کولتووری و فەرهەنگی، نەتەوەیی، زمان و مێژوویی بوونی هەیە و ئەم سیستەمە ڕەوایەتیی پێ دەدرێت. ئێستا لە کۆی جیهاندا، دەیان وڵات بە شێوازی فیدراڵی (ناناوەندێتی) بەڕێوە دەبرێن. وڵاتگەلێکی پێشکەوتووی وەک: ئەمەریکا، ئەڵمانیا، نەمسا، ئوسترالیا؛ خاوەنی سیستمی فیدراڵن، هەر چەندە دامەزراوە فیدراڵییەکان جیاواز و هۆکارگەلی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم سیستمە بە شێوەیەکی ئاسایی وەک دوایین چارەسەری پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوەکان لە چوارچێوەی وڵاتێکی یەکگرتوودا بووە. بە شێوەیەکی گشتی وڵاتەکان بە هۆکاری یەکێک لە هۆکارە جیاوازەکانی نەتەوەیی-کولتووری و پانتایی جوگرافی، یاخود یەکگرتنی چەند وڵاتێکی بچووکتر بۆ دروستکردنی وڵاتێکی گەورەتر و بەهێزتر هەنگاو دەنێن. لە سیستمێکی فیدراڵدا هەر چەندە دەسەڵات دابەش کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵات هاوئاهەنگە و ئەم هاوئاهەنگییەش یەکگرتنی ناوخۆیی و هێزێکی ڕاستەقینەی زیاتری بەخشیوە بە دەوڵەت و کێشە ناوخۆییەکان کەم دەکاتەوە (تاج آبادی و ئەوانی تر، ١٣٩٣: ١٥٧-٧٥). هەر بە هەمان بەڵگە، دەوڵەتێکی فیدراڵ، سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندیی ناوخۆیی هاوئاهەنگتری لەگەڵ نوێنەرەکانی خۆیدا هەیە، خۆی کەرەستەیەکە بۆ پارێزگاری لە فرەلایەنی (pluralism) و پارێزگاری لە مافی تاک لەبەرامبەر هێزی دەوڵەتی ناوەندی، کەواتە گرووپە نەتەوەیی-ئایینزاییەکان خاوەنی هەڵبژاردە و ئازادیگەلێکی زیاترن. گواستنەوەی هێزی سیاسیی بڕیاردەر بۆ هەرێمەکان و ناوچەکان، مافی بڕیاردان لەسەر ئەو بابەتانەی کە کاریگەری لەسەر ژیانیان دادەنێت، لەلایەن بۆرۆکراتەکانی نیشتەجێی ناوەندەوە، ڕادەستی هاوڵاتیانی ئەو هەرێمانە دەکرێن. فیدراڵی شێوازێکی حکومەتدارییە کە لەسەر بنەمای دابەشکردن و جێبەجێکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە خاک و وڵاتێکدا کە حەزی پارێزگاریکردنیان لە جیاوازییە کولتووری و فەرهەنگییەکان، مەزهەبی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و مافەکانی خۆیان هەیە؛ دێتە کایەوە. لە ڕاستیدا لەم

سیستەمەدا بەها دەدرێت بە هەمەڕەنگی و جیاوازییە جوگرافییەکان. لە نموونەی فیدراڵیدا، سیستمی حکومەت دوو پێوەرە، پێوەری فیدراڵ (نەتەوەیی) و پێوەری هەرێمەکان (ناوچەکان) و لە هەر کام لە پێوەرانەدا دامودەزگای هاوچەشنی حکومەت و دەزگای یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگا بوونی هەیە و هەرێمەکانیش بۆ خۆیان یاسا دادەنێن.

دامودەزگای یاسادانان و دارشتنی سیاسەتی گشتیی نەتەوەیی لە سیستەمی فیدراڵیدا دوو جۆرە، کە لە خۆگریی ئەنجوومەنی نوێنەرانە (پەرلەمان) کە لەسەر بنەمای ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانیان هەڵدەبژێردرێن و ئەنجوومەنی پیران (مجلس سنا) کە ئەندامەکانی بە شێوەیەکی یەکسان و بەبێ گوێدانە جیاوازیی ناوچەکان؛ هەڵدەبژێردرێن. ناوەندی حکومەتی فیدراڵ لەلایەن هەرێمەکانەوە بە ڕێککەوتن دیاری دەکرێت، لەم مۆدێلەدا داواکاری گشتی یاخود دادگای دەستووریی وڵات بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمی فیدراڵ و چاودێریکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمەکان و سنووری فیدراڵ بوونی هەیە (زارعی، ١٣٩٢: ٢١٢-٢٠٨). لە مۆدێلی فیدراڵیدا هەرێمەکان لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە نەک بە ناچارکردن بۆ یەکگرتنیان، پەیوەندیی نێوان هەرێمەکان لەگەڵ یەکتریدا لە خۆگریی ماف و یاساگەلێکی ناوخۆییە و پەیوەندیی حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ دەوڵەتەکانی تردا ملکەچی یاسا و مافە نێودەوڵەتییەکانە. دەوڵەتی فیدراڵ بە نوێنەرایەتیی هەرێمەکان، بابەتی هاوبەش وەک: بەرگری، پەیوەندیی نێودەوڵەتی، پارە، گومرک و هاوتوچۆی لە ئەستۆدایە، لە سیستمی فیدراڵیدا هێزی یەدەک لە دەست هەرێمەکاندایە (حافز نیا و ئەوانی تر، ١٣٩١:٣٠)، لە هەمان کاتدا دەوڵەتی فیدراڵ تێدەکۆشی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هەرێمەکاندا (بدیعی، ١٣٩٥:٣٨). مۆدێلی فیدراڵی لە عێراق؛ هاوچەشنی هیچ کام لەو فیدراڵییانە نییە کە لە دونیادا بوونی هەیە و شێوازی حکومڕانی لەم وڵاتەدا تایبەتە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دوور کەوتووەتەوە لە ناوەند و حکومەتی ناوەندییش هەنگاوی زیاتری ناوە بۆ ناوەندێتیی دەسەڵات (تمرکز).

دەوڵەت - نەتەوە (NATION-STATE)

دەوڵەت-نەتەوە بنەچەی لە مێژووی هاوچەرخدایە، بە شێوەیەک کە دەتوانرێت ڕەوتی هاتنەبوونی دەوڵەت-نەتەوە لە ساڵی ١٦٤٨ و لەپاش ڕێککەوتنی ئاشتیی وێستفالیا سەری هەڵدا، لەو مێژووەدا بوو کە بەرەبەرە کارەکتەرێک بە ناوی دەوڵەت-نەتەوە دەرکەوت و لەپاش شۆڕشی فەڕەنسا ١٧٨٩ و ڕەنگدانەوەی حەزە ناسیونالستییەکان لە ئەورووپا هاتە قۆناغی کامڵبوون. لەپێش کارەکتەرێک بە ناوی دەوڵەت-نەتەوە، خەڵک لە چوارچێوەی کۆمەڵێك چەمکی وەک: دەوڵەت-شارەکان، ئیمپراتۆریەتەکان و دەوڵەتە دەرەبەگییەکان پێناسە دەکران (قەوام زەرگەر: ١٣٧٨:٥١). نەتەوە بریتییە لە بەشێک لە خەڵک کە هەست دەکەن لە دوو لایەنی بینراو (عەینی) و زەینی پێویستیان بە یەکە، هۆکارەکانی بەرچاو وەک: زمان، دین، دابونەریت، پاشماوەی مێژوویی و خاکی هاوبەش و هۆکارە زەینییەکانیش وەک: هۆشیاریی خەڵکەکان بەوەی کە ئەوان نەتەوەیەکن و حەز دەکەن خۆیان حکومی خۆیان بکەن نەک خەڵکی تر، دواجار لە داهاتوودا چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە (میرحیدر، ١٣٨٣:٥٢). حکومەتی نیشتمانی سیستمێکی زۆر کارایە بۆ ڕێکخستن و چاودێریکردنی خەڵک و سنوور و جوگرافیا. دەوڵەتی نیشتمانی کارەکتەرێکی یاساییە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەفەرمی دانی پێدا نراوە و ئەرکەکەی ڕێکخستن و گەرەنتیی خۆشگوزەرانی و دابینکردنی ئاسایشە بۆ هاوڵاتییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و بەو پێیەی کە باڵاترین دەسەڵاتە، قبووڵی هیچ ڕکابەرێک یاخود تەنگژەیەك لە دژی سەروەریی خۆی ناکات و داوا لە هاوڵاتییەکانی دەکات پەیڕەوی بکە ن .

یەکێک لە ئامانجە سەرەکی و گرنگەکانی هەر حکومەتێک، پێشکەشکردن و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا پێویستەکانە بۆ پارێزگاریکردن لە سنووری خاکی وڵات لە کەلێن و دەستدرێژی لەلایەن هێزی وڵاتەکانی ترەوە، پارێزگاریکردن لە سیستمی سیاسی و دابونەریتی وڵات و ڕێکخستن و دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆیی (زارعی، ١٣٩٢:١٩٠). هەر چەندە لە ئێستادا زۆرێک لە وڵاتانی بە دەوڵەت-نیشتمانی ناو دەبرێن، بەڵام زۆرێک لەوانە هێشتا بە کردەوە نەبوونەتە خاوەن شوناسێکی لەم جۆرە و ئەمە سەبارەت بە زۆرێک لە وڵاتانی ڕزگاربوو لە دەستی داگیرکەر لەپاش شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەم ڕاستە. زۆرێک لەم وڵاتانە ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی زۆر قورسی ناوخۆیی بوونەتەوە و لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەدا لێکترازانێکی وەها هەیە کە بەئەستەم دەتوانرێت ئەوانە لە چوارچێوەی پێناسەیەکی تۆکمە بە ناوی دەوڵەت-نیشتمان پێناسە بکرێنەوە. بابەتی دەوڵەت-نەتەوەسازی، پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە پێشکەوتن و جێگیریی سیاسی لە وڵاتدا، بە شێوەیەک کاتێک کە باسی دەوڵەت-نەتەوەسازی دەکرێت، لە ڕاستیدا ڕەوتێکی پێشکەوتنە و یەکێکە لە ئاماژەکانی گەشتن بە دەوڵەت-نەتەوەسازی. دەبێت سەیری ئەو وڵاتە بکرێت لە ڕادەی گەیشتن بە پێوەرێکی باش لە جێگیریی سیاسی. دەوڵەت-نەتەوەسازی، ڕەوتێکە بەرەو حەزی دەسەڵات و شێوازی جێبەجێکردنی دەسەڵاتە بەسەر کۆمەڵگادا. ئێستا ئەگەر وڵاتێک جێگیریی سیاسی دابین نەکات، یەکێک لە مەرجە سەرەتاییەکانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

حەز بە وەها دەسەڵاتێک، تووشی کەموکورتی دەبێت و ڕەوتی دەوڵەت-نەتەوەسازی تووشی گرفت و کەموکورتی دەبێت (زارعی، ١٣٩٢:١٠). وڵاتی عێراق وڵاتێکە کە لە مێژووی کورتی خۆیدا لەسەر بنەمای شوناسی نیشتمانی دروست نەبووە و لە نەبوونی حکومەتێکی نیشتمانیدا کە هەموو مەزهەب و نەتەوەکان خۆیان بە خاوەنی بزانن، بەردەوام گرفتی هەبووە.

**ژینگەناسیی توێژینەوە**

عێراق کەوتووەتە باکووری ڕۆژئاوای ئاسیا و وڵاتێکە کە بە هۆی کەشە گەرم و وشک و کەم بارانەکەی، زۆر پێویستی بە هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتە کە لە وڵاتی تورکیاوە دەڕژێنە عێراق. هەروەک لە خشتەی ژمارە (١)دا تایبەت بە دابەشکردنی سیاسی و نەتەوەیی عێراقدا دەبینرێت، وڵاتی عێراق خاوەنی ١٩ پارێزگایە و هەرێمی کوردستانیش خاوەنی ٤ پارێزگایە: هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە. ئەو پارێزگایانەی کە نەتەوە و مەزهەبی جیاوازی تێیدا دەژین و جێگای ناکۆکییە، بریتین لە: کەرکووک و سەڵاحەدین و نەینەوا و دیالە (نامی، ١٣٣٨:٨).

شاری بەغداد پایتەختی عێراقە و لە خۆگریی ناوەندی سیاسیی ئەو وڵاتەیە، دەتوانین ئاماژە بە شارە گرنگەکانی تر بکەین، وەک: موسڵ، بەسرە، کەرکووک، کەربەلا و نەجەف. ئەم وڵاتە بە هۆی دەشتە بەپیتە کشتوکاڵییەکان و ئاوی زۆر و سەرچاوە نەوتییەکانی،

**خشتەی ژمارە (١)**

**دابەشبوونی سیاسیی عێراق**

| پارێزگا | ناوەند | ڕووبەر | نەتەوە |
|---|---|---|---|
| هەولێر | هەولێر | ١٥٠٧٤ | کورد |
| ئەنبار | ڕومادی | ١٣٧٨٠٨ | سوننە |
| بابل | حلە | ٥٦٠٣ | شیعە |
| بەسرە | بەسرە | ١٩٠٧٠ | شیعە |
| بەغداد | بەغداد | ٤٠٧١ | شیعە، سوننە |
| هەڵەبجە | هەڵەبجە | ٣٠٦٠ | کورد |
| دهۆک | دهۆک | ٦٥٥٣ | کورد |
| دیالە | بەعقوبە | ١٧٦٨٥ | سوننە، کەمایەتیی کورد |
| زیقار | ناسریە | ١٢٩٠٠ | شیعە |
| سلێمانی | سلێمانی | ١٧٠٢٣ | کورد |
| سەڵاحەدین | تکریت | ٢٤٣٦٣ | سوننە، کەمایەتیی کورد |
| قادسیە | دیوانیە | ٨١٥٣ | شیعە |
| کەربەلا | کەربەلا | ٥٢٨٥٦ | شیعە |
| کەرکووک | کەرکووک | ٩٦٧٩ | کورد، سوننە، تورکمان |
| موسەنا | سەماوە | ٥١٧٤٠ | شیعە |
| میسان | عەمارە | ١٦٠٧٢ | شیعە |
| نەینەوا | موسڵ | ٣٧٣٢٣ | سوننی، کورد، مەسیحی |
| واسط | کوت | ١٧١٥٣ | شیعە |
| نەجەف | نەجەف | ٢٨٨٢٤ | شیعە |

سەرچاوە: (Wikipedia, ١٣٩٥)





بەردەوام کەوتووەتە بەر هێرش و داگیرکاریی نێودەوڵەتی و ناوچەیی. بوونی سەرچاوە نەوتییەکان و دراوسێیەتیی لەگەڵ کەنداو و هەروەها دراوسێیەتیی لەگەڵ ئێران و تورکیا، بەهای ستراتیژیی ئەو وڵاتەی زیاتر کردووە (ضمیمی، ١٣٧٨: ١٥-١٤). چوار پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە لە باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و حکومەتی هەرێم پێک دێنن. ئەم چوار پارێزگایە لە ئێستادا دەسەڵاتی خۆجێییان هەیە و ناوەندی سیاسییان شاری هەولێرە. هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێکە لە کوردستان کە لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی کەوتە سنووری عێراق، زۆرینەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە کوردن و لە ڕووی پێکەوەژیان و نەتەوەیی و ئایینییەوە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق کێشەیان هەیە (حاجی میر خان، ١٣٩٠:١١). وڵاتی عێراق لە سێ جەمسەری نەتەوەیی-ئایینزایی پێک هاتووە، کوردەکان لە ناوچە شاخاوییەکانی باشووری عێراق بە زمان و کولتوور و دابونەریتی نەتەوەیی جیاوازیان دەژین کە بەشێکی گرنگی ناوچە نەوتییەکان لەوێدایە (Mackenzid, ١٩٩٩:٣٨٦). کوردەکان زیاتر لە ڕووی کولتوور و ڕەگەزەوە ڕەگوڕیشەی ئێرانییان هەیە و نزیکەی لە ٢٠٪ی عێراق پێک دەهێنن کە چوار پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەروەها بەشێکیان دانیشتووی پارێزگاکانی کەرکووک، باشووری موسڵ، دیالە و سەڵاحەدینن (قاسمی، ١٣٨٩:٣٩). جەمسەری دووەم، لە عێراقدا، عەرەبی سوننی مەزهەبن کە نزیکەی ٢٠٪ی عێراق پێک دێنن و دانیشتووی ناوەڕاستی عێراقن و لە ڕوانگەی کولتوورییەوە زیاتر لە جیهانی سوننە و عەرەبستانی سعودی نزیکن. جەمسەری سێیەمیش، شیعەکانی عێراقن کە زۆرینەی دانیشتووانی عێراق پێک دێنن و لە باکووری ئەو وڵاتە نیشتەجێن و لە ڕوانگەی مەزهەبییەوە لەگەڵ ئێراندا وەک یەکن (قاسمی، ١٣٨٩: ٤٥-٤٠).

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری کاربەری بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی وەسفی-شیکاری و سەرچاوەی کتێبخانە و ئینتەرنێت زانیارییەکان کۆ کراوەتەوە. سەرەتا هەوڵ دراوە بەدواداچوون و ڕوونکردنەوە بۆ کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی بکرێت، پاشان بە کەڵکوەرگرتن لەو داتایانەی کە بەدەست کەوتوون، کاریگەریی ئەو کێشانە لەسەر داهاتووی سیاسیی عێراق ڕوون کراوەتەوە.

پێدراوەکانی توێژینەوە

سیستمی حکومڕانیی عێراق

دەستووری بنەڕەتیی عێراق لەپێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، عێراقی وەک وڵاتێکی کۆماریی دیموکراتیی گەل و سەربەخۆ پێناسە دەکرد. لەم سیستەمەدا گرووپە مەزهەبی و

نەتەوەییەکان هیچ هەلێکیان بۆ خۆدەرخستن نەبوو، ئامانجی سیستمی سیاسی تەنها دروستکردنی گەلی عەرەب و دامەزراندنی سیستمێکی یەکگرتوو لەسەر بنەمای پان عەرەبیزم بوو.

بە سەرنجدان لەسەر پێکهاتەی حکومەت و دەستووری بنەڕەتیی ئەو وڵاتە، پێکهاتەیەکی قۆرخکراوی ناوەندیی بەهێزی هەبوو کە دەسەڵاتێکی زۆری بە دامەزراوە تایبەتەکانی وەک ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕش دابوو، بە شێوەیەک کە هێز و دەسەڵات تەنها بە چەند کەسێک لە پلە باڵاکانی حزبی بەعس درابوو کە زۆرینەیان عەرەبی سوننەمەزهەب بوون، بەڵام شیعە و کوردەکان ڕۆڵێکی وەهایان کە شایەنی باس بێت؛ لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا نەبوو (سیف لادین، ١٣٧٩: ٧٠-٤٥). ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، سیستمی نێودەوڵەتی گۆڕا و ڕەوتێکی نوێی لەپاش شەڕی سارد هێنایە کایەوە و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کردە ناوەندی کێشەگەلێکی یەک بەدوای یەک. لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق بە هۆی زلهێزە نێودەوڵەتییەکان بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا، دەسەڵاتیان لە عێراق بە زۆرینەی جەماوەری سپارد، هەردوو جەمسەری شیعە و کورد کە تا ئەو کاتە هیچ ڕۆڵێکیان لە دەسەڵاتدا نەبوو، بە درێژایی مێژووی ئەو وڵاتە بە هۆی حکومەتەکانەوە دەچەوسێنرانەوە و مافەکانیان پێشێل دەکرا، لە عێراقی نوێدا ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا کە بێنە ناو پێکهاتەی دەسەڵاتەوە و وەک بەشێکی سەرەکی لە لوتکەی دەسەڵاتی عێراق ئەژمار بکرێن. ناکۆکیی مێژوویی و نەتەوەیی-ئایینزایی لە عێراق و جیاوازی لەنێوان کوردەکان و عەرەبەکان، جیاوازی لەنێوان سوننە و شیعە، هەموو کاتێک وەک هۆکارێکی سەرەکی و ڕێگر ئەژمار کراوە لە چەسپاندنی ئاسایش و دیموکرسیدا، بە شێوەیەک کە لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس کاریگەرییەکانی بەتەواوەتی دەرکەوتووە. لەبەر ئەوە هەوڵ درا پێکهاتەیەکی یاسایی بەرهەم بێت، کە بگونجێت لەگەڵ پێکهاتەی کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە و جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینزاییەکان ببێتە ئامرازێک بۆ گۆڕانکارییەکی سوودبەخش و بەکەڵک. لە عێراق سیستمی سیاسی لەسەر بنەمای فیدراڵی خرایە بەرنامە و وڵاتی عێراق وەک کۆمارێکی فیدراڵیی دیموکراتیی پەرلەمانی پێناسە کرا. حکومەتی عێراق لە سێ دەسەڵاتی سەرەکی کە بریتین لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ئەنجوومەنی وەزیران، دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری؛ پێك هاتووە. یاسادانان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) و ئەنجوومەنی ناوچەکان و پارێزگاکان پێک هاتووە لە نوێنەرانی نەتەوەکانی عێراق و هەر ئەندامپەرلەمانێک نوێنەری ١٠٠٠٠٠ کەسە (انتشاران آیین دادرسی، ١٣٩٢). نوێنەرەکان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





لەسەر بنەمای یاسا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن و پێویستە پەرلەمان یاسای دەوڵەتی فیدراڵ دابڕێژێت و لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە یاسادا هاتووە، چاودێریی ئیشوکاری دامودەزگاکانی دەوڵەت بکات، هەروەها بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکان، پەیڕەوێکی ناوخۆ پێشکەش بکات. لە عێراق سەرۆکوەزیران بەرپرسی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و ئەو دەسەڵاتەش پێک هاتووە لە سەرۆکوەزیر و ئەنجوومەنی وەزیران. سیستمی فیدراڵ لە کۆماری عێراقدا پێک هاتووە لە هەرێم و پارێزگا و پایتەختی هەرێمەکان، هەر هەرێمێک لە دوو پارێزگا یاخود زیاتر پێک دێت، کەواتە هەر هەرێمێک مافی خۆیەتی کە وەک هەرێمێکی تایبەت ئەژمار بکرێت و حکومەتە هەرێمییەکان لەسەر خاکی ئەو هەرێمە و دانیشتووانەکەی بەپێی سنووری یاسایی دەسەڵات ببات بەڕێوە.

حکومەتە هەرێمییەکان لە دەسەڵاتی دادوەری و بەڕێوەبردن و یاسادانان پێك دێن، لە عێراق هەرێمەکان دەتوانن سەبارەت بە هەموو بابەتەکان بڕیار بدەن، جگە لەو بابەتانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵیدایە (شیروی، ١٣٨٤:١٧٤). کەلێنە نەتەوەیی و ئایینزاییەکان، ناکۆکیی تاقم و گرووپە جیاوازەکان، دەستتێوەردانی هێزەکانی ناوچەکە و دیاردەی تیرۆریزم (داعش)؛ بوونە هۆکاری ئەوەی کە سیستمی فیدراڵ و نموونەی حکومڕانیی نوێ نەتوانێت عێراق بگەیەنێتە کەناری ئاسایش و ئارامی. سیستمی فیدراڵ لەم وڵاتەدا بە سەرنجدان لە بارودۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی، بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکان و دوورکەوتنە لەنێوان نەتەوە و ئایینزاکان.


تەنگژەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق.

کوردەکان دوو تەنگەژەی سەرەکییان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراقدا هەیە، تەنگەژەی پێکهاتەیی و کاربەری (کارکرد). پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی لە ڕوانگەی نەتەوەیی، کولتووری، زمان و ڕەگەزەوە بەتەواوەتی جیاوازن لە عەرەبەکان و مەرجێکی هاوبەش و هەستێکی نیشتمانیی هاوبەش لەنێوان کورد و عەرەبەکاندا بوونی نییە. کوردەکان ناسنامەی خۆیان بە بنەما ڕەگەزی و نەتەوەییەکانەوە پەیوەست دەکەن، لە ناوچە کوردییەکان بە سەرنجدان لەوەی کە ڕۆڵی ناسنامەی نەتەوەیی زیاتر و بەهێزترە لە مەزهەب، لە ئەنجامدا مەزهەبیش توانای بەدیهێنانی هەستی هاوبەشی لەنێوان کوردەکان و عەرەبەکاندا نییە. لەپاش دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق و بارودۆخی سیاسی، کوردەکان توانییان لە ڕێگەی شوناسە تایبەتەکەیانەوە حکومەتی خۆجێیی خۆیان بەهێزتر بکەن و ڕکابەری دەسەڵاتی ناوەندی بکەن و فیدراڵیەت تێبپەڕێنن. هەرێمی

کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، خاوەنی ئابوورییەکی سەربەخۆ و فرۆشتنی نەوتە، پەیوەندیی نێودەوڵەتیی هەیە لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەغداد، هەروەها توانای پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی ئەمنییەی لە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و گرتنەوەی ناوچەکان و خستنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانیان هەیە. هەروەك لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا دەرکەوتووە، تەنگژەکانی پێکهاتەیی و کاربەریی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق توانایان هەیە بەردەوام بێنە کایەوە و کێشەکان قووڵتر بکەنەوە، بە شێوەیەک کە ناکۆکیی ناسنامەیی و پێکهاتەییەکان دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی تەنگژەی کاربەری و ئەم تەنگەژەیەش (فرۆشتنی نەوت، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دیاریکردنی سنوور) کاریگەریی لەسەر قووڵبوونەوەی کێشە پێکهاتەییەکان دادەنێت.

**هێڵکاریی ژمارە (١)**

**مۆدێلی چەمکی تەنگژەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق**



ئامادەکردن: توێژەران

### نەهاتنەکایەی دەوڵەت-نەتەوەسازی و کەلێنە شوناسییەکان

دەوڵەت-نەتەوەسازی پرۆسەیەکە کە لە ڕێگەیەوە هاوڵاتییانی کۆمەڵگاکە بەرەبەرە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانیان لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراوەوە بونیاد دەنێن. لەم پرۆسەیەدا، دروستکردنی دەوڵەت، ڕێرەوێکە کە بە هۆیەوە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و خەڵک ڕێک دەخرێت و لە چوارچێوەی پێکهاتە جیاوازە سیاسی، یاسایی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە پێناسە و سەقامگیر دەکرێت. پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوەسازی بەم شێوەیە ڕێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی گشتگیر لەسەر کۆی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەدا (بنی هاشمی، ١٣٨١:١١). یەکێک لە تایبەتمەندیی وڵاتانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا، وەک عێراق، ئەوەیە کە وڵاتێکی تازەدەرکەوتوون، لەسەر ئەم بنەمایە دەوڵەتە نوێیەکان لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا کە زۆرێک لەوان بە هۆی سنووڕاکێشانی دەستکردی وڵاتە زلهێزەکان دروست بوون، خاوەنی پێکهاتەی جیاوازی نەتەوەیی-ئاینزایین و





لەسەر ئەم بنەمایە جۆرێک لە دەوڵەت-نەتەوەسازی بە شێوەیەکی ناچاری و پەنابردن بۆ ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی بووتە هۆکاری دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە قۆناغی هەنگاوبەهەنگاو و ڕەوتی لۆژیکی و دروستبوونی خۆیی تێنەپەڕاندووە و لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی پارێزگاری و مانەوەی وڵات و دەوڵەتەکان، فۆرمە جیاوازەکانی لەخۆ گرتووە (بنی هاشمی، ١٣٨١: ١٨-١٠). لەپاش شکستهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا، عێراقی ئێستا کەوتە دەست هاوپەیمانانی براوەی شەڕ و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبرا. لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ کە لە ساڵی ١٩١٦ لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیا واژوو کرا، عێراق لەلایەن بەریتانیاوە داگیر کرا و بەبێ گوێدانە ڕەوتی دەوڵەت-نەتەوەسازی و ویستی خەڵک لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ستراتیژی و داهێنانەکانی، خۆی نەخشەی وڵات و سنووره سیاسییەکانی عێراقی دیاری کرد و بەم هۆیەوە چەمکێک بە ناوی ناسنامەی نیشتمانی دروست نەبوو (نامی، ٤٣:١٣٧٨). لە ئەنجامی لکاندنی سێ هەرێمی موسڵ و بەسرە و بەغداد لەپاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، عێراقی ئەمڕۆ دروست کرا. وڵاتە براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، عێراقیان سپارد بە بچووکترین کەمایەتیی ئەو وڵاتە، واتە عەرەبی سوننە. لەپاش نزیکەی سەدەیەک لە مێژووی دروستبوونی، عێراق بەردەوام جێگای ناکۆکی و کێشمەکێشی سێ جۆر لە ناسیونالیزم بووە و بەپێی بارودۆخی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە هەڵکشان و داکشاندان بوون: ناسیۆنالیزمی عێراقی (Iraq nationalism)، نەتەوەگەرایی عەرەبی (Arabic nationalism) و نەتەوەگەرایی نەژادی (Ethnic nationalism) (کوردی). بۆ زەمینەکانی دروستبوون و بەردەوامی ئەم سێ ناسیۆنالیزمە، پێویستە لە کۆیادەوەریی خەڵکی عێراقدا بکۆڵینەوە: شارستانیەتی کۆنی میسۆپۆتامیا، میراتی ئیسلامی-عەرەبی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەرەتاوە تا ئێستا، گوێنەدان بە پێکهاتەی نەتەوەیی-ئایینزایی لە عێراقدا؛ کێشە و تەنگژەی زۆر توندی ناوەتەوە و بووەتە هۆی ئەوەی کە حکومەتە دیکتاتۆری و دەسەڵاتە ڕەهاکان دەسەڵات بگرنە دەست و بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتی خۆیان، کەڵک لە ئامرازەکانی هێز و تۆقاندن و توندوتیژی وەربگرن. ئەوەی کە بەشە جیاوازەکانی عێراق پێکەوە دەبەستێتەوە، پێویستییە ستراتیژی و جوگرافییەکانە، نەک ئەزموونی پێکەوەژیانی ئاشتییانە یاخود هۆشیارییەکی گشتیی نیشتمانی لەنێوان نەتەوەکاندا. گرووپە نەتەوەیی-ئایینزاییەکان لە عێراقدا بەردەوام هەوڵیان داوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر و ڕکابەری، بۆ دەستبەسەرداگرتنی هێز

و دەسەڵاتی زیاتر (زارعی، ٤٩٥:١٣٩٥). کوردەکانی عێراق گرووپێکی نەتەوەیین کە بەگشتی لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، کەرکووک و بەشێکیشیان لە موسڵ و سەڵاحەدین دەژین و نیشتەجێن. لە ئێستادا کوردەکان لەپاش شیعەکان، دووەم گرووپی گەورەی دانیشتووی عێراقن (واتە ٢٠٪ی دانشتووانی عێراق پێک دێنن) و توانیویانە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا لەپاش شیعەکان زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنن. کوردەکانی عێراق لە پارێزگاکانی: هەولێر، سلێمانی و دهۆک؛ حکومەتی هەرێمی سەربەخۆیان دروست کردووە و لە دەستووری عێراقدا خواستەکانی ئەوان لەسەر بنەمای فیدراڵی و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەفەرمی پێناسە کراوە. هەرێمی کوردستان خاوەنی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی تایبەت بە خۆیەتی و لە دەرەوەی سنووری سێ پارێزگاکە نفوزیان هەیە و حکومڕانی دەکەن. کوردەکان لە عێراقدا بەردەوام کێشە و ڕکابەرییان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەبووە، لە ساڵی ١٩٩١ بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخی بەدیهاتوو لەپاش شەڕی کەنداوی دووەم لەنێوان عێراق و وڵاتانی زلهێز بە ڕابەرایەتیی ئەمەریکا، توانییان لە سێ پارێزگای ئاماژەپێدراودا دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی (خودمختاری) ڕابگەیەنن (مەک دوال، ٥٧٩:١٣٨٣). لەپاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بە سەرنجدان لەو ئامادەکارییەی هەیانبوو، توانییان بگەنە لوتکەی دەسەڵات و خواستەکانی خۆیان بە یاسا بچەسپێنن، هەروەها لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا تەعریب کرا بوون، دەستیان کرد بە فراوانکردنی سنوور و حکومڕانیی خۆیان لە دەرەوەی سنوورە یاساییەکان کە بۆیان دیاری کرابوو، فراوانتر کرد. دروستنەبوونی دەوڵەتی-نەتەوەسازی و دژبەیەکی لەنێوان ناوچەی جیاوازەکانی نەتەوەیی-ئایینزایی لە عێراقدا، وای کردووە کە لەپاش نەمانی دەسەڵاتی ڕەهای ناوەندی و ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئەم ناوچانە بوونی خۆیان ڕابگەیەنن و ڕێکخستنێکی نوێ لە کەشی عێراق ساز بکەن. ئەم بارودۆخە لە هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی زیاترە و جیاوازییە نەتەوەیی-مەزهەبییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند، ئەنجامی نەرێنیی بەدوای خۆیدا هێناوە. جیاوازییە نەتەوەییەکان لەنێوان کوردەکان و عەرەبەکان بەڕوونی دیارە و ئەم جیاوازییانە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونی خۆی لەسەر بنەمای نەتەوە، زمان، کولتوور و مێژوو؛ پێناسە بکات و شوناسی کوردی بە هۆکاری سەرەکیی بوونی خۆی بزانێت. جیاوازیی نەتەوەیی-ئایینزایی لە عێراقدا دوو لایەنە، بە جۆرێک کە جیاوازیی مەزهەبی لەنێوان



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



شیعە و سوننە لە لایەک و جیاوازیی نەتەوەیی لەنێوان کورد و عەرەب لە لایەکی تر، ئەم بارودۆخە ئاڵۆز و لێکترازاوە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە دروستبوونی دەوڵەتی نیشتمانی لەم وڵاتەدا ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە.

**کێشمەکێشی ناوچەکان**

هەرێمی کوردستان لە پێکهاتەی نوێی عێراقدا بەردەوام هەوڵی فراوانترکردنی سنووری داوە لە دەرەوەی سنووری ئەو ناوچە کوردییانەی کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە و خواستی ئەوەی هەیە ئەو ناوچانە بلکێنێت بە هەرێمی کوردستانەوە. ئەو ناوچانەی کە جێگەی مشومڕی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراقن، پارێزگای کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت و هەروەها بەشێک لە پارێزگای سەڵاحەدین، موسڵ و دیالە دەگرێتەوە کە بە سەرنجدان بە سەروەتی ژێرزەوی و سەرچاوەی زۆری نەوت لە پارێزگای کەرکووکدا، بەردەوام ئەم شارە لەلای هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زیاتری هەبووە. دەکرێت پارێزگای کەرکووک وەک عێراقێکی بچووک ئەژمار بکەین، پارێزگا و شارێک کە نەتەوەی کورد و عەرەبی شیعە و سوننە و تورکمان و...؛ لەخۆ دەگرێت. سەرچاوەی یەدەکی زۆری نەوتی ئەم شارە، هەر لە کۆنەوە تاوەکوو ئێستا وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی سەرچاوەی داهاتی عێراق ئەژمار دەکرێت، هەروەها بە سەرنجدان لە جیۆپۆلەتیکی ئەم شارە لە قووڵایی خاکی عێراقدا، لە ڕوانگەی جوگرافیا و ئاسایشەوە بەهای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٦٠ بەملاوە، دەسەڵاتدارانی عێراق بەردەوام لەگەڵ کوردەکاندا تووشی کێشەی ناسنامە و پێناسەی سیاسیی شارەکە بێن و هەندێ کات شەڕ ڕووی داوە. هەروەك لە خشتەی ژمارە (٢) دیارە، هەنگاو و پلاندانان بۆ سیاسەتی ڕاگرتنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی لە پێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانی کورد لەژێر ناونیشانی جیاوازدا جێبەجێ کراوە. لە سەردەمی سەددام حسێندا تەنانەت گۆڕانکارییان لە سنووری جوگرافیای ئەم پارێزگایەدا کرد، بەو واتایە کە ئەو قەزا و ناحیە عەرەبییانەی کە لە باکووری کەرکووک بوون، پێوەیان لکاند و چەندین قەزا و ناحیەی کوردییان بە پارێزگاکانی سەڵاحەدین و دیالەوە بەستەوە بۆ ئەوەی بتوانن بنەمای داواکاریی کوردەکان لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووک بخەنە ژێر پرسیارەوە. لەپاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، ڕێژەی پێکهاتەی دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک سەرلەنوێ تووشی گۆڕانکاریی گەورە بووەوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی سەرژمێری، ئامارێکی وردی ئەم ناوچانە کە جێگای باوەڕ و بەڵگەدار بێت، بوونی نییە .

**خشتەی (٢)**

**گۆڕانکاریی پێکهاتەی دانیشتووانی کەرکووک لە ساڵەکانی ١٩٥٧ بۆ ١٩٧٧**

| نەتەوە | ١٩٧٧ | ١٩٥٧ |
|---|---|---|
| کورد | ٥٣/٣٧ | ٣/٤٨ |
| عەرەب | ٤١/٤٤ | ٢/٢٨ |
| تورکمان | ٣١/١٦ | ٤/٢١ |

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا پرسی کەرکووک بۆ کوردەکان وەک خەونێکی شیرین و نزیک بووە، بەڵام بەردەوام بەدی نەهاتووە. بەو واتایەی کە سەرلەبەیانیی گۆڕانکارییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ و پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بەملاوە، ئەوان هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی ئەم پارێزگا دەوڵەمەند بە نەوت و خاوەن جوگرافیا ستراتیژییە بە هەرێمی کوردستان بلکێنن. لەپاش هەنگاوی یەکەمی سەرنەکەوتوویان بۆ لکاندنی کەرکووک بە کوردستانەوە لە ڕێگەی پرۆسەی ڕزگارکردنی لە سەردەمی هێرەشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، ئەوان هەوڵیان دا لە ڕێگەی یاسایی و بەبێ شەڕی سەربازی، ڕێگە خۆش بکەن کەرکووک ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان. ئەوان لە کاتی دارشتنەوەی دەستووری بنەڕەتیی عێراق، مادەی (٥٨) یان لەناو دەستووردا جێگیر کرد بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو پارێزگایە و ناوچە جێناکۆکەکانی تر. ئەو مادە یاساییە کە لەپاش پێداچوونەوەی ساڵی ٢٠٠٥، گۆڕا بۆ مادەی (١٤٠)ی دەستوور. بەڵام هەوڵی کوردەکان و خستنەڕووی بەڵگەکان لەسەر بنەمای ناسنامەی کوردیبوونی ئەو شارە و تەنانەت سەرکەوتن لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئەم پارێزگایە و دیاریکردنی کوردێك وەک پارێزگار و لەئەستۆگرتنی دابینکردنی ئاسایش لە هەندێ ناوچەی شارەکەدا، نەبووە هۆی ئەوەی کە کەرکووک وەربگرنەوە. هەر جارە و وڵاتێک یاخود کارەکتەرێک دەبووە ڕێگر لەبەردەم ئەواندا بۆ وەرگرتنەوەی ئەم شارە، سەرەتا ئەمەریکییەکان بەڕوونی ڕێگر بوون لە لکاندنی کەرکووک بە هەرێمی کوردستانەوە، هەڕەشە بەردەوامەکانی تورکیاش لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٣ تاوەکوو ٢٠٠٧ لەسەر بنەمای ناسنامەی تورکمانیبوونی کەرکووک و ئەگەری هێرشکردنە سەر ئەو ناوچەیە، بووە هۆکاری قورستربوونی هەڵوێستی ئەمەریکا سەبارەت بە داواکارییەکانی کورد. تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ کە ئەمەریکییەکان هێشتا لە عێراق بەردەوام خاوەنی هێزی سەربازی و سیاسی بوون و سەرەکیترین ئەکتەری گۆڕەپانی سیاسیی ئەو وڵاتە بوون، بەڵام هیچ هەنگاوێکی گرنگیان نەنا بۆ نزیککردنەوەی کوردەکان لە لکاندنی شاری کەرکووک بە هەرێمی کورستان و دەوڵەتی عێراقیش ئەم پارێزگایە بە ناوچەیەکی کوردستانی نازانێت (احمد پور و ئەوانی تر، ١٣:٩٣٣٥). لە ئەنجامدا بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، دیارینەکردنی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان و لەسەرووی هەموویانەوە کەرکووک، بەردەوام یەکێک لە گرنگترین کێشە و ڕێگرییەکان بووە لە فراوانکردن و باشترکردنی پەیوەندی لەنێوان هەولێر و بەغداد. بە هەمان شێوە کە لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەبینرێت، هەرێمی کوردستان داوا دەکات هەموو پارێزگای کەرکووک و تەواوی ناوچە و قەزاکانی نەینەوا جگە لە موسڵ، بەعاج، خازەر، خانەقین، مەندەلی و کفری لە پارێزگای دیالەی پێی بدرێت، کە لەو کاتەدا ڕووبەری کوردستان دەبێتە ٧٨٧٣٦کم چوارگۆشە.

کوردەکان لەپاش ڕووخانی ڕژێم بەعس لەو ناوچانەی کە بە هیی خۆیانی دەزانن، توانییان ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب کەم بکەنەوە و کوردەکان لەو ناوچانە و بەتایبەتی لە کەرکووک نیشتەجێ بکەن. لەپاش هێرشی داعش بۆ سەر عێراق و شکستی سوپای عێراق لەبەرامبەر داعشدا، هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە جێناکۆکەکان بۆشایی ئەمنییان پڕ کردەوە و ناوچە جێناکۆکەکانیان خستە ژێر دەستی خۆیان. لەگەڵ باشتربوونی بارودۆخی ئاسایشی عێراق، فراوانبوونی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بووە هۆی یەکێک لە کێشەکانی تر بۆ عێراق و ناوچەکە و پێکدادانی سەربازیی بەدوای خۆیدا هێنا. زلهێزە ناوچەییەکان و دەسەڵاتدارانی عێراق، لکاندنی کەرکووک بە هەرێمی کوردستان و سەربەخۆیی کوردەکان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ناوچەکە و عێراق پێناسەی دەکەن (پور سعید، ١٣٩٨:١٩٦). لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان دەستی گەیشتووە بە سەرچاوە سروشتییەکانی کەرکووک و باڵانسی قورسایی جیۆپۆلەتیکیی کوردەکان زیادی کردووە، کە ئەمەش هەڕەشەیە لەسەر داهاتووی سیاسیی وڵاتی عێراق و ئاسایشی ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا نیشتەجێن.

> **“حکومەتی عێراق بەهۆی ترسی لەهەنگاوەکانی کوردەکان بەرەو سەربەخۆیی، خۆی لاداوە لەچارەسەرکردنی یاسایی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان”**

**خشتەی ژمارە (٣)**

**شوێن و ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی**

| | ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی |
|---|---|
| کەرکووک | پارێزگای کەرکووک لەگەڵ هەموو شار و ناوچەکانی و لکاندنی شارەکانی داقووق، دوزخورماتوو، چەمچەماڵ، کەلار، کفری، دوزخورماتووی نوێ. |
| نەینەوا | شاری سنجار و ناحیەکانی، شاری شێخان و ناحیەکانی، شاری حەمدانیە و ناحیەکانی، شاری تکلیف و ناحیەکانی، شاری مەخموور و ناحیەکانی، ناحیەی زومار، شاری عقرە و ناحیەکانی، ناحیەی بەعشیقە |
| دیالە | شاری خانەقین و ناوچەکانی، جەلەولا سەعدیە، شاری میقدادیە و ناحیەکانی، ناحیەی مەندەلی، شاری بەدرە و ناحیەی حصان، ناحیەی مەیدان، ناحیەی قورەتوو، کفری |

**ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی**

پارێزگای کەرکووک لەگەڵ هەموو شار و ناوچەکانی و لکاندنی شارەکانی داقووق، دوزخورماتوو، چەمچەماڵ، کەلار، کفری، دوزخورماتووی نوێ. کەرکووک

شاری سنجار و ناحیەکانی، شاری شێخان و ناحیەکانی، شاری حەمدانیە و ناحیەکانی، شاری تکلیف و ناحیەکانی، شاری مەخموور و ناحیەکانی، ناحیەی زومار، شاری عقرە و ناحیەکانی، ناحیەی بەعشیقە

نە ینە وا

شاری خانەقین و ناوچەکانی، جەلەولا، سەعدیە، شاری میقدادیە و ناحیەکانی، ناحیەی مەندەلی، شاری بەدرە و ناحیەی حصان، ناحیەی مەیدان، ناحیەی قورەتوو، کفری دیلە

**دەسەڵاتی سەرو هەرێمی هەرێمی کوردستان**

هەرێمی فیدراڵیی کوردستانی عێراق کە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک و بەشێک لە پارێزگاکانی سەڵاحەدین، موسڵ و کەرکووک لەخۆ دەگرێت و پێگەیەکی خۆبەڕێوەبردنی لە چوارچێوەی سنوورەکانی عێراقدا پێ دراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەڵبژێردراوی پەرلەمانی ئەم هەرێمەیە، شێواز و چۆنیەتیی خۆبەڕێوەبردنی لە چوارچێوەی «حکومەتی هەرێمی کوردستان» هاوشێوەی نموونە باوەکانی خۆبەڕێوەبەری و «فیدراڵیزم» لێکچوون و جیاوازیان هەیە. بۆ لێکچوونەکان دەتوانین ئاماژە بکەین بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بابەتەکانی وەک بوونی ناوەندی سیاسی، پەرلەمان، دادگای دەستووریی هەرێم، بودجەی هەرێمی و بوونی هەندێ ئەندامپەرلەمان لە پایتەختی فیدراڵ و...؛ هاوشێوەی حکومەتە فیدراڵەکانە، بەڵام جیاوازییەکانی شێوازی خۆبەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک نموونە: دروستکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ وڵاتانی تر، بوونی هێزی سەربازی لەژێر ناوی «پێشمەرگە» یاخود پارێزەرانی هەرێم کە وەک «سوپا»ن و ستراتیژی پێکهێنانی سوپایەکی ٢٠٠٠٠٠ کەسییان هەیە (امیری مقدم، ١٣٨٩). هەروەها توانا و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ڤیتۆی یاساکانی پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵ و...، لەگەڵ نموونەکانی دیکەی فیدراڵیدا جیاوازە. بە سەرنجدان لە جیاوازییەکانی مۆدێلی حکومەتی کوردستانی عێراق لەگەڵ نموونە و جۆرەکانی تری خۆبەڕێوەبەری و فیدراڵیەتدا، دەکرێت ئەم هەرێمە بە جیاواز و سەربەخۆ لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی وڵات ئەژمار بکرێت. لە ئەنجامدا ئەم مۆدێلە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ناچێتە چوارچێوەی هیچ کام لەوانەوە، لەبەر ئەوەی ئەو توانا و دەسەڵاتانەی کە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراوە، بووتە هۆکاری ئەوەی کە مۆدێلی کوردستانی عێراق قۆناغێکی باڵاتر لە خۆبەڕێوەبەری و فیدراڵی ببڕێت و لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین ئەم نموونە حکومڕانییە ناو بنێین مۆدێلی سەرووهەرێمی (فرا ایالتی) (قربانی نژاد، ١٣٧٨:٢١٥). حکومەتی هەرێمی کوردستان بە درێژایی ئەم ساڵانە شێوە حکومڕانییەکی جێبەجێ کردووە کە پێدەچێت لە جیهاندا هاوشێوەی نەبێت. هەرێمی کوردستان بە هۆی سەرچاوەی زۆری نەوت و بۆریی نەوتی هەناردەکردنی عێراق بۆ تورکیا، خاوەنی پێگەیەکی جیۆپۆلەتیکی ستراتیژیی گرنگە (محمدی و ئەوانی تر، ١٣٩١:١٣٦). ئەم هەرێمە زۆرینەی یاساکانی ناوەند پێشێل دەکات و بە سەرنجدان لە قورسایی جیۆپۆلەتیکی و هێزی سەربەخۆیی ئابووری، کە هۆکاری سەرچاوە زۆرەکانی ژێرزەوی و فرۆشتنی نەوتە، خاوەنی سیاسەتی نێودەوڵەتیی جیاواز و سەربەخۆیە لە حکومەتی ناوەندی. تەنانەت لە ڕووی سەربازییشەوە، بەتەواوەتی سەربەخۆیانە جموجووڵ دەکات بەبێ گەڕانەوە بۆ یاساکانی حکومەتی ناوەندی، ڕێککەوتنامەی نەوتیی زۆری لەگەڵ کۆمپانیا گەورە نێودەوڵەتییەکان واژوو کردووە و لە چەندین وڵاتی گەورەی نێودەوڵەتی؛ قۆنسوڵی سەربەخۆی هەیە.

**هەناردەکردنی نەوت**

یەدەکی نەوت لە سێ پارێزگای کوردنشینی عێراق بە زیاتر لە ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت خەمڵێنراوە (عیسی، نجار، ١٣٩١:١٤٣). حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی ڕاکێشاوەتە هەرێمی کوردستان، دروستکردنی ژێرخانی بۆریی نەوت، بەستنەوەی تاک

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لایەنانەی هێڵی بۆریی نەوتی هەرێم بە هێڵی بۆریی نەوتی تورکیا-عێراق کە هیی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقە، دانوستان لەگەڵ تورکیا سەبارەت بە ڕێککەوتنی ٥٠ ساڵەی وزە و دەستبەسەراگرتن و کۆنترۆڵکردنی دیفاکتۆی سەرچاوە نەوتییەکانی کەرکووك؛ بەشی وزەی بەخێرایی پێش خستووە. ئەم پێشکەوتنە نوێیەی هەرێم لە بواری کردارییەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەشیی زیاتر بکات، واتە سوودی کەمتر و مەترسیی کەمتر لە مامەڵەدا بگۆڕێتەوە بە سوودی زیاتر و سەرکێشیی مەترسیدار و بەبێ بەغداد نەوت هەناردە بکات. ئەم هەنگاوانەی هەرێمی کوردستان کاتێک ڕووی دا کە هەوڵی دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بۆ ئەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی «سۆمۆ»وە بخەنە بازاڕەکانەوە و بیفرۆشن، شکستی هێنا و هەروەها ڕێککەوتنی پارە لەبەرامبەر نەوتدا لە سێپتەمبەری ٢٠١٤ شکستی هێنا. بەغداد پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە فرۆشتنی سەرچاوە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی عێراقدا بێت، داهاتی هەرێم لە کەرتی وزە بەڕوونی کاریگەریی لەسەر داهاتی نیشتمانیی عێراق هەیە، لە کاتێکدا کە هەولێر دەیەوێت هەناردەکردنی نەوت لە دەستی خۆیدا بێت، بەڵام داهاتەکانیشی زۆر ڕوون نین (خواجەای، ١٣٩٢:١٩). حکومەتی هەرێم بەبێ بەغداد درێژە بە هەناردەکردنی نەوت دەدات، کە ڕێژەکەی گەیشتووەتە نزیکەی ٦٢٠٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لە ڕێگەی هێڵی بۆریی نەوتی عێراق-تورکیا (ITP) کە ٤٦٠٠٠٠ بەرمیل نەوتی هیی چاڵە نەوتەکانی هەرێمی کوردستانە و ئەوی تریشی هیی چاڵە نەوتەکانی کەرکووکە، هەناردە دەکات (mnr.krg, ١٣٩٥).

بە سەرنجدان لەو سیستەمەی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، دەتوانین بڵێین کە ئەم هەرێمە بەتەواوی و سەربەخۆ لە حکومەتی عێراق جموجووڵی کردووە و هەڵسوکەوتەکانی داهاتووی ئەم هەرێمە بەتەواوەتی تاریک و ناڕوونە. بە درێژایی ساڵەکانی پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، بەردەوام ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی و ئابووری و تەنانەت هەندێ کاتیش سەربازی، لەنێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانمان ڕووی داوە، بە شێوەیەک کە حکومەتی فیدراڵی عێراق نیگەرانە لە دەسەڵات و پێشێلکردنی یاسا لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە. هەروەها ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی، بەردەوام لەلایەن گرووپە نەتەوەیی و ئایینزاکانی عێراق و تەنانەت زلهێزەکانی ناوچەکەش ڕەخنەی لێ گیراوە و هەڵسوکەوتەکانی ئەم هەرێمە وەک دابەشبوونی عێراق پێناسە دەکەن کە دەکرێت بارودۆخی سیاسیی





گۆڕەپانی عێراق زیاتر تووشی کێشە و گرفت بکات.

زۆرێک لە عەرەبەکانی عێراق باوەڕیان وایە کە بوونی کوردەکان لە حکومەتی ناوەندی و پەرلەمانی عێراق، بۆ یارمەتیدان و دروستکردنی وڵاتێک لەسەر بنەمای فیدراڵی نەبووە، بەڵکوو بۆ ڕەخساندنی کەشێک بووە بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. لەم ڕوانگەیەوە ناکۆکییە قووڵەکانی نێوان سوننە-شیعە، باشترین هەل بوو بۆ کوردەکان بۆ ئەوەی عێراق لاواز بکەن. زۆرێک لە خەڵکانی کورد لە عێراقدا بە هیچ شێوەیەک خۆیان بە عێراقی نازانن و تەنانەت لە ناوهێنانی عێراق بێزار دەبن. لە کوردستانی عێراقدا ئاماژەگەلێکی زۆر کەمی عێراقی دەبینرێت، زۆرینەی خەڵک (بەتایبەتی نەوی نوێ) بە زمانی عەرەبی قسە ناکەن. جگە لە بەشێکی کەم لە فەرمانگە دەوڵەتییەکان، وەک: ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان و بەشێك لە فەرمانگەکانی هەرێم کە ئاڵای عێراقیان لەتەنیشت ئاڵای کوردستاندا هەڵکردووە، کەمتر ئاڵای عێراق دەبینرێت. دراوی فەرمی لەم هەرێمەدا دیناری عێراقییە، کە لە ئاماژە دەگمەنەکانی بوونی دەوڵەتی ناوەندییە. هەڵبەت لە مامەڵەکانی زیاتر لەسەروو چەند سەد دۆلارەوە، خەڵکی پێیان باشە کەڵک لە دۆلاری ئەمەریکی وەربگرن. لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هێزەکانی ئاسایش و هەواڵگری (ئاسایش و پێشمەرگە و پاراستن) بە شێوەیەکی تەواو لەژێر دەسەڵاتی حزبە کوردییەکاندایە، تەنانەت هێزەکانی سوپا و پولیسی عێراقی دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی نێوان سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێیان نییە. سنوورە وشکانی و ئاسمانی و گومرگەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق تاوەکوو پێش ڕیفراندۆم لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوو و حکومەتی عێراقی دەسەڵاتی بەسەریاندا نەبوو، لەپاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و گرتنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بە هێزی سەربازی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، حکومەتی عێراق داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆم و گەڕاندنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان، فرۆکەخانە و سنوورەکانی کرد، بەڵام کوردەکان تا ئێستاش ئەو بابەتانەیان قبووڵ نەکردووە و بارودۆخی عێراق و ناچەکەیان تووشی ئاڵۆزی و مەترسیی جددی کردووە.

**ئەنجام**

هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراقدا چەندین کێشەی جیاوازیان هەیە، عێراق وڵاتێکی دەستکردە کە لەسەر بنەمای داهێنانی زلهێزەکانی جیهان دروست بووە و ناسنامەی نیشتمانی و هەستی هاوبەشی هاونیشتمانیی تێدا دروست نەبووە. کوردەکان لە عێراقدا لە ڕوانگەی ناسنامە، زمان، کولتوور و نەتەوەدا هاوبەش نین و ئەم جیاوازییە نەتەوەییانە بەردەوام کاریگەریی نەرێنیی

هەبووە بۆ پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا. لەپاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، کوردەکان ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا کە بێنە ناو گۆڕەپانی سیاسی لەم وڵاتە و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێک بهێنن. بە سەرنجدان لە جیاوازییە نەتەوەیی-ئایینزاییەکان، دیاردەی تیرۆر، بۆشایی ئەمنی لە هەندێ ناوچەی عێراق، دەستتێوەردانی وڵاتە زلهێزەکان؛ کوردەکان توانیان فیدراڵیزم تێبپەڕێنن و دەسەڵاتی خۆیان زیاتر بکەن. لە بواری ئابووری، فرۆشتنی نەوت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، سیاسەتی نێودەوڵەتیی سەربەخۆ و تەنانەت جیاواز لە سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی؛ گەشەیان کرد و هەروەها سنووری دەسەڵاتیان فراوان کرد لەو ناوچانەی کە بۆشایی ئەمنیی تێدایە و لە ناوچە جێناکۆکەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئەمەش کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندیان زیاتر کرد. حکومەتی ناوەندیی عێراق دەسەڵاتە فراوانەکانی هەرێم و فراوانکردنی سنوور لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە پێشێلکردنی دەستووری عێراق دەزانێت و هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی کوردستان وەک مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی عێراق و ناوچەکە پێناسە دەکات، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم سەربەخۆیی بە مافی خۆی دەزانێت. هەر یەک لە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی، بەتایبەتی فراوانکردنی سنوور و ئەنجامی ڕیفراندۆم لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، ڕێخۆشکەر بووە بۆ قووڵبوونەوەی کێشە و ئاڵۆزییەکان لە ئاستی ناوچەکە. بە بۆچوونی نووسەرانی ئەم توێژینەوەیە، بە سەرنجدان لە هەڵپەساردنی ڕیفراندۆم لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە، دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق و هەرێمی کوردستان بە یارمەتیی زلهێزەکانی ناوچەکە دەبێت کێشەکانیان لە ڕێگەی وتووێژ و دانوستانەوە چارەسەر بکەن و ڕێگری بکەن لە شەڕ و خوێنڕشتنی زیاتر. بە کەڵکوەرگرتن لە هەژموونی ئێران لە ناوچەکە بۆ نزیککردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی، پێناسەی گەلی عێراق لەسەر بنەماکانی دیموکراسی، مافی هاوڵاتییان، ئابووریی گەشەسەندوو، گەڕانەوە بۆ مادە دەستوورییەکان،... هاوئاهەنگی و هاوکاریی زانستی-توێژینەوە لەنێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق، دەکرێت ئاڵۆزی و گرژییەکان کەمتر بکرێنەوە.

پەراوێزەکان:

(١) توێژەران وشەی «قوم»یان بەرامبەر بە نەتەوە بەکار هێناوە، کە ئەمە وشەیەکی دەقیق نییە و کەمنرخاندنی پرسی نەتەوەکانە و بە مانای ئیتنیک و گرووپی داخراوی خێڵەکی دێت، بۆیە گۆڤاری ئایندەناسی بۆ وشەی «قوم»ی نووسەران، وشەی «نەتەوە»ی لە دەقەکەدا بەکار هێناوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





سەرچاوە: گۆڤاری سیاسەت، کۆلێژی یاسا و ڕامیاری، بەرگی ٤٧، ژمارە ٤، زستانی ١٣٩٦، ل٩٠٩-٩٢٨

سەرچاوەکان:


١. احمد پور، زهرا، میر شکاران، زهرا، هو کارد، برنارد (١٣٩٣)، «سازماندهی سیاسی فضا در ساختار بسیط»، فصلنامه ژئوپلتیک، سال دهم، شماره سوم.

٢. احمد پور، زەهرا، قنبەری، قاسم، کرمی، قاسم، (١٣٩١)، «سازمان دهی سیاسی فضا»، انتشارات سازمان خغرافیایی نیروهای مسلح .

٣. اسدی، علی اکبر (١٣٩٣)، «خیزش داعش و بحران امنیتی در عراق و روتکرد ایران»، مرکز پژوهش های مجلس شورای ا سلا می .

٤. امیری مقدم، رضا (١٣٩٣)، «کوردەکان و عێراقی نوێ»، «همایش عراق نوین و جمهوری اسلامی ایران»، چالش ها و فرصت ها، دانشگاه جامع امام حسین، دانشکده پیامبر (ص).

٥. بدیعی، مرجان (١٣٩٥)، «جزوه کلاسی سازمان دهی سیاسی فضا»، دانشگاه تهران، دانشکده جغرافیا.

٦. بنی هاشم، میر قاسم، (١٣٨١)، «فرایند ملت سازی در خاورمیانه»، کتاب خاور میانه (١)، موسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی معاصر ایران.

٧. پورسەعید، فرزاد (١٣٨٩)، «برآورد استراتژیک عراق آینده»، فصلنامه راهبردی، شماره اول، مسلسل ٤٧.

٨. تاج ابادی، حسین، دهنوی، مهدی (١٣٩٣)، «فدرالیزم عراق و امنیت ملی ایران، فرصت ها و چالش ها»، فصلنامه تحقیقات سیاسی بین المللی، شماره هجدهم.

٩. ثقفی عامری، ناصر (١٣٨٥)، «عراق جدید تغیرات ژئوپلیتیک»، فصلنامه راهبردی شماره ٣٩.

١٠. حاجی میرخان، زرار (١٣٩٠)، «اقلیم کردستان عراق» فصلنامه فرهنگی اجتماعی گفتگو»، شماره ٥٨.

١١. حافظ نیا، محمد رضا، احمدی پور، زهرا، قادری حاجت، مصطفی (١٣٩١)، «سیاست و فضا»، انتشارات پاپلی.

١٢. حافظ نیا، محمد رضا، (١٣٩٢)، «افق های جدید در جغرافیای سیاسی»، انتشارات سمت .

١٣. حافظ نیا، محمد رضا، کاویانی راد، مراد (١٣٩٣)، «فلسفه جغرافیای سیاسی»، پژوهشکده مطالعات کاربردی.

١٤. خواجەای، علی (١٣٩٢)، «بررسی وضعیت نفت و گاز در منطقه کردستان عراق»، ماهنامه اقتصاد انرژی، شماره ١٥٥.

١٥. زارعی، بهادر، (١٣٩٢)، «بنیادهای نظری جغرافیای سیاسی با تاکید بر اسلام و ایران»، انتشارات دانشگاه تهران.

١٦. سیف زاده، حسین (١٣٧٩)، «عراق، ساختارها و فرایند گرایش های سیاسی»، (مرکز اسناد انقلاب اسلامی)، جلد اول.

١٧. شیروی، عەبدالحسین (١٣٨٤)، «حقوق تطبیقی»، چاپ اول، انتشارات سمت.

١٨. ضیغمی، محمد علی، (١٣٨٧)، «راهنمای تجارت با کشور عراق»، شرکت چاپ و نشر بازرگانی.

١٩. عیسی، اکری، نجار، شیرزاد (١٣٩٠)، «ویژگی های اقلیم کردستان عراق»، فصلنامه فرهنگی اجتماعی گفتگو»، شماره ٥٨.

٢٠. غلامی، طهمورث، (١٣٩٠)، «رابطه پیچیده هویت دولت و امنیت در عراق»، مرکز بین المللی مطالعات صلح.

٢١. قاسمی، محمدعلی (١٣٨٩)، «بازیگران موثر بر آینده عراق، منافع و سناریوها»، فصلنامه مطالعات راهبردی، شماره ٤٧.

٢٢. قربانی نژاد، ریباز (١٣٨٧)، «بررسی تطبیقی الگوی خودگردانی کردستان عراق با الگوهای خودمختاری و فدرالیسم»، پایان نامه کارشناسی ارشدا، به راهنمایی دکتر محمد رضا حافظ نیا، تهران: دانشگاه تربیت مدرس.

٢٣. قوام عبدلعلی، زرگەر، افشین (١٣٨٧)، «دولت سازی ملت سازی و نظریەهای روابط بین المللی»، آثار نفیس.

٢٤. مجتهد زاده، پیروز (١٣٩٢)، «جغرافیای سیاسی و سیاست جغرافیایی»، تهران انتشارات سمت.

٢٥. محمدی، حمید رضا، خالدی، حسین (١٣٩١)، «ژئوپلتیک کردستان عراق»، نشر انتخاب.

٢٦. مک داول، دیوید (١٣٨٣)، «تاریخ محاصر کرد»، ترجمه: ابراهیم یونسی، نشر پا نیز .

٢٧. میر حیدر، دەر، راستی، عمران، میر احمد، فاطمه سادات (١٣٩٢)، «مبانی جغرافیای سیاسی»، انتشارات سمت.

٢٨. میر حیدر، دره (١٣٨٣)، «اصول و مبانی جغرافیای سیاسی»، تهران نشر سمت.

٢٩. نامی، محمد حسن، محمد پور، علی، (١٣٨٧)، «جغرافیای کشور عراق با تاکید بر مسائل ژئوپلیتیک»، سازمان جغرافیایی نیروهای مسلح.

٣٠. نوروزی، نور محمد و دیگران (١٣٨٢)، «چالش مشروعیت و بازسازی نظم سیاسی در خاورماینه»، ترجمه اسدالله سلیمانی، محاونت پژوهشی: تهران دانشکده امام باقر.

٣١. واعظی، محمود (١٣٨٨)، «ثبات سازی و امنیت در خلیج فارس و نقش متقابل عراق جدید و کشورهای منطقه»، معاونت پژوهشی سیاست خارجی (گروه مطالعات خاورمیانه و خلیج فارس).

٣٢. قانون اساسی عراق (١٣٩٢)، «عراق، قوانین و احکام»، تبریز، انتشارات آیین دادرسی.

33. Glassner M.R and Fahrer, c.(1993), political geography. 2 rendition. John Wiley & Sons, New York.

34. Dietrich F. Avery Kolers, «Land, Conflict, and Justice. A Political Theory of Territory»,

Cambridge 2009. St. Antony›s International Review. 2010; 6(1): 190-191.

35. Mackenzie, David Neil, 1999. The Origin of Kurdish ,"in : Ironical.

36. Iraq's Policy of Ethnic Cleansing: Onslaught to change national demographic

characteristics of the Kirkuk Region, Nouri Talabany, Prefaced by Lord Eric Avebury London 1999.

37. www.reliefweb.int

38. www.alalam.ir

39. www.mnr.krg.org

40. www.krg-kagb.org

41. www.persidenecy.krd

# ڤایرۆسی كۆرۆنا و ئابووریی جیهانی

فلیپ سلیزاك
هاوكار و بەڕێوەبەری كارگێڕیی گرووپی ڕاوێژكاریی بۆستن لە ئۆفیسی نیویۆرك، سەرۆكی ئابووریناسانی گرووپی ڕاوێژكاری بۆستن.

مارتن ڕیڤیس
ڕاوێژكاری گرووپی ڕاوێژكاریی بۆستن بۆ بەڕێوەبردن و ستراتیژ، سەرۆكی ئینستیتیوتی هەندەرسن.

پاوڵ ستراوز
بەڕێوەبەر و گەورە ئابووریناسی گرووپی ڕاوێژكاری بۆستن لە ئۆفیسی نیویۆرك.

وەرگێڕان: پێشەوا جەلال محەمەد




لە كاتێكدا بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی كۆڤید١٩ لە چین بە شێوەیەكی بەرچاو پشتگوێ خرا، بازاڕی ئابووریی جیهانی كاردانەوەی توندی نیشان دا، بەتایبەت كاتێك ڤایرۆسەكە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا بڵاو بووەوە. ئەوەی زیاتر ترسەكەی زیاد كرد، ئەوە بوو كە ڤایرۆسەكە وەكوو نەخۆشییەكی جیهانی ناسێنرا.

هەر لەو كاتەوە كۆڤید١٩ كاریگەریی توندی لەسەر نرخی هەموو جۆرەكانی سامان كردووە، بە جۆرێك كە هەندێك ترسی ئەوەیان هەیە ئەمە ببێتە هۆی سستیی ئابووریی درێژخایەن لە ئابووریی جیهانیدا. لە گفتوگۆكانماندا، شارەزایانی ئابووری پرسیاری ئەوەیان لێ دەكرێت كە ئایا بەرز و نزمیی بازاڕ، بەراستی نیشانەی سستییە؟ كۆڤید١٩ تا چەند كاریگەریی خراپی دەبێت؟ سیناریۆكانی بووژانەوە و گەشەكردن چین؟ ئایا خاڵی كۆتایی هەیە بۆ كاریگەرییە بنچینەییەكانی ئەم قەیرانە؟

لە ڕاستیدا پێشبینی و پێوانەكان وەڵامی ئەم پرسیارانە نادەنەوە، لەم ساتە ئاڵۆزەدا جێگای پشتپێبەستن نین، كاتێك ماوەی بەردەوامیی ڤایرۆسەكە نازانرێت، پێشبینیی تێكڕای بەرهەمی ناوخۆیی جێی گومانە. بە هەمان شێوە كاریگەریی هەوڵەكان بۆ كۆنترۆڵكردنی ڤایرۆسەكە، وە كاردانەوەی كڕیار و بازرگانی نازانرێت. هیچ ژمارەیەكی دروست نییە، تا كاریگەریی ئابووریی كۆڤید١٩ بە ئێمە نیشان بدات.

لەجیاتیی ئەوە پێویستە تەماشای نیشانەكانی بازاڕ بكەین لە جۆرەكانی سەرمایەگوزاری، سستی و شێوازەكانی بووژانەوە، هەروەها مێژووی ترس و پەتاكان، بۆ ئەوەی ڕێگاكەمان ڕۆشن بكەینەوە.

**بازاڕەكان چیمان پێ دەڵێن**

ئەو ناجێگیرییە مەترسیدارەی هەفتەی ڕابردوو لە بازاڕەكانی دارایی جیهاندا، لەوانەیە دەرخەری ئەوە بێت كە ئابووریی جیهان لەسەر ڕێگای پاشەكشەیە. بەهای سامانی پارێزراو بە خێراییەكی زۆر بەرز بووەوە، بیمەی سەر بۆندە درێژخایەنەكانی حكومەتی ئەمەریكی نزیك بۆتەوە لە نزمترین ڕیكۆرد، بە ڕێژەی ١,١٦٪ دابەزیوە، ئەوە ئەو بڕە پارەیەیە كە وەبەرهێنەكان دەیانەوێت بیدەن بە حكومەتی ئەمەریكا وەكوو باجی داهات. لە ئەنجامدا مەترسییەكانی سستیی ئابووری زۆر بەرز بووەتەوە.

ئایندەناسی ژمارە (١) ئایاری ٢٠٢٠

بەڵام هێشتا لە نزیکەوە تەماشاکردن، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ناکرێت سستیی ئابووری وەک ئەنجامی کۆتایی وەربگرین.

یەکەم: ئەگەر بەهای مەترسیی سامان وەربگرین لە کاتێکدا کاریگەرییکانی کۆڤید١٩ هاوچەشن نین، قەبارەی کڕین و فرۆشتنەکان بە شێوەیەکی زۆر کەم بەرز بۆتەوە، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات بازاڕی سەرمایە هێشتا لە بارەی پارەی تەرخانکراو بۆ کێشەکە بەرچاوڕوون نییە. دوای بەرزبوونەوەیان، لەم دواییانە بەهای پشکەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بەڵام پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێ کە بە بەراورد بە مێژووی دووریان، هێشتا تا ڕادەیەک بەرزە. لە بەرامبەردا هەڵبەزوودابەزکردن دەرخەری گەورەترین ئاماژەیە، ئەویش ئەوەیە کە تێکڕای بەرزونزمیی کاغەزە داراییەکان بە شێوەیەک دەبێت کە لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بەخۆیەوە نەدیوە، جگە لە قەیرانە داراییەکان.

دووەم: لە کاتێکدا بازاڕە داراییەکان دەرخەرێکی گرنگی سستیی ئابوورییە (چونکە دەتوانن ببنە هۆکار)، مێژوو ئەوە نیشان دەدات بازاڕی داگرتنی نرخی پشکەکان و سستی؛ نابێت ئۆتۆماتیکی پێکەوە ببەسترێن. لە ڕاستیدا پێکەوەبەستنەکە نزیکەی دوو لەسەر سێی داگرتنی نرخی پشکەکانی بازاڕ لە ئەمەریکا دەگرێتەوە، بە مانایەکی تر: تەنها یەک لە سێ بازاڕ تووشی سستی نابێت. لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، حەوت نموونەی ترمان هەیە کە بازاڕی داگرتنی نرخی پشکەکان تووشی سستی نەهاتووە.

گومان لەوەدا نییە کە ئێستا کۆڤید١٩ بووەتە کێشەی گەورە بۆ بازاڕە داراییەکان، مەترسییەکانیش جددین، بەڵام جۆراوجۆریی هەیەتیی بەهاکان گرنگیی نادڵنیایی لە بارەی پەتاکەوە دەردەخات و مێژووش ئاگادارمان دەکاتەوە کە نابێت هێڵێکی ڕاست بکێشین لەنێوان فرۆشی بازاڕ و ئابووریی ڕاستەقینە.

**سستیی ئابووری بە هۆی کۆڤید١٩ چۆن دەبێت؟**

هەر چەند بارودۆخی بازاڕ لەوانەیە هەڵخەڵەتێنەر بێت، بەڵام مەترسیی سستیی ئابووری؛ ڕاستەقینەیە. لاوازیی ئابوورییە گەورەکان دەرکەوتووە، لەوانە: ئەمەریکا و ژمارەی وڵاتانێک کە تووشی زەحمەتی بوونەتەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شۆکە؛ ڕوو لە زیادبوونە. لە ڕاستیدا ئەگەرەکانی سستیی ئابووری، دەتوانرێت پۆلێن بکرێت بۆ سێ سیناریۆی جیاواز:

* سستیی ئابووریی ڕاستەقینە: کلاسیکییانە ئەمە تەقینەوەی سووڕی خەرجیی گشتییە، کە بە شێوەیەکە دەبێتە هۆی ئەگەری ئیفلیجیی ئابووری، بەڵام هەڵکشانی خێرای خواست لەسەر شتومەک بە هۆی جەنگ، کارەساتەکان یان هەر گرفتێکی تر، دەکرێت ببێتە هۆکاری کورتهێنان لە ئابووریدا. لەبەر ئەمەیە کە کاریگەریی کۆڤید١٩ لەسەر خانەخوێ، دەشێت مەترسیدار بێت .



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




* سیاسەتی سستیی ئابووری: کاتێک بانکەکانی ناوەندی ڕووی سیاسەتیان بەرەو ئاساییکردنەوەی ئابوورییە، دێن مەرجە داراییەکان توند دەکەن، بە مەبەستی ڕێگریکردنی تەشەنەکردنی سستیی ئابووری، بەڵام ئەم مەترسییە هەر دەمێنێتەوە. لە دەرەوەی ئەمەریکا ڕێژەی گەشەی ئابووری گەیشتۆتە ئەوپەڕی نزمی و تەنانەت لاوازی، ئەمە لە کاتێکدایە خەزێنەی فیدراڵی بە ڕێژەی ٠,٥٪ کورتهێنانی ڕاگەیاند. لە دەرەوەی سیاسەتی دراویش، وەزیرانی دارایی حەوت وڵاتە پیشەسازییەکە بەڵێنی پشتگیریی خەرجییان داوە.

* قەیرانی ئابووری: ناهاوسەنگیی دارایی هەنگاوبەهەنگاو و بەهێواشی دروست دەبێت، پێش ئەوەی ئیفلیجبوونی ئابووری دروست بکات. نیشانەکانی جیاوازن لە جیهاندا، بەڵام بارودۆخی هەستیاری ئابووریی ئەمەریکا و مەترسییەکانی قەیرانی دارایی؛ قورسە دیاری بکەین. هەندێک شیکەرەوە ئاماژە بە هەڵتۆقینی سەرمایەی هاوبەش دەکەن، چونکە لە کەمکردنەوەی پەستانی ئابووری گرنگ دەبینرێت. بەڵام هێشتا ئێمە لە کێشەدایین لەگەڵ زیادکردنی نرخی سووەکانی(Subprime) سەردەمی سستیی ئابووریی پێشوو، ئەوە لە کاتێکدا سەرمایەی هاوبەش ناتوانێت ببێتە هۆی گەشەی ئابووری (بەڵام زیادکردنی سووی نرخەکان بووە هۆی گەشەی ئابووریی خانووبەرە)، وە ناشتوانێت قەرزەکانی سەر بودجە کەم بکاتەوە. هەردوو فاکتەرەکە دەتوانن مەترسییەکان کەم بکەنەوە، بەڵام ناتوانن مەترسییەکان بەتەواوی بڕەوێننەوە. قورسە کاریگەریی کۆڤید١٩ لە ناجێگیریی دارایی هەڵبسەنگێنرێت، بەڵام نیگەرانییەکان لە بارەی زیادبوونی نرخەکان لە زیادبووندایە، بەتایبەت بۆ پڕۆژەی بچووک و مامناوەند. بە تەماشاکردنی پۆلێنکردنەکە و مێژوو، هەندێ هەواڵی خۆش دەبینین لە بارەی پۆلێنی ئابووریی ڕاستەقینە. هەر چەندە سستیی ڕاستەقینە زیانی کەمترە لە سستیی سیاسەتی ئابووری و قەیرانی ئابووری، چونکە زیانەکانی توندن، بەڵام کورتخایەنن. سستیی سیاسەتی ئابووری بەپێچەوانەوە، بەندە لەسەر گەورەیی هەڵەکردن یان قورسییەکەی. قەیرانی ئابووری؛ زیانبەخشترین جۆرە، چونکە کێشەی بنچینەیی دروست دەکات کە ڕاستکردنەوەی کاتی زۆری دەوێت.

**ڕێگای بووژانەوە چۆنە؟**

ئایا ئابووریی وڵاتان دەتوانن خۆیان لا بدەن لە سستیی ئابووری یان نا؟ ڕێگای گەڕانەوە بۆ گەشەی ئابووری لەژێر کاریگەریی کۆڤید١٩، پشت دەبەستێت بە هەندێک پاڵنەر، بۆ نموونە پلەی دواخستنی خواست، ئایا ئەم شۆکە بەڕاستی کۆتایی دێت؟ ئایا زیانی بنچینەیی دەبێت؟ هۆشمەندانەیە کە سێ سیناریۆ بخەینە ڕوو، کە بە شێوەکانی «ڤی، یو، ئێل» دەناسرێن (بڕوانە گرافیکی ژمارە ١):




شێوە ڤی: (V-shaped)ئەم سیناریۆیە شۆکی ڕاستەقینەی ئابووری نیشان دەدات، بەرهەم دادەبەزێت، بەڵام گەشەی ئابووری لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە. لەم سیناریۆیەدا ڕێژەی گەشەی ساڵانە، توانای ساڕێژکردنەوەی شۆکەکەی هەیە. ئەمە سیناریۆیەکی گەشە لەم بارودۆخە ناهەموارەدا و پێشمان وایە ڤایلکەرە و ئەگەری ڕوودانی زیاترە.

شێوە یو: (U-shaped) ئەم سیناریۆیە خوشکێکی ناشرینی سیناریۆی شێوە «ڤی»یە، لێرەدا شۆکەکە بەردەوام دەبێت، بەڵام گەشەی ئابووری دەگەڕێتەوە سەر ڕێگای خۆی و هەندێک زیانی هەمیشەیی دەبێت. ئایا ئەمە دەکرێت ڕوو بدات؟ بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، بەڵام پێویستە بەڵگەی زیاتر ببینین لە بارەی زیانەکانی ڤایرۆسەکە تا دڵنیا بین.

شێوە ئێل: (L-shaped) ئەم سیناریۆیە زۆر مەترسیدارە. بۆ ئەوەی باوەڕ بکەین کە ئەمە ڕوو دەدات، دەبێت باوەڕ بکەین کە کۆڤید١٩ توانای زیانی بنچینەیی هەیە، بە مانایەکی تر: توانای زیانگەیاندنی هەیە بە دابینکردن،






بازاڕی کار، سەرمایەی زانیاری، یان چالاکی بەرهەمهێنان. ئەمە قورسە وێنا بکرێت، تەنانەت ئەگەر تێڕوانینی ڕەشبینانەشمان هە بێت .

گرافیکی ژمارە (١): سیناریۆکانی V, U, l

پێویستە جارێکی تر تەماشای مێژوو بکەینەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری کاریگەرییەکانی کۆڤید١٩. لە ڕاستیدا «H3N2» سیناریۆی شێوە «ڤی»ی شێوەی شۆکەکانی پێشتری بۆ دیاری کردووین، لەوانەش: پەتاکانی وەک سارس، ئەنفلۆنزای ١٩٦٨ لە هۆنگۆنگ، ئەنفلۆنزای H٢N٢ لە ١٩٥٨ (ئەنفلۆنزای ئاسیایی)، ئەنفلۆنزای ئیسپانی لە ١٩١٨ .

**گرافیکی ژمارە (٢): پەتاکانی ڕابردوو**




### ئایا دەرئەنجامە ئابوورییەکانی کۆڤید١٩ کۆتاییان دێت؟

بۆ ئەوەی لەمە تێبگەین، پێویستە لەو ڕێگایانە بکۆڵینەوە کە قەیرانە تەندروستییەکان دەگوازێتەوە بۆ ئابووری.

ئەگەر پۆلێنکردنی سستییە ئابوورییەکان پێمان بڵێت لە کوێدا ڤایرۆسەکە هێرش دەکاتە سەر ئابووری، ئەوا شێوەکانی گواستنەوەی قەیرانەکە پیمان دەڵێت چۆن ڤایرۆسەکە کۆنترۆڵی خانەخوێکەی دەکات. ئەمە گرنگە، چونکە کاریگەریی جیاواز و چارەسەری جیاواز دەخاتە ڕوو. سێ ڕێگای گواستنەوە هەیە:

* لێدانی ناڕاستەوخۆی متمانە (کاریگەریی سامان): گواستنەوەی کلاسیکیی شۆکی دەرەکی بۆ ئابووریی ڕاستەقینە لە ڕێگەی بازاڕە داراییەکانەوەیە (بە شێوەیەکی فراوانتر مەرجە داراییەکان)، ئەمانە دەبنە بەشێک لە کێشەکە. کاتێک بازاڕەکان و داهاتی خێزانی کورت دەهێنن، ترس لە قەیران و برسێتی زیاد دکات و بەکاربردن دادەبەزێت. ئەم کاریگەرییە دەکرێت بەهێز بێت، بەتایبەت لە ئابوورییە پێشکەتووەکانی وەک ئەمەریکا کە داهاتی خێزان بەرزە.

* لێدانی ڕاستەوخۆ لە متمانەی بەکاربەر: لە کاتێکدا چالاکیی بازاڕی دارایی و متمانەی بەکاربەر پەیوەنییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، داتاکان نیشانی دەدەن کە متمانەی بەکاربەر دەشێت کەم بکات، تەنانەت کاتێک چالاکیی بازاڕ زیاد بکات. وا پێدەچێت کۆڤید١٩ بە شێوەیەکی بەهێز کاریگەریی لەسەر متمانە هەبێت، وا لە بەکاربەران دەکات کە لە ماڵەوە بمێننەوە، هەستیار و بێزار بن لە خەرجکردن، وە لەوانەیە ڕەشبین بن بە داهاتوو.

* شۆکی بەرهەمێنان: ئەو دوو ڕێگایەی سەرەوە شۆکی خواستن بوون، بەڵام ڕێگایەکی تری گواستنەوەی مەترسی هەیە، ئەویش وەستانی بەرهەمە. کاتێك ڤایرۆسەکە بەرهەمهێنان دەوەستێنێ، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان پەک دەخات، کەلێنەکان دەبن بە کێشە، مۆڵەتوەرگرتن و ڕاگرتنی کارگەکان دەست پێ دەکات. ئەمە لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە قەیرانەکە درێژخایەن بێت، ئەگەر ئەمەریکا وەک نموونە وەربگرین، ئەگەرێکی بەهێز نییە.

سستییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ڕووداوی بازنەیین نەک بنچینەیی، بەڵام هێشتا هێڵەکان ناڕوونن. بۆ وێناکردن، قەیرانی دارایی جیهان «کە زۆر خراپ» بوو، قەیرانێکی خولی بوو لە ئەمەریکا، بەڵام بنچینە شۆڕ بووەوە. ئابووری گەڕایەوە سەر ڕێچکەی خۆی، بەڵام زیانەکانی هێشتا بەردەوامە.

کۆڤید١٩ دەتوانێت میراتی بنچینەیی خۆی دروست بکات؟ مێژوو پێمان دەڵێت ئابووریی جیهانی دوای قەیرانی وەکوو کۆڤید١٩ جیاواز دەبێت لە چەند ڕوویەکی گرنگەوە:

* میراتی مایکرۆ-ئیکۆنۆمی: قەیرانەکان لە ناویشیاندا پەتاکان، دەتوانن مۆدێلی جیاواز لە بازرگانیی تەکنەلۆجی بهێننە ئاراوە. سەرهەڵدانی سارس لە ٢٠٠٣، لەگەڵ خۆیدا بازاڕکردنی ئۆنلاینی لەناو بەکارهێنەرە چینییەکان هێنایە کایەوە، هەروەها بووە هۆی دەرکەوتنی زیاتری سایتی عەلی باباش. لە کاتێکدا خوێندنگاکان لە ژاپۆن و ئەمەریکا داخراون، بازاڕەکان بە هەمان شێوە، ئایا فێرکردن و پەروەردەی ئۆنلاین دەتوانێت بەربەستەکان بشکێنێت؟ لەوەش زیاتر، ئایا هەوڵە دیجیتاڵییەکان لە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



وهان بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکە لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە، نیشاندەری ئامێرێکی کاریگەری تەندروستیی گشتییە؟

* میراتی ماکرۆ-ئیکۆنۆمی: لە ئێستاوە وا پێدەچێت ڤایرۆسەکە پرۆسەی بەلامەرکەزیکردنی زنجیرەی بەها جیهانییەکان خێرا بکات. ڤایرۆسەکە ڕەهەندی بایۆلۆجی بۆ هێزە سیاسی و دامەزراوەکان زیاد دەکات، وە مۆدێلی زنجیرە بەهای پێش ٢٠١٦ی گۆڕیوە بۆ بەش بەشی فرە ئاڕاستە.

* میراتی سیاسی: دەرهاویشتە سیاسییەکانی ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، لە جیهاندا کۆڤید١٩ سیستمە سیاسییەکانی خستە ژێر تاقیکردنەوەی ئەوەی چۆن بە شێوەیەکی کاریگەر پارێزگاری لە هاوڵاتییانیان بکەن. ناوەندە لەرزۆکەکان لەوانەیە دەربکەون، گۆڕانکاریی سیاسی ڕەنگە ڕوو بدات، ئەوەش دەکەوێتە سەر ماوەی مانەوەی ڤایرۆسەکە و توندییەکەی. کۆڤید١٩ تەنانەت لەوانەیە گۆڕانکاری لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمەریکادا بکات. لە ئاستێکی ترەوە سەیر بکەین، قەیرانەکە دەتوانرێ وا بخوێنرێتەوە کە بانگەوازێکە بۆ هەماهەنگیی زیاتر یان بەپێچەوانەوە پاڵنەری دوو سەنتەرەکەی هێزی جیۆپۆلەتیکە تا زیاتر دوور بکەونە لە یەکتر.

## سەرکردەکان لە بارەی قەیرانی ئابوورییەوە چی بکەن؟

تێگەیشتنە قووڵەکانی بازاڕی دارایی و لێکچوونی مێژووی شۆکەکان، ئەمانەمان بۆ دەخەنە ڕوو:

* پشت مەبەستن بە پێشبینییەکان، بازاڕەکانی دارایی لە ئێستادا ڕەنگدانەوەی نادڵنیاییەکی گەورەن، کۆمەڵێک سیناریۆی قایلکەر هەن و پێویستە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بەدواداچوونیان بۆ بکر ێت .

* ڕێگە مەدەن گۆڕانکاریی بازاڕە داراییەکان، لە بارەی ئەو بازرگانییانەی لە دەستتان دا، بڕیاری ناڕوونتان پێ بدەن.

* سەرنج بخەنە سەر ئاماژەکانی متمانەی بەکارهێنەر، متمانەتان بە تواناکانتان هەبێت و بزانن چۆن زانیارییەکانتان زیاد دەکەن تا هەڵسەنگاندن بۆ تێگەیشتنەکانتان بکەن. کاریگەرییەکان چوونیەک نابن و دەرئەنجامەکانیش بۆ پیشەسازییەکەی ئێوە دیاریکراو د ە بن .

* باشترین پلانتان هەبێت و پێشبینیی خراپترین ئەنجام بکەن. ئەوەتان لەبیر بێت بووژانەوەی شێوە ڤی؛ نزیکترین سیناریۆیە لە ڕووی بیرکردنەوە و ئەزموونەوە، بەڵام ئەم تێگەیشتنە واتان لێ نەکات بێباک بن.

* تەماشای قەیرانەکانی ڕابردوو بکەن، کۆڤید١٩ چ میراتێکی مایکرۆ-ئیکۆنۆمی و ماکرۆ-ئیکۆنۆمی دەبێت؟ چی هەلێک و ئالەنگارییەک لەگەڵ خۆی دەهێنێت؟


* بیر بکەنەوە چۆن جیهانی پاش قەیران دەبینن؟ دەتوانن بن بە بەشێک لە وەرگری تەکنەلۆجیای نوێ، پرۆسەی نوێ... هتد؟ لە کۆتاییدا دەتوانن سوود وەربگرن لە سەختییەکان بۆ کۆمپانیاکەتان، کڕیارەکانتان و کۆمەڵگەکەتان؟

سەرچاوە: هارڤارد بیسنێز ڕیڤیو (Harvard Business Review)

# قەیرانی کۆرۆنا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان: پرسیاری کراوە و گریمانەکان

نووسین: ڤۆلکەر پێرسیس

وەرگێڕان: پێشەوا جەلال محەمەد





## پرۆفایل

لەساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٥، لە پەیمانگای ئەڵمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و ئاسایش وەك توێژەر دەستی بە کارەکانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٥ دەبێتە سەرۆکی پەیمانگای ئەڵمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و ئاسایش. لە نێوان ساڵانی ٢٠١٦-٢٠١٨، سەرۆکی «هێزی جێبەجێکردنی ئاگربەست»ی گرووپی پشتگیریی نێودەوڵەتی لە سووریا بووە و لە ئێستادا بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بۆردی پەیمانگای ئەڵمانییە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و ئاسایش.





کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر دەرکەوتنی ڤایرۆسی سارس؛ جیهانی وروژاند، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە کاتین یان بەردەوامن؟ بەڕێوەبەری پەیمانگای ئەڵمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و ئاسایش، سەرنجەکانی لە بارەی لێکەوتەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی دەخاتە ڕوو.

هەموو قەیرانێکی جیهانی، کاریگەریی لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی و پێکهاتە و یاسا و دامودەزگاکانی سیستمەکە دەبێت. لەوانەیە پێویست نەکات بگەڕێینەوە بۆ جەنگی جیهانی و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم سەدەیەی خۆماندا هێرشی (١١)ی سێپتەمبەر؛ یاسا و دۆخی نێودەوڵەتیی گۆڕی بەرەو ئاڕاستەی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان، وە لە کاتی قەیرانی دارایی ٢٠٠٨، گرووپی «G٢٠» گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینی، لە یانەیەکی وەزیرانی داراییەوە گۆڕا بۆ ڕێکخراوێک کە توانایەکی نەرم

و جووڵاوی هەیە لەبەرامبەر هەندێ لەو بوارانەی کە زۆر جێگای مشتومڕی سیاسەتی نێودەوڵەتی نین.

هێشتا زۆر زووە لێدوانی یەکلاییکەرەوە بدەین. ئەو وتەیەی کە دەڵێت «هیچ شتێک وەکوو پێشووتری لێ نایەتەوە»، دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر هەڵەیە. کاتێک مانابەخشە، بیگۆڕین و بپرسین چی لەوانەیە بگۆڕێ «لەدوای کۆرۆنا»؟ هەر چەندە لەم قۆناغەدا هەر وەڵامێک بە سروشتی خۆی، لەبەردەم ئەگەری گۆڕانە.

قەیرانی کۆرۆنا لەوانەیە ڕۆڵی هاندەر ببینێ لە زیادکردنی هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ دوورخستنەوەی چین و لەمەشەوە قەیرانەکە ڕۆڵی هەبێت لە زیادکردنی مەیلی دژەجیهانیبوون. لە هەندێ بواری دیاریکراویشدا، لەوانەیە «بەجیهانیبوون»ی نوێ دەربکەوێت. پێناچێت کاریگەریی جیۆپۆلەتیک، وێنەیەکی گشتگیرمان بداتێ لە بارەی هەر یەک لە ڕێکخستنی نێودەوڵەتی (International order) و کێشمەکێشی ناوخۆیی وڵاتان و ململانێ و هەماهەنگی. بارودۆخی جیهان دوای پەتا جیهانییەکە وەکوو بابەتێک دەمێنێتەوە بۆ ئیرادەی سیاسی و سەرکردایەتی و توانای هەماهەنگیی کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان.

هەندێک لە چاودێران دەپرسن کە: ئایا پەتاکە هەماهەنگیی نێوان وڵاتان کەمتر دەکاتەوە و یاساکانی نیزامیی نێودەوڵەتی لاواز دەکات؟ لە ڕاستیدا زۆربەی وڵاتان کاردانەوەی تاک لایەنانەیان هەبوو بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکە و لەوانەشە بەو جۆرە بەردەوام بن، بەڵام قەیرانەکە گرنگیی هاوکاریی کاریگەریی نێوان وڵاتانی نیشان دا و ئەگەری ئەوەش زۆرە دۆخەکە بەم جۆرە بەردەوام نەبێت و بەرەوپێشەوەچوونی هاوکارییەکان ببینین، تەنانەت سەرکردە ناسیونالیستەکان هاوڕان لە بارەی گرنگیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) و هەماهەنگی لە گۆڕینەوەی زانیاری و توێژینەوە لەسەر ڤاکسینەکان. وا پێشبینی دەکرێت کە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ڕێکخراوە هەرێمییەکان بایەخێکی گەورەتر بدەن بە سیستمەکانی تەندروستی و تەندروستیی گشتی، ئەمەش بەهێزبوونی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و یاسای توندتر و زیادکردنی سەرچاوەی داهات بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە لە کۆتاییدا سیستمە تەندروستییە لاوازەکان لە هەندێک وڵاتدا دەبنە هەڕەشەیەکی ئاشکرا بۆ سەر ئەوانی تر.

ئێمە وا باشترە لەژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتیی ئێستای گرووپی «G٢٠» و «G٨» پێشبینیی هیچ دەستپێشخەرییەک نەکەین بە ئاڕاستەی هاوکاریی هەمەلایەنە ، بەڵام لەوانەیە ئیتر ئاسان بێت کە مەسەلەی تەندروستیی گشتی بخەینە تەوەری کارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، تەنانەت وەک بابەتی سەربەخۆ و بەبێ ئەوەی پەیوەستی بکەین بە کێشە کلاسیکییەکانی ئاسایشەوە. چیتر پێویست ناکات هیچ گومان هەبێت لەوەی تەندروستیی جیهانی ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە.

ئایا کۆرۆنا کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر ململانێکانی هێز، بەتایبەت کێبڕکێی نێوان ئەمەریکا و چین؟ بەدڵنیاییەوە ئەمە ململانێکە خاو ناکاتەوە، پێدەچێت هەماهەنگی و ململانێی کراوە بەتایبەت لەنێوان ئەمەریکا و چین هەر بەردەوام بێت. دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ململانێی ئایدۆلۆجیی نێوان چین لە لایەک و ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە لایەکی تر، توندتر ببێتەوە. مەبەست لەم خاڵە، پێشبڕکێی نێوان سیستمی بەڕێوەبردن و پەیوەندیی نێوان حکومەت و کۆمەڵگایە. سەرەڕای ڕەخنەکان لەسەر چین لە بارەی شاردنەوەی پەتاکە، ئێستا چین سیستمە سەرکوتکەرەکەی وەکوو سیستمێکی باڵاتر لە مۆدێلەکانی تر نمایش دەکات، بەتایبەت لەمەڕ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکەدا. چین لە ئێستادا خەریکە «هێزی نەرم» بەدەست دەهێنێ، لە ڕێگەی نمایشی ناردنی هاوکاری بۆ ئیتاڵیا و ئەو وڵاتانەی کە بەتوندی تووشی پەتاکە بوون. ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەپێچەوانەوە تەنانەت هەوڵی هاوکاریی نیودەوڵەتیی نەداوە و لەوەش زیاتر وێنەی ئەمەریکای بچووک کردۆتەوە بۆ زلهێزێکی دەستەوستان. ترەمپ وڵاتەکەی وەک وڵاتێکی نەتەوەیی تەنیا نیشان دەدات و لەولاشەوە هەوڵی کڕینی کێلگەیەکی ئەڵمانیی دەرمانسازیی داوە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ڤاکسین «تەنها بۆ ئەمەریکا»، هەروەها ڕەتیشی دەکاتەوە گەمارۆکانی سەر ئێران سووک بکات.

ئایا ڤایرۆسەکە یارمەتیدەرە

> “ئایا کۆرۆنا کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر ململانێکانی هێز، بەتایبەت کێبڕکێی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو چین؟”

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ؟ بە ئەگەرێکی زۆر، نەخێر. ئەو وڵاتانەش بەر پەتاکە دەکەون، کە ململانێی سەربازی و کەمینەی زیاتریان تێدایە. لە خراپترین حاڵەتدا، ململانێی ناوخۆیی ئەو وڵاتانەی کە لێک دابڕاون، زیاتر تۆخ دەبێتەوە. تەنها وەڵامدانەوەی ئەرێنی بۆ داواکارییەکەی سەرۆکی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بۆ ئەوەی «ململانێی سەربازی بگۆڕن بۆ قەدەغەی هاتوچۆ»، لەلایەن فلیپینەوە بوو. ئەمە پشتگوێ خرا لە لیبیا، یەمەن، باکووری سووریا و هەروەها لەلایەن داعش و بۆکۆ حەرامەوە، کۆریای باکووریش لە تاقیکردنەوەی مووشەکەکانی بەردەوامە.

پێشبینی دەکرێت کاریگەریی پەتا جیهانییەکە لەسەر ململانێ هەرێمییەکان، زۆر جێگای بایەخ نەبێت.

“ پێشبینی دەکرێت کاریگەریی پەتا جیهانییەکە لەسەر ململانێ هەرێمییەکان، زۆر جێگای بایەخ نەبێت. دەوڵەتان دەتوانن بارودۆخەکە بۆ زیادکردنی متمانەدروستکردن بەکاربهێنن ”





دەوڵەتان دەتوانن و لە هەوڵی ئەوەشدان بارودۆخەکە بۆ زیادکردنی متمانەدروستکردن بەکار بهێنن: ئیمارات و کوەیت هاوکارییان نارد بۆ ئێران، ئەمە یەکەم جار نییە، هەروەکوو یەکێک لە دەسەڵاتدارانی ئیمارات پێی وتم: «ئێمە یارمەتیی ئێرانمان داوە لەپێش ئەم حاڵەتە لەناکاوە، وە ئێرانیش بەدڵنیاییەوە هەر وا دەکات بۆ ئێمە، بەڵام ئێمە ئەم کارانەمان وەرنەگێڕاوە بۆ پەیوەندییەکی سیاسیی هاوڕێیانە». وا پێدەچێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وزەیەکی کەمتر تەرخان بکات بۆ دیبلۆماسیی قەیران و چارەسەری ململانێکان، بەڕوونی ئێستا ئەمە بەدی دەکرێت و ڕەنگە هەر واش بمێنێتەوە، چونکە حکومەتەکان دەیانەوێت چارەسەری لێکەوتە ئابوورییەکانی پەتا جیهانییەکە بکەن. لە ئێستاوە زۆرێک لە دەوڵەتانی لاواز کەوتوونەتە ناو قەیرانی ئابوورییەوە، بەبێ ئەوەی دۆخی تەندروستییان بەتەواوی زیانی پێ گەیشتبێت. دەکرێت ببینین وڵاتانی دەوڵەمەند قەرز بە وڵاتانی هەژار بدەن، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئیرادەی پێویست نییە بۆ ناردنی هاوکاریی مرۆیی بە مەبەستی پشتگیریی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران، یان دابینکردنی پارە و کارمەند بۆ کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەی لە بارەی ئەورووپاوە؟

نە واشینتۆن و نە بەیجین، لەوە زیاتر توانایان ناخەنە گەڕ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی هاوبەش بۆ کێشە جیهانییەکان. لێرەوە ئەرکی دەستپێشخەری دەکەوێتە ئەستۆی یەکێتیی ئەورووپا و ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ هاوکاریی هەمەلایەنن بۆ چارەی کێشەکان، وەکوو: کەنەدا، کۆریای باشوور، ئیندۆنیزیا و مەکسیک. چین و ئەمەریکا و ڕووسیاش لەوانەیە هەماهەنگ بن، ئەگەر ئەوانی تر لە بارەی تەندروستیی جیهانییەوە بە دەسپێشخەریی گونجاوەوە بێنە پێشەوە، بەڵام لەوە ناچێت سەرکردایەتیی هەوڵێکی گشتگیر و هەمەلایەنە بکەن.

دەشێت، بەڵام دڵنیا نیین کە ئەم قەیرانە یەکگرتنێکی بەهێزتر لە یەکێتیی ئەورووپا بهێنێتە ئاراوە. دوای هەندێ دواکەوتن، یەکێتیی ئەورووپا زۆر بەخێرایی جووڵەی دەست پێ کرد بۆ پشتگیریی ئەو ئەندامانەی یەکێتییەکە کە بەخراپی بەر پەتاکە کەوتوون. لە بارەی پێگەی جیهانییەوە، هەروەکوو جۆزێف بۆرێڵ؛ نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا وتی، یەکێتیی ئەورووپا پێویستە پێداچوونەوە بکات لە بارەی زمانی هێزەوە. ئەمە ڕاستییە، بەڵام پێویستە پێداچوونەوەی هێز و سەرنجڕاکێشیی ئەورووپاش بۆ قسەکەی زیاد بکەین، ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە بەکردارکردنی هاوکارییە، بەتایبەتی لە کاتی لەم شێوەیەدا.

سەرچاوە: Stiftung Wissenschaft und Politik (the German Institute for International and Security Affairs, SWP)

# راپۆرتی ئایندەیی

ئایندەناسی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# خوێندن لەسەرهێڵ

## ئایا ئۆنلاین، کەرتی پەروەردە لە کۆرۆنا ڕزگار دەکات؟

ئامادەکردن: بارام سوبحی

لە سەرانسەری جیهاندا بە هۆی داخستنی قوتابخانە و زانکۆکانەوە، زیاتر لە یەك ملیار قوتابی لە خوێندن دابڕان. هەندێك لە وڵاتان دەیانەوێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستمی ئۆنلاینەوە، قەرەبووی ماوەی داخستنی قوتابخانە و زانکۆکان بکەنەوە و لەم ڕێگایەشەوە درێژە بە خوێندن بدەن. ئایا دەکرێت ئەو سیستمە لە کوردستان بەکار بهێنرێت؟ گرفت و لەمپەرەکانی و سوود و زیانەکانی بەکارهێنانی چین؟ تەوەری ئەم بەدواداچوون و شیکارە زانیاریئامێزەیە.



### دابڕانی ملیارێك و ٣٤٥ هەزار خوێندکار

لە کۆتایی مانگی شوباتی ئەمساڵدا، زەنگی ئاگادارکردنەوە لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) لە جیهاندا لێدرا، چونکە ڤایرۆسەکە تەنها لە وڵاتی چین نەمایەوە، بەڵکوو زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی گرتەوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ئاماری تووشبووان و مردووان بەم ڤایرۆسە لە هەڵکشاندایە و بەپێی زۆربەی توێژینەوە و ئەنجامگیریی ناوەند و سەنتەرە پزیشکی و زانستییەکانیش، هیچ ئاسۆیەك بۆ کۆتاییهانی ئەم قەیرانە تەندروستییە لە ماوەدا نزیك و تا ڕادەیەک مامناوەندیشدا لەئارادا نییە، ئەمەش بیرکردنەوە لە خۆگونجاندن لەگەڵ لێکەوتەکانی کۆرۆنا دەکاتە پێویستی و پرسی هەنووکەیی.

بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لەنێو منداڵان و گەنجاندا، بە هۆی داخستنی قوتابخانەکانەوە یەك ملیار و نزیکەی ٣٤٥ ملیۆن هەزار خوێندکار لە (١٣٨) دەوڵەتدا لە خوێندن دابڕاون، واتە ڕێژەی (٨٢,٢٪)ی ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانەکاندا تۆمار کراون. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری (یونسکۆ) دەڵێت: «داخستنی لەم شێوەی قوتابخانەکان، پێشینەی لە مێژووی فێرکردندا نییە، ئەمەش دەچێتە پاڵ ئەو دۆخە دژوارەی کە ڤایرۆسەکە لەسەر ئاستی جیهان دروستی کردووە لە سەرجەم کایەکان و تەنانەت پەرستگا و مزگەوت و کۆبوونەوەی خێزانە گەورەکانیشی لێ بەدەر نەبووە.»

### ڕێگای ئەلیکترۆنی وەك بژاردە لەکوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی (٢٥ی شوبات/٢٠٢٠) پشووی فەرمیی بۆ هەموو قوتابخانە و باخچەی ساوایانی حکومی و ناحکومی ڕاگەیاند، دەرگای زانکۆکانیش لە (٢٩ی شوبات) دا داخران. لە کۆتایی مانگی ئازاریشدا، حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند داخستنی دەرگای قوتابخانە و زانکۆکان تاوەکوو ناوەڕاستی مانگی نیسان بەردەوام دەبێت. لە ڕاگەیەنراوەکەی حکومەتدا هاتووە: هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ قەرەبووکردنەوەی خوێندنی فەوتاوی قوتابیان خشتەیەك ئامادە دەکەن.

لە ڕاگەیەنراوی دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لە ڕۆژی (١)ی نیساندا، هاتووە: ئەنجوومەنی وەزیران جەختی کردەوە کە نابێت خوێندنی ئەمساڵی قوتابیان بەفیڕۆ بچێت.

ڕەزامەندییدا لەسەر پێشنیاری فەراهەمکردنی خوێندن و فێربوون بە شێوازی پاڵپشتیکار، لە ڕێگای پرۆژەی خوێندنی ئەلیکترۆنی بۆ قوتابیان و خوێندکاران و پیادەکردنی شێوازی ئۆنلاین یان ئەلیکترۆنی لە ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی وەك شێوازی پاڵپشتیکار، تاوەکوو سەرجەم پێداویستیی تەکنیکی و کارگێڕی و قانوونییەکانی خوێندنی ئۆنلاین لە هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت.

بەم شێوەیە خوێندنی ئۆنلاین تەنیا خوێندنگا ناحکومییەکان دەگرێتەوە و دوایین ڕاگەیەنراوی وەزارەتی پەروەردە بۆ دیاریکردنی کاتی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی خوێندنگاکانی هەرێم کە بەشێکیان لە مانگی (٥)ی ٢٠٢٠ (لە ئەگەری کۆتاییهاتنی ماوەی قەرەنتینە و کرانەوەی ناوەندەکانی خوێندن) دەست پێ دەکات و تا وەرزی هاوین درێژە دەکێشێت، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە وەزارەتی پەروەردە لەوە تێگەیشتووە کە توانای دابینکردنی زەمینە و جێبەجێکردنی خوێندنی ئۆنلاینی نییە.

سەبارەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵاش، تاوەکوو کۆتایی مانگی (٤)ی ٢٠٢٠، هیچ ڕێنماییەکی گشتگیری بۆ خوێندنی ئۆنلاین بڵاو نەکراوەتەوە و تەنیا چەند کۆلێژێك وەك ئەندازیاری لە زانکۆی سەلاحەددین، لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٣/١٩ یەکەمین تاقیکردنەوەیان بە ئۆنلاین ئەنجام داوە و ڕایانگەیاندووە کە ئامادەکارییان بۆ خوێندن بە شێوازی ئۆنلاین ئەنجام داوە، هەروەها زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە هەمان شێوە لە ڕاگەیاندنێکدا ئامادەیی خۆیان بۆ ئەم پرۆسەیە دەربڕی.

## لێکەوتە خراپەکانی داخستنی خوێندنگاکان

لە بارەی مەترسییەکانی ڕاگرتنی پرۆسەی پەروەردە و داخستنی قوتابخانەکان، بانکی نێودەوڵەتی دەڵێت: کاریگەریی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئەو وڵاتانەی کە ئاستی فێربوون تیایاندا نزمە، زۆر وێرانکەر دەبێت، بە هۆیەوە تێکڕای هەڵاتن لە فێربوون بەرز دەبێتەوە، توانای خۆڕاگرتنیان لەبەرانبەر کێشەکانیان لاواز دەبێت. داخستنی قوتابخانەکان بۆ ماوەیەکی درێژ، کاریگەریی نەرێنی و نەگونجاوی لەسەر قوتابیان دەبێت و زۆر زەرەرمەند دەبن، چونکە قوتابیان لە ماڵەکانیاندا دەرفەتی کەمتری فێربوونیان هەیە. ئەو کاتانەشی لە دەرەوەی قوتابخانە بەسەری دەبەن، لەسەر شانی بەخێوکەرانیان دەبێتە بارگرانییەکی ئابووری، چونکە لە بەخێوکردنی منداڵەکانیاندا بۆ ماوەیەکی درێژ، تەنانەت لە دابینکردنی خۆراکی پێویستدا، دووچاری ئاڵنگاریی زۆر دەبنەوە، بەتایبەتی لە کاتی نەبوونی ژەمەخۆراکەکانی قوتابخانەدا. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ئەو دەستکەوتانەی لەدوای زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆر لە چوارچێوەی پرۆسەی فراوانکردن و دابینکردنی هەلی فێربووندا بەدی هاتوون، پەکیان بکەوێت یان لەناو بچن.

لەلایەن خۆیەوە، ڕێکخراوی یونسکۆ ئاماژە بە چەندین زیانی داخستنی قوتابخانەکان دەکات و دەڵێت: داخستنی قوتابخانەکان بە هەر هۆکارێك، چەندین زیانی هەیە، لەوانە: کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی فێرکردن، کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ئاستی قوتابی، دەبێتە هۆی زیادکردنی سیماکانی جیاوازی لە سیستمی فێرکردندا، چونکە ماڵباتە دەوڵەمەندەکان توانایەکی گەورەتریان هەیە بۆ پاراستنی ئاستی بەرزی فێربوون و دابینکردنی سەرچاوەی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان و دابینکردنی کەرەستە و پێداویستی بۆ منداڵەکانیان لەبریی چوون بۆ قوتابخانە، بە پێچەوانەی خێزانە مامناوەندەکانەوە.

## ئاستەنگەکانی بەردەم چارەسەری جێگرەوەکان

بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی یونسکۆ؛ ئۆدری ئازۆلای، ڕایدەگەیەنێت ئەگەر دۆخەکە بەم جۆرە بەردەوام بێت، ئەوا پەروەردە دەکەوێتە «بازنەی مەترسی»یەوە. بۆ چارەسەری ئەم قەیرانەش، دەڵێت: «ڕێکخراوەکەمان لەگەڵ وڵاتانی جیهان کار دەکات بۆ زامنکردنی بەردەوامبوون و ڕێکخستنی فێربوون بۆ هەمووان، لەپێشی هەمووانەوە بۆ منداڵان و گەنجان، چونکە لە داخستنی قوتابخانەکاندا زیانمەندترین توێژن.»

بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی داخستنی قوتابخانەکان و پەککەوتنی پرۆسەی پەروەردە، بانکی نێودەوڵەتی پێشنیار دەکات بیر لە چارەسەری بەدیل بکرێتەوە. بە بڕوای ئەوان، یەکێك لە چارەسەرەکانی ئەم دۆخە، بەکارهێنانی سیستمی «خوێندن لە دوورەوە»یە، واتە خوێندن لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە، لەبریی خوێندن لە پۆلەکانی قوتابخانەدا. بەڵام هێما بۆ ئەوەش دەکەن «ئەم سیستمە بە هۆی نەبوونی ژێرخانی ئەلیکترۆنییەوە، بۆ زۆرێك لە وڵاتان کارێکی ئاسان نییە، چونکە جگە لەوەی حکومەتەکان ئامادە نین بۆ جێبەجێکردنی، ئاستی داهاتی خێزانەکانیش گرفتێکی دیکەیە کە بەو هۆیەوە ناتوانن مۆبایلە زیرەکەکان و خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی فراوان بەکار بهێنن».

ڕێکخراوی یونسکۆش کە بەشێك لە کارەکانی تایبەتە بە پەروەردە و فێرکردن، ڕایدەگەیەنێت پشتگیریی جێبەجێکردنی پرۆگرامێکی فێرکردنی فراوان لە دوورەوە دەکات. داواش دەکات پەنا ببرێتە بەر ئەپە فێرکارییەکان، تاوەکوو مامۆستایان و قوتابیان لە پەیوەندیی بەردەوامدا بن و لە یەکتر دانەبڕێن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



ئایندەناسی ژمارە (١) ئایاری ٢٠٢٠

### ئەزموونی وڵاتان لەگەڵ سیستمی ئۆنلایندا

**چین**

ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ یەکەم جار لە وڵاتی چین بڵاو بوویەوە، ئەو وڵاتەی خاوەنی زۆرترین ژمارەی دانیشتووانە لە جیهاندا. هەر لەگەڵ بڕیاری داخستنی قوتابخانە و زانکۆکاندا، درووشمی حکومەتی چین بریتی بوو لە: «داخستنی قوتابخانەکان، بەبێ وەستاندنی فێرکردن». بە هۆی ئەوەی ماوەی چەند ساڵێکە زۆرینەی قوتابخانە و زانکۆ و کتێبخانەکانی چین سەرچاوەی ئەلیکترۆنی بەکار دەبەن و بەخۆڕایی دەست دەکەون، بۆیە پڕۆسەی خوێندنی ئۆنلاین سەرکەوتوو بوو.

ڕۆژنامەکانی چین ئەزموونی وڵاتەکەیان بە گەورەترین ئەزموونی جیهان لە فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا ناو دەبەن. بۆ وانەوتنەوە لە ڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆوە، ئیدارەی قوتابخانەکان مامۆستایانیان لەسەر بەکارهێنانی «دینگ تۆك» ڕاهێنابوو کە لەلایەن کۆمپانیای «عەلی بابا»وە دابین کرابوو. هەزاران مامۆستا ئینتەرنێتیان بۆ وانەوتنەوە بەکار هێنا، لە دەرەنجامدا پڕۆسەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە دوورەوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەڕێوە چوو، بەڵام ئەم سیستمە بۆ منداڵی خێزانە کەمدەرامەتەکان بووە گرفت، چونکە نەیاندەتوانی تێچووی کرێی ئینتەرنێت دابین بکەن.

**ئیستۆنیا**

لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا و لە بواری فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا، ئیستۆنیا بە یەکەم دەوڵەتی ئەورووپی دادەنرێت، چونکە قوتابخانەکانی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیان بە جێبەجێکردنی ئەم سیستمە کردووە، بە جۆرێك لە ئێستادا هەر شتێك پەیوەندیی بە پڕۆسەی فێربوونەوە هەبێت، لە ڕێگەی سیستمێکی دیجیتاڵیی ناوەندی لە سەرجەم قوتابخانەکاندا بەڕێوە دەچێت. هەروەها لە ڕێگەی ئەو سەکۆ فێرکارییەوە، کەسوکاری قوتابیان دەتوانن ئاگاداری ئاستی پێشکەوتنی منداڵەکانیان بن و هەر لەو ڕێگەیەوە لە ڕەفتاری منداڵەکانیان ئاگادار دەکرێنەوە. هەروەها دەتوانن بەبێ ئەوەی بچن بۆ قوتابخانەکە، قوتابخانەکان لە باری تەندروستیی منداڵەکانیان ئاگادار بکەنەوە، ئەگەر هاتوو نەخۆش کەوتن یاخود نەیانتوانی بچن بۆ قوتابخانە.

**ئەڵمانیا**

ئەڵمانیا یەکێکە لە وڵاتە گەورە و کاریگەرەکانی ئەورووپا، بەڵام وەکوو یۆلیا هینزە؛ شارەزای بواری تەکنەلۆژیا لە پەیمانگای «MMB» لە شاری ئایسنی ئەڵمانیا دەڵێت: «لە بواری فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا، ئەڵمانیا بە خراپترین وڵاتانی ئەورووپا دادەنرێت.» هۆکارەکەشی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی وڵاتەکەی لە سەرەتاوە ئامادە نەبووە هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی وەکوو فینلاند و ئیستۆنیا و سوید، سیستمی ئۆنلاین بەکار





بهێنێت. هەروەها دەڵێت: «ژێرخانی هێڵی ئینتەرنێت لە زۆرێك لە ناوچەکاندا لاوازە یان زۆر سستە، زۆرینەی مامۆستایانیش لەسەر تەکنیکەکانی فێربوونی ئەلیکترۆنی ڕانەهێنراون و داوای ئەوەشیان لێ نەکراوە.»

یۆلیا هێنزە دەڵێت: «کارێکی نالۆجیکییە چاوەڕوان بکەین لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا مامۆستایان ببنە شارەزا لە فێربوونی ئۆنلایندا، بەڵام ئەم ڕۆژانەی ئێستا تاقیکردنەوەن بۆ هەمووان و خاڵی جیاکەرەوەن لە ژیانماندا. ئێستا بەڕوونی خاڵە لاوازەکانی سیستمەکەمان دەبینین، ئەمەش دەرفەتێکی مەزنە بۆ فێربوون لەو هەڵانەی کە لە ئامادەکردنی ئۆنلایندا ڕووی داوە، دەکرێت لە داهاتوودا ڕاست بکرێنەوە.»

**وڵاتانی ئاسیا**

لە ڤێتنام و مەنگۆلیاش، پشت بە مۆبایل و پەخشی تەلەڤزیۆنی دەبەستن. لە وڵاتێکی وەکوو بولگاریاش، زیاتر لە هەشت سەد هەزار پێگە بۆ تەواوی مامۆستایان و کاربەدەستان دروست کراوە، لەگەڵ ئامادەکردنی خانەکانی بڵاوکردنەوە بۆ دەستکەوتنی کتێبی قوتابخانە و سەرچاوە فێرکارییەکان بە شێوەیەکی دیجیتاڵی لە پۆلی یەکەوە هەتا پۆلی دە، دوو کەناڵیش بەرنامەی فێرکاری لەسەر تەلەڤزیۆنی نیشتمانی پەخش دەکەن.

**وڵاتانی عەرەبی**

لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، هەریەکە لە سعودیە و ئیمارات، وێڕای داخستنی قوتابخانەکان، لە ڕێگەی سیستمی ئۆنلاینەوە درێژەیان بە پڕۆسەی پەروەردە داوە. د. شێرکۆ کۆمانج دوو ساڵە مامۆستایە لە زانکۆی شارقە لە ئیمارات، دەڵێت: «دوانیوەڕۆی ڕۆژی (٤ی ئازار/٢٠٢٠)، زانکۆ بڕیاری دا کە لە هەفتەی داهاتووەوە خوێندکارەکان نابێت بێن بۆ زانکۆ، چونکە لە (٣/٨)، واتە چوار ڕۆژ دوای بڕیارەکە، دەبێت هەموو وانەکان لە هەموو بەشەکان لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بگوترێنەوە. هاوکات هەمان بڕیار ئەوەشی لەخۆ گرتبوو کە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی و شەممە (کە ڕۆژانی پشوون لە زانکۆ)، ڕاهێنان بە تەواوی مامۆستاکانی زانکۆ دەکرێت، تاوەکوو فێر بکرێن کە چۆن لە ئۆنلاینەوە وانە بە خوێندکارەکان دەگوترێتەوە.»

بە وتەی کرمانج، هەر ئەو ڕۆژەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بڕیاری داخستنی دەرگای قوتابخانە و زانکۆکانی دەرکرد، زانکۆکەیان بڕیاری داوە کار بە سیستمی ئۆنلاین بکات. بۆیە دەڵێت: «لە کوردستانیش دەکرێت هەمان کار بکرێت. ئەگەر حکومەت سیستمەکە ناکڕێت، دەوڵەمەندێك دەتوانێت بەرنامەکە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا بکڕێت، ئەوانیش بیدەن بە زانکۆکان. خوێندکارانی کوردستان هەر لە ماڵەوەن و زانکۆکان هەر داخراون، با تەجروبەی بکەن، بزانن تا چ ڕادەیەك سەر دەکەون.»

### عێراق


لە عێراق، وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕۆژی (٢٠٢٠/٣/٣١)، بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند بە هۆی ئەو دۆخەی وڵاتی پێدا تێپەڕ دەبێت، سیستمی خوێندنی ئەلیکترۆنی پەیڕەو دەکەن، کە ئامانج لێی؛ بەستنەوەی قوتابیان و مامۆستایە لەگەڵ پڕۆسەی فێربووندا.

وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕاشیگەیاندووە لە ڕێگەی تیمێکی وەزاریی پسپۆڕەوە، چاودێریی میکانیزمی جێبەجێکردنی سیستمی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە زانکۆکاندا دەکرێت. چاودێریکردنەکەش بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامەکەیە، لەگەڵ ئاستی سوودوەرگرتنی خوێندکار لێی. بەڵام لیژنەی خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا لە ڕۆژی (٢٩ی ئازار) دەڵێت: «سەرنجمان لەسەر ئەم ئەزموونە هەیە، بارگرانییەکی نوێ دەخاتە سەر شانی خێزانەکان لە عێراقدا. داوا دەکەین بەکارهێنانی ئەم سیستمە ئازادانە بێت، نەوەکوو ناچاری. داوا لە وەزارەتی پەیوەندییەکان دەکەین کوالێتیی ئینتەرنێت بەرز بکاتەوە و نرخەکەی دابەزێنێت، یان بۆ خوێندکاران بیکات بە خۆڕایی.»

### سیستمی ئۆنلاین لە کوردستان، ئاستەنگ و چارەسەرەکان

لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی لە سیستمی بەڕێوەبردندا، سیستمی ئۆنلاین لە بوارێکی زۆر تەسکدا بەکار دەهێنرێت، ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی تا ئێستا خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە ئاستێکدا نییە کە بەخێرایی کاروبارەکان ڕاپەڕێنرێت، جگە لەوەی ئەزموون و کادیری بەتوانا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سیستمانە کەمن. لە هەمان کاتدا بەستنەوەی هەموو بەش و کارمەندەکانی دامەزراوەیەك بەیەکەوە و لەگەڵ کۆی سیستمی وڵاتدا، کاتێکی زۆری دەوێت.

بە ڕای شارەزایان، چارەسەری ئەو دۆخەش لە ئێستادا ئەستەمە، چونکە کردنەوەی خول و ڕاهێنانی فەرمانبەران لەم دۆخی کەرەنتینەیەدا زۆر ئەستەمە. جگە لەوەی زۆربەی کارە ئۆنلاینەکان پێویستی بە بوونی سیستمی بانکیی ئۆنلاینە، لە ئێستاشدا ژمارەیەکی زۆر زۆر کەم لە هاوڵاتییان و کارمەندان ژمارەبانکییان هەیە. سەرباری ئەوە، سیستمی ئۆنلاین پێویستی بە کۆمپیوتەری پێشکەوتوو هەیە، حکومەتی هەرێمیش لە ئێستادا لەناو قەیرانێکی ئابووریدایە و توانای کڕینی کۆمپیوتەری پێویستی بۆ فەرمانگەکان نییە.




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





### سوودەکانی خوێندنی ئۆن لاین

سەردار عەبدوڵڵا؛ مامۆستای زانکۆ و هەڵگری ماستەر لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی و تەکنەلۆژیا، لە بارەی سوودی خوێندنی ئۆنلاینەوە دەڵێت: «لە هەرە سوودە دیارەکانی خوێندنی ئۆنلاین ئەوەیە، لە هەموو شوێن و لە هەموو کاتێکدایە، واتە ‹Asynchronous›ـە، ئەمەش وا دەکات فێرخواز بەپێی خواستی خۆی کاتەکانی خوێندنی خۆی ڕێك بخات و ئەرکەکان جێبەجێ بکات و لە کاتی پێویست پەیوەندی لەگەڵ مامۆستا بگرێت. هەروەك هەموو مادده و پێداویستییەکانی فێربوون لەبەر دەستن و پێویست ناکات خەمی بۆ بخۆی. هەروەها هاوبەشپێکردن و ئاڵوگۆڕی پەڕگەکان گەلێك ئاسانە و بە کرتەیەك و یەك دوو هەنگاو جێبەجێ دەکرێت. تێچووی کەمترە لە ڕووی نرخ و کاتەوە، لە جێگەی ئەوەی بە پاس یان تەکسی یان ئۆتۆمبێلی خۆت بەکار بهێنیت بۆ خوێندنگە و زانکۆکان، لەماڵەوە یان لە هەر شوێنێك بۆ تۆ گونجاو بێت، دەتوانیت خوێندن و فێربوونی خۆتی تێدا بکەیت.»

پاش باسکردن لە سوودەکانی سیستمی ئۆنلاین، ئەو مامۆستایە باس لە گرفتەکانی بەکارهێنانی ئەم سیستمە دەکات و دەڵێت: «خوێندن و وانەبێژی و فێربوونی سەرهێڵی، پێویستی بە شارەزاییە لە ئامرازە تەکنەلۆژییەکاندا. مامۆستایان بەگشتی بە هەندێك لەم ئامرازانە ئاشنا نین، بەڵکوو پێویستیان بە کاتە، بە هەمان شێوە خوێندکارانیش کێشەی زانینی تەکنەلۆژی (Digital Literacy)یان هەیە. ئەمە دەکرێت لە ڕێگەی مامۆستایانەوە تا ڕادەیەك چارەسەر بکرێت، بە تۆمارکردنی ڤیدیۆی فێرکاری و هاوبەشپێکردنی لەگەڵ خوێندکاراندا. هەروەك دەکرێت سوود لەم سەکۆیانە وەربیگرێن، کە بە شێوەیەکی گشتی مامۆستا و خوێندکاران پێشتر پێی ئاشنان.»

گرفتێکی دیکە کە ئەو مامۆستایە باسی دەکات، ئەوەیە بە هۆی کەمدەرامەتیی بەخێوکەران، زۆرێك لە فێرخوازان توانای کڕینی ئینتەرنێتیان نییە. بۆیە پێشنیار دەکات بۆ چارەسەری ئەو گرفتە، حکومەت بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دابینکردنی ئینتەرنێت، ئەو ماڵپەڕ و سەکۆیانەی کە بۆ خوێندن سوودیان لێ وەردەگیرێت، بکاتە خۆڕایی و هەمووان بە بێسنوور

بتوانن دەستیان پێ بگات.

لە بارەی گرفتەکانی دیکەی سیستمی ئۆنلاینەوە، م. سەردار دەڵێت: «خوێندنی سەرهێڵی کەمتر گەرموگوڕیی بەشداریکردنی تێدایە وەکوو لە خوێندنی ڕووبەڕووی ناو پۆل، هەروەها بۆ هەندێك لە بەشە جیاوازەکان کە پێویستیان بە کارکردنی مەیدانییە (Field)ـە، لەوانەیە گونجاو نەبێت. هەروەها دەکرێت پەرتبوون و دەرچوونی خوێندکار (Distraction) لە خوێندنی ئۆنلاین زۆر بێت و پابەندبوون کەم بێت، تەنها مەگەر کەسێك هاندانێکی تەواوی هەبێت بۆ خوێندنەکەی و خۆی یەکلایی کردبێتەوە.»

کرێکار حەمەغەریب بێدەری؛ مامۆستا لە پەیمانگای پۆلیتەکنیکی کۆیە و خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە جیۆتەکنیك، سوودەکانی سیستمی ئۆنلاین بۆ خوێندکاران لەم خاڵانەدا چڕ دەکاتەوە: «ئەگەر خوێندکار وانەیەك یاخود بابەتێك تێنەگەیشتبێت، دەتوانێت بچێتەوە سەر ڕیکۆردکراو، تا وردتر سەرنجی بدات و تێبیگات. ئاشنابوون بە سیستمێکی نوێ، کە دەرفەتێکی باشە بۆ زیاتر چاوکرانەوەیان. هەموو وانەکان بەتۆمارکراوی وەك ئەرشیفێك لای خوێندکار دەمێنێتەوە، کە دەتوانێت لە داهاتوودا سوودیان لێ ببینێت. کەمتر خەرجیکردن و بیرنەکردنی ماڵەوە، کە هەمیشە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا کاتەکانی بەسەر دەبات.»

بەدەر لە سوودەکان، ناوبراو لە چەند ڕەهەندێکەوە گرفتەکانی سیستمی ئۆنلاین ڕوون دەکاتەوە، کە دیارترینیان نەبوونی کوالێتیی فێربوونە، بە هۆی نەبوونی بەرکەوتەی ڕاستەوخۆی خوێندکار بە بابەتەکەوە، چونکە مامۆستا و خوێندکاری هاوپۆلی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێکەوە نابن، ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر دەبێت و مۆتیڤەیشن و ڕکابەری فێربوونی بۆ دروست نابێت، یاخود کەم دەبێت. جگە لەوەی دەرفەتی گونجاو بۆ پرسیار و وەڵامی ڕاستەوخۆ نارەخسێت، هەروەها کێشە لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کات و دێدلاین بۆ کۆرس و ۆرك و ئەساینمێنت و هۆمۆرك و ئەنجامدانی سیمینار و نووسینی ڕاپۆرت دروست دەبێت.

ئەو مامۆستایە دەڵێت: «سیستمی فێرکردنی ئۆنلاین بۆ بابەتە زارەکییەکان گونجاوە، بەڵام بۆ بابەتە پراکتیکییەکان ناگونجێت، یاخود بەئاستەم دەتوانرێت بەشێك لە پەیامەکە بگات. جگە لەوانە چۆنێتیی هەڵسەنگاندنی خوێندکار لە لایەنی کیوز و ئیگزام و چۆنێتیی بەڕێوەبردنیان و چاودێریکردنیان، گرفتێکی دیکەیە. کێشەیەکی دیکە، بریتییە لە شێوازی ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی خوێندکاران بەگشتی، بۆ نموونە؛ مۆڵەتپێدانی خوێندکار لە وانەکان و تاقیکردنەوە، یاخود هەر کێشەیەکی تر کە پەیوەندیدارە بە بەشەکەوە.»

**ڕوانگەیەك بەرەو ئایندە**

بانکی نێودەوڵەتی لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا هێما بۆ ئەوە دەکات، دەکرێت ئەزموونی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی بکرێتە بنەمای دروستکردنی سیستمێکی نوێ لە بواری پەروەردەدا، ئەو کارەش بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێك دەبێت، لە نموونەی نوێکردنەوەی پرۆتۆکۆلەکانی پشکنینە تەندروستییەکان لەناو قوتابخانەکاندا، بڵاوکردنەوەی بەجێگەیاندنی هەڵمەتی پاکوخاوێنیی گشتی، دابینکردنی خوێندن لە دوورەوە، بەکارهێنانی قوتابخانە داخراوەکان بۆ مەبەستی فریاگوزاری.

ڕێکخراوەکە داوا لە دەوڵەتان دەکات، لەدوای تێپەڕاندنی قۆناغی چاکبوونەوە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆ قەرەبووکردنەوەی کاتی لەدەستچوو، خشتەی ساڵانەی خوێندن هەموار بکەنەوە، ئەولەویەت بەو پلانانە بدرێت کە بۆ تاقیکردنەوەی قۆناغە چارەنووسسازەکان دانراون، لەگەڵ پەرەپێدانی سیستمی خوێندن لە دوورەوە.

لە ڕاپۆرتی بانکەکەدا هاتووە: دەکرێت بەرپرسانی کەرتی پەروەردە و بڕیاربەدەستان ئەم قەیرانە بۆ نوێکردنەوەی نموونە و شێوازەکانی نوێی فێرکردن بقۆزنەوە، تاوەکوو بتوانرێت هەلی فێربوون بە هەمووان بگەیەنرێت. هەروەها خۆیان ئامادە بکەن بۆ حاڵەتە لەناکاوەکان، سیستمی فێرکردنیش وا لێ بکرێت زیاتر توانای خۆڕاگرتنی بە ڕووی قەیرانەکاندا هەبێت.

سەرچاوەکان:

ناس نیوز(٢٠٢٠/٣/٣١)، «بعد إعلان "فشل" الخطة.. بيان رسمي بشأن التعليم الالكتروني!»، https://www.nasnews.com.

- شێرکۆ کرمانج (٢٠٢٠/٣/٣١)، «خوێندنی ئۆنلاین»، https://www.facebook.com/ ٧٨٧٣٦٤٤٤٨٤٥٤=permalink.php?story_fbid .١٠٠٠١٥٤١٧٧٥٦٢٨٩=id&١٤٠

- دویچلە ولە(٢٠٢٠/٣/٢٢)، «مع غلق المدارس بسبب كورونا: هل ألمانيا مستعدة للتعليم الرقمي؟»، https://www.dw.com/ar/.

- أمينة خيري (٢٠٢٠/٣/٧)، «بعد إغلاق المدارس... «كورونا» يضع العالم أمام اختبار «التعليم الإلكتروني»، https://www. ./١٠٠٥٠٦/independentarabia.com/node

- کوردیو نیوز (٢٠٢٠/٣/٢٨)، «زانکۆیەك لە سلێمانی لەسەر خوێندنی ئۆنلاین ڕوونکردنەوە دەدات»، http:// www.kurdiu.org/index.php/ku/news/ .٤٥٦٥٦٢/kurdistan

- عومەر شایان (٢٠٢٠/٤/١)، «ئەنجوومەنی وەزیران: مووچە دابین دەکرێت و دەستکاری ناکرێت»، https://www. .٠١٠٤٢٠٢٠٢٢/rudaw.net/sorani/kurdistan

- سەردار عبداللە (٢٠٢٠/٣/٢٦)، «خوێندنی سەرهێڵی (Online) و کۆرۆنا و یەک دوو قسە»، ٥٤٦٤/http://kitn.net/babat fbclid=IwAR٠Twz٩m٧pWcAlXkpMK-?٨ BK١٧vF١mySr٥BdpMp٤n٦apJU٤JR٥HFP .aVFObAEY

- کرێکار حەمەغەریب (٢٠٢٠/٤/٢)، «خوێندن بە سیستمی ئۆنلاین لە سەردەمی کۆرۆنادا»، https://knwe. _fbclid=IwAR١ &٦٥٥٧٠ =org/?p xCENHvr٤DAk٤W_PSjcT_ R٨HSy٦nONtAU-yv٤weL٠٨eZQSsT٢i_ .R٨Z٤٠

- أخبار الامم المتحدة (٢٠٢٠/٣/١٠)، «بسبب فيروس كورونا: واحد من بين كل خمسة طلاب خارج المدرسة، واليونسكو تحشد وزراء التعليم لمواجهة الأزمة»، https:// .١٠٥٠٩٢١/٠٣/٢٠٢٠/news.un.org/ar/story

- البنك الدولي (٢٠٢٠/٣/١٨)، «إدارة تأثير فيروس كورونا المستجد على الأنظمة التعليمية في أنحاء العالم»، https:// blogs.worldbank.org/ar/education/ education--١٩-managing-impact-covid systems-around-world-how-countries- are-preparing?cid=ECR_FB_WorldBank_ AR_EXTP&fbclid=IwAR٢zqoLrwsd_IDr ٢yacLZtg١aTdw٦Prp٣xcnb٦tkSXtX٤AOv .Ua١MmVUkMmM

- زانکۆی سەڵاحەدین (٢٠٢٠/٣/٢٠)، «کۆلێژی ئەندازیاری یەکەم تاقیکردنەوەی لەسەر خوێندنی ئۆنلاین بەسەرکەوتوویی ئەنجام دا»، http://colleges.su.edu.krd/ engineering/onlinelearning/?fbclid=IwAR ٣jUzVt٢qefg٥١fFPADwbPymhUxEAPhm .٥Fq٠f٠VmryObJ٨hun٥MDfr١S٨c

- کوردیو نیوز (٢٠٢٠/٣/٢٨)، «زانکۆیەك لە سلێمانی لەسەر خوێندنی ئۆنلاین ڕوونکردنەوە دەدات»، http:// www.kurdiu.org/index.php/ku/news/ .٤٥٦٥٦٢/kurdistan


ئایندەناسی ژمارە (١) ئاياری ٢٠٢٠

# کۆرۆنا؛ دەرگای گرتووخانەکانی واڵا کرد

## زیندانییەکان لەنێوان یاسای بەرکار و حوکمی کۆرۆنادا

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد فەتاح

دوای سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ لە وڵاتی چین و بڵاوبوونەوەی بە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی لە زیندانەکاندا، هەندێک لە وڵاتان بڕیاری ئازادکردنی بەشێک لە ڕاگیراو و زیندانییەکانیان دا.

بەشێک لەو کەسانەی لە زیندانەکانی عێراق ئازاد کراون، ئەو کەسانەن بە مادەی تیرۆر یان چالاکی سیاسی دژ بە دەسەڵاتی وڵات دەستگیر کراون و سزا دراون، ئەو کەسانەی هیچ ئومێدێکی ڕوون بۆ ئازادبوونیان نەبووە و تەنانەت هەندێکیان چاوەڕێی جێبەجێکردنی سزای مردن بوون بەسەریاندا.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





لەگەڵ ئەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا زیانێکی گەورەی لە تەندروستیی مرۆڤایەتی و ئابووریی جیهان داوە، لەگەڵ ئەوەی دەیان هەزار کەس بە هۆی ئەم ڤایرۆسەوە مردن و کۆرۆنا ژیانی لێ وەرگرتنەوە، بەڵام بووە هۆی پێدانەوەی هەلێکی دیکەی ژیان بە بەشێک لە زیندانییان، کە بەشێکیان نزیک بوون لەوەی کۆتایی بە هیوای ئازادبوونیان بێت. ئەو کەسانەی تاکوو ڕۆژانی ڕابردوو بە بیانووی تیرۆر و دژبوون بە دەسەڵاتی وڵات دەخرانە کونجی زیندانەوە، ئێستا لەلایەن هەمان ئەو دەوڵەتانەوە دەرگای زیندانەکانیان بۆ دەکرێتەوە و ئازاد دەکرێن.

ئێستا ئەوەی لە بەندە یاساییەکان، مادەکانی تیرۆر و مادەکانی تایبەت بە کار و چالاکیی سیاسی بەهێزترە، ڤایرۆسی کۆرۆنایە. ڤایرۆسێک وەک چۆن هیچ سنوور و جوگرافیایەک ناناسێت، ئاواش هیچ بەند و مادەیەکی یاسایی ناناسێت و دەرگای ئەو زیندانانە دەکاتەوە بە هیچ هێزێکی دیکە نەدەکرانەوە، هیوا بۆ ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە، هیچ بەند و مادەیەکی یاسایی نەیدەتوانی هیوایان بۆ بگەڕێنێتەوە.

لێرەدا دۆخی چەند وڵاتێک باس دەکەین، کە پرۆسەی ئازادکردنی زیندانییەکانیان دەست پێ کردووە. لێرەدا جۆری ئەو ڕێکارانە باس دەکەین کە لەم وڵاتانەدا گیراونەتە بەر و ئەو زیندانییانەی ئازاد دەکرێن و

بەر لێبوردن دەکەون. ئەوەی پرسیاری گرنگە، ئایا ئازادکردنی ئەم زیندانییانە، دەبێتە هۆی هێنانەئارای ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پێدانی هەلێکی ژیان بە زیندانییان، یان مەترسی دەبن بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەمنی؟

**هەرێمی کوردستان**

لەگەڵ ئەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە هەرێمی کوردستانیشدا بڵاو بووەوە، بەڵام هەرێم درەنگتر بیری لە ئازادکردنی زیندانییان کردەوە، هۆکاری سەرەکییش ئەوە بوو ڤایرۆسەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاو نەبووەوە و ڤایرۆسەکەش نەچووە ناو هیچ زیندانێکی هەرێمی کوردستانەوە.

سەرەتا ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکی بۆ تاوتوێکردنی ئازادکردنی ژمارەیەك حوکمدراو و ڕاگیراو پێك هێنا. ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان لەسەر پێشنیازی مەسروور بارزانی؛ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکی بە مەبەستی تاوتوێکردنی بارودۆخی حوکمدراوان و بەندکراوان لە هەرێمی کوردستان پێك هێنا، ئامانج لەم کارەش بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێك بوو بۆ ئازادکردنی ژمارەیەك لەو حوکمدراو و بەندکراوانەی لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن. دوای دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە حوکم دراون و ئازادکردن دەیانگرێتەوە، ناوەکانیان لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستانەوە بۆ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرز کرایەوە، ئەویش بە مەبەستی دەرکردنی لێبوردنێکی تایبەت بۆیان کە لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان لە نووسراوێکدا کە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی بەرز کردەوە، ئاماری ئەو ڕاگیراوانەی کە ئازاد دەکرێن بە دەستەبەری و ئەو زیندانیانەشی کە حوکم دراون و بە ئازادکردنی بەمەرج ئازاد دەکرێن، بڵاو کردەوە. ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێم بڕیاری دا بە ناردنی ئاماری ئەو ڕاگیراوانەی کە ئازاد کراون بە دەستەبەری (کفالە)، لە سنووری هەر چوار سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکووك-گەرمیان) و هەروەها ئاماری ئازادکردنی بەمەرجی (الافراج الشرطی) ئەو زیندانییانەی (محکوم) کە لە چاکسازییەکانی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی و دهۆك)ن بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژانی (٢٠٢٠/٣/٣٠ تاوەکوو ٥/ ٤/ ٢٠٢٠).

بەپێی نووسراوەکەی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتیی ئازادکردنی بەمەرجی بەندکراوان لە هەر چوار دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێم، ١٤٧٤ کەسن. لە سەرۆکایەتیی





دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر، ٨١٢ گیراو ئازاد کراون و لەو ژمارەیە بەردانی بەمەرج؛ ٢٦ کەسە. لە سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی، ٤٤٠ گیراو ئازاد کراون و لەو ژمارەیە بەردانی بەمەرج؛ ١٢ کەسە. لە سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەی دهۆك، ژمارەی ئازادکردنی گیراوەکان ١٧٠ کەسە و ٣٠ کەسیان بەردانی بەمەرجە. لە سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکووك-گەرمیان، ٢١ ڕاگیراو ئازاد کراون لەگەڵ یەك نەوجەوان. ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێم باسی لەوەش کرد، پرۆسەی بەردانی ڕاگیراوان و ئازادکردنی بەمەرج بەردەوام دەبێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا، ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٤/١٤، ئەنجومەنی دادوەری هەرێم ڕایگەیاند، کە ژمارەیەک دەستبەسەرکراو بە لێبوردنێکی گشتیی ئازادکران. بەپێی نووسراوەکەی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێم، لە سنووری پارێزگای هەولێر، ١٥٩ دەستەبەر و سزادراو، لە پارێزگای سلێمانی ٣٤٨ و لە پارێزگای دهۆکیش ٣١٩ کەس ئازادکراون. ئەنجومەنی دادوەری هەرێم ئاماژەی بەوەش کردووە، لە ڕۆژانی داهاتوودا ئازادکردنی بەمەرجی دەستبەسەرکراوان بەردەوام دەبێت.

**ئایا ئازادکردنی ئەم زیندانییانە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی؟**

دەربارەی ئەوەی ئایا ئازادکردنی ئەم زیندانییانە کە بەشێکیان بە مادەی تیرۆر گیراون و سزا دراون، یان بە هۆی کوشتن و تاوانی ترسناکەوە حوکم دراون، دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی و مەترسیی سیاسی و ئەمنی (دروستکردنەوە و بەهێزکردنەوەی تۆڕە تیرۆریستییەکان)، یان هەنگاوێکی باشە بۆ پێدانی هەلێکی ژیان پێیان؟ ئایا سیناریۆکانی دوای ئازادکردنیان چۆن دەبن؟

د.موراد حەکیم؛ مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەڵاحەددین، لەم بارەیەوە دەڵێت سزا و زیندان فەلسەفەی خۆیان هەیە، دەشێ جۆری سزاکان گۆڕانیان بەسەردا بێت، بەشێك لە سزاکان بگۆڕێن بۆ پێبژاردن (غەرامە)، بەڵام ئەگەر بڕوا وا بێت کەسێك تاوانی کردووە و پێویستە سزا بدرێت و ئێستا لە چاکسازییە، چۆن دەکرێ بە بڕیارێکی سەرووتری بێ دیراسە، بەبێ ئەوەی بزانرێت ئەو کەسە لە تاوانەکەی پەشیمانە یان نا، دووبارەی دەکاتەوە یان نا، چاك بووە لە سایەی چاکسازییەکان یان نەخێر، ئازاد بکرێن؟

دەربارەی ئەو کەسانەی لە چاکسازییەکانیشن، پێی وایە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوانەی لە چاکسازییەکانن تاوانیان کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا تاوانەکانیان جیاوازن، هەیە تاوانی گەورەی ئەنجام داوە وەك کوشتن یان تیرۆر، ئازادکردنی ئەوانە هیچ پاساوێکی نییە، بەڵام خەڵکانێکی تێدایە کە هەست

دەکەی ستەمی لێ کراوە، تاوانێکی سووکی ئەنجام داوە، بەڵام بە مادەیەك سزا دراوە کە زۆر قورسە، بۆیە دەبێت پەرلەمان بە یاساکانی سزادا بچێتەوە. زۆربەی یاساکان؛ یاسای کۆنی سەردەمی بەعسن، هەروەها بارودۆخی ئێستا زۆر جیاوازە و جۆری تاوانەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بۆیە هەست دەکرێ ناهاوسەنگی لەنێوان تاوان و سزاکاندا هەیە، کە پێویستە چارەسەر بکر ێت .

لە بارەی ئەوەی ئایا ڕەهەندە باش و خراپەکانی ئازادکردنی ئەم زیندانییانە چین و باشترە حکومەتی هەرێم لە هەنگاوێکی وەهادا چی بکات و چۆن مامەڵە بکات؟ دکتۆر موراد حەکیم دەڵێت، ڕەهەندی باش ئەوەیە کە ئەوانەی سزاکانیان سووکە، یان بەشی هەرە زۆری ماوەکەی تێپەڕاندووە، یان ئەوانەی کە هەست دەکرێت بە مادەیەکی قورستر لە تاوانەکانیان سزا دراون؛ بگەڕێنەوە ماڵەوە و ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێ بکەنەوە. لایەنی خراپ ئەوەیە کە:

یەکەم: کەسانێك ئازاد بکەیت کە مەترسین لەسەر کۆمەڵگا و بە ئەگەری زۆر تاوان دووبارە دەکەنەوە.

دووەم: لەبەر ئەوەی دامودەزگای چاودێری لە پۆلیس لاوازە، ناتوانرێت وەك ئەوەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەکرێت بۆ نەگەڕانەوەی تاوانبار بۆ تاوان، لەگەڵ ئەمانە بکرێت.

سێیەم: بەشێك لە تاوانباران ئەوە وەکوو پەیامێك وەردەگرن، کە وا هەر چەند تاوان بکەن، هەر دواجار بە مەرسومێك زۆر زووتر لە وادەی خۆیان ئازاد دەکرێن.

د. موراد حەکیم، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی ئازادکردنی زیندانییان لە هەرێمی کوردستان و جیهان دەخاتە ڕوو و دەڵێت: لە ڕاستیدا ڕەنگە دروست نەبێت یەك تێڕوانینی گشتگیر بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتی




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





و سیاسییەکەی ئازادکردنی زیندانییان لە هەموو جیهاندا هەبێت، لەبەر ئەوەی یاساکان و سزاکان لە وڵاتان جیاوازن، بۆیە ڕەنگە بەپێی وڵات ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەش بگۆڕێت.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، دکتۆر موراد حەکیم لەگەڵ ئەم جۆرە ئازادکردنەی زیندانییان نییە، ئەو ئازادکردنی مەرجداری زیندانییانی پێ باشە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا باس دەکرێت و بە مەرسومێك ژمارەیەکی زۆر زیندانی ئازاد دەکرێن، بە پێویستی نازانێت و پاساوەکان ڕەنگە لاواز بن. ڕێوشوێنی ئازادکردنی مەرجدار دیارە، دەشێ ئەو ڕێوشوێنانە بگۆڕێن و میکانیزمی گونجاوتر دابنرێن، بەڵام لە ئێستادا مەترسی کۆرۆنا لەسەر زیندانەکان زۆر کەمە، هەروەها ڕێژەی زیندانییانیش لە هەرێمی کوردستان کەمە. پێش چەند ساڵێك بە مەرسومێك ژمارەیەکی زۆر زیندانی ئازاد کران، کە بەداخەوە زۆریان دووبارە تاوانیان ئەنجام دایەوە و گەڕانەوە سەر تاوان، ئەگەر ئێستاش دیسان ئازاد بکرێنەوە، ئەوا ناڕاستەوخۆ پێیان دەوترێت ئەگەر ئەو جارەش دووبارە تاوان ئەنجام بدەنەوە، دوای ماوەیەك دووبارە ئازاد دەکرێنەوە. ئایا ئەم جۆرە ئازادکردنە ناڕاستەوخۆ هانی دووبارە تاوانکردن نادات؟

**گۆڕانکاریی سیستمی یاسایی و مافەکانی مرۆڤ دوای کۆرۆنا**

بەشێک لە یاساناسان پێیان وایە سیستمی یاسایی و تەنانەت مافەکانی مرۆڤیش، دوای کۆرۆنا وەک پێش کۆرۆنا نابێت. دکتۆر محەمەد ڕەشید حەسەن؛ مامۆستا لە بەشی یاسا لە زانکۆی سلێمانی، پێی وایە کایەی یاسایی بەدەر نییە لە گۆڕانکارییەکانی دوای کۆرۆنا، چونکە سیستمی مافەکانی مرۆڤ و بنەما تازەکانی پرۆسەی یاسادانان، وەکوو پێش سەردەمی کۆرۆنا نابێت، وەک مافە تەندروستییەکانی مرۆڤ، جیاکاری لەنێوان مرۆڤەکان، ڕەگەزپەرستی، یاسای نێودەوڵەتی، یاسا کارگێڕییەکان، یاسای کار و بابەتەکانی پەیوەست بە یاسای کۆچ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، کە هەموو ئەم بابەتانە و چەندین بابەتی یاسایی تر دەبن بە بابەتی مشتومڕی گەورە. بۆیە دەبێت لە ناوەندە ئەکادیمی و دادوەرییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەر کەس بەگوێرەی تایبەتمەندی و ڕشتەی خۆی ئاڕاستە دروستەکان بۆ دوای کۆرۆنا دیاری بکات.

دەربارەی گۆڕانکارییەکان، دکتۆر محەمەد ڕەشید حەسەن دەڵێت: یەکێک لەو بابەتانە دەبێت قسەی لەسەر بکرێت، مەودا و چوارچێوەی یاسای بنەماکانی دادبینیی تاوانکاری، پێویستییەکانی پێداچوونەوە، هەڵسەنگاندنی ورد بۆ یاساکە، دیاریکردنی چەند بیرۆکەیەك کە توانستی یاساکە و جێبەجێکارانی یاساکە پتەوتر دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخێکی لەم جۆرەی کە ئێستا دروست بووە. ئەمەش ئەرکی سەرەکیی دەسەڵاتی

یاسادانانە، چونکە بەم شێوەیە زامنکردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دێتە ئاراوە و ڕێگر دەبێت لە هەموو ئەو قەیرانە یاساییانەی کە دەرکەوت لە دەستتێوەردانی دەسەڵاتەکانی تر لە دەسەڵاتی یاسادانان. دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەم یاسایەش پەیوەست نەبێت بە کات و دۆخێکی دیاریکراو کە دۆخی ڤایرۆسی کۆرۆنایە، بەڵکوو دەبێت دڵنیایی هەبێت کە دۆخی لەم جۆرە و دەرئەنجامەکانی بەردەوام دەبێت و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی هەیە. دەبێت چارەسەرەکانیش کاتی نەبن کە لە بڕیارێکی ئازادکردن بە کەفالەت، یاسایەکی لێبوردنی گشتی یاخود بڕیارەکانی لێبوردنی تایبەتدا چڕ بکرێتەوە، بەڵکوو دەبێت جۆرێك لە جێگیری هەبێت لە مامەڵە یاساییەکاندا، چونکە مشتومڕێکی زۆر لەپاش خۆیان دروست دەکەن و دەرهاویشتە کۆمەڵایەتییەکانی یاساکانی لێبوردنی گشتی لە دوو دەیەی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان، شایەتیی ئەوە دەدەن.

**کەموکوڕییەکانی ئازادکردنی تۆمەتباران و لێکۆڵینەوەی ئەلیکترۆنی**

پرۆسەی ئازادکردنی تۆمەتباری ڕاگیراو بە کەفالەت لەم دۆخەدا پرۆسەیەکی ئاسان نییە، بەتایبەت کە یاساناسان دەزانن دادوەری لێکۆڵینەوە دەسەڵاتێکی تەقدیریی زۆری هەیە بەگشتی و ئەرکی ئاسان نییە لەم بارەدا، کە دەبێت هاوسەنگییەکی ورد بکات لەنێوان بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیی تۆمەتبارەکە، بەتایبەت ئەگەر دادوەر تۆمەتبارێك ئازاد بکات کە لە بنەچەدا دەبێت بە ڕاگیراوی بمێنێتەوە، واتە ئەو تاوانانەی کە سزاکەی لە سێ ساڵ زیاتر بێت. ئەم هاوسەنگییەش پشت دەبەستێت بە چەند پرسیارێك، لەوانە: ئایا ئازادکردنی تۆمەتبار، زیان بە لێکۆڵینەوە ناگەیەنێت؟ ئایا مەترسی نییە لە ڕاکردنی تۆمەتبار، یاخود مەترسی نییە لە تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی؟

د. محەمەد ڕەشید؛ مامۆستا لە بەشی یاسای زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، لە بارەی وردەکاریی کەموکوڕییەکانەوە دەڵێت: ئەوەی گرنگە بوترێت دیسان: ئایا چۆن مافی تانەدان بۆ سکاڵاکار و وەکیلی سکاڵاکار فەراهەم ببێت، لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری وەستاندنی کاتەکانی تانەلێدان لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەرییەوە؟ پرسیارێکی تر ئەوەیە کە لە هەمان کاتدا چۆن دادگای تاوانەکان و دادگای تەمییز پرۆسەی چاودێریکردن ئەنجام دەدەن؟ و چەندین پرسیاری تر کە ڕەهەندی پەیوەستی هەیە بە مافی کۆمەڵگا و مافی سکاڵاکار؟ کەواتە دەکرێت بوترێت کە ڕاگرتنی تۆمەتباران، کەلێنی گەورەی دەرخست لە سیستمی دادوەریدا. لەم دۆخەدا، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاری زیادکردنی چەند بڕگەیەك دەکات بۆ یاسای بنەماکانی دادبینیی تاوانکاری، کە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا و بە پێوەری ورد و چەند ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ڕاگرتن، لەوانە: پابەندبوونی تۆمەتبار بە مانەوەی لە ماڵەوە، ئەویش بە بڕیارێکی دادوەری لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە مەترسیدار نین یاخود پابەندکردنی تۆمەتبار بەوەی هەر کاتێك داوا کرا، بێتە بەردەم لێکۆڵەرەوەی دادی یان دادوەر، لەگەڵ ئەمانەشدا دەکرێت سەردانیکردنی شوێنەکان یاخود چەند شوێنێکی لێ قەدەغە بکرێت، هەروەها قەدەغەکردنی گەشتکردن لێی.

خاڵێکی دیکە د. محەمەد ڕەشید دەیخاتە ڕوو، بریتییە لە سوودوەرگرتن لە هەڵپەساردنی کاتیی سزا، کە بریتییە لەو حاڵەتەی تیایدا حوکمدراوێك هەیە بە سزایەکی بەندکردن یاخود زیندانیکردن سزا دراوە، دەکرێت هەڵپەساردن بکرێت بۆ سزاکەی، بۆ نموونە بۆ ماوەی سێ مانگ یاخود زیاتر لەژێر چاودێریی ورد بێت و پاش وردبوونەوە لە ئاکاری لەلایەن دادوەری جێبەجێکردنی سزا (ئەگەر ئەمەش بەهەند وەرگیرا).

هەموو ئەم ڕێوشوێنانە وەکوو «التدابیر الاحترازیة» هاتووە لە یاسای سزادانی عێراقیدا، بەڵام ئەم میکانیزمانە بەهەند وەرگیراون لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمەتباراندا لە چەندین وڵاتدا. لە هەمان کاتدا دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە پەنا ببرێتە بەر لێکۆڵینەوەی ئەلیکترۆنی، کە ڕاگیراوان لە ڕێگەی پارێزەرەکانیانەوە داواکانی ئازادکردن بە کەفالەت پێشکەش بکەن.

**دەرئەنجامەکانی یاسای لێبوردنی گشتی**

یاسای لێبوردنی گشتی بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە و هەندێک جاریش وەک ئامرازێکی سیاسی سەیر کراوە، بەشێک لە ڕەخنەکانیش پەیوەستن بە دەرئەنجامە خراپەکانی یاساکەوە، بەتایبەت دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی ئازادکردنی زیندانییان بەم یاسایە. دکتۆر محەمەد ڕەشید لەسەر یاسای لێبوردنی گشتی و دەرئەنجامەکانی دەڵێت: دەرچوواندنی یاسای لێبوردنی گشتی، کارێکی ئاڵۆز و ئیشکالییە. یاساکانی لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ئەوەی سەلماند کە ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە یاسادانەریش هەندێك جار دەسەڵاتە تەشریعییەکانی خراپ بەکار دەهێنێت و دەبێتە هۆی لەباربردنی ئامانجەکانی یاسای سزادان، بێئەرزشکردنی ئامانجەکانی سزا لە کۆمەڵگادا و لەناوبردنی ئامانجێکی گرنگی سزا، کە ئەویش بریتییە لە بەرپەرچدانەوەی یاخود وەکوو ئامرازێکی سیاسی بڕوانێتە پرۆسەکە، چونکە وردبوونەوە لە چەندین بڕگەی ئەو یاسایانەی لێبوردنی گشتی، ڕاستییەك دەردەخات کە چەندین بڕگەی نادەستووری بووە، چەندین بڕگەشی یەك ناگرێتەوە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، ئەمە جگە لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بابەتە لە کوردستان.

دکتۆر محەمد ڕەشید باس لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی

هەرێم دەکات سەبارەت بە لێبوردنی تایبەت و پێی وایە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم پەیوەست بە لێبوردنی تایبەت، کە لە کاتی قەیرانی کۆرۆنادا لیژنەیەك پێك هێنرا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی دۆخی حوکمدراوان، بە ئامانجی دەرچوواندنی مەرسومی لێبوردنی تایبەت، کە ئەمەش دیسان چارەسەرێکی کاتییە و دەبێت لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا نەبێت و پێوەری بابەتیی تێدا بەرجەستە بکرێت، وەکوو پابەندییە دەستوورییەکان. بەهەندوەرگرتنی باری تەندروستیی حوکمدراوان و تەمەنیان، لە هەمان کاتدا ئامرازێك نەبێ بۆ سوودلێوەرگرتنی سیاسی و دەبێت بە هیچ جۆرێك حوکمدراوانی تاوانەکانی کوشتنی بەئەنقەست نەگرێتەوە.


**سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا لە ئێستا و دوای ڤایرۆسی کۆرۆنا**

یەکێك لە بابەتە نوێیەکان لە هەندێک وڵاتی دیکە و پێشکەوتوو، بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەلایەن لێکۆڵەران. د. محەمەد ڕەشید لەو بارەیەوە دەڵێت: یەکێك لە پێویستییەکانی هەموارکردنەوەی یاسای بنەماکانی دادبینی تاوانکاری، بریتییە لە سوودوەرگرتن لە پێوەرە ئەلیکترۆنییەکان، چونکە ئەم بابەتە دەبێت ببێتە بەشێکی سەرەکیی فەلسەفەی دادبینی لە هەرێمدا و هەرێمی کوردستان ناتوانێت خۆی لەم پێشهاتە گرنگە دابرێت. بۆ ئەم مەبەستەش یاسادانەرانی کوردستان دەتوانن دەقێك دابرێژن، تیایدا دادوەری لێکۆڵینەوە یاخود لێکۆڵەرەوە بۆی هەبێت ئیفادەی تۆمەتبار -شایەت- و ڕای شارەزایان تۆمار بکات لە ڕێگەی میکانیزمی «ڤیدیۆفۆن»، یان هەر ئامرازێکی گەیاندنی تەکنەلۆژیی دیکە، لە کاتی بوونی بەربەستێك بۆ ئەم مەبەستە، دەکرێت پەنا ببرێتە بەر ئامرازە تەکنەلۆژییەکان بۆ گوێگرتن لە وتەکانیان، بە مەرجێك ڕەچاوی مافی لایەنەکانی تر بکرێت لەم کارەدا، بەتایبەت جێبەجێکردنی مادەی ١٢٣، دەکرێت بەم میکانیزمە بکرێت بە مەرجی ئامادەبوونی پارێزەر.

د. محەمەد پێی وایە لە هەرێم لە دۆخی بوونی کۆرونا لە ڕووی یاساییەوە جۆرێك لە شپرزەیی هەبوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕارودۆخە نوێیەکەدا، کە ئەمەش وا دەخوازێت هەرێم ئامادەتر و پشتئەستوورتر بێ بە بەها یاساییەکان لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی وەها دۆخێکدا.

**عێراق**

٣١ی ئازاری ٢٠٢٠، دادگای لێکۆڵینەوەی نەینەوا کە تایبەتە بە دۆسیەکانی تیرۆر، بڕیاری ئازادکردنی ٥٠ زیندانیی دەرکرد، کە بەپێی مادەی چواری یاسای ڕیشەکێشکردنی تیرۆر دەستگیر کرابوون. ئەم بڕیارەی دادگای نەینەوا دوای ڕێنمایی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری بوو بۆ ئازادکردنی بەشێک لە زیندانییان، بە مەبەستی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. بەشێک لە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی عێراق لە هەوڵدا بوون بۆ پەلەکردن لە دەرکردنی یاسای لێبوردنی گشتی، بەر لەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بگاتە ناو زیندانەکانی عێراق.



ئایندەناسی ژمارە (١) ئایاری ٢٠٢٠

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٥ی نیسانی ٢٠٢٠، عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق، داوایەکی ئاراستەی بەرهەم ساڵح سەرۆککۆماری عێراق کرد، بە مەبەستی ڕەزامەندی پیشاندان بۆ دەرکردنی لێبوردنی تایبەت بۆ ئازادکردنی بەشێک لە زیندانییان لە زیندانەکانی عێراقدا. سەرۆکوەزیران داوای کردووە ئەو کەسانەی نیوەی ماوەی زیندانیکردنیان تەواو کردووە، ئەو کەسانەی کەمتر لە ساڵێکیان ماوە لە زیندان یان بە کەمتر لە ساڵێک حوکم دراون، سوودمەند بن لەم بڕیارە و ئازاد بکرێن.

عادل عەبدولمەهدی داوای کردبوو بڕیارەکە ئەم کەسانە نەگرێتەوە: ئەو کەسانەی مافی تایبەتیان پێشێل کردووە (مەگەر خاوەن ماف لێی خۆش بێت)، ئەوانەی تاوانی نێودەوڵەتییان ئەنجام داوە، ئەوانەی تاوانبارن بە تیرۆر، ئەو کەسانەی ئاسایشی دەوڵەتیان لە ناوخۆ و دەرەوە خستووەتە مەترسییەوە، تاوانبارانی گەندەڵیی دارایی و ماددی، بازرگانانی مرۆڤ، فڕێنەرانی بەندکراو و زیندانییان، تاوانبارانی دەستدرێژیی سێکسی، هاوڕەگەزبازی و زیناکردن لەگەڵ مەحرەم، تاوانبارانی پەیوەست بە ماددە هۆشبەرەکان، سپیکردنەوەی پارە، فڕاندنی خەڵک، بردنی پارەی دەوڵەت، فرۆشتنی شوێنەوار و چەند تاوانێکی د یکە .

داواش کراوە ئەو کەسانەی سوودیان لە بڕیاری لێبوردنی ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٠٨ و ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠١٦ بینیوە، یان هەر کەسێک بەر لێبوردنی تایبەت کەوتبێت لە پێشتر، لەم بڕیارە سوودمەند نەبێت.

## ئێران

١٠ی ئازاری ٢٠٢٠، جاوید ڕەحمان؛ ڕێپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، نیگەرانیی خۆی لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران دەربڕی و داوای لە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە کرد زیندانییانی سیاسی و ئەو زیندانییانەی خاوەن دوو ڕەگەزنامەن، بەبێ سنووردانان و بە شێوەی کاتی ئازاد بکرێن. بەپێی وتەکانی غولامحوسێن ئیسماعیلی؛ وتەبێژی دەزگای دادوەریی ئێران، لە پێناو ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناو زیندانەکاندا، بڕیاریان داوە بە ئازاکردنی کاتی بۆ نزیکەی ٥٤ هەزار بەندکراو و پرۆسەی ئازادکردنی زیندانییەکانیش بەردەوام دەبێت. بەپێی دوایین ئاماری ئەم وەزارەتە، ژمارەی بەنکراوە ئازادکراوەکان گەیشتووە نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس. هەڵبەت بەپێی ڕوونکردنەوەی وەزارەتی دادوەری، ئەم ئازادکردنە، بەندکراوە سیاسییەکان و ئەوانەی کە ئێران تۆمەتی «کرداری دژ بە ئاسایشی نیشتمانی» خستووەتە پاڵیان، ناگرێتەوە.

سەبارەت بەوەی ئەگەر هەیە ئازادکردنی ئەم زیندانییانە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەی دروست بکەن، ڕەئیسی دەڵێت: تا ئەو ئاستەی کێشە بۆ ئاسایشی





نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی وڵات دروست نەبێت، پرۆسەی ئازادکردنی زیندانییان بەردەوامیی دەبێت.

## تورکیا

پڕۆژەیاسایەک لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی)یەوە ئامادە کرا بۆ گفتوگۆکردن و دەنگدان لەسەری لە پەرلەمانی تورکیا، بۆ ئازادکردنی نزیکەی ٩٠ هەزار زیندانی لە کۆی ٣٠٠ هەزار زیندانی کە لە زیندانەکانی تورکیادان. گفتوگۆکان چەند ڕۆژێک لە پەرلەمان بەردەوام بوون، ئەویش بە هۆی ناکۆکی لەنێوان ئاکپارتی، هەدەپە و جەهەپەدا، لە بارەی ئەوەی کێن ئەوانەی ئازاد دەکرێن و سوود لە بڕیارەکە وەردەگرن. پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و پارتی گەلی کۆماری، داوایان کرد ئازادکردنی زیندانییان ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە لەسەر کاری سیاسی یان بیروڕای ئازاد؛ زیندانی کراون و سزا دراون.

بەپێی پڕۆژەیاساکە، بکوژ، دەستدرێژیکارانی سێکسی، تاوانباری گەورە و زیندانی سیاسی، ئەوانەی تۆمەتی تیرۆریان دراوەتە پاڵ، بڕیاری ئازادکردن نایانگرێتەوە. لە بەرامبەردا هۆخ ویلیامسۆن؛ بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی جیهان بۆ ئەورووپا و ناوەندی ئاسیا دەڵێت: دەبێت ئەو پلانەی حکومەتی تورکیا، زیندانییە سیاسییەکانیش بگرێتەوە کە تۆمەتی تیرۆریان خراوەتە پاڵ، چونکە ئەو زیندانییانە هەر لە سەرەتاوە نەدەبوو بخرێنە ز یندا ن .

لە تورکیا کە ٣٠٠ هەزار زیندانی هەن و ١٥٠ هەزار کارمەندیش چاودێریی ئەو زیندانییانە دەکەن، مەترسی هەیە لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا تێیاندا کە ئاسان کۆنترۆڵ ناکرێت. بەگوێرەی دوا ڕاپۆرتی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤی تورکیا کە لە کۆتایی ٢٠١٩-دا بڵاو کرایەوە، لە زیندانەکانی باکووری کوردستاندا ١٣٣٤ زیندانی نەخۆش بوونیان هەیە، کە دۆخی تەندروستییان زۆر خراپە و بە هۆی کار و چالاکیی سیاسییەوە دەستگیر کراون و ٨٠٠ منداڵیش لە زیندانەکانی باکووردان کە لەگەڵ دایکیاندا لە زینداندان. پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) داوای کردووە ئەو بەندکراوانەی باری تەندروستییان ناجێگیرە، ئازاد بکر ێن .

## کەنەدا

کەنەدا جیاواز لە وڵاتانی دیکە، کۆرۆنا گەیشتە زیندانەکان و دوای گیانلەدەستدانی چەند زیندانییەکیش، بڕیاری دا دەست بە جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی ئازادکردنی بەشێک لە بەندکراوان بکات. کۆتایی مانگی ئازار، ماری لیز وتەبێژی وەزارەتی ئاسایشی گشتی، داوای کرد میکانیزمێك دابنرێت بۆ ئازادکردنی ژمارەیەك لە گیراوەکان کە مەترسییان لەناو کۆمەڵگەدا نییە.

ئەنجوومەنی بەرژەوەندیی گرتووخانەکان چەند ڕۆژێك پێش ئێستا ڕایگەیاندبوو، یازدە زیندانی لە گرتووخانەی بۆرکارتێ، هەشت زیندانیی ژن لە گرتووخانەی جۆلێت لە

هەرێمی کوێبێك، زیندانییەک لە گراند ڤاڵی ژنان و زیندانییەکیش لە بێڤەر گریك لە هەرێمی ئۆنتاریو تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.

**سیناریۆکان**


یەکەم: بەشێکی زۆر لە زیندانییەکان، بەتایبەت ئەوانەی تاوانی قورسیان ئەنجام نەداوە و پێشینەیان نییە، سوود لە بڕیاری ئازادکردنیان دەبینن و هەلێکی دیکەیان پێ دەدرێت تاکوو تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببنەوە، دەست بە ژیانێکی نوێ بکەن و لەبریی ئەوەی لە زینداندا چاکسازییان تێدا بکرێت، خۆیان لە ژیانێکی ئازاددا و لەناو کۆمەڵگادا چاکسازی لە خۆیاندا بکەن و جارێکی دیکە نەگەڕێنەوە سەر تاوانەکانیان.

دووەم: ئازادکردنی بەشێک لە زیندانییان کە هێشتا لەژێر پرۆسەی چاکسازیی کۆمەڵایەتیدا بوون و پێویستیان بە کاتێکی زیاتر بووە تاکوو سوود لە چاکسازییەکان وەربگرن، ئەگەر هەیە هەندێکیان دیسان بگەڕێنەوە بۆ سەر بەشێک لە تاوانەکانیان.

سێیەم: ئازادکردنی ئەو کەسانەی پێشینەی تاوانیان هەبووە و هیچ چاکسازییەکیان تێدا نەکراوە، مەترسی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەمنییش دروست دەکەن.

چوارەم: بوونی ژمارەیەکی زۆر لە لێبوردنی گشتی، وەها دەکەن ئەوانەی تاوانیان کردووە یان بەنیازن تاوانێک بکەن، ترسیان نەبێت و دڵنیا بن ڕۆژێک ئازاد دەکرێن.

پێنجەم: بوونی ناڕوونی لە بابەتی ئازادکردنی زیندانییان و هەندێک جار بەسیاسیکردنی، وەها دەکەن نادادپەروەری هەبێت لە دیاریکردنی ئەو کەسانەی بڕیاری ئازادکردنیان دەدرێت، ئەمەش کاریگەریی خراپی دەبێت بۆ سەر تێڕوانینی زیندانیە




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





ئازادنەکراوەکان و کەسوکاریان بۆ چەمکی دادپەروەریی دەوڵەت و دەزگاکانی.

شەشەم: ئازادکردنی ئەو زیندانییانەی بە تۆمەتی تیرۆر زیندانی کراون و سزا دراون، هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ئەمنی، ئەگەری دروستکردنەوە و فراوانکردنەوەی تۆڕەکانیان بەهێز دەکات و دەبنەوە لانکەی سەرهەڵدانەوەی تۆڕەکانیان.

لە کۆتاییدا پێویستە بوترێت، ئازادکردنی زیندانییان بەبێ ڕەچاوکردنی ناسنامەی زیندانییان، لەسەر چی تۆمەتبار کراون، حوکم دراون و سزا دراون، بە چی میکانیزمێک ئازاد دەکرێن، دوای ئازادکردن چەند دەتوانرێت چاودێری بکرێن، بە چی پێوەرێک و لەسەر چی بنەمایەک و لێکۆڵینەوەیەک ئازاد دەکرێن، کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئە منی .

ئازادکردنی زیندانییان، بەتایبەت ئەوانەی مافی تایبەتیان پێشێل کردووە، تاوانی مەترسیداریان کردووە، تۆمەتبارن بە کوشتنی ئەنقەست؛ دەرئەنجامی کۆمەڵایەتیی مەترسیداری دەبێت و پێشێلکردنی مافی ئەو کەسانەشە تاوانیان بەرامبەر کراوە. یەکێکی دیکە لە خاڵە گرنگەکان ئەوەیە، سوود لە ئەزموونەکانی پێشووتر لە ئازادکردنی زیندانییان وەرنەگیراوە، کە بەشێکیان دەستیان بە تاوانکردن کردووەتەوە پاش ئەوەی ئازاد کراون.

پەلەکردن لە بڕیارەکەدا، ئەنجامنەدانی لێکۆڵینەوە و وەرنەگرتنی بۆچوونی شارەزایان، کاریگەریی خراپیان لەسەر بڕیارەکە دەبێت و دەرئەنجامەکانی کاریگەرییان لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەبێت. ئازادکردنی ئەو تۆمەتبارانەی بە تۆمەتی تیرۆر یان کوشتنی چەند کەسێک سزا دراون، مەترسیی جددی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئەمنی و سیاسیی وڵات دروست د ە کە ن .

سەرچاوەکان:

1. Ali Kemal Akan, Ertuğrul Subaşı(10/4/2020), «İnfaz düzenlemesi teklifinin ilk 10 maddesi kabul edildi», https://www.aa.com.tr/tr/politika/infaz-duzenlemesi-teklifinin-ilk-10-maddesi-kabul-edildi/1799346.

2. Sabah(2020), «Af yasası ve ceza infaz indirimi son dakika haberleri! Ceza infaz kanunu bugün meclise geliyor; kimler ceza infaz kanunundan yararlanacak?», https://www.sabah.com.tr/yasam/2020/04/08/af-yasasi-ve-ceza-infaz-indirimi-son-dakika-haberi-ceza-infaz-kanunu-bugun-meclise-geliyor-kimler-ceza-infaz-kanunundan-yararlanacak».

3. Cbc (9/4/2020), «More than 2,000 inmates released, 6 COVID-19 cases confirmed inside Ontario jails», https://www.cbc.ca/news/canada/toronto/ontario-jails-coronavirus-1.5527677.

4. Cbc (31/4/2020), « Bill Blair asks prison, parole heads to consider releasing some inmates to stop spread of COVID-19», https://www.cbc.ca/news/politics/prison-covid19-csc-release-1.5516065.

٥. تسنیم نیوز (١٣٩٨/١٢/٣٠)، «اسماعیلی: اعطای ٥۴ هزار مرخصی بە زندانیان در هفتە اخیر»، https://www.tasnimnews.com/fa/news/١٣٩٨/١٢/١٣/٢٢١٥٧٣٥/.

٦. تسنیم نیوز(١٣٩٩/١/١٠)، «موج دوم مرخصی زندانیان با دستور رئیسی از امروز آغاز شد+جزئیات»، https://www.tasnimnews.com/fa/news/١٣٩٩/٠١/١٠/٢٢٣٢٩٤٢.

٧. ك . ن . ن ( ١٤/ ٤/ ٢٠٢٠ )، «ژمارەیەک دەستبەسەر لە هەرێمی کوردستان بە لێبوردنی گشتی ئازادکران»، https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare= ٢٨٨٣٢.

# دیداری ئایندەناسی

# ئایندەناسی

# ئایندەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراق و هەرێم

ئامادەکردن: یاسین تەها محەمەد



## دیداری ئایندەناسی لەگەڵ د.هوشام ئەلهاشمی

**لە دیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری «ئایندەناسی»دا، هوشام ئەلهاشمی لە بارەی مەترسییەکانی داعش و پلانەکانی ئێستا و ئایندەی ئەم ڕێکخراوە دەدوێت، لەپاش ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەریدا لەلایەن حکومەتی عێراق و هێزی هاوپەیمانانەوە بەر لە سێ ساڵ.**

### پرۆفایل

لەدایکبووی ١٩٧٣ی بەغدایە، پسپۆڕییەکەی کارگێڕیو ئابوورییە، بەڵام لەکۆتایی نەوەدەکانەوە گرنگیدانی بەگرووپ و دەستە و کۆمەڵە ئیسلامییە چەکدار و ئسوڵی و توندڕەوەکان هەیەو لەسەردەمی سەددام حسێن لەسەر گرنگیدانەکانی، بەندکراوە. لەدوای ٢٠٠٣، کاری دۆکیۆمێنتاریی کردووە لەگەڵ میدیای بیانیو ناوخۆیی سەبارەت بەداعشو گەنجینەیەکی گەورەی لەو بوارەدا پێکهێناوە کە خۆی لە سێ کتێب و نزیکەی ٥٠٠ وتارو توێژینەوە دەبینێتەوە. کتێبەکان بریتین لە: عالم داعش، تنظيم داعش من الداخل، نبذة عن تاريخ القاعدة في العراق، ئێستاش وەك ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریی عێراق کاردەکاتو ماوەیەکیش ڕاوێژکاری حکومەتی عێراق بووە بۆ کاروباری ئاسایش.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە
hewalname.com/ku





**ئایندەناسی: نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ جنین بلاسخارت، لە دوا پەیامی خۆیدا لەبەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش، هۆشیاری دا لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە لە پشتێنەی چواردەوری بەغدا و ڕۆژهەڵاتی دیالە، ئایا داعش تاکە لایەنە کە ئاسایشی ئەو ناوچانە بخاتە مەترسییەوە، یان گرووپی تر هەن؟ بەتایبەت کە بە پێچەوانەی ڕەفتاری پێشووی داعشەوە کە دیل کوشتنە، ئێستا مامەڵەکردن بە ڕفێنراوەکان هەیە بە دەوروبەری ٥٠ هەزار دۆلار؟**

هوشام ئەلهاشمی: ژمارەی داعشەکان لە سێ مانگی یەکەمی ٢٠٢٠، بە دەوروبەری ٣٥٠٠-٤٠٠٠ چەکدار خەمڵێنراوە کە لە ١٠ کەرتی جیاجیای عێراقدا هەن و تەنها دیالە و بەغدا نییە. ئەم ڕێکخراوە هەڵمەتێکی نوێی ڕیکلامی ڕێك خستووە لەژێر ناوی «العاقبة للمتقين» لە سەرجەم ناوچەکانی عێراق، کە نوێکردنەوەی بەیعەت لەخۆ دەگرێت و لەمەشدا پشتئەستوورە بەو دەرامەتە مرۆییانەی لە شەڕی داعش تێك شکان، بەم دواییانەش داعش تەکتیکێکی تری گرتۆتە بەر کە ئەکتیڤکردن و وەرگرتنی ئەوانەیە کە هیچ ئاماژەیەکی ئەمنییان لەسەر نییە یان داواکراوی قەزایی نین، ئەمەش لەبەر بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی سەربازی و سیاسی.

**ئایندەناسی: بژاردەکانی بەردەم داعش چین، بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ ڕووکاری ڕووداوەکان؟**

هوشام ئەلهاشمی: داعش لە چەند ڕوویەکەوە کار دەکەن، کە یەکێك لەوانە دۆسیەی ئابووری و ئەوی تر هیی سەربازییە. لە بواری ئابووریدا تۆڕی دارایی ئەم ڕێکخراوە زۆر لێزانن لە خۆدزینەوە لە سیستەمە داراییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، ئەمانە لە ناوخۆی عێراقدا وەبەرهێنانەکانی خۆیان لە کەرتی گواستنەوە و وزە و بازرگانیی گشتی و کشتوکاڵ و دەرمان و چیمەنتۆ و جگەرە بەڕێوە دەبرێن و بۆ ئەمەش پێویستیان بە کەسانێکە نیشانەی پرسیاریان لەسەر نەبێت یان لە ڕووی ئەمنییەوە داواکراو نەبن، ئەم پرۆسەیەش بۆ داعش دەستکەوتێکی تازەیە بۆ ئەو شارانەی بڕێك ئارامن لە ٢٠٢٠ و پێشتر بە ڕووی داعشدا کراوە نەبوون، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی داهاتی دارایی داعش و بنەما ئابوورییەکەی و بۆ ماوەیەکی درێژیش پارەکانی داعش دەپارێزێت.

لە ڕووی سەربازییەوە، بەیعەتەکان توانای داعش نوێ دەکەنەوە بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ، کە تێیدا بتوانێت بەرەی نوێ بکاتەوە کە پێشتر نەیبووە. لەم ڕێگایەوە دەتوانێت کێشە دروست بکات بۆ پلانەکانی داهاتووی هاوکاریی خەڵکی ناوچە نوێیەکان، بەتایبەت گوندنشینەکان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان، بەم پێیەش ئەوەی لە داهاتوودا ڕووبەڕووی هێزە ئەمنییەکان دەبێتەوە، کۆمەڵێك مەفرەزە و خانەی پەیوەستن لە داعش کە پێشتر بەرەنگاری هێزە ئەمنییەکان نەبوونەتەوە.

**ئایندەناسی: پێگە و ڕۆڵی داعش لە ناوچە کێشەلەسەرەکان چۆنە؟ بۆچی چاوی ئەم گرووپە**

**زیاتر لەسەر ئەو ناوچانەیە و لە ئێستادا دۆخی ئەو ناوچانە لە ڕووی ئەمنییەوە چۆنن؟**

هوشام ئەلهاشمی: داعش ئەم ناوچانە بە گرنگترین پێگەی جێگە نفوزی خۆی دەزانێت، هەروەها گرنگترین ناوچەشن بۆ داعش، چونکە کێوماڵ و پشکنین و پاککردنەوەیان شکستی هێناوە بە هۆی هەبوونی دەیان مەفرەزەی داعش لەم ناوچانە جیاواز لە ناوچەکانی تر، ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانیش کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم ناوچانە پێگەی ئاراستەکردنی داعشن بۆ سەرجەم ناوچەکانی تری عێراق.

جگە لەوەش هەر بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی عێراق، داعش هەمیشە چاوی لەسەر گەنجانی گوندە زیانلێکەوتووەکانە لەڕووی ئابوورییەوە، بەڵام لە ٢٠٢٠-دا ئەم ڕێکخراوە پلانی خۆی گۆڕی بۆ داڵدەدانی ڕەگەزی نوێ لەگوندی قەراخ شار و شارۆچکەکان و چالاکییەکانی خۆی گواستەوە لە ناوچە بەرزایی و بیابانەکان بۆ شارەدێ و گوندە ستراتیژییەکان، بەتایبەت لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیالە و باشووری کەرکووك و باشووری نەینەوا لەگەڵ باشووری سامەڕا و باکووری بەغدا.

بەپێی قسەکانی ئاژانسی ئەعماقی سەر بە داعشیش بێت، ئەوە لە ٢٠٢٠دا ئەم ڕێکخراوە دەوروبەری ١٣٥ کاری تیرۆریستیی جۆراوجۆری ئەنجام داوە (لایەنە فەرمییەکانی عێراق گومانیان لە ٧٦٪ی ئەو چالاکییانە هەیە و ٢٤٪یان پشتڕاست دەکەنەوە). تۆڕەکانی داعش یەك ئامانجیان هەیە، ئەویش بەزاندنی سنووری خێڵەکیانە و ناوچەگەریانەی ناوچە سوننەکانە بۆ ئاشتکردنەوەیان لەگەڵ خۆیان و گۆڕینی ڕقەکەیان بۆ دۆستایەتیی داعش.

**ئایندەناسی: چ تەکنیکێکی نوێ لەکاری ئێستای داعش هەیەو ناوچە کوردستانییەکان یان هێزی پێشمەرگە، لەکوێی پلانی نوێی ژیانەوەو گەڕانەوەی داعشدان؟**

هوشام ئەلهاشمی: ئامانجی مەفرەزە نوێیەکانی داعش، بەئامانجگرتنی هێزەکانی حەشدی عەشایەری و حەشدی ناوچەیی و هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیسی فیدراڵی و حەشدی شەعبییە. ئەوان کردەکانی تیرۆرکردن بە چەکی قەناسیان ئەکتیڤ کردووە لە خانەقین و جەلەولا و سەعدیە، سەرانە و پارە وەردەگرن لە جووتیارەکان و شوانی مەڕوماڵات و خاوەن پرۆژە بچووکەکان یان ئەوانەی سەرقاڵی گواستنەوەی نەوتن یان لە پرۆژەکانی گەیاندن و ئینتەرنێت یان هێڵی کارەبا کار دەکەن. تەکنیکی نوێی ئەم ڕێکخراوە هەندێ شتی تر لەخۆ دەگرێت، وەك دروستکردنی دەستەی تایبەت بۆ هاوەن هاویشتن و ڕۆکێت دژ بە گوندە کوردی و کاکەیی و تورکمانییە شیعەکان، بەمەش کاری خۆکوژی کەمتر دەکەنەوە. بۆ بازرگان و خاوەن سەرمایەکانیش، ئۆتۆمبێلی بە بۆمب چێنراو بەکار دەهێنن تا ناچاریان بکەن هاوکاریان بن بە پارە و لە هەوڵی بەردەوامیشدان بۆ ئەوەی شۆی میدیایی دروست بکەن بە ڕفاندنی دیبلۆمات و خەڵکانی ڤی ئای پی، بەپێی دانپێدانانی کۆمەڵێکیان لە ٢٠٢٠ کە دەستگیر کرابوون.

**ئایندەناسی: لەپاش ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر داعشدا، بارودۆخی سنوورەکان چۆنن بەتایبەت ئەوانەی بەری سووریا کە دەرچەی دزەکردنی داعش بوون بەرەو عێراق لە حوزەیرانی ٢٠١٤؟**

**هوشام ئەلهاشمی:** لە ناوچەکانی سنوور لەگەڵ سووریا کە هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبی و حەشدی عەشایەری لێیە، هەوڵی گێڕانەوەی هاوسەنگی دەدرێت. خەڵکی ئەو ناوچانە دەرپەڕێنراون لە جێگەی خۆیان و زۆربەی کات خەریکی ئێشکگرتنن، ئەوانە نە دەتوانن پشوو و ئارامی وەربگرن، نە دەتوانن کاری تایبەتی خۆیان بکەن، چونکە هەست بە ئارامی و ئاسایش ناکەن و هەر خەریکی ئێشکگرتنن لەسەر سنوور و لە ڕەبیەکان. سنوورەکان کە هێزی فرەڕەگەزی لێیە بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە، گرنگترین پەناگەن بۆ داعش و ماڵ و موڵکی خەڵکی ئەو ناوچانەیان داگیرکردووە.

سنوورەکان پێشینەی مێژووییان هەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە لە عێراق لە ڕۆژگاری زەرقاوی، سەرەتای ئەوە لە دوورگەی ڕاوە بوو، پاشان ئەبو حەمزەی موهاجیرە «ڕوماننە»ی کردە بارەگای خۆی، بەغدادی بەخێرایی بادیەی ڕۆژئاوای هەڵبژارد بۆ ئەو ئەرکە کە خۆی لە بنەڕەتدا پێگەی چەندین ڕەگەزی سەربازیی جۆراوجۆر بوو. فراوانیی سنوورەکان و ئاڵۆزیی پێکهاتە جوگرافییەکانیان و جۆراوجۆرێتیی سامانەکانی، ئامانجێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستەکان. خەڵکی ناوچە سنوورییەکان بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و سنوورەکانیش هێمایەکی سەرەکین بۆ زاڵبوون بەسەر ڕۆژئاوا کە نەخشەی کێشا و ە .

ئاستەکانی توندوتیژی لە سنوورەکان بەرزن، بە بەراورد بەو گوندانەی کە نزیکن لە شارەکان. سنوورەکان هیچ کات بەرەنگاری پرۆسەیەکی سەربازیی گشتگیر نەبوون، هاوشێوەی شارەکان بۆ پاککردنەوەیان لە پاشماوەکانی داعش. مەترسییەکانی داعش لە بادیەی ڕۆژئاوای عێراق و باکووری فورات و بیابانی ئەنبار هەر بەردەوامە و بەرەو ئاستی ترسناك بەرز دەبێتەوە.

**ئایندەناسی: زۆر باس لە مەترسیی خێوەتگا و ئۆردووگاکان دەکرێت وەك سەرچاوەیەك و پێگەیەك بۆ ژیانەوەی داعش، ڕۆڵی ئەو جێگایانە چین کە هاوتای گرتووخانەی پێشووی بوکا و ئەبو غرێبن؟ یان ئەوانەی لەوێ تازە گەڕاونەتەوە بۆ شار و شارۆچکەکانی خۆیان، ئایا جێگەی مەترسی نین؟**

هوشام ئەلهاشمی: ئەو خێزانانەی لەوێ گەڕاونەتەوە، پێیانوایە کۆتایی توندڕەوی دوورە، زۆرجاریش باس لەوە دەکەن گەڕانەوەی داعش نزیکەو ئەمجارەش گەڕانەوەکە بەنهێنی دەبێت، بەتایبەت لەو ناوچانەی درزو کەلێنی ئەمنیی تیایە، وەك پانتاییەکانی نێوان حەشدو هێزەکانی هاوپەیمانان یان پێشمەرگەو هێزە عێراقییەکان. جگە لەوەش گوندە سنوورییەکان وەك وتمان هێشتا پەناگەی هێزە چەکدارەکانن، کە بەشی زۆریان تەکفیرینو لە ١٠١ ڕەگەزنامەو وڵاتی جیاجیاوە هاتوون بۆ عێراقو سەربازگە و پەناگەیان دروستکردووە.

# فەرهەنگی ئایندەناسی

ئایندەناسی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە
hewalname.com/ku

کتێبە ئایندەییەکان




# خوێندنەوەی کتێبی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسی، لەنووسینی ئەمارتیا سن

کتێبی «ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسی»، لەلایەن «ئەمارتیا سن»؛ مامۆستای وانەکانی ئابووری و فەلسەفە لە هەردوو زانکۆی لامۆنت و هارڤارد نووسراوە. ئەمارتیا سن کە بە ڕەگەز هندییە، لە ساڵی ١٩٣٣ خوێندنی بەکالۆریۆسی لە هیندستان تەواو کردووە، پاشان بڕوانامەکانی ماستەر و دکتۆرای لە ئابووری لە زانکۆی کەمبریج خوێندووە. جگە لەوەی مامۆستای ئابووری و فەلسەفە بووە لە هەردوو زانکۆی لاموت و هارڤارد، وانەی ئابووریی سیاسیی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد وتووەتەوە و بۆ ماوەیەك سەرۆکی فەخریی دەزگای ئۆکسفام بووە. لە گرنگترین بەشدارییەکانی لە بواری فەلسەفە و ئابووریدا کە





زۆر دیار و بەرچاون: (ئابووریی خۆشگوزەرانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری، تیۆرە ئابوورییەکان لە بارەی هەژاری و برسێتییەوە، ئاماژەکانی پێوانی خۆشگوزەرانیی هاوڵاتییانی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو و... لە دیارترین کتێبەکانی: (گەشەپێدان وەکوو ئازادی، تیۆری بڕاردەی کۆمەڵی و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، تیۆری لە بارەی مۆراڵ و ئابوورییەوە، عەقڵانیەت و بڕاردەی کۆمەڵگەیی، بیرۆکەی دادپەروەری، ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسی)، ئەم کتێبانە وەرگێڕدراون بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان.

خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ١٩٩٨ لە زانستی ئابووری، بۆ کارەکانی لە بواری ئابووریی خۆشگوزەرانی. جگە لەم خەڵاتە، خاوەنی خەڵاتی بەهارات راتنا، ئایزنهاوەرو، خەڵاتی جۆرج سن و چەندین خەڵاتی تر.

کتێبی «ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسی» لە ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن سەنتەری عەرەبی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی سیاسی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی. ئەم کتێبە بەرهەمی کارێکی هاوبەشە کە دەستەی کۆمۆنوێلس لە ماڵتا لە ساڵی ٢٠٠٥ سەرپەرشتیی کردووە. ئەم کتێبە ئاماژەیەکە بۆ بووژانەوەی دیاردەی توندوتیژی و هۆکارەکانی. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا هەوڵێك بووە بۆ بەرچاوروونیی دەوڵەتانی کۆمۆنوێلس (Commonwealth of Nations)(١) لە بارەی ڕەوتی مەدەنی بۆ ئاشتی و تا ڕادەیەکی باش ئاماژە بەوە دراوە کە توندوتیژیی ژیانی ملیارێك کەس لە وڵاتانی کۆمۆنوێلس دەخاتە بەردەم هەڕەشە، هەموو ئەو ڕێگایانەش ڕوون کراونەتەوە کە ڕێگر دەبن لە تیرۆر، هەروەها ئەو ڕێکارە ئاسایشیانەی دەگیرێنە بەر لە دژی توندوتیژی.

ئەم کتێبە تێڕوانینێکی نوێیە بۆ هەڕەشەکانی تیرۆر و توندوتیژی، خستنەڕووی ڕاڤەیەکی تازە بۆ پێکەوەژیان و لێبوردەیی و لە ٩ بەشی سەرەکی پێك هاتووە: لە دەروازەی یەکەمدا باس لە توندوتیژی و کۆمەڵی مەدەنی دەکات، یەکێك لەو ڕێگە تازەیەی کە تیۆریزەی دەکات بریتییە لە دەروازەی «فرمانڕەوایی لە ڕێگەی گفتوگۆوە» کە ئەم چەمکە دەتوانرێت بوترێت ئارگۆمێنتی سەرەکیی «ئەمارتیا سن»ە و دەیەوێت وەکوو چەمکی بنەڕەتی یاخود یەکەی شیکردنەوەی بنەڕەتی لە کتێبەکەدا یەکانگیری بکات لەگەڵ بنەماکانی چەمکی دیموکراسی. دیموکراسی پێداگری لەسەر هەڵبژاردن دەکات، دەزگایەکی تەندروستە بۆ بیروڕادەربڕین، ئەمەش ئەو جیاکارییەیە کە ئامراز و ڕێڕەوی مەدەنی بەرەو ئاشتی دیاری دەکات. یەکێکی تر لەو چەمکانەی پێداگریی لەسەر دەکات، بەجێهێشتنی پرەنسیپی «یەك ئینتیمائییە»، چونکە ئەم پرەنسیپە شوناسی ئایینی پیرۆز زیاتر دەکات، ئەم پرەنسیپە دەرگای کردووەتەوە بۆ هەموو ئامرازەکانی توندوتیژی، هەروەها لەم کتێبەدا هەوڵ دەدرێت زیاتر پرەنسیپی

«گفتوگۆ» جێگرەوە بێت بۆ ئایین، نەتەوە و شارستانییەکان.

لە دەروازەی دووەمدا باس لە تەوەرە مەدەنییەکانی ئاشتی دەکات. ئەوانەی کە ئەندامی تۆڕەکانی ئەو راپۆرتەن لە دەوڵەتانی کۆمۆنوێڵس، جەختیان لەسەر هەردوو پرەنسیپی «ڕێز و تێگەیشتن» کردۆتەوە. لەم راپۆرتەدا پشتگیریی هەموو ئەو پرۆژانە دەکرێت کە بنەماکانی ئاشتی قووڵ دەکەنەوە. دەستەی کۆمۆنوێڵس جەخت لەوە دەکاتەوە کە تیرۆر پەیوەندیی نییە بە جۆرەکانی تری توندوتیژی، وا دادەنێت کە تیرۆر کردەیەکی تەکتیکییە و تاوانە.

لە باسی یەکەمدا؛ باس لەوە دەکات بۆچی ڕێز و لێکتێگەیشتن گرنگن، چونکە توندوتیژی و ململانێ بووە بە بەشێك لە تایبەتمەندیی شارستانیی مرۆڤ، گرووپە توندڕەوە ئایینی و ئایدۆلۆژییەکان سوود لەم ژینگەیە وەردەگرن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری دەهێنن، ئەمە جگە لەوەی چارەسەری سەربازی بەتەنها ناتوانێت ئامانجی رادیکاڵی بۆ ئاشتی و ئاسایش بەرهەم بهێنێت. هەروەها ئەمارتیا سن باس لەوە دەکات دەبێت ڕێگە لە هەموو ئەو فاکتەرانە بگیرێن کە بوون بە هۆکاری توندوتیژی، ئەوەش بە ڕێگەی لێکتێگەیشتن.

لە باسی دووەمدا، باس لە سروشتی توندوتیژی و ڕێگەکانی و پەروەردەی توندوتیژی دەکات و جیاوازی دەکات لەنێوان توندوتیژیی کەسی و توندوتیژیی ڕێکخراوی سیاسی. باس لەوە دەکات کە توندوتیژیی سیاسی بەستراوە بە فاکتەری سایکۆلۆژی و فاکتەری ماددی. بۆ ئەوەی لە توندوتیژی تێبگەین، دەبێت ئەوە بزانرێت کە بەرامبەرەکەت جیاوازە و هەڕەشەیە بۆ سەر لایەنی یەکەم. یەکەم هەنگاو لەوەوە دەست پێ دەکات کە هەموو شوناسەکان کورت بکرێنەوە لە یەك شوناسدا، لە کاتێکدا فرەشوناسی بنەڕەتییە، بۆ ئەو ناساندنی بەرامبەر گرنگە نەك چوارچێوە. دووەمیان دەکرێت لە چوارچێوەی تایبەتمەندیدا چارەسەر بکرێت.

“ دەستەی کۆمۆنوێڵس جەخت لەوە دەکاتەوە کە تیرۆر پەیوەندیی نییە بە جۆرەکانی تری توندوتیژی، وادادەنێت کە تیرۆر کردەیەکی تەکتیکییەو تاوانە ”

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





لە باسی سێیەمدا، باس لە هەژاری و نابەرابەری دەکات. مشتومڕێکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کە پەیوەندییەکی زۆر هەیە لەنێوان هەژاری و ململانێ. ڕاستە پەیوەندی هەیە، بەڵام تەنها هەژاری تاکە سەرچاوە نییە، بەڵکوو هۆکاری تر هەیە، بەڵام نابەرابەری پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە نابەرابەرییەوە، لەوانە: جیاوازیی ڕەگەزی، ئایینی، مەزهەبی، جێندەری، بەتایبەتی جیاوازیی سیاسی و پەراوێزخستن و نەخوێندنەوەی جیاوازی و ڕێزنەگرتن.

لە باسی چوارەمدا، ناونیشانێکی نوێ دەخاتە ڕوو، مێژوو تاریکی و ململانێ. ڕووناکی دەخاتە سەر یادەوەری و ڕۆڵی مێژوو لە یادخستنەوەی ئەو ستەمانەی کە هاندەرن بۆ ئامادەبوونی ململانێ، لەوانە (کۆلۆنیالیوم، کۆیلایەتی، هۆلۆکۆست). گێڕانەوەی هەموو ئەو چیرۆکانە بەسە بۆ ئەوەی نەوەیەك لەسەر ڕق و توندوتیژی پەروەردە بکرێت، بۆیە ڕۆڵی دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەوەیە زیاتر کار لەسەر دیوی لێبوردەیی و بەیەکەوەژیان بکەن.

لە باسی پێنجەم تا باسی نۆیەم، کار لەسەر توانەوەی ئەو چەمکانەی پێشوو دەکات بە خستنەڕووی چەمکی نوێ، وەکوو: (بەشداریی سیاسی، ڕاگەیاندن، پەروەردە)، دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم چەمکانەوە ڕۆحی ئینتیما و بەیەکەوەژیان و لێبوردەیی قووڵ بکاتەوە بۆ بەها و دروستکردنی فەزای گفتوگۆ و زەمینەی پەروەردەی مەدەنیی دروست. لێرە زۆر پێداگری لەسەر ڕۆڵی گەنج دەکات لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، چونکە ئەو دەڵێت نزیکەی لە ٦٠٪ی دانیشتووانی کۆمۆنوێڵس گەنجن، گەنج جێگرەوەی ئەو جیهانە گۆڕاوەیە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و شوناسەوە.

لە کۆتاییدا باس لەوە دەکات کە دەکرێت توندوتیژیی ئاڕاستەکراو بە شێوەیەکی ڕێکخراو، وەکوو ئەوەی گرووپێکی دیاریکراو؛ هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان هەبێت لەسەر گرووپێك یان شوناسی گرووپێك، بەڵام باشترین ڕێگە و ئامراز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان ئەوە نییە بیر تەنها لە چارەسەری سەربازی بکرێتەوە بۆ لەناوبردنیان، زاڵکردنی گیانی گفتوگۆ و لێکتێگیشتن ڕێگە ڕاستەکەیە. سیاسەتی گشتی و هێڵی ڕاستی ڕووبەڕووبوونەوە ئەوەیە بیر لە ئامرازی گفتوگۆ بکرێتەوە، ڕێگەی تایبەتیش ئەوەیە هەر دەوڵەتێك بە ڕێگەی تێگەیشتنی هەنووکەیی خۆی بیر لەم ڕێگەیە بکاتەوە.

پەراوێز

(١) بەپێی یاسای وێستمێنستەر، لە ساڵی ١٩٣١ وەکوو ڕێکخراوێک لە سایەی شاژنی بەریتانیا دامەزراوە و لە ئێستادا لە ٥٤ دەوڵەت و دوورگە پێک هاتووە. زۆربەی وڵاتانی ڕێکخراوەکە ئەندامانی پێشووی ئیمپراتۆریەتی بەریتانین و ئەرکی سەرەکی ئەنجامدانی هاوهەنگاویی ئابوورییە لەنێوان ئەندامانیدا.

# (Copenhagen school)
# قوتابخانەی کۆبنهاگن



کۆتایی شەڕی سارد، وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورە بوو لە بواری لێکۆڵینەوەی ئاسایش. هەتا کۆتایی ساڵی حەفتاکانی سەدەی بیست، وا سەیری لێکۆڵینەوەی ئاسایش دەکرا کە لێکۆڵینەوەی ستراتیژییە و وەکوو لایەنێکی سەربازی وێنا دەکرا، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکان تێڕوانین بۆ چەمکی ئاسایش لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ستوونی، گەشەکردنێکی گەورەی لە بواری زانستە سیاسییەکان بەخۆوە بینی، بۆیە لێکۆڵینەوەکان تەنها کورت نەکرابوونەوە لەسەر چەمکە کلاسیکییەکانی وەکوو: (هێز، بەرژەوەندی، دەوڵەت وەکوو تاکە کاراکتەری ململانێ، سەرچاوەکانی هەڕەشە). ئەم هەنگاوە تێپەڕاندنی تیۆری ڕیالیزمی بوو بۆ ئاسایش، بۆیە چووە چوارچێوەی تیۆرەی ڕەخنەییەوە، وەکوو تێڕوانینێکی جێگرەوەی فراوان لە ڕوانگەی بنەمای ئاسایشی تاك. ئەم چوارچێوە تیۆرییە، دەرئەنجامی کاری کۆمەڵێك بیرمەند بوو لەم بوارەدا کە ئامادەکارییان کرد بۆ ڕاگەیاندنی دامەزراندنی میتۆدی ڕەخنەیی بۆ ئاسایش لە ئەورووپا، بەڵام سەرەتای کرداری بۆ فراوانبوونی چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی ڕەخنەیی، ئەو کاتە بوو کە هەرسێ قوتابخانەی «وێڵز» ئیبریستویس، قوتابخانەی «پاریس»، قوتابخانەی «کۆبنهاگن»؛ لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەی ئاسایشیان پێشکەش کرد.

قوتابخانەی کۆبنهاگن ئەو ناوەیە کە بەکار دەهێنرێت بۆ دامەزراوەی یان پەیمانگای توێژینەوەکانی ئاشتی لە دانیمارك، کە لە ساڵی ١٩٨٥ دامەزرا و لە ساڵی ٢٠٠٤ داخرا. ئەم قوتابخانەیە زیاتر لەدوای بەشداریکردنی بیرمەند باری بۆزان لە ساڵی ١٩٨٨، وەکوو بەڕێوەبەری پرۆژەی توێژینەوە لەسەر بابەتی ناسەربازی بۆ ئاسایشی ئەورووپا ناوبانگی دەرکرد. گرنگترین بیرمەندەکانی ئەم قوتابخانەیە جگە لە باری بۆزان، هەریەك لە: (جاب دی وایلد، لین هانسن، ئۆل ویفەر، مورتن کیلستروپ، پیپر لیمیتەر)ن، ئەم توێژەرانە لە چوارچێوەی ئەو پرۆژە توێژینەوانەی لە بواری ئاسایشدا پێشکەشیان کرد، چوارچێوەیەکی تازەیان بۆ لێکۆڵینەوەی ئاسایش خستە ڕوو کە جێگرەوەی تێڕوانینە کلاسیکییەکان بوو بۆ چەمکی ئاسایش لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیدا، کە دەتوانرێت دابەش بکرێت بۆ دوو ڕێبازی تیۆری بۆ چەمکی ئاسایش: یەکەمیان: پرۆژەیەك بوو بە سەرپەرشتیی باری بۆزان کە ناسراوە بە «ئاسایشی کۆمەڵگەیی». دووەمیان: ئۆلی وایفەر سەرپەرشتیی دەکرد لە بارەی کردەی پەیوەندی بۆ ئاسایش یان ناسراوە بە ناوی «تیۆرەی بەئاسایشکردن». ئاسایش بەپێی ئەم قوتابخانەیە کردەیەکی گوتارییە، تەنها دۆخێکی بابەتی نییە، بەڵکوو دەرئەنجامە بۆ پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو کە خۆی لە بونیادێکی کۆمەڵایەتی بۆ پرسە ئاسایشییەکان بەرجەستە دەکات بەدیاریکراوی «دەکرێت چی گرەنتی و پارێزراو بکرێت، لە کێ».

# بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی







ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١) ئایاری ٢٠٢٠